# جینۆسایدی باوکان

## جینۆسایدی بارزانیەکان

توێژینەوەیەکی تیۆری و پراکتیکی و مێژوویی و سۆسیۆلۆژیی و بەراوردکارییە

ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی

چاپی یەکەم

٢٠١٦





**ناسنامەی کتێب**

ناوی کتێب: جینۆسایدی باوکان – جینۆسایدی بارزانیەکان

نووسینی: ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی

بابەت: توێژینەوەی بەراوردکاری

تایپ: ڕێزان سالح بارزانی

هێلکاری و نەخشەسازی ناوەوە بەرگ: توێژەر

چاپ: یەکەم (٢٠١٦)

تیراژ: (١٠٠٠) دانە

چاپخانەی: دارا

ژمارەی سپاردن: لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (٧٩٢)ی پێدراوە.



شوێنی نووسین: هەرێمی کوردستان – دەڤەری بارزان

ژمارەی مۆبایلی توێژەر: ٠٧٥٠٤٤٧٢٢٧١ Email:Rebwar_Brzanii@.yahoo.com


هەموو مافێکی چاپکردنەوەی پارێزراوە بۆ توێژەر


پێشکەشە بە بەڕێز
سلاو و ڕێز و خۆشەویستی
ڕێبوار بارزانی

# پێرست


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| ناسنامەی کتێب | ٢ |
| پێشەکی | ١٥ |

## تەوەرەی یەکەم: لایەنی تیوری

### بەشی یەکەم: واتا و چەمکەکانی توێژینەوە

#### باسی یەکەم:

| | |
|---|---|
| - ئەنفال | ١٩ |
| - پرۆژەی لە ناوبردن | ٢١ |
| - بەجێماو | ٢٢ |
| - جینۆسایدی باوکان | ٢٣ |
| - جینۆسایدی بارزانیەکان | ٢٤ |

#### باسی دووەم:

| | |
|---|---|
| - جینۆساید | ٢٧ |
| - جۆرەکانی جینۆساید | ٣١ |

#### باسی سێیەم:

| | |
|---|---|
| بەعس و بەعسیزم | ٣٣ |

#### باسی چوارەم:

| | |
|---|---|
| - واتا و چەمکی بارزان | ٣٦ |
| - کورتە باسێکی دیرۆکی بارزان و بارزانیەکان | ٣٧ |

## بەشی دووەم: هۆلۆکۆست و جینۆسایدی بارزانیەکان

### باسی یەکەم:

هۆلۆکۆست و جینۆسایدی بارزانیەکان ٥٦

## بەشی سێیەم: کۆمەڵکوژی و جینۆساید و ئەنفال و جۆر و قۆناغەکان

### باسی یەکەم:

جۆرەکانی پرۆژەی قڕکردنی بە کۆمەڵ لە کوردستان لە سەردەمی بەعسدا ٩٩

### باسی دووەم:

قۆناغەکانی لە ناوبردنی کورد لە سەردەمی سەدام حوسێن دا ١٠٤

### باسی سێیەم:

قۆناغەکانی جینۆسایدی بارزانیەکان ١١٢

### باسی چوارەم:

جۆر و شێوازی ئەشکەنجەدانی بەجیماوی بارزانیە جینۆسایدکراوەکان ١١٤

## بەشی چوارەم: گۆڕە بەکۆمەڵەکان و دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق

### باسی یەکەم:

گۆڕی بەکۆمەڵی بارزانیەکان ١٤٣

### باسی دووەم :

قۆناغەکانی هێنانەوەی روفاتی بارزانیە جینۆسایدکراوەکان ١٤٨

**باسی سێیەم:**

جینۆسایدی بارزانیەکان لە دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق ١٤٩

## بەشی پێنجەم: جینۆسایدی بارزانیەکان و جینۆسایدی ئێزیدیەکان

**باسی یەکەم:**

لە نێوان جینۆسایدی بارزانیەکان و جینۆسایدی ئێزیدیەکان دا ١٨١

**باسی دووەم:**

تراژیدیایەك لە جینۆسایدی بارزانیەکان ١٨٥

**باسی سێیەم:**

تراژیدیایەك لە جینۆسایدی ئێزیدیەکان ١٩٢

# تەوەرەی دووەم: لایەنی پراکتیکی

## بەشی شەشەم: ستراتیژیەتی توێژینەوەی مەیدانی

باسی یەکەم: پرسی توێژینەوە ٢١٦

باسی دووەم: گرینگی توێژینەوە ٢١٦

باسی سێیەم: ئامانجی توێژینەوە ٢١٧

باسی چوارەم: گرێمانەکانی توێژینەوە ٢١٧
باسی پێنجەم: میتۆدی توێژینەوە ٢١٨
باسی شەشەم: نموونەی هەڵبژێردراو ٢٢٠
باسی حەوتەم: کۆمەڵگای توێژینەوە ٢٢١
باسی هەشتەم: سنووری توێژینەوە ٢٢٢
باسی نویەم: ئاستەنگەکانی توێژینەوە ٢٢٣
باسی دەیەم: کەرەستەکانی کۆکردنەوەی زانیاری ٢٢٣

## بەشی حەوتەم: خستنەڕوو و شیکردنەوەی زانیارییەکانی توێژینەوەی مەیدانی

باسی یەکەم:
خەسلەتە گشتییەکانی نموونەی توێژینەوە ٢٣٠
باسی دووەم:
خستنەڕوو و شیکردنەوەی زانیارییە تایبەتییەکانی توێژینەوە ٢٤٥

## بەشی هەشتەم: ئەنجامگیری و ڕاسپاردە

باسی یەکەم: ئەنجامەکان ٣١٦
باسی دووەم: ڕاسپاردە و پێشنیارەکان ٣٢٦
چەند دیکۆمێنت و وێنەی تر ٣٣٩
بیبلۆگرافیا ٣٥١
پاشکۆ ٣٥٧

# پێرستی خشتەکان



| ز.خ | ناونیشانی خشتە | لاپەرە |
|---|---|---|
| ١ | تاوانەکانی جینۆساید لە سەدەی بیستەمدا. | ٣٠ |
| ٢ | خاڵە لێکچووەکانی دید و ئایدیۆلۆژیای فیرعەون بەرامبەر بە میللەتەکەی و سەدام بەرامبەر بارزانیەکان. | ٣٥ |
| ٣ | تەمەنی نموونەی توێژینەوە. | ٢٣٠ |
| ٤ | ڕەگەزی نموونەی توێژینەوە. | ٢٣١ |
| ٥ | شوێنی لە دایکبوونی نموونەی توێژینەوە. | ٢٣٤ |
| ٦ | شوێنی نیشتەجێبوونی نموونەی توێژینەوە. | ٢٣٦ |
| ٧ | ئاستی خوێندنی نموونەی توێژینەوە. | ٢٣٧ |
| ٨ | باری ئابووری نموونەی توێژینەوە. | ٢٣٩ |
| ٩ | باری کۆمەلایەتی نموونەی توێژینەوە. | ٢٤١ |
| ١٠ | جۆری پیشەی نموونەی توێژینەوە. | ٢٤٢ |
| ١١ | مووچەی مانگانەی خێزانەکانی نموونەی توێژینەوە. | ٢٤٤ |
| ١٢ | ژمارەی جینۆسایدکراوانی نموونەی توێژینەوە بە پێی تەمەن. | ٢٤٦ |
| ١٣ | جۆری ئەندامانی خێزان ئەوانەی جینۆسایدکراوان بە پێی باری کۆمەلایەتی. | ٢٤٩ |
| ١٤ | جۆری ئەندامانی خێزان ئەوانەی جینۆسایدکراوان بە پێی ئاستی خوێندن. | ٢٥١ |
| ١٥ | جۆری ئەندامانی خێزان ئەوانەی جینۆسایدکراوان بە پێی جۆری پیشەیان. | ٢٥٤ |
| ١٦ | قەبارەی ئەندامانی خێزان ئەوانەی جینۆسایدکراوان. | ٢٥٦ |
| ١٧ | ئەندامانی خێزانی نموونەی توێژینەوە بە پێی ڕەگەز. | ٢٥٧ |
| ١٨ | قەبارەی ئەندامانی خێزانی بەجێماوی جینۆسایدکراوانی | ٢٥٩ |

| | | |
|---|---|---|
| | نموونەی توێژینەوە. | |
| ١٩ | دابەشبوونی بەجیماوی جینۆساید بە پێی تەمەن و ڕەگەز. | ٢٦١ |
| ٢٠ | دابەشبوونی بەجیماوی جینۆساید بەپێی ڕەگەز و باری کۆمەڵایەتی. | ٢٦٥ |
| ٢١ | ئاستی خوێندنی ئەندامانی خێزانی بەجیماوی جینۆساید بۆ ڕەگەزی نێر. | ٢٦٧ |
| ٢٢ | ئاستی خوێندنی ئەندامانی خێزانی بەجیماوی جینۆساید بۆ ڕەگەزی مێینە. | ٢٦٩ |
| ٢٣ | پیشەی ئەندامانی خێزانی بەجیماوی جینۆساید بۆ ڕەگەزی نێر. | ٢٧١ |
| ٢٤ | پیشەی ئەندامانی خێزانی بەجیماوی جینۆساید بۆ ڕەگەزی می | ٢٧٣ |
| ٢٥ | باری ئابووری پێش جینۆساید و پاش جینۆساید. | ٢٧٤ |
| ٢٦ | سەرپەرشتیاری خێزان پێش جینۆساید و پاش جینۆساید. | ٢٧٧ |
| ٢٧ | پەیڕەوکردنی داب و نەریتی کۆمەڵایەتی بەجیماوی جینۆساید | ٢٧٩ |
| ٢٨ | گۆڕینی داب و نەریت و هۆکارەکانی. | ٢٨٠ |
| ٢٩ | پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی بەجیماوە جینۆسایدکراوان. | ٢٨٢ |
| ٣٠ | نەخۆشییە دەروونییەکانی نموونەی توێژینەوە. | ٢٨٣ |
| ٣١ | شووکردن و شوونەکردنەوەی ئافرەتانی بەجیماوی جینۆساید. | ٢٩١ |
| ٣٢ | شوونەکردنەوەی ئافرەتەکان و هۆکارەکانی. | ٢٩٢ |
| ٣٣ | ڕووانینی خەڵکی کوردستان بۆ کەسوکاری جینۆسایدکراوان پاش کۆمەڵکوژی. | ٢٩٤ |
| ٣٤ | شوێن بزرکردنی ڕەگەزی نێر کاری خراپی کردووەتەوە سەر بونیادی خێزان؟ | ٢٩٥ |
| ٣٥ | شوێن بزرکردنی ڕەگەزی نێر و کاریگەرییە خراپەکانی بۆ سەر بونیادی خێزان. | ٢٩٧ |
| ٣٦ | بیرکردنەوەی بەردەوامی نموونەی توێژینەوە. | ٢٩٩ |

| | | |
|---|---|---|
| ٣٧ | هەستی نەتەوایەتی پاش شاڵاوی جینۆساید. | ٣٠٢ |
| ٣٨ | ئاوەدانکردنەوەی گوندەکانی نموونەی توێژینەوە. | ٣٠٣ |
| ٣٩ | ئایا بە گوێرەی پێویست بایەخ بە ئازار و گیروگرفتەکانی بەجێماوی بارزانیە جینۆسایدکراوان دراوە؟ | ٣٠٤ |
| ٤٠ | هەستی نموونەی توێژینەوە بەرامبەر هێنانەوەی ئێسکی ژمارەیەك لە کەسوکاریان. | ٣٠٦ |
| ٤١ | ڕای نموونەی توێژینەوە بەرامبەر لە سێدارەدانی دکتاتۆر سەدام حوسێن و هاوکارانی؟ | ٣٠٨ |
| ٤٢ | داواکارییەکانی نموونەی توێژینەوە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان. | ٣٠٩ |


## پێرستی هێلکاریەکان


| ژ. ه | ناونیشانی هێلکاریەکان | لاپەرە |
|---|---|---|
| ١ | جۆرەکانی جینۆساید. | ٣١ |
| ٢ | هەنگاوەکانی پرۆسەی لە ناوبردن. | ٥٨ |
| ٣ | جۆرەکانی فڕکردنی بە کۆمەڵ لە کوردستان لە سەردەمی بەعسدا. | ٩٩ |
| ٤ | قۆناغەکانی لە ناوبردنی کورد لە سەردەمی سەدام حوسێندا ڕوونەدەکاتەوە. | ١٠٤ |
| ٥ | قۆناغەکانی جینۆسایدی بارزانیەکان. | ١١٣ |
| ٦ | ڕەگەزی نموونەی توێژینەوە. | ٢٣٣ |
| ٧ | ژمارەی جینۆسایدکراوانی نموونەی توێژینەوە بە پێی تەمەن | ٢٤٨ |
| ٨ | جۆری ئەندامانی خێزان ئەوانەی جینۆسایدکراوان بە پێی | ٢٥٣ |

| | | |
|---|---|---|
| | ئاستی خوێندن. | |
| ٩ | جۆری ئەندامانی خێزان ئەوانەی جینۆسایدکراون بە پێی جۆری پیشەیان. | ٢٥٥ |
| ١٠ | قەبارەی ئەندامانی خێزان ئەوانەی جینۆسایدکراون. | ٢٥٦ |
| ١١ | ئەندامانی خێزانی نموونەی توێژینەوە بە پێی ڕەگەز. | ٢٥٨ |
| ١٢ | باری ئابووری پێش جینۆساید و پاش جینۆساید تا ساڵی (١٩٩١). | ٢٧٦ |
| ١٣ | سەرپەرشتیاری خێزان پێش جینۆساید و جینۆساید. | ٢٧٨ |
| ١٤ | حاڵەت و نەخۆشییە دەروونیەکانی نموونەی توێژینەوە. | ٢٩٠ |


## پێڕستی نەخشەکان


| ژ.ن | ناونیشانی نەخشەکان | لاپەرە |
|---|---|---|
| ١ | قۆناغەکانی ئەنفالکردنی ناوچەکانی کوردستان لە لایەن ڕژێمی بەعس. | ١١١ |
| ٢ | پێگەی کۆمەڵگای زۆرەملێی بەحرکە. | ١١٨ |
| ٣ | پێگەی کۆمەڵگای زۆرەملێی قوشتەپە( قودس – قادسیە). | ١١٨ |
| ٤ | پێگەی کۆمەڵگای زۆرەملێی دیانا. | ١١٩ |
| ٥ | پێگەی کۆمەڵگای زۆرەملێی حەریر. | ١١٩ |
| ٦ | پێگەی کۆمەڵگای زۆرەملێی گۆڕەتوو. | ١٢٠ |
| ٧ | ئۆردووگا زۆرەملێیەکانی بارزانیەکان. | ١٢١ |
| ٨ | ئۆردووگا زۆرەملێیەکانی هەرێمی کوردستان. | ١٢٢ |
| ٩ | قۆناغەکانی ڕاگواستنی بارزانیەکان بۆ باشووری عێراق و جینۆسایدی بارزانیەکان و شوێنی گۆڕەبەکۆمەڵەکان. | ١٥١ |

# پێرستی دیکۆمێنتەکان



| ژ.د | ناونیشانی دیکۆمێنت | لاپەرە |
|---|---|---|
| ١ | سکرتێری سەرۆکایەتی کۆمار بۆ عەلی حەسەن مەجید | ٤١ |
| ٢ | لە رائد یاسین ئەسعەدەوە بۆ جێگری بەرێوەبەری گشتی بۆ کاروباری سیاسی | ٦٠ |
| ٣ | لە موقەدەم حەقی ئیسماعیل بۆ جێگری بەرێوەبەری گشتی بۆ کاروباری سیاسی | ٦٥ |
| ٤ | بەرێوەبەرایەتی هەواڵگری لەشکری گشتی بۆ هووبەی دووەم | ٦٩ |
| ٥ | بەرێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی بۆ بەرێوەبەرایەتی ٤٥ | ٧١ |
| ٦ | وەزارەتی کاروباری کۆمەلایەتی نوسینگەی تایبەت بۆ دەزگای گشتی چاکسازی کۆمەلایەتی - نوسینگەی سەرۆکی دەزگا | ٧٣ |
| ٧ | فەرمانگەی کاروباری یاسایی سەلامەتی نیشتیمانی - سەرۆکایەتی دادگای شۆرش - بریاری ڕەوانەکراو | ٧٦ |
| ٨ | سەرۆکایەتی دادگای شۆرش - بریاری سزادان | ٨١ |
| ٩ | لە بەرێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی بۆ بەرێوەبەرایەتی ئاسایشی بەغداد | ٨٤ |
| ١٠ | سەرۆکایەتی دادگای شۆرش بۆ سەرۆکایەتی دیوانی سەرۆك کۆمار | ٨٦ |
| ١١ | بەرێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی بۆ لیستی پێراگەیاندن(د) و بەرێوەبەرایەتی تاوان و ٤٥ - فەرمانی سێدارەدان - | ٨٩ |
| ١٢ | دیوانی سەرۆکایەتی - دەزگای هەواڵگری - بەرێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی - حوکمی لە سێدارەدان - | ٩١ |
| ١٣ | بەرێوەبەرایەتی ئاسایشی حوکمی زاتی بۆ جێگری | ١٢٣ |

| | | |
|---|---|---|
| | بەڕێوەبەری گشتی بۆ کاروباری سیاسی | |
| ١٤ | بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی بۆ سکرتێری سەرۆك کۆمار | ١٢٧ |
| ١٥ | بەڕێوەبەرایەتی هۆبەی سێ بۆ جێگری بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی | ١٣٣ |
| ١٦ | بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی پارێزگای بەغدا - هەواڵی زانیاریە بەراییەکان - | ٢٠١ |
| ١٧ | بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی بۆ بەڕێوەبەرایەتی ٦٤ | ٢٠٢ |
| ١٨ | بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی پارێزگای بەغدا - هەواڵی زانیاریە بەراییەکان - | ٢٠٣ |
| ١٩ | بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی ناوچەی حوکمی زاتی بۆ بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی - ٤٥ - | ٢٠٥ |
| ٢٠ | بروسکەی نهێنی | ٢٠٦ |
| ٢١ | سەرۆکایەتی دادگای شۆڕش - بڕیاری سزادان - | ٢٠٧ |
| ٢٢ | سەرۆکایەتی دادگای شۆڕش - بڕیاری ئیدانەکردن - | ٢٠٨ |
| ٢٣ | فەرمانگەی کاروباری یاسایی سەلامەتی نیشتیمانی - سەرۆکایەتی دادگای شۆڕش - بڕیاری ڕەوانەکراو - | ٢١٠ |
| ٢٤ | سەرۆکایەتی دادگای شۆڕش - بڕیاری سزادان - | ٢١٢ |
| ٢٥ | سەرۆکایەتی دادگای شۆڕش - بڕیاری ئیدانەکردن - | ٢١٣ |
| ٢٦ | بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگای هەولێر - کردنەوەی قۆتابخانە - | ٣٢٩ |
| ٢٧ | بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگای هەولێر - داخستنی قۆتابخانە - | ٣٣٢ |

## پێشەکی

سەرەرای دەیان ساڵ ئاوارەبوون، ڕاگواستن، وێرانکردنی دێهاتەکان، سوتاندنی ژینگە، بەمینکردن و جینۆسایدکردنی دەڤەری بارزان و بارزانیەکان لە لایەن حکومەتە یەك لە دوا یەکەکانی عێراق، لە ساڵی ١٩٨٣ دڕندەیی شۆڤینیەتی ڕژێمی بەعس گەیشتە چلەپۆپە و تاوانی لە ناوبردنی (٨٠٠٠) هەشت هەزار نێرینەی سەروی (٧) حەوت ساڵی بارزانییەکان ئەنجامدرا، ئەم تاوانە جگە لەوەی هێزی بەرهەمهێنەری مرۆیی بارزانییەکانی لە ناوبرد، دەیان هەزار ژن و منداڵی لە ئۆردووگا زۆرەملێیەکاندا بێ هاوسەر بێ باوك بێ کوڕ و بێ برا هێشتنەوە.

تاوانێکی نەخشە بۆ کێشراو بوو مەبەست لێی سەپاندنی جۆرە ژیانێکی پڕ لە ئازار بوو، ڕژێمی بەعس بەم کارەی دەیویست کۆمەڵگای کوردستان لاواز بکات جۆرە ژیانێکی تایبەت بە سەر ئافرەت و منداڵە بەجێماوەکاندا بسەپێنێت. هێشتنەوەی ئەشکەنجەیەکی بەردەوام و سزایەکی ناهەقانەی بە کۆمەڵ بوو.

ئەو بارزانیانەی کۆمەڵکوژکران هەموویان خەڵکی بێ تاوان و سڤیل و بێ چەك بوون هیچیان لە حکومەت نەدەویست، بە لایانەوە گرنگ نەبوو کارەبا و ئاو و ڕێگای ڤێرتاو... دەگاتە ئۆردووگا زۆرەملێیەکانیان یاخود نا؟ بەردەوام خەریکی کرێکاری و کارکردنی ڕۆژانەی خۆیان بوون.

بەعس بە لە ناوبردنی نێرینە بارزانییەکان نەتەوەیەکی ئازاردا. دەیان ویست هەموو ئەگەرێ بۆ گەڕانەوەی ژیانیان لە ناوبەرن و ئایندەی کەسوکاری بارزانییە جینۆسایدکراوەکان تیرۆر بکەن.

ئەم توێژینەوەیە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە منی توێژەرەوە هەیە، چونکە تەمەنم کەمتر لە ساڵێك بوو کاتێك باوکم لە گەڵ هەشت هەزار نێرینە بارزانییەکان جینۆسایدکراوە. لە گەڵ ئافرەت و منداڵانی تری خانەوادەکەم لە ئۆردووگای زۆرەملێی ( قودس) لە قوشتەپە تا ڕاپەرینی ساڵی ١٩٩١ ژیانم بە سەربردووە، دایکم وەك هەر دایکێکی تری بارزانییە جینۆسایدکراوەکان خەریکی کرێکاری بووە، بە کارکردنی ڕۆژانە و کاری قورس قورسی پیاوان وەکو کارکردنی لە

بینایە و بێستان و کلێگەی پەلەوەر و هەرکارێك کە شەرەف و شکۆمەندی تێدابووایە ئەنجامیان دەدا، کارێك لە سەروی تواناى هێز و بازوی ڕەگەزی مێینە، هەمیشە دایکم و دایکانی تر بە شێرە ژن ناو دەبەین.

تا ئێستاش بەردەوام لە ناو بەجێماوەکان ژیان بەسەر دەبم لە نزیکەوە ئاگاداری گرفەتەکانیانم و ڕۆژانە لە (بەرێوەبەرایەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی بارزان) خزمەتی کەسوکاری سەربەرز شەهیدان و جینۆسایدکراوان دەکەین.

ئێمە پێویستیمان بە دوو چەشن کار هەیە؛

١- کاری تیۆری و هزری لە سەر تاوانەکانی جینۆسایدی بارزانییەکان.

٢- چارەسەری پراکتیکی بۆ قوربانییە بەجێماوەکانی ئەم تاوانە مرۆییە.

لە زانستە مرۆڤایەتیەکاندا چەندین میتۆدی جیاجیا هەیە دەکریٚ بەکاریان بهێنین بۆ ئەوەی ئەم پرۆسەیە بکەین بە بەشێك لە زانست و میتۆدی پەروەردەیی، ئەمەش نەك بە مانای چاندنی ڕق و تۆڵە، بەڵکو بە مانای درووستکرنی رووحی مرۆڤایەتی و ڕەتکردنەوەی توندوتیژی و لادانی دەمامکەکان لە سەر ئایدۆلۆژیای تۆتالیتاری بە هەموو چەشنەکانەوە.

پەیکەری توێژینەوە: لە بەر ڕۆشنایی مەرج و پێداویستیە زانستیەکانی ڕێکخستن و ئەنجامدانی توێژینەوە، بە گونجاومان زانی لە ڕووی پەیکەرییەوە دابەشی سەر (پێشەکی) و (هەشت) بەش بکەین.

بە سەر دوو تەوەردا دابەش دەبێت تەوەری یەکەم لایەنی تیۆرییە و (پێنج) بەش لەخۆ دەگرێت، تەوەری دووەم لایەنی پراکتیکیە (سیٚ) بەش لەخۆ دەگرێت. هەر وەك لە پێرست ئاماژەی بۆ کراوە.

ئەم توێژینەوەیە لە دوو قۆناغی جیاوازدا ئەنجامدراوە، توێژینەوەی یەکەممان لە ساڵی ٢٠٠٧ دەستیپێکرد و لە چوارچێوەی کتێبێکدا بە ناونیشانی ( بارۆڤی لە ناوبردنی بارزانیەکان) لە ساڵی ٢٠١٠ چاپکرا، ئەمەی بەردەستیش هەمان کتێبە بەڵام بە گۆڕانکاری زۆر و بە ئەنجامدانەوەی دووبارە ڕاپرسی و توێژینەوە لە سەر هەمان نموونەی توێژینەوە لە دوای (٨) ساڵ واتا ساڵی ٢٠١٥ لە هەردوو لایەنەکە

تیۆری و مەیدانی گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، لە لایەنی تیۆری بەش و بابەتی تر زیاتر کراون و لایەنە مەیدانەکەش بەراوردکاریەکی تەواو لە هەموو خشتەکاندا کراوە و داتا و ئاماری جیاواز لە توێژینەوەی پێشوو بە دەستهاتوون.

سەبارەت بە یەکەکانی نموونەی توێژینەوە کە ١٢٥ کەس بوون، بەداخەوە پێنج کەسیان لە ژیاندا نەمابوون بۆیە ئێمە لە هەمان خێزان گەورەترین ئەندامی هەمان خێزانمان لە هەمان ڕەگەز وەرگرتن.

سەبارەت بە وەرگێڕانی دیکۆمێنتەکانیش دەقاو دەق وەرنەگێڕاون بۆ سەر زمانی کوردی.

**توێژەری کۆمەڵایەتی**

**ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی**

**٢٠١٦/١/١ بارزان**

# تەوەرەی یەکەم

# لایەنی تیۆری

## بەشی یەکەم

# واتا و چەمکەکانی توێژینەوە

## باسی یەکەم

- ئەنفال
- پرۆژەی لە ناوبردن
- بەجێماو
- جینۆسایدی باوکان
- جینۆسایدی بارزانیەکان

## باسی دووەم

- جینۆساید
- جۆرەکانی جینۆساید

## باسی سێیەم

- بەعس و بەعسیزم

## باسی چوارەم

- واتا و چەمکی بارزان
- کورتە باسێکی دیرۆکی بارزان و بارزانیەکان

**له پێشەکی چاپی دەیەمی ئینجیلدا مەسیح نوسیبووی:**

***کێ "ئەنفالم" بۆ دەخاتە ڕستەوە لە خاچەکەم دێمە خوارێ و سەری خۆمی پێ ئەبەخشم.***

***جەمال غەمبار***

## باسی یەکەم

### - ئەنفال

ئەنفال وشەیەکی عەرەبیە، کۆی (نفل)ە بۆ چەند مانا بەکاردێت: زیادە لە سەر ئەرك، بۆیە بە نوێژی سوننەت دەڵێن (نافلە) و بە نـەوە دەڵێن (نافلـە)، بـە دەسکەوت (غنیمە) دەڵێن (نافلە)، بۆ موسڵمانان حەڵاڵ بوونی زیاترە لە ئاینەکانی دیکە، چونکە لەسەر ئەوان حەرام کرابوو[1](کە بەشی کەسێك لەوی دیکـە زیـاتر و زۆرتر بێت). هەروەها (نەفل) ناوی گوڵێکی بە ناوبـانگی دەشـتە، نیشانەی هاتنی وەرزی بەهاریشە، جگە لەمەش (نەفل) سێ شەوی یەکەمی مانگە.[2]

لە پێش هاتنی ئیسلامدا، عەرەبەکان وشەی (ئەنفال)یان بـە واتـای تـاڵانی جـەنگ بەکارهێناوە، کە مەبەست لێی سەر و سامانی دوژمن بووە، لە کاتی سەرکەوتنیان لە جەنگدا چنگیان کەوتووە و پاشان دابەشیان کردووە.[3] ئەمە لە ڕووی زمانەوانییەوە. ئـەنفال وەکـو زاراوەیـەکی قورئـانی، لـە ئایـەتی ژمـارە یـەکی سـورەتی ئـەنفال پەروەردگار دەفەرموێت:

**(( یسالَونك عن الانفال قل الانفال الله والرسول فأتقوا الله واصلموا ذات بینكم واطیعو الله و رسوله ان كنتم مؤمینن ))[4]**

ئەنفال ناوی سورەتی هەشتەمە لە قورئانی پـیرۆز، لـە (٧٥) حـەفتا و پێـنج ئایـەت پێکهاتووە لە ساڵی دووەمی کۆچی لە مانگی ڕەمەزان لە شەڕی بەدردا دابەزیوە. لە ساڵی (٦٢٤)ز ئەم شەڕە لە گوندی (بەدر) دەکەوێتە حیجاز لە سعودیە ڕوویداوە، لەم شـەڕەدا سـەرجەمی موسـڵمانەکان (٣١٩) کـەس بـوون[5] بەرامبـەر بـە(٩٥٠) شـەڕکەر دەجـەنگان و موسـڵمانەکان سـەرکەوتن، هەنـدێ گیروگرفـت سـەری هەڵدا لـە سـەر چـۆنیەتی دابەشـکردنی ئـەو دەسـکەوتەی کـە دەسـتیان کـەوتووە، پیرەکـان کـە

ڕاستەوخۆ بەشداری شەڕەکەیان نەکردبوو، داوای بەشی خۆیان دەکرد لە تالانیەکە،[٦] لە ئەنجامی ئەم گرفتەدا سورەتی ئەنفال دابەزی.

عوبادەی کوڕی ساحت دەڵێ: دوای تێکشکاندنی بت پەرستەکان لە شەڕی بەدردا سوپای ئیسلام بوون بە سێ بەشەوە:

١- بەشێك لە موسڵمانان کافرەکانیان ڕاونا و بتەکانیان شکاند.

٢- بەشێکی تر چاودێری و پاسەوانی (پێغەمبەر د.خ ) یان دەکرد.

٣- بەشێکی تر دەسکەوتەکانیان کۆ دەکردەوە.[٧]

بۆ چارەسەکردنی ئەم گیروگرفتە "خوای گەورە" سورەتی (ئەنفال)ی دابەزاند، پێغەمبەر(د.خ) سورەتەکەی بەیان کرد و کێشەکە کۆتایی هات. کەواتە ئەنفال ئەو سەروەت و سامانەیە لە کاتی شەڕدا لە بێ باوەڕەکان بەجێ دەماو دەگەیشتە دەستی موسڵمانان، ڕێبەری موسڵمانان وەکو پاداشتێك دەیدا بە جەنگاوەران کە لە بەشی خۆیان زیادبوو.

بەڵام ئەنفال لای سەرانی ڕژێمی عێراق پرۆسەیەك بوو لە فکری ناسیۆنالیزمی شۆڤێنی بەعسدا کە بەرجەستەکراوێکی فۆرمەلەی عەقلانیەتی سیاسیانەی جینۆسایدی بە پراکتیزەکراوە لە ڕێگەی دەسەڵاتی ڕەهاوە بۆ ڕوونکردنی جەستەی کورد و سڕینەوەی سیمای نەتەوەیی.[٨] ئەنفال یەکێك لە قۆناغە هەرە تراژیدیاکانی مێژووی کورد و کوردستان لە عێراقدا، وێرانکردنی سیستیماتیکی شار و گوندە، بەکارهێنانی چەکی کیمیاویە، گرتنی بە کۆمەڵی خەڵکی سیڤیل و گوم کردنیان و... هتد، ئەم ڕوداو و بەسەرهاتانە لە بیری کۆمەلانی خەڵك تاکو ئێستا زیندوو ماون.[٩]

ناکرێت ئێمە بۆ پرۆسەی لە ناوبردن و جینۆسایدی بارزانیەکان چەمکی ئەنفال بەکاربهێنین، چونکە لە ساڵی ١٩٨٧ بە دواوە ئەم چەمکە هاتە نێو فەرهەنگی پڕ لە تاوان و دڕندەیی بەعسیەکان، ئەمەش بە مەبەستی ڕاکێشانی سەرنج و ڕای پشگیری وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی. بیانوو هێنانەوەیەکیش بووە بۆ سڕینەوەی شوناسی کورد.

## - پڕۆژەی لە ناوبردن

لەم توێژینەوەیەدا چەمکی (پڕۆژەی لە ناوبردن) بەکارهاتووە مەبەست لە پڕۆژەی لە ناوبردن ئەو بەرنامە و سیاسەتە پێشوەختەیە کە لە گەڵ هاتنە سەر کورسی دەسەڵات، سەدام حوسێن وەك سەرۆك كۆمار و پێشتریش وەك جێگر دەستی پێکرد، دڕندەیی ئەم پرۆژەیە لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٩ و سەرەتای ساڵی ١٩٨٠ بەدواوە لە گرتن و وەدەرنان و شوێن بزرکردن و ڕاگواستنی کوردە فەیلییەکان سەری هەڵدا و پڕۆژەیەکی بەردەوام بوو، ئەم پڕۆژەیە بەردەوام هزر و بیرۆکەی نوێی بەرهەم دەهێنا بۆ قڕکردنی کورد و کوردستان، چەندین شێواز و ئامێر و ئایدیۆلۆژیای جیاواز بە ئاشکرا و بە نهێنی بەکارهاتوون.

لە پڕۆژەی لە ناوبردنی کورد و کوردستان تەنیا مرۆڤەکان کۆمەڵکوژ و جینۆساید نەدەکران بەڵکو خاك سوتاندن و ڕاگواستن و دروستکردنی ئۆردووگای زۆرەملێ و وێرانکردنی گوند و لێك جوداکردنی ڕەگەزەکان و لێسەندنەوەی مافی هاوڵاتیبوون و سوکایەتیکردن بە ئافرەتان و بە ڕەوشت و بە ئاین و بە کولتوور ئەمانە هەمووی بەرهەمی پڕۆژەی لە ناوبردن بوون لە لایەن سەرانی سەدام حسین و حزب و حکومەت و دەوڵەتەکەی.

لە ساڵی ١٩٨٧-١٩٨٨ ئەم شاڵاوە بەرنامە بۆ داڕێژراوانە بە (ئەنفال) ناونران، ئەنفال یاخود هەر ناوێکی تر بێت، هەموو ئەو شاڵاو و تاوانانە تەواوکەری یەکتربوون و بیرۆکەی یەك پڕۆژەبوون. لەلای زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی کوردستانیش کۆمەڵکوژی بارزانیەکان بە ئەنفال ناسراوە. جگە لەمەش زۆربەی هەرە زۆری یەکەکانی نموونەی توێژینەوە ئەم تاوانەیان بە ئەنفال ناوزەند دەکرد. بەڵام ئێمە لەم توێژینەوەیەدا چەمکی پڕۆژەی لە ناوبردنی بارزانییەکانمان بەکارهێناوە بەرامبەر بە پرۆسەی گرتن و قڕکردنی هەشت هەزار نێرینەی بارزانی. چونکە ناونانی ئەنفال زۆر درەنگتر بەکارهێنرا لە لایەن ڕژێمی بەعسی لە ناوچوو، ئێمە دووچاری هەڵەیەکی گەورەی مێژوویی و ئاینی دەبین ئەگەر پرۆسەی لە ناوبردن و

جینۆسایدی بارزانیەکان و جینۆسایدی کوردە فەیلیەکان و تاوانەکانی پێشووتریش بە (ئەنفال) ناو ببەین.

بەڵام بەداخەوەم زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی کورد و کوردستان تەنانەت کەسوکاری بارزانیە جینۆسایدکراوەکان و هەندێك لە رۆشنبیران و کەسانی ئەکادیمی و دام و دەزگایە میریەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و دەزگا راگەیاندنەکان ( بینرا و بیسترا و خوێندراو ) تا ئێستاش جینۆسایدی باررانیەکان بە ئەنفالی بارزانیەکان ناودەبەن. سەرەرای ئەمەش هەندێك جار دەستەواژەی (کارەساتی ئەنفالی بارزانیەکان) بەکاردەهێنرێت، ئەمەشیان هەڵەیەکی زەقترە چونکە وشەی (کارەسات) بۆ رووداوە سروشتیەکان بەکاردەهێنرێت نەك بۆ ئەو رووداوانەی مەبەستدارن و بە پلان و بەرنامە دادەنرێت و بەدەستی مرۆڤەوە ئەنجامدەدرێن، لە جیاتی (کارەسات)یش وشەی ( تاوان) گونجاوترینیانە و دەکرێت تاوانەکانی جینۆسایدی بارزانیەکان بەکاربهێنرێت هەم لەرووی زمانەوانییەوە واتادارتر و دروستترە هەم لە رووی ئەتەکیەتی نووسینەوە گونجاوتر و راسترە.

## - بەجێماو

هەر لەم توێژینەوەدا چەمکی بەجێماو بەکارهاتووە، ئەم چەمکە لە دوای تاوانە یەك لە دوا یەکەکانی حزبی بەعس و لە سەردەمی فەرمانرەوایی سەدام حوسێن، وەك زاراوەیەکی نوێ هاتە نێو فەرهەنگی کۆمەڵایەتی و ئەدەبی و رامیاری کوردستاندا.

چەمکی کەسوکاری جینۆسایدکراوەکان و کەسوکاری کومەڵکۆژکراوەکان بۆ هەمان مەبەست بەکارهاتوون.

چەمکی بەجێماوی بارزانیە جینۆسایدکراوەکان ئەو ئافرەت و منداڵ و هەموو ئەو کەسانەش کە لەساڵی ١٩٨٣ نێرینەکانیان جینۆسایدکراون دەگرێتەوە، هەروەها ئەوانەی بە هەر شێوەیەك لەم بارۆقە رزگاریان بووە و دواتر لە نێو کەسوکاریان ژیاون.

مەبەستی سەرەکیش بۆ ئەم چەمکە لەم توێژینەوەیەدا ئەو کەسانەن بەتایبەت ئەو ئافرەت و منداڵانەی لە ئۆردووگا زۆرەملێیەکاندا ژیانیان بەسەربردووە ( باوك، هاوسەر، کوڕ، برا و کەسوکاریان لە ڕەگەزی نێر) دەستگیرکراون لەم ئۆردووگایانە و پاشان لە بیابانەکانی باشووری عێراق بەزیندویی کۆمەڵکوژکراون.

ئەوەی جێی باسە هەندێك لە ڕوشنبیران و نووسەران و هاوڵاتیان و هەندێك ڕۆژنامە و ماڵپەر و سایت و زۆربەی دەزگاکانی ڕاگەیاندن وشەی (پاشماوە) بۆ ئەم مەبەستە بەکاردەهێنن کە ئەمەش وشەیەکی نا شایەستەیە و گونجاو نیە بۆ کەسوکاری جینۆسایدکراوان وشەی (پاشماوە) بەکار بهێنین، ئەم وشەیە زیاتر بۆ کەل و پەلی خراپ و لە ناوچوو و فرێدراو بێ کەڵك بەکار دەهێنریت نەك بۆ مرۆڤ.

## - جینۆسایدی باوکان

مەبەست لەم دەستەواژەیە، لە ناوبردنی ڕەگەزی نێرە لە جینۆسایدی بارزانیەکان، چونکە لە جینۆسایدی بارزانیەکان تەنیا ڕەگەزی نێر دەستگیرکران و ئافرەت و منداڵەکان بەتەنیا لە ئۆردووگا زۆرەملێیەکان لە ژێر گۆشاری توندی پیاوانی حزبی بەعس و پۆلیسی جینۆسایدی حکومەتی عێراقدابوون و پیاوەکانیش لە گۆڕەبەکۆمەڵەکانی بیابانەکانی باشووری عێراق زیندەبەچاڵکران، جیاوازی تاوانی لە ناوبردنی بارزانیەکان لە گەڵ تاوانەکانی تری وەکو؛ ئەنفال و کیمیاباران و ئەوانی دی لەوەدایە، تاوانەکانی تر بە بێ جیاوازی هەموو ئەندامانی خێزان جینۆساید دەکران، بەڵام لە جینۆسایدی بارزانیەکان تەنیا ڕەگەزی نێر جینۆسایدکراون، کە زۆرینەیان باوك بوون. تاڕادەیەکی زۆر لێکچون هەیە لە نێوان جینۆسایدی کوردە فەیلیەکان و بارزانیەکان.

## - جینۆسایدی بارزانیەکان

له ساڵی ١٩٧٥ به دواوه دەیان هەزار کوردی بارزانی بۆ وڵاتانی تورکیا و ئێران ئاواره بوون، دەیان هەزاری تریش لە هەوڵێکی جینۆسایدی بەرنامە بۆ دارێژراو و زۆرەملێدا لە پایزی ساڵی ١٩٧٥ ڕاگوێزران بۆ بیابانەکانی باشووری عێراق لە چەند ئۆردووگایەکی تایبەت بە بارزانیەکان نیشتەجێکران، دوای (٥) ساڵ و لە ساڵی ١٩٨٠ دووباره ڕاگوێزرانەوه بۆ ئۆردووگا زۆرەملێیەکانی قوشتەپە لە ئۆردووگای (قودس) و (قادسیه) نیشتەجێکران، ئەو بارزانیە لادێ نشینانەی کە مابوون لە ساڵی ١٩٧٨ ڕاگوێزران بۆ ئۆردووگا زۆرەملێیەکانی (دیانا، حەریر، بەحرکه، گۆرەتوو، عسریه...) ئەمه به بێ هیچ بیانوویەك دێهاتەکان وێران کران و دار و زەوییە بە پیت و چێنراوەکان لە ناو بران و سوتێنران، ڕاگواستنی ئەو گوندانە وەك هی تەوەری ستراتیژی و نزیکی چاڵە نەوتەکان نەبوو لە دوای ڕاگواستنی خەڵکەکه، گوندەکانیان به شۆفەڵ و (TNT) دەتەقاندەوە، بیر و کانی و سەرچاوه ئاوییەکانیان لە ناو دەبردوو پڕیان دەکردەوە، تەنانەت دار و درەخت و زەوی و باخەکانیشیان سوتاند، لە هەندێ شوێن ماددەی نەوتیان دەکردە بن ڕەگی داره گەورەکان بۆ ئەوەی به یەکجاری وشك ببن، بەمەش حکومەتی عێراق دەیویست شوێنەواری ژیان لەو گوندانەدا نەهێڵن و کارێك بکات کە کەس بە تەمای گەڕانەوە نەبێت بۆ گوندەکانیان. زۆرێك لەو گوندنشینانە لە خوارووی عێراق لە ناوچەیەکی بیابانی وشك و ڕووت و بێ کەڵك کە مەودای هیچ کارێك و ژیانی تێدا نەبوو نیشتەجێ کران.

مردنی لە رادەبەدەری خەڵك و نووسینی شوێنی لە ناوچوون لە سەر دیوارەکان بە مەبەستی ترس و تۆقاندنیان و بزر بوونی خەڵکەکە و نیشتەجێ کردنیان لە پێکهاتەیەکی تەواو پێچەوانەی شوێنی ڕەسەنی خۆیان و ڕاگواستنی بە زۆری، ئەمانە هەمووی نموونەی زەقی جینۆسایدن.

لە ١٩٨٣/٧/٣٠ ژمارەیەك لە شێخانی بارزان کە کەسە نزیکەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان مەسعود بارزانی بوون دەستگیر کران و ڕۆژی دواتر واتە ١٩٨٣/٧/٣١

ئەفسەرانی گاردی کۆماری و ئاسایش و سەربازانی حکومەتی عێراق و پولیسی جینۆسایدی عێراقی هەردوو ئۆردووگای زۆرەملێ بارزانیەکان ( قودس و قادسیە)یان لە قوشتەپە گەمارۆ دران و لە بەرەبەیانێکی زوودا هەرچی نێرینەی سەرووی (٧) سالان هەبوو تەنانەت شێت و کەم ئەقڵ و کەم ئەندام و نەخۆش و پەککەوتەوە هەر هەموویان لە نێو ماڵ و منداڵیان رفێندران و دەستگیر کران بە زۆری ڕاپێچی ئۆتۆمبێلی تایبەتکران و بەرەو شوێنێکی نادیار بردران، لە ١٩٨٣/٨/١٠ پیاوە بارزانیەکانی ئۆردووگاکانی (حریر و بەحرکە و دیانا و گۆرەتوو...) بە هەمان شێوە دەستگیر کران، ئەم پرۆسەیە بەردەوام بوو جارێکی تر لە ١٩٨٣/١٠/١ ئەمجارەیان زۆر چڕ تر لە جارەکانی تر ماڵ بە ماڵ گەڕان بە ئۆتومبێلی ئاسایی نەك سەربازی و تەنانەت بە تاکسی بە نێو ئۆردووگاکان کەوتن و هەرچی نێرینەی مابوو کە زۆربەیان منداڵ بوون ئەوانیش دەستگیرکران و ژمارەیان گەیشتە (٨) هەزار نێرینەی بارزانی و دواتر لە بیابانەکانی باشووری عێراق زیندەبەچاڵکران.

منداڵ و ئافرەتەکانیش لە ئۆردووگا زۆرەملێیەکان لە ژێر کۆنترۆڵی توندی سەربازیدا بوون، ئاو و کارەبا و دەرگای قوتابخانە و نەخۆشخانەکان بە سەر ئافرەت و منداڵە بە جێماوەکان داخران.

ئەو پیاوە بارزانیانەی لە ساڵی ١٩٨٣ دەستگیر کران و کۆمەڵ کوژ کران خەڵکی مەدەنی و کرێکار بوونە و لە نێو ماڵ و منداڵیان ڕاپێچ کراون، ئەم بارزانیانە بە سادەترین مانا ئەو پیاوانەن کە بە وەرزێری و ماندووبونی شەو و ڕۆژ کاریان دەکرد بۆ پێکهێنانی خێزانێکی بەختەوەر، پیاوێك هیچی لە دەوڵەت نەدەویست، بە لایەوە کێشە نەبوو کارەبا و ئاو دەگاتە گوندەکەیان و ئۆردووگا زۆرە ملێیەکەیان یاخۆد نا، هەموو تەمەنیان بۆ بەختەوەری منداڵەکانیان تەرخان کردبوو.

هەر زوو سەدام حوسێن لە وتارێکدا لە(١٢)ی ئەیلولی ساڵی ١٩٨٣ هیچ گومانێکی نەهێشتەوە کە ئەم تاوانە قیزەوەنەی بە سەر بارزانیەکان هێناوە و لە گرتەیەکی ڤیدیۆییدا لە کەناڵی ئەوکاتی ڕەسمی حکومەتی عێراق پەخشکرا و گوتی: (ئەوانە

**خیانەتیان لە وڵات و خیانەتیان لە پەیمان کرد، بۆیە ئێمەش بە سزای توند و سەختمان گەیاندن و بۆ دۆزەخمان ناردن...).**

**قڕکردنی (٨) هەزار لە نێرینە بارزانیەکان و زیندە بە چاڵکردنیان لە بیابانەکانی خواروی عێراق و هیشتنەوەی ئافرەت و منداڵ لە ئۆردووگا زۆرەملێیەکاندا بە بێ هیچ خزمەتگوزارییەك، ئەمانە ڕاستەوخۆ دووبارە بوونەوەی مەودایەکی زۆر لەوە گەورەتر بوو، دەسپێکی ئەو تەکنیکە بوو کە دواتر لە ساڵی (١٩٨٧) و (١٩٨٨) بە ئەندازەیەکی یەکجار بەرفراوانتر دژی گەلی کورد و کوردستان بە کار هات و بە ئاشکرا ناوی (ئەنفال)ی لێ نرا لە لایەن ڕژێمی داڕۆخاوی بەعسی عێراقەوە.**

## باسی دووەم

## جینۆساید

بۆ یەکەم جار ئەم زاراوەیە لەلایەن پسپۆڕی یاسایی پۆلۆنی"ڕافایل لیمکین" (Raphael lemkin)، بە کارهێنراوە لە کۆنفرانسێکدا لە مەدرید لە ساڵی ١٩٣٣. لە ساڵی ١٩٤٢ بە نووسین تۆماری کردووە، ئەم یاسا ناسە تەواوی ئەندامانی خێزانەکەی بە دەستی نازیەکان قڕکرابوون(١٠)لە ساڵی ١٩٤٨ لە بەڵگەیەکی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بە ناوی (پەیمانی پشتگیری و تەنبێکردنی تاوانی جینۆساید) ناسرا، ئەویش ڕێکەوتنامەیەکە بۆ قەدەغەکردن و سزادانی تاوانی جینۆساید بە پێی بڕیاری ژمارە(٢٧٦٠) لە (٢٩)ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٤٨ دا لە لایەن کۆمەڵەی گشتییەوە پەسەندکراو لە ١٢ی کانوونی یەکەمی ١٩٥١ دا چووە بواری کارپێکردنەوە.(١١)

جینۆساید لە ڕووی زمانەوانییەوە لە دوو وشە پێکهاتووە:

١- (Genos) وشەیەکی گریکییە، واتە: (ڕەگەز، بنەچە، ڕەچەڵەك، نەژاد...).

٢- (caeder) وشەیەکی لاتینییە، واتە: (کوشتن، فەوتاندن، لە ناوبردن...).

بە لێکدانەوەی هەردوو وشەکە (فەوتاندنی بنەچە) (Genocide) پێکدێت بە مەبەستی لە ناوبردنی گرووپ یا کەمینەیەکی نەتەوەیی و ڕەگەزی و ئاینی.(٤)کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕێکەوتنامەی سزادان و بەربەندکردنی جینۆساید بەم شێوەیە پێناسەی جینۆسایدی کردووە:

(هەر کاتێك بە مەبەستی لە ناوبردنی هەموو یان بەشێك لە کۆمەڵی مرۆڤایەتیدا ئەنجام دەدرێت لە ڕووی سیفاتی نەتەوەیی، ئاینی، نیشتیمانی، ڕەگەزی).(١٤)

پرۆفیسوری یاساناس"لیمکین" وا لێکدەداتەوە تاوانی جینۆساید پێکهاتووە لە کۆمەڵە کردارێك، کە ئارمانجەکەی لە ناوبردنی ڕێسای بنچینەیی ژیانی کۆمەڵانی نیشتیمانین، بەو نییەتەی لە ناوبردنی ئەو کۆمەڵانە لە ڕێگەی تێکشکاندنی دامودەزگای سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و زمانەوانییەوە، تێکشکاندنی

هەستی نیشتیمانی و ئاینی و لە ناوبردنی ئابووریيان، جینۆساید لەلای"لیمکین" تاوانێکە ئارمانجەکەی لە نێوبردنی کۆمەڵێکی نیشتیمانییە، ئەوکردارانەی ئاراستەدەکرێن بۆ لە نێوبردنی ئەو تاکە نەك بە سیفەتی تاکایەتی، بەڵکو بەحوکمی ئەوەی ئەندامی ئەو کۆمەڵە مەبەستدارەیە کە شوێنگەی رووداني جینۆسایدە.(١٥)

جینۆساید بە واتای (لە ناوبردنی بە ئەنقەستی هەموو یان بەشێکی کەمایەتیەکەی ڕەگەزی، ئاینی، تایەفی، ئیتنێکی یان سیاسیی لە لایەن حکومەتێکەوە یان دامودەزگا و داروودەستەکانیانەوە هەر تەنیا کوشتنی بە کۆمەڵ ناگرێتەوە، بەڵکو برسیکردن، بە زۆری ڕاگواستن و دەست بە سەرداگرتنی سیاسی و ئابووری و بایەلۆژیش دەگرێتەوە)(١٦)لەناوبردن و فەوتاندنی هەر کۆمەڵە مرۆڤێك ئەگەر بەشێکیشی بێت لە هەر جێگایەکی دونیاش بێ، ئەوا دەبێتە تاوان لە دژی سەرجەم مرۆڤایەتی.

پێناسەی زۆری جینۆسایدکراوە، ئەگەر چی لە رووی رووخسارەوە جیاوازن بەڵام لە مەبەستدا یەك ئامانجیان پێکاوە و لە ناوەرۆکدا هەموویان لە دەوری یەك تەوەر دەخولێنەوە.

توێژەران و پسپۆرانی یاسا چەندین چەمکی دیکەیان بەکارهێناوە بۆ تێگەیشتنی کوشتنی بە کۆمەڵ وەك؛ ئیتنوساید (Ethnocide) واتا کوشتنی ژمارەیەکی زۆری ئەندامانی هەمان گرووپی ئیتنیکی. پولێتیساید (Politicide) واتاکوشتنی ئەندامانی گرووپێکی سیاسی. هەندێ جار چەمکی (پاککردنی ئیتنیکی)یش (Ethnic Cleasing) بەکاردەهێنرێت.

"هەلی فاین" یەکێکە لە پسپۆرەکانی بواری توێژینەوەی جینۆساید، پێشنیاری ئەوە دەکات کە دەتواندرێت لە جینۆساید تێبگەین وەك؛ کردەی توندوتیژی دەستە جەمعی، ئامانجەکەی قەلاچۆکردنی گرووپێکی تایبەتی (ڕەگەزی، ئیتنیکی، نەتەوەیی، ئاینی... هتد) کە تاوانکاران دەستنیشان دەکات، قەلاچۆکردن لە ئاکامی پلانێك یاخود بە ڕێگەیەکی بیروکراسی روودەدات کە پێکدێت لە دەستنیشانکردنی

گرووپــی قوربانییــەکان و پێشــێلکردنی مــافی ئــەم گرووپــە و هــەلاواردن و دوورخستنەوە و دواجاریش قەلاچۆکردنی.(١٧)

بـە شـێوەیەکی گشـتی مەبەسـت لـە جینۆسـاید کوشـتن و لـە نـاوبردنی کۆمەڵـە مرۆڤییەکانە بە ڕێگە و شـێوازی جیاجیا، بـە یـەکێك لـە تاوانـە مەترسـیدارەکان دادەنرێت کە ئاسایش و تەناهی و تەندروستی بۆنیادی کۆمەڵگا دەخاتە مەترسیەوە، چونکە دەبێتـە هـۆی لـە نـاوبردن و چەوسانەوەی بونـەوەرە ئادەمیزادییـەکان بـە شێوەیەکی فراوان یان بە ڕێژەیەکی کەم بەهۆی پێکهاتە و سروشتە نیشتیمانی یان ڕەگەزی یان بنەچە یان ئاینیەکانیانەوە.

کەسانێکی وەك"مارتین ڤان برۆینەسەن" دوورخستنەوە و کوشتنی بارزانیەکان بە ئیتنوسـاید (Ethnocide) دەزانێـت واتـا کوشـتنی بـە کۆمـەڵ کـە قوربانیـەکان ئەندامی هەمان گرووپی ئێتنیکین.(١٨)

جینۆساید تاوانێکی دڕندانەیە لە دژی مرۆڤایەتی، بۆیە نەك هەر وڵاتانی تاوانکار بەڵکو ئەو کەسانەش کە بە ئەنجامدانی جینۆساید تاوانباردەکرێن، لێپرسـینەوەی یاسـایی نێونەتـەوەیی دەکەوێتـە ئەسـتۆیان. وەك لـە بەنـدی (٣)ی پـەیمانی ١٩٤٨ داهاتووە و(١٩)تایبەتـە بـە قەدەغـەکردنی تـاوانی جینۆسـاید، عێـراقیش لـە (٢٠)ی کانوونی دووەمی ١٩٥٩ ئەم پەیماننامەی پەسەند کردووە.

خاتو "فنهێلن" (Feinhelen) لێکۆڵەرەوە لە بواری نەژادکوژی و جینۆساید، بەم دواییـە توێژینەوەیـەکی گرنگـی سـەبارەت بـە جینۆسـاید لـە سـەدەی بیسـتەمدا ئەنجامداوە، تیایدا ئەوەی ئاشکرا کردووە کە تـەنیا لـە (١٠٠) سـەد ساڵی ڕابـردوو قوربانیانی جینۆساید لە دونیادا (٣٠ تا ٥٠) ملیۆن مرۆڤن.(٢٠)

ئەم خشتەیەی خوارەوە تاوانەکانی جینۆساید لە سەدەی بیستەمدا ڕووندەکاتەوە.

## خشتەی ژمارە (١) تاوانەکانی جینۆساید لەسەدەی بیستەمدا

| مێـــــــژوو (ساڵ) | پیادەکار | نەخشە ڕێژان | قوربانییەکان | ژمارەی مەزەندەکراو (ملیۆن کەس) |
|---|---|---|---|---|
| ١٩١٥-١٩٢٥ | تورکیای عوسمانی | تورکـە لاوەکـان- تەلعەت پاشا | ئەرمەنییـــەکانی تورکیا | ١,٥ کوژراو<br>٠,٥ دووورخراو |
| ١٩١٨-١٩٢١<br>١٩٣٤-١٩٣٩ | حکومەتی کۆمۆنیستی سۆڤیەت | کۆمونیستەکان- ستالین | ئوکرانی و نەیارانی ناوخۆیی | ١٣ |
| ١٩٣٩-١٩٤٥ | حکومـــەتی نـــازیی ئەڵمانیا | هیتلەر | پۆلۆنییـــــەکان و ڕومەکانی یەهوودی | ٦ پۆلۆنی<br>٥,٥ یەهوودی |
| ١٩٦٣-١٩٧٤ | سوپای ئەمریکا | لیندوک جانسۆن ریچارد نیلسۆن | خەڵکی ڤیـەتنامی باکوور | ١ |
| ١٩٦٦-١٩٦٩ | کۆمۆنیستی چین | مائوسی تونگ | ئـانتی کۆمۆنیسـت نەیارەکان | ٢ |
| ١٩٦٥-١٩٦٦<br>١٩٧٢-١٩٩٩ | حکومـــەت و ســوپای ئەندەنوسیا | سوهارتۆ | خـەڵکی تـەیموری ڕۆژهەڵات | ٠,٥ ئەندەنوسی<br>٠,٣ تەیموری |
| ١٩٧٥-١٩٩٥ | کەمبودیا | خمێرە سورەکان پۆل پۆت | هاووڵاتی ئاسایی | ٢ |
| ١٩٨٧-١٩٨٨ | حکومـــەتی بەعســـی عێراقی | سەددام حوسێن | کورد | ٠,٢ |
| ١٩٨٣-٢٠٠١ | سودان بەرەی ئیسلامی باکوور | دەسەڵاتدارانی سیاسی | گرووپە نەتەوەیی و ئاینیەکانی باشووری سودان | ٢ کوژراو<br>٤ دووورخراو |
| ١٩٨٦-٢٠٠١ | حکومەتی ئاینی تالیبان | ئوسامە بن لادن | خەڵکی ئەفغانستان و نەیاران | ٠,٠٢ |
| ١٩٩٤ | هێزە نـەیارەکان لـە ڕواندا | هۆزی هۆتۆکان | هۆزی توشی | ٠,٦ کوژراو<br>١,٥ پەنابەر |
| ١٩٩٥ | سوپای یۆگسلافیا | میلۆسۆڤیچ | هاووڵاتی بۆسنە | ٠,٠٢ |

## جۆرەکانی جینۆساید

جینۆساید تەنیا لە ناوبردنی جەستەیی کۆمەڵە مرۆڤێکی نەتەوەیی، ڕەگەزی، ئیتنیکی، ئاینی نییە، بەڵکو چەند جۆرێکی جیاجیای لایەنەکانی ژیانی مرۆڤ دەگرێتەوە ئەمانەن:




هێلکاری ژمارە(١)جۆرەکانی جینۆساید ڕووندەکاتەوە

### ١- جینۆسایدی فیزیکی -جەستەیی- :

کوشتن بە هەر جۆرێك بێت، لەسێدارەدان، گوللەبارانکردن، هێرشی سەربازی، بەکۆمەڵ کوشتن، بەکارهێنانی چەکی قڕکردن وەکو؛ کیمیاوی و فۆسفوری و ژەهر... هتد.[٢١]

بە پێی ماددەی (٢) دووی بڕگە (٢) دووی ڕێکەوتننامەی بەربەندکردنی جینۆساید، دەکرێ جینۆساید بە شێوازێکی ناڕاستەوخۆ بە سەپاندنی ئازارێکی زۆری جەستەیی کەوا بەرگەی ئەو ئازارە نەگرێت و بەشێوازیکی ناڕاستەوخۆ هێمنانە بمرن.[٢٢]لە ناوبردنی فیزیانەی خەڵك نەگۆڕێکی بەردەوامی سیاسەتی بەعس بوو.

## ٢- جینۆسایدی بایەلۆژی:

بەربەندکردنی هەر کۆمەڵە مرۆڤێك لە پێشکەوتن و زیادبوون، وەکو بەربەندکردنی منداڵ بوون و زیادکردن، لە یەك دابرانی پیاو و ئافرەت، دابەشکردن و لێك جوداکردنی ئەندامانی خێزان بۆ ماوەیەکی زۆر،[٢٣] یاخۆد نەزۆك کردن و خەساندنی پیاوان و لەباربردنی ئافرەت و تێکدانی ڕێژەی ئاسایی زیادبوونی مرۆڤ، هیشتنەوی ڕەگەزێك بە تەنیا.

## ٣- جینۆسایدی کولتووری:

قەدەغەکردنی زمان و شێواندن و تێکدانی مێژوو، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، رۆشنبیری، کولتووری نەتەوەیی، هەستی یەکگرتوو، ئاین و شارستانییەتی هەر کۆمەڵە مرۆڤێکی دیاریکراو،[٢٤] وێرانکردنی شوێنە دێرینەکان، شێواندنی ئەدەب، هونەر، ترادیسون، کەلەپوور، ڕاگواستن و ڕاپێچکردنی منداڵان بۆ کۆمەڵگایەکی جیاواز و نامۆ، بۆ خاك و کەش هەوایەکی جیاواز لە ڕووی زمان و مێژوو خۆنەریت و ئەتمۆسفیر و ئارکیۆلۆجیا ئەنجامەدرێت، بەشێوەیەك زمانی زگماکی خۆیان کە ناسنامەی نەتەوەییانە لە هزریاندا بسرێتەوە و مێشکیان بۆ کولتوور و رۆشنبیری و مێژووی کۆمەڵگە نوێیەکە زاخاو بدرێت و لە سەر ئەو بنەمایە نەشوما بکەن و بە ڕەوشت و ئۆل و بیروباوەر و لایەنی سۆسیۆلۆژی ئەو کۆمەڵگایە ڕابهێنرێن.[٢٥]

## ٤- جینۆسایدی ئابووری:

وێرانکردنی سامان و سروشت و بەروبوومی ناوچەکان، تاڵانکردنی ماڵ و سامانی خەڵك، سەپاندنی گەمارۆی ئابووری بە مەبەستی برسی کردنی خەڵك ئەمە دەکرێ پێی بوترێت (وێرانکردنی ئابووری).[٢٦]

ئەگەر بە وردی سەرنجی جۆرەکانی جینۆساید بدەین، بەراوردی بکەین لە گەڵ ئەو تاوانانەی لە ماوەی سەدەی ڕابردوودا بەسەر بارزانیەکاندا هاتوون لە لایەن حکومەتە یەك لە دوا یەکەکانی عێراق بە تایبەتی حزبی بەعس ئەم چوار جۆرەی جینۆساید بە زەقی دیارن.

## باسی سێیەم

## بەعس و بەعسیزم

بەعس وەکو هێزێکی عیلمانی هاتەکایەوە، سەرەتاکانی دەسەڵاتی بەعس سەرەتایەکی عیلمانی بوو، هێزێك بوو باوەڕی بە سۆسیالیزم هەبوو.[٢٧] دەسەڵاتی سیاسی حزبی بەعس دەسەڵاتی سیاسی بۆرجوازی بیرۆکراتی مشەخۆر بوو و پایەی کۆمەڵایەتیشی لە سەرهەمان توێژی دیاری کراو دانراوە.[٢٨]

لە ٨ ی شوباتی ١٩٦٣ بەعسیە شۆڤینیەکان بۆ یەکەم جار دەسەڵاتی سیاسیان لە عێراق بۆ ماوەیەك گرتە دەست لە ١٧ی تەمموزی ساڵی ١٩٦٨ بە پێی پیلانێکی ئیمپریالیستانە بۆ دووەم جار کورسی دەسەڵاتی عێراقیان وەرگرتەوە.

بەعسیزم شوێنکەوتووی پەیداکردنی مۆدێل و سیستەمێك لە هێزە کە تێیدا توندوتیژی دەگاتە ئەوپەڕی سنوورەکانی بیرکردنەوە.[٢٩]

بەعس هەموو بیرو بۆچوونەکانی خۆی لە سەرچاوەی ڕەگەزپەرستییەوە هەڵدەهێنجی هەوڵی دەدا گیانی خۆ بە زلّ زانین و بە سوك سەیرکردنی میللەتانی تر گیانی داگیرکەرانە و پەلامار دەرانە و دەست درێژی کەرانە، گیانی ترساندن و تۆقاندن، کوشتن و بڕین و بە زۆر سەر پێدانواندن لە ناو عەرەبدا بچەسپێنێ، لەمەشدا تا ئەندازەیەکی زۆر لاسایی کارو کردەوەکانی هیتلەر و نازییەکانی ئەڵمانیای دەکردەوە.[٣٠] ڕژێمی بەعس لە عێراق لە بەرنامەی دا پەیڕەوی هەمان پرەنسیپی پرۆپاگەندە و هزری و ڕێکخراوەیی نازیەتی کردەوە، لە بەرنامەی بە نازیکردنی گشت نەتەوەی ئەڵمان بەوەش کە بەعس سەرجەم عێراق بکاتە بەعسی، هەروەك سەددام حوسێن وتەنی:

(تەنیا بەعسیەکی باش عێراقیەکی باشە).[٣١]

بەعس دەیویست بە پێی پێوەری سەرکردە گەلێك درووست بکات. ڕژێمی بەعس زۆر هەوڵیداوە بۆ ئەوەی بە ساناترین شێوە شوڕببێتەوە نێو زۆر چەمك و ئایدۆلۆژیا و فکری جیا جیا تا بتوانێ سودیان لێوەرگرێ. هەر ئەو ئاراستەیەش

بووە هۆکارێك کە زۆر لە لێکۆڵینەوە و ڕاڤەکردنەکان بۆ پێناسەکرن و شیکارکردنی بنیادە گشتییەکانی کۆلتووری بەعس یەکلایی و تاك ڕەهەندانە دەکەوتنە خوێندنەوەی ڕژێمی بەعس و هەریەکە و بە چەشنێك بۆی دەچن و ناتوانن بەیەك چەشنە ڕژێمێکی پەیوەست بە فیکر و ئایدۆلۆژیایەکەوە ببەستنەوە و بەربلاوانە نەیخەنە ژێر تیۆروانین و ووردبونەکانیانەوە.[٣٢]

دید و فەلسەفە و ئایدۆلۆژیای بەعس هاوشێوەی دید و فەلسەفە و ئایدۆلۆژیای سەردەمی فیرعەون بوو بە مامەڵەکردن لە گەڵ بارزانیەکان، ئەگەر ئێمە سەرنجی سورەتی (القصص) لە قورئانی پیرۆزدا بدەین لە ئایەتی چواری ئەم سورەتە، پەروەردگار دەفەرموێت: (بێگومان فیرعەون زاڵ و درندەبوو لە ولاتەکەیدا خەڵکەکەی پارچە پارچە کرد جیاوازی خستە نێوانیانەوە دەستەیەکیان دەچەوساندەوە و لاوازی دەکردن، منداڵە نێرینەکانی سەردەبڕین کچان و ئافرەتانی بە زەلیلی دەهێشتەوە...)[٣٣]

فیرعەون زیاتر لە (١٢٠٠٠) دووانزە هەزار کوڕی بەنی ئیسرائیلی کوشت. فیرعەون خەڵکەکەی پارچە پارچە کرد و جیاوازی خستە نێوانیان، سەددامیش بە هەمان شێوە مامەڵەی لە گەڵ بارزانیەکان کرد، فیرعەون نێرینەکانی سەردەبرین، سەددامیش نێرینە بارزانیەکانی بە زیندوویی دەخستە نێو گۆڕی بە کۆمەڵەوە، فیرعەون کچان و ژنانی بە زەلیلی هێشتەوە سەددامیش ویستی ژنان و کچانی بەجێماو لە بارزانیەکان ڕەزیل و زەلیل بن.

## خشتەی ژمارە (٢)

### خاڵە لێکچووەکانی دیدو ئایدیۆلۆژیای فیرعەون بەرامبەر بە میللەتەکەی و سەدام بەرامبەر بارزانیەکان

| دیدو ئایدیۆلۆژیای فیرعەون | دیدو ئایدیۆلۆژیای سەدام |
| --- | --- |
| فیرعەون زیاتر لە ١٢ دوانزە هەزار نێرینەی سەربڕی و کوشت. | سەدام زیاتر لە ٨ هەشت هەزار نێرینەی بارزانیەکانی بە زیندویی خستە نێو گۆڕی بە کۆمەڵەوە. |
| فیرعەون خەڵکەکەی لێك جوداکرد و جیاوازی خستە نێوانیان. | سەدامیش نێرینەکانی جودا کرد و پاشان لەناوی بردن و تەنها ئافرەت و منداڵی هێشتەوە. |
| فیرعەون ئافرەت و کچانی بە زەلیلی هێشتەوە و خستیانیە ژێر فشارێکی زۆری دەروونی. | سەدامیش بەهامان شێوە ئافرەتە بارزانیەکانی خستە ژێر فشارێکی زۆری دەروونی و کۆمەلایەتیەوە. |

## باسی چوارەم:

## - واتا و چەمکی بارزان

بارزان یاخۆد بەرزان ناوی هۆزێکە و ناوچەیەکە لە باشووری کوردستان، سەبارەت بە ناوی بارزان بیرو بۆچوونی جیاواز هەیە، هەندێك دەڵێن (بارزان) ئەگەر پیتی (الف و نوون) هێمای کۆکرنەوەبێت وشەی(بارز) بە واتای دلێر، دلاوەر، چالاك، جەنگاوەر دێت، بەلاّم وشەی (بەرزان) ئەگەر پیتی (الف و نوون) هێمای کۆکرنەوە بێت و وشەی(بەرز) لە زمانەوانی ئاڤێستای فارسی پەهلەوی و کوردی بە واتای بڵند و بەرز دێت.(٣٤) هەندێکی تریش دەڵێن ناوی(بارزان)لە وشەی (بەرز)ەوە هاتووە، لەبەر ئەوەی ئەو گوندە رێکەوتی درووستکردنەکەی لە شوێنێکی بەرز و بڵندەوە بووە پێیان وتووە(بەرزان).(٣٥)

ڕای تر هەیە دەڵێن ئەم ناوە لە ناوی خێڵی(برازی)ەوە هاتووە (خێڵی برازی یەکێکە لەخێڵەکانی دەڤەری بۆتان لە باکووری کوردستان) یان ناوی باپیرە گەورەکەیانە، واتاکەشی (ماف هەڵگر) یان (ماف زانە)ە، یاخۆد لە(بارسان)ەوە هاتووە، دەروێشەکان (پیاو چاك - پیاوی خودا)، یان(برازان) واتە (اخوان الصفاء).(٣٦) ڕای تر هەیە دەڵێن ناوچەی بەرزان واتە (ناوچەی کۆچ).(٣٧)

مێژوونووسی عێراقی عەباس ئەلعەزاوی دەڵێ: ئەسڵی (بارزان) گوندی (باریزانە)، (باریزانی شەرەفنامە) لەو زانیاریانەی کەشەرەفنامە دەیان خاتەروو ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە کە وشەی (بازیران) یان (باریزان) لە بنچینەدا وشەی (بارزان)ی ئێستایە، وا دەردەکەوێ کە گوندی(بارزان) زۆر کۆنە و ناوەکەی لە (لەفزە) کۆنەکەی وەرگیراوە ئەو گوندەش جاران گوندێکی ناوداربوو لە سەدەی شازدەمی زایینیدا.(٣٨) ڕای تر هەن بارزان دەبەنەوە سەر(پارسان) و دەڵێن واتە(عابدان) و (زاهیدان) لە سەر ئەو ئیعتیبارەی کە ئەم شێخانە زاهید و خواناس بوون، ئەمە جگە لەوەی کە ئەمە نەدەبوو (پارسان) بوایە، بەڵکو دەبوو (پارسیان) بووایە و ئەویش بارزانیان بووایە، واتە تاکی وشەکە بارزانیان بووایە، ئەو کاتە کۆیەکەی

دەبوو بە (بارزانیان یان) وەیان (بارزانیان کان).[٣٩] ئەمەش دیارە شتێکی هەڵەیە و لە رووی ڕێزمانییەوە درووست نییە. سەبارەت بە ناولێنانی ئەم دەڤەرە ئێمەش وای بۆ دەچین بەهۆی هەڵکەوت و پێگەی جیۆگرافی ئەم ناوچەیە کە شوێنکی بەرزبووە ئەم ناوەی لێنراوە کە وشەی (بەرز) هێمای کۆکردنەوەی (ان) بۆ زیاد کرابێت لە بەرزەوە کرابێتە بەرزان ( بارزان).

## - کورتە باسێکی دیرۆکی بارزان و بارزانیەکان

بەرێز مەسعود بارزانی لە پەرتوکی (بارزانی و بزوتنەوەی رزگاری خوازی کورد)دا[٤٠] دەڵێت: (ناولێ نرانی ئەو هۆزە بە هۆی گوندی بارزانەوە هاتووە کە مەڵبەندی شێخانی بارزانە، ئەو شێخانە لە بەربابی فەرماندەکانی ئامێدی (عمادییە)وە هاتوون چونکە مەسعودی باپیریان هاتووەتە گوندی هەڤندکای نزیك بارزان و لەوێ نیشتەجێبووە کچێکی لەو گوندە مارە کردووە کوڕێکی لێ بوو ناویان نا (سەعید)نەوەی ئەویش کە شێخ تاجەددین بوو زانایەکی ئاینی و ناوداربوو، گەلێك مریدی لە دەور کۆبونەوە تەکیەی(بارزان)ی دامەزراند و هەتا کۆچی دووایی کرد هەر لەوێ ژیا، پاش ئەو شێخ عەبدولرەحمانی کوڕی جێی گرتەوە، کە ئەویش عەبدوللای کوڕی هاتە شوێنی کە بە(خواناس و دینداریيەوە)ناوی دەرکردبوو، شێخ (عبدالسلام)ی کوڕی ناردە نەهرییە بۆ ئەوەی زانستە ئاینیەکان لای شێخی مەزن (سەیدتەهای نەهر)ی بخوێنن، پاش کۆچکردنی باوکی، کاروباری تەکیەی (بارزان)ی بەرێوەبرد. ژمارەی مریدەکان زۆر زیادی کرد، قوتابخانەیەکی ئاینی لە بارزان پێکەوەنا کە لە هەموو ناوچەکەدا دەنگی دایەوە، ژمارەیەکی زۆر لە قوتابیان بۆ فێربوون روویان تێدەکرد، نێوانی لەگەڵ سەید تەهای نەهری زۆر خۆش بوو.

مەولانا خالدی نەقشبەندی لە کاتی گەڕانیا سەری لە تەکیەی بارزان داوە و شێخ عەبدولسەلامی کردە خەلیفەی خۆی و لە گەڵ خۆی برد بۆ نەهری بۆ بینینی سەید تەها کە ئەویش ببوو بە خەلیفەی مەولانا خالد).

مەشیخەی بارزانیەکان مۆرکی تەریقەتێکی سوفیگەری نەقشبەندی[٤١] لە خۆ گرتووە.

رێبەرایەتی شێخانی بارزان هەر لە سەردەمی شێخ عەبدولسلام بارزانیەوە بەرەو چاکسازی کۆمەڵایەتی و هەوڵدان بۆ جێ بەجێ کردنی دادوەری کۆمەڵایەتی چوو، کە دواتر ئەو رێبەرایەتیە تەنیا لە رێبەرایەتیەکی ئاینی یان تەریقەتێکی سۆفی گەری نەمایەوە، ئامانجەکەشی تەنیا لەوەدا قەتیس نەبوو، کە تەنیا هەوڵی چاکسازی کۆمەڵایەتی بدات بەڵکو بەرەو ئامانجێکی سیاسیانە و نەتەوایەتیانەی بەرز چوو.

بارزانیەکان هەر لە سەردەمی عوسمانییەکانەوە لە پێش دا سەرکردایەتی ئاینی و کۆمەڵایەتی و لە سەردەمی شێخ عبدولسلامی گەورە و شێخ محەمەد بارزانیەوە سەرکردایەتی سیاسی و نەتەویی کوردیان گرتووەتە دەست، ئەوان رێبەرایەتی تەریقەتی نەقشەبەندی یان کردووە شێخ عەبدولسلامی بارزانی و شێخ ئەحمەدی بارزانی و مستەفا بارزانی نەمر بە تەنیا رێبەری سیاسی و نەتەوەییەکی مەینەت بارو پشك خۆراو نەبوون یان بە تەنیا رێبەرێکی ئاینی و ریفۆرم خواز نەبوون بەڵکو ئەوان پێشەوای هەموو ئەو نەتەوە و ئاینە جیاوازانە بوون کە لەسەر خاکی کوردستاندا لە گەڵ نەتەوەی کوردا دەژین[٤٢] سەرەتای سەرهەڵدان و بەدەرکەوتنی بنەماڵەی شێخانی بارزان بە پێی هەندێ لە سەرچاوەکان دەگەڕێتەوە بۆ پێش سەدەی هەژدەم، بەڵام سەرەتای بەدەرکەوتن و تێکەڵاوبونیان لە کاروباری ئاینی و پاشان سیاسی لە ناوەراستی سەدەی نوزدەهەمەوە بوو. بۆ گەڕاندنەوە و پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە سیاسیە سەربەخۆیەی لە ئەنجامی رۆخاندنی میرنشینە یەك لە دوا یەکەکانی کورد لەلایەن سولتانی عوسمانی لە دەست کورد چووبوو.[٤٣]

بنەماڵەی بارزان شێخ بوون بەڵام دەرەبەگ نەبوون، هەمزە عبدوللا نوسیویەتی و دەڵێت: (تاقە شێخن کە دەرەبەگ نەبوون) نیکیتینیش نوسیویەتی:((شێخەکانی بارزان وەك هەموو جوتیارێکی ساکار بێستانێکی بچوکیان هەبوو)) ویگرام بە ناوچەکە گەڕاوە دەڵێ: (پارچەیەك زەوییان نیە. لە ساڵی ١٩٣٠ کە حکومەت ویستی

دەمی شێخ ئەحمەد چەوركا و لە ڕێی ڕاپەرین و ڕاست بوونەوەی لابدا سەرجەم زەویەكانی ئەم ناوچەیە بە ناوی ئەوەوە نوسی، بەڵام شێخ ئەحمەد داوای كرد كە بە ناوی جوتیارەكانەوەبێ (دیوەخانەكەیان نەختێك لە ژووری جوتیارەكان گەورەترە).[٤٤]

ئەبولحەسەن تەفرەشیان نوسیویەتی: (ئەوانە موسوڵمانی خاوەن بڕوان، بەڵام خەیاڵ پەروەر نین، سەرۆكی هۆزەكەیان لە هەمانكاتدا پێشەوای ئاینی یانە و ئەم پلە و پایەش پشتا وپشت بۆیان ماوەتەوە)[٤٥]د.حوسێن قاسم عاشوور نوسیویەتی ((بارزانیەكان پیاوی شەڕكەر و ئازا و پێشمەرگەن، پەیڕەوی سەركردەكانی خۆیان دەكەن بەبێ سێ و دوو فەرمانی سەرۆكیان جێ بە جێ دەكەن  بۆیە حكومەتەكان نەیان توانیووە تاكو ئێستا ملكەچیان بكەن، بە باشترین عەشیرەت ناودەبرێ لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا.))[٤٦]

پوختەی گرنگترین ئەو چاكسازیانەی كە سەرەتا لەسەر دەستی شێخەكانی بارزان لە ناوچەی بارزان هاتنە كایەوە و پاشانیش وەك یاسا و نەریتێكی بەها بەرز چووە بواری جێ بەجێكردن ئەمانەن:[٤٧]

١- پەیڕەوكردنی یاسای شەریعەتی ئیسلامی بە پێی مەزهەبی شافعی لە دەڤەری بارزان.

٢- نەهێشتنی سیستەمی مولكایەتی دەرەبەگی و دابەش كردنی زەوی بەسەر جوتیار و هەژاران دا.

٣- دامەزراندنی چەند لێژنەیەكی كۆمەڵایەتی بۆ چارەسەركردنی كێشە و گرفتە گوندییەكان.

٤- قەدەغەكردنی كوشتنی ئاژەڵی كێوی و بڕینی داری تەڕ و پاراستنی ژینگەی ناوچەكەیان.

٥- سود وەرگرتن لە داهاتە سروشتیەكانی ناوچەكەیان، بە شێوەیەكی یەكسان بۆ هەمووان.

٦- قەدەغەکردنی ژن بە ژنی و گەورە بە بچوك و بە زۆر ژن مارەکردن و بە شوودان.

٧- دروستکردنی مزگەوت بۆ هەموو گوندێك بۆ خوا پەرستی و چارەسەرکردنی کێشە ناوخۆییەکان.

٨- پێکهێنانی دەستەو هێزی چەکداری بە پێی قەبارەی دانیشتوان لە هەر گوندێك بۆ کاتی تەنگانە.

٩- ڕەتکردنەوەی هەر بڕیارێك کە ببێتە هۆی سەندنی باج و سەرانە لە خەڵك.

١٠- بەرز ڕاگرتنی پەیوەندی دێرینی خۆیان لە گەڵ ئاسورییەکان و گشت ئاین و مەزهەبێك.

زۆر لە ڕاستی دوور ناکەوینەوە ئەگەر بڵێین ئەو شێوە سیستەمە کۆمەڵایەتیانەی کە لەو سەردەمەدا شێخانی بارزان پەیڕەویان دەکرد، ڕەنگە ئەوکات نەك هەر لە هیچ شوێنێکی کوردستان بەدەرنەکەوتبوو بگرە لەسەر تا سەری ڕۆژهەڵاتی ناڤینیش هاوتای کەمبووە.

# وێنە و دیكۆمێنتەكانی بەشی یەكەم

## دیكۆمێنتی ژمارە(١)

به ناوی خوای گەورەو میهرەبان

كۆماری عێراق

سەرۆكایەتی كۆمار

سكرتێر

ژمارە: ٢٦٥١/ك

ڕێكەوت: ١٩٨٧/٨/٢٤

زۆر نهێنی و تایبەت

هەڤاڵ عەلی حەسەن مەجیدی بەڕێز

ب/ خێزانە بارزانیەكان

لە بەر ئەگەری جەختكردنەوەی بەردەوامی تاوانبار مەسعود بارزانی لە سەر بابەتی خێزانە بارزانییەكان ئەوانەی نیشتەجێن لە پارێزگای هەولێر - كۆمەڵگای قوشتەپە، لە كاتی پەیوەندیی ناراستەوخۆیان لە گەڵ لایەنگیرەكانیان ئەنجامیان داوە لە ساڵی ١٩٨٣ وە تاكو ئێستا، چونكە ئەو - چارەنوسی خێزانە بارزانیەكان - بە مەرجێك یان پێشنیارێكی سەرەكی دادەنێت بۆ دەستپێكردنی دانوستان لە گەڵ سەركردایەتی حزب و شۆڕش.

فەرمانی بەڕێز سەرۆكی فەرماندە كە هەموو بەرپرس و دەزگا ئەمنیەكانی پەیوەندیدار بە كێشەی كوردەوە ئاگاداربكرێنەوە، یەك وەڵامی دیاریكراو بێت (جگە لە سەركردایەتی دەوڵەت هیچ كەسێك سەبارەت بە - چارەنوسی خێزانە بارزانییەكان - هیچ شتێك نازانێت و مەسەلەی سەرەكیش لە كێشەی ئەو خێزانانە

گەورەترە) پێویستە ئەم وەڵامە بەکاربهێنرێت بەرامبەر بە هەر لێپرسینێك کە لەلایەن ئەوانەوە دەکرێت سەبارەت بە چارەنوسی ئەو خێزانانە.

بۆ کاری پێویست.. لە گەڵ رێزدا

واژووی
سکرتێری سەرۆك کۆمار

وێنەیەك بۆ

- بەرێز بەرێوەبەری دەزگای هەواڵگری ڕێزدار/ نوسراوتان ژمارە ٤٤٣٩ لە ١٩٨٧/٨/٢٣ بۆ کاری پێویست.. لە گەڵ رێزدا.
- بەرێز بەرێوەبەری هەواڵگری لەشکری گشتی ڕێزدار/ بۆ کاری پێویست.. لە گەڵ رێزدا.
- بەرێز بەرێوەبەری ئاسایشی گشتی ڕێزدار/ بۆ کاری پێویست.. لە گەڵ رێزدا.

## دەقی دیکۆمێنتی ژمارە(١) وەك خوی

رئاسة الجمهورية
السكرتير

العدد: ٢٦٥١/ك
التاريخ: ١٩٨٧/٨/٢٤

سري للغاية وشخصي

٥٧٨٢
١٩٨٧/٨/٢٤

الرفيق علي حسن المجيد المحترم

م/ العوائل البارزانية

نظراً لاستمرار تأكيد المجرم مسعود البارزاني على موضوع العوائل البارزانية التي كانت تسكن محافظة اربيل - مجمع قوشتبة وذلك من خلال الاتصالات غير المباشرة التي تحققت مع زمرته منذ عام ١٩٨٢ وحتى الان ، حيث انه يعتبر ذلك كشرط أو مقترح رئيسي للبدء بحوار جدي مع قيادة الحزب والثورة ..

أمر السيد الرئيس القائد بتوجيه المسؤولين والاجهزة الامنية المعنية بالقضية الكردية - الذين من المحتمل الاتصال بهم من خلال طرف ثالث - بان يكون الرد محدد وموحد بأن (لا أحد يعرف عنهم شيئ سوى قيادة الدولة وأن لمسألة الاساسية اكبر من قضية هذه العوائل) وأن يعتمد هذا الجواب في الرد على أي استفسار منهم قد يحصل عن مصير هذه العوائل .

نرجو اتخاذ مايقتضي .. مع التقدير

سكرتير رئيس الجمهورية

شعر/..

(١-٢)

الجمهورية العراقية
رئاسة الجمهورية
السكرتير

بسم الله الرحمن الرحيم

العدد :
التاريخ :

نسخة منه /

السيد مدير جهاز المخابرات المحترم / كتابكم ٤٤٢٩ في ٢٢/٨/٩٨٧
لاتخاذ مايقتضي ... مع التقدير .

السيد مدير الاستخبارات العسكرية العامة المحترم } لاتخاذ مايقتضي قدر تعلقه
السيد مدير الامن العام المحترم } الامر بكم ... مع التقدير .


وزارة الدفاع
دفتر الخدمة العسكرية
مديرية التجنيد العامة
مديرية تجنيد منطقة
الأوصاف
الجيش الشعبي
ملاحظات أخرى
الفحص الشعاعي
الفحص السنوي
تابع الفحص
الفحص
ضابط تجنيد


0870380
١٢
قرار اللجنة الطبية المحلية
رقم القرار
تاريخ القرار
فحصت اللجنة الطبية الموقعة ادناه المدعو او المكلف
- جۆر و شێوازی ئەشکەنجەدانی بەجێماوی بارزانیە جینۆسایدکراوەکان

باسی یەکەم

## جۆرەکانی پڕۆژەی قڕکردنی بە کۆمەڵ لە کوردستان لە سەردەمی بەعسدا

بەعس ئەو ڕژێمە بوو لە سەدەی بیستەمدا گەلێك جار سودی لە ئەزموونی ئەنفال وەرگرتووە و دژ بە گەلی کورد بەکاریهێناوە چ ئەوەی لە ساڵی (١٩٨٨) بە ناوی ئەنفال چ ئەوانەی پێشووتر و دواتر بە ناوی تر و بە بێ ناو ئەنجامیدان.[١] ڕژێمی بەعس ویستی لە ڕێگەی سیاسەتی ئەنفالکردنەوە، نەك هەر ژمارەیەکی زۆر کورد لە ناوبەرێت، بەڵکو ئامانجی گرنگتری ئەوە بوو گەورەیی ئینسانیانەی ئەم میللەتە پووچ بکاتەوە.[٢] ئەنفال بە شێویەکی فەرمی ساڵی (١٩٨٧ - ١٩٨٨)ی خایاند، بەڵام لە ڕاستیدا زۆر زووتر لە ساڵی (١٩٧٥) بەدواوە تاوانەکانی پڕۆژەی قڕکردنی بە کۆمەڵی کورد لە کوردستان دەبینرا، ئەنفالیش بەشێکی سەرەکی و ئاشکرا بووە لە پڕۆژەی لەناوبردنی بە کۆمەڵی کورد و کوردستان، لەم توێژینەوەیەدا بە شێوەیەکی سەرەکی قڕکردنی دەکەێن بە دوو جۆر:-




هێلکاری ژمارە(٣) جۆرەکانی قڕکردنی بە کۆمەڵ لە سەردەمی بەعسدا ڕووندەکاتەوە.

## ١- قڕکردنی بە کۆمەڵی نهێنی:

کوردە فەیلیـەکان دەکـرێ بـە خـاڵی دەسـپێکردنی پـڕۆژەی قڕکردنـی بـە کۆمەڵی نهێنی دابنێن. لە سەرەتای مـانگی (٤) ی سـاڵی ١٩٨٠ دەیـان هـەزار کـوردی (بەغدا و شارەبان و بەدرە و مەسان و مەندەلی)یان بە بیانووی ئێرانی بوون گرت و شوێن بزر کرد، ژمارەیان نزیکەی (١٥) هەزار کەس دەبوو، ڕاپێچی زینـدانـەکانی خواروی عێراق کران و دواتر کۆمەڵکوژکران، ئەوانی دیکەش کە ژمارەیان لە نێوان (٣٠٠ بۆ ٥٠٠) هەزار کەسە ڕاپێچی سەر سنوور کران و بە بیانوی ئەوەی کە ئەمانە لە ڕیشەدا بیگانەن و عێراقـی نـین و ئێـرانین، دەسـتگیرا بـە سـەر موڵك و مـاڵ و سامانیانـدا.

لە ١٩٨١/٢/٢٦ لە ڕۆژنامەی سەورەی زمانحاڵی حکومەتی عێراق، سـەدام حوسـێن لـە بارەی کوردە فەیلیەکانەوە دەڵێ: (ئەم توێژە لە عێـراق ریشـەکێش بکـەن، تـاوەکو خاکی عێراق و هەوای عێراق پیس نەکەن و خوێنی عێراقیش پیس نەکەن، کاتێك بە ڕێگەی ژن و ژنخوازییەوە خوێنیان تێکەڵی خوێنی عێراقییەکان دەبێت).

د. مـونزر ئەلفـەزەل دەڵێـت: لـە سـاڵی ١٩٨٠ تـا سـاڵی ١٩٨٨ ڕژێمـی بەعسـی بـە سەرکردایەتی سەدام حوسێن و بەرزان تکریتی سەرۆکی موخابەرات، دەستیان کـرد بە دڕندەترین شێوەکانی چەوسانەوە و تاوانی نێودەوڵەتی دژ بە گەلێکی ئاشتیخواز کە خوازیاری ژیانێکی ئـازاد بـوون، ئـەم ڕژێمـە زیـاتر لـە (١) یـەك ملیۆن مرۆڤـی عێراقی بێسەروشوێن کرد و ڕاگواست، بەبێ ئەوەی هیچ تاوانێکیان هەبێت، تەنیا ئەوە نەبێ سوجدەیان بۆ ئەو... نەبرد، لەبەر ئەوەی کورد بوون و زۆربەیان سـەر بە مەزهەبی شیعە بوون.[٣] گـرتن و دەربـەدەرکردن و کوشـتن و شـوێن بزرکردنـی هەزاران کوردی فەیلی لـە جـەوان و پـیر، ژن و پیـاو، کـور و کـچ، گـەورە و بچوك، دەوڵەمەند و هەژار و دابەشکردنی سامان و سـەرمایە و موڵکیـان وەك دەسـتکەوت بەسەر ڕموزەکانی بەعسدا. ئەو کردە ڕەگەز پەرستە نامرۆڤانەیە شـێوازێکی تـری سیاسـەتی قڕکردنـە نـەك ئـەنفال.[٤] هـەروەها قڕکردنـی (٨) هـەزار لـە نێرینـە بارزانیەکان و زیندەبەچاڵکردنیان لـە بیابانـەکانی خـواروی عێـراق و هێشتنەوەی

ئافرەت و منداڵ لە ئۆردووگا زۆرەملێیەکاندا بە بێ هیچ خزمەتگوزارییەك، ئەمانە ڕاستەوخۆ دووبارەبونەوەی مەودایەکی زۆر لەوە گەورەتربوو، دەستپێکی ئەو تەکنیکە بوو کە دواتر لە ساڵی (١٩٨٧) و (١٩٨٨) بە ئەندازەیەکی یەکجار بەرفراوانتر دژی گەلی کورد بەکارهات و بە ئاشکرا ناوی (ئەنفال)ی لێنرا لە لایەن ڕژێمی داروخاوی بەعسی عێراقەوە.

## ٢- قڕکردنی بە کۆمەڵی ئاشکرا:

لە ساڵی ١٩٨٨ پرۆژەی قڕکردنی کورد و کوردستان بە ئاشکرا دەستیپێکرد سەرەتا کیمیابارانکردنی هەڵەبجە و چەند ناوچەیەکی تری کوردستان و شەهید بوونی زیاتر لە ٥٠٠٠ کەس لە چرکە ساتێکدا، پاشانیش شاڵاوی ئەنفال و تاوانەکانی تر.

زاراوەی ئەنفالیش لە ساڵی (١٩٨٨) بەدواوە هاتە نێو فەرهەنگی وڵاتی مندا، زنجیرەیەك کردەوەی سەربازی بوون لە (٢٣)ی شوبات تا(٦)ی ئەیلولی ساڵی(١٩٨٨)ی خایاند. ڕێکخراوی "میدل ئیست وچ" (M.E.W)[٥] دەڵێت: ئەنفال ((ناوێکە بۆ زنجیرەیەك هێرش و پەلاماری چڕوپڕی سەربازی سەرجەمیان (٨) هەشت پەلامار بوون لە (٦) شەش ناوچەی جیۆگرافی جیاواز بەڕێوەچوو، فەرماندەی گشتی عەمەلیاتەکە لە دەست نوسینگەی باکووری ڕێکخراوی حیزبی بەعسدا بوو، کە بنکەی شاری کەرکوك بوو، لە مارتی (١٩٨٧) بە دواوە لە لایەن "عەلی حەسەن مەجید"ەوە سەرۆکایەتی دەکرا.))

"یوست هیلتەرمان"[٦] دەڵێت: (ئەنفالەکان بریتی بوون لە نەخشە و پلانی پێش وەخت بۆ بە کۆمەڵ کوشتنی کوردە گوندنشینەکان لەسەر بناغەی کوردبونیان...).

"مەریوان وریا قانع"[٧] دەڵێت: (ئەنفال لە کاتێکدا کوشتن و بێسەرو شوێنکردنی سەدان هەزار کەسە لە هەمان کاتدا وێرانکردنی هەموو ئەو مەرجە پێشینانەیە کە ژیان لە سادەترین مانایدا بۆ بەردەوامبوون پێویستی پێیەتی. وێرانکردنێکی پلانرێژکراوی هەزاران گوند و شار و شارۆچکە و سوتاندنی دەیان دارستان و

خنکاندنی سەدان کانیاو و کوشتن و تالانکردنی هەزاران هەزار ئاژەڵە. چەندە وێرانەیەکی مادییە بە هەمان ئەندازەش وێرانەیەکی مەعنەوییە).

ئەنفال تێکدان و نەهێشتنی ژێرخانی ئابووری کوردستان و شێواندن و سڕینەوەی کولتوری نەتەوەی کوردە. ئەنفال لوتکەی سیاسەتی تاوان و مەرگەساتە، لوتکەی پێشێلکردنی هەموو بەها بەرزەمرۆیی ڕەوشتییەکانە، ئەنفال سوکایەتی کردنە بە ئاین و باوەڕە ئاسمانییەکان، بە یاسا سروشتی و دانراوەکان.[٨]

سوکایەتی کردن بە ڕەوشت و کەرامەتی ئافرەت و ئازاردانیان دوور لە هەموو بەها و داب و نەریتێکی مرۆڤایەتی. تۆقاندنی ئافرەت و منداڵ وچاندنی ترس و دڵەڕاوکێ لە دەروونیاندا ئامانجێکی سەرەکی ڕژێمی بەعس بوو لە عێراق لە ئۆپەراسیۆنی ئەنفالدا.

حکومەتی بەغدا لە سەردەمی حزبی داروخاوی بەعسدا، بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەی ئەنفال(٣٠٠,٠٠٠) سێ سەد هەزار سەرباز و جاش و پیاوەکانی ئاسایشی لە ناوچە کوردییەکان کۆکردەوە و دەستی بە (ڕاوەکورد) کرد، (٣/٢) دوو لە سێی خاکی کوردستان وێرانکرا و بە (ناوچەی یاساخ) ناونرا، زیندەگی مرۆڤ و ئاژەڵی تیا قەدەغەکرا،[٩] هەندێ لەو ڕێگا و میتۆدانەی بۆ جێبەجێ کردنی پڕۆژەی ئەنفال بە کارهاتوون بریتین[١٠] لە:-

١- چۆڵکردن و وێرانکردنی گوند و شارەکانی کوردستان.

٢- ڕاگواستنی کۆمەڵانی خەڵکی ئەو گوند و شارانە بۆ خوارووی عێراق یان کۆکردنەوەیان لە شارە گەورەکانی کوردنشین و لە ژێر چاودێرکردنێکی توندوتیژی حکومی.

٣- درووستکردنی ناوچەی قەدەغەکراو (المناطق المحرمة)کە (٣/٢) دوو لە سەر سێی کوردستانی گرتبووە خۆ، لە ئەنجامیشدا بڕیاری کوشتنی هەرکەسێك درا کە بچێتە ئەم ناوچانە.

٤- مینڕێژکردنی ناوچە قەدەغەکراوەکان.

٥- دانانی ئابلوقەی ئابووری و پزیشکی لە سەر ئەو ناوچانەی هێزی پێشمەرگە چالاکی تیادەکرد.

٦- بۆردوومانی خەست و بەردەوام بە هێزی ئاسمانی و تۆپی دوورهاوێژ (سکەدی زەوی- زەوی) ئەو ناوچانەی بارەگای بەرگری کوردیان تێدابوو.

٧- بەکارهێنانی چەکی کیمیایی، لە دژی بەرگری کورد، بۆ ماوەی دوورودرێژ.

٨- سەرژمێری کۆمەلانی خەلك بە شێوەیەکی ورد بۆ ئەوەی بزانێ کێ پالپشتی لە بزوتنەوەی کورد دەکات و کێش لە گەلّ ڕژێم دایە.

٩- گرتنی خزم و کەسی پێشمەرگە (پ.م) و ئەندامانی بزوتنەوەی کورد و کوشتنیان بە کۆمەلّ و شاردنەوەیان لە گۆڕە بەکۆمەلّەکان.

١٠- دروستکردنی ئۆردووگای گرتن بە جیاواز بۆ ئافرەت و پیاوان و مندالان.

١١- بلاو وکردنەوەی ترس و تۆقاندن لە ناو خەلّکی کورد لە ڕێگەی هەرەشەی ڕاگواستن و کوشتنی هەرکەسێك بەچاپوکی بەشداری لەگەلّ ڕژێم نەکات بۆ لەناوبردنی پێشمەرگە.

١٢- جۆشدانی کۆمەلانی خەلك لە ڕێگەی هۆیەکانی ڕاگەیاندن، ئاهەنگی سەربازی و خەلاتدان بەو کەسانەی بەشداریان لە هێرشەکانی ئەنفالدا کردووە.

## باسی دووەم:

# قۆناغەکانی لە ناوبردنی کورد لە سەردەمی حوکمڕانی سەدام حوسێندا

قۆناغەکانی لە ناوبردنی کورد لە سەردەمی سەدام حوسێندا بە شێوەیەکی گشتی لەم توێژینەوەدا کراوەتە چوار قۆناغی سەرەکی ئەمانەی خوارەوەن:




هێڵکاری ژمارە(٤) قۆناغەکانی لە ناوبردنی کورد لە سەردەمی حوکمڕانی سەدام حوسێندا ڕووندەکاتەوە.

## قۆناغی یەکەم:

قۆناغی یەکەمی لە ناوبردنی کورد، لە کوردە فەیلیەکان دەستی پێکرد لە ساڵی ١٩٨٠ دەیان هەزار کوردی (بەغدا و شارەبان و بەدرە و مەسان و مەندەلی)یان بە بیانووی ئێرانی بوون گرت و کوشت و شوێن بزر و ئاوارەکرد ژمارەیان نزیکەی (١٥) دەهەزار کەس دەبوو. ڕاپێچی زیندانەکانی خوارووی عێراق کران[١١] و ئەوانی دیکەش ڕاپێچی سەر سنوورکران.

د. کەمال قەیتولی لە نامەیەکدا سەبارەت بە نەهامەتیەکانی کوردە فەیلیەکان نووسیویەتی ((پرۆسەی ڕاگواستنی ئەو خەڵکە (کوردە فەیلییەکان) لە ١٩٨٠/٤/٤ دەستی پێکرد، دوای دەست بەسەرداگرتنی هەموو ماڵ و دیکۆمێنتە کەسییەکانیان، ڕەگەزنامەی عێراقی، ناسنامەی باری شارستانی، دەفتەری خزمەتی سەربازی، مۆڵەتی شۆفێری، ناسنامەی ژووری بازرگانی بۆ ئەوانەی بازرگان بوون، ناسنامەی یەکێتی پیشەسازی عێراقی بۆ ئەوانەی خاوەنی پیشەسازی بوون، دیکۆمێنتی خاوەنداریێتی، بڕوانامەی قوتابخانە، زانکو...هتد.))[١٢]

خێزانە فەیلییە دەرکراوەکان بە دووری چەندان کیلۆمەتر بە کۆچڕەو بە نێو بیابان و گەرما بە بێ نان و ئاو ڕێیان بڕیوە و بە منداڵ و ژن و پیرەوە ملیان دابووە بەر، لێرە و لەوێ هەبوون لە برسێتی و تینوێتی (بە تایبەتی ژن و منداڵ) گیانیان لە دەستدابوو هەر لەوێشدا ژێر گڵ کراون، گەڕانەوەش بۆ سنووری عێراق بە پێی بروسکەی نهێنی وەزارەتی ناوخۆی عێراق ژمارە (٢٨٨٤) لە ١٩٨٠/٤/١٠ دا کوشتنی لە سەر بووە وەك لە کۆتاییەکەیدا دەڵێن: (...جەخت لە سەر فەرمانەکەمان دەکەینەوە بە تەقەکردن لەوەی کە هەوڵی گەڕانەوە بۆ نێو خاکی عێراق دەدات، لەوانەی ڕاگوێزراون...).[١٣]

دەتوانین ئامانجی حکومەتی بەعس و چۆنیەتی ڕاگواستنی کوردە فەیلیەکان لەم ڕووانەی خوارەوە شیبکەینەوە:[١٤]

١. گرتن و زیندانیکردن: خێزانە کوردە فەیلیەکان سەرەتا دووچاری دەست بەسەرگرتن و زیندانیکردن بوون، بێ ئەوەی هیچ تاوانێکیان کردبێ، سەرباری

ئەوەی لە هەموو بەڵگەنامە و نوسراوێکی ڕەسمی کە عێراقچیەتیان دەچەسپێنێ وەك (ڕەگەزنامە، ناسنامە...هتد)... هەموو خێزانەکان کۆدەکرانەوە و بەشەو دەربەدەر دەکران...

هەر بۆ نموونە؛ یەکێ لە کوردە فەیلیەکان دەڵێ: ((شەوی ٣٠ی ئادار لە نیوە شەودا... دەزگای ئاسایش و پیاوانی مخابەرات لە دەرگای ماڵەوەمانیدا... بە خەبەریانی کردینەوە... دەرگامان کردەوە و پرسیاریان کرد ئەمە ماڵی فلانە؟ وەڵامم دانەوە بەڵێ: ناسنامەی ڕەسمیان نیشاندایین و چەکەکانمان بینی کە بەراستی لە دەزگای ئاسایشەوە هاتبوون... پاشان ئێمەیان بردە بەرێوەبەرایەتی پۆلیسخانەی گشتی، هەرچی بەڵگەنامە و ناسنامە و نوسراوێکمان پێ بوو کە عێراقچیەتیمان دەچەسپێنێ لێیان سەندین و ئێمەیان کردە ژێر زەمینێکی بچکۆلە بە جۆرێك لە بەرتەسکی نەمان دەتوانی بجوڵێینەوە... ئەوەی زیاتر ئازار و بێ هێزی کردین گریانی منداڵەکان و فرمێسکی ئافرەتان بوو. لەم ژێرزەمینە نزیکەی (٥٠) پەنجا کەسێك بووین، بۆ بەیانی ئێمەیان بردە شوێنێکی تر بۆ ماوەی هەفتەیەکی تەواو ماینەوە تاکو شاڵاوی نیسانی ١٩٨٠ و ئێمەیان خستە ناو لۆریەکان.))

٢.دەست بەسەر داگرتنی بەڵگەنامەکان و بەهێز دەرکردنیان بەرەو سنوور: پیاوانی ڕژێم هەرئەوەندەی دەستیان بەسەر بەڵگەنامە ڕەسمیەکاندا گرت کە ڕاستی عێراقیبوونیان ئاشکرا دەکرد... بە دەیان هەزار لە کوردە فەیلیەکان ڕەوانەی سنووری ئێران کران... خەڵکەکە ناچاربوون ماوەیەکی زۆر بە چەندین کاتژمێر بە پیادە بڕۆن تا نزیك بنکەی سنووری ئێران...

یەکێ لە کوردە فەیلیەکان دەڵێ: ((ئێمەیان ڕەوانەی سنووری ئێران - عێراق کرد پێیان گوتین: بەم ڕێگەیە بڕۆن هەر کەسێ بگەڕێتەوە گوڵەباران دەکەین!... پاشان چەند کاتژمێر بە پێ ڕۆیشتین گەیشتینە سنووری ئێران...))

٣.گرتن و دەست بە سەراگرتنی گەنجەکانی کوردە فەیلیەکان:

دەسەڵاتی عێراق دەستی بە گرتنی کوڕە گەنجەکانی خێزانە دەرکراوەکان کرد بە تایبەتی ئەوانەی تەمەنیان لە نێوان (١٨-٣٠)ساڵی بوو.

یەکێ لە دەرکراوەکان دەڵێت: ((لە ڕۆژی یەکەم براکانم و خاڵم کە لاو بوون هەموویان بردن بۆ گرتووخانەی (ئەبوغرێب) لەوانە زیاتر لە (٧٠٠٠)حەوت هەزار کوڕی گەنج بوون تاکو ئێستا چارەنوسیان دیار نییە... ئەم ژمارەیە لە قۆناغی یەکەمدابوو... بەڵام لە ساڵی١٩٨٠ هەموو گەنجە نێرەکانی تر گیراون و ڕەوانەی گرتووخانەکانی دیکە کران...))

٤.دەست بەسەر داگرتنی سامان.

٥.هەڵوەشاندنەوەی شیرازەی خێزان.

## قۆناغی دووەم:

دووەم قۆناغی لە ناوبردنی کورد شوێن بزرکردن و زیندەبەچاڵکردنی نێرینەی بارزانیەکان بوو، دوای ئەوەی بەشێکیان لە ساڵی ١٩٧٥ بە دواوە لە شوێنی ڕەسەنی خۆیان ڕاگوێزران و (٥) پێنج ساڵیان لە بیابانەکانی باشووری عێراق لە ئۆردووگا زۆرەملێیەکاندا ژیانیان بەسەر برد، پاشان دووبارە ڕاگوێزرانەوە بۆ باکووری عێراق لە دەوروبەری هەولێر لە ئۆردووگا زۆرەملێیەکانی قوشتەپە بە ناوی (القودس) و (القادسیە) جێنشینکران و دواتر لە بەرەبەیانی ١٩٨٣/٧/٣١ هەرچی نێرینەی سەرووی (٧)حەفت ساڵی بوو گیران.

ئەو بارزانییانەی تر کە مابوون پاش ئەوەی لە ساڵی(١٩٧٨) بە دواوە بەرەو ئۆردووگا زۆرەملێیەکانی (دیانە و حەریر و بەحرکە و گۆڕەتوو...) ڕاگوێزران لەم ئۆردووگایانەدا لە ژێر کۆنترۆڵی توندی سەربازیدا و لە بەرەبەیانی ١٩٨٣/٨/١٠ ئەمانەش دەستگیرکران.

بارزانیەکان گواسترانەوە بەرەو باشووری عێراق لە سێگۆشەی سنووری (عێراق-کوێت، عێراق-سعودییە) بە زیندوویی کۆمەڵکوژکراون.

پاش پرۆسەی ئازادی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣ گۆڕی بەکۆمەڵی ژمارەیەك لە نێرینەی بارزانیەکان لە بیابانەکانی (بوسەیە) لە گۆڕی بەکۆمەڵدا بە جل و بەرگ و جامانە تایبەتییەکانیانەوە دۆزرانەوە، تەرمی (٥٠٣) کەس لە کۆی (٨) هەشت هەزار مندالْ

و پیر و پەککەوتە و کەم ئەندام و کەم ئەقڵ لە نێرینە بارزانیەکان. لە ٢٠٠٥/١٠/١٧ لە رێورەسمێکی شایستەدا هێنرانەوە کوردستان، لە ٢٠٠٥/١٠/١٨ تەرمی ئەو پێنج سەد و سێ کەسە لە زێدی خۆیان لە بارزان لە گۆڕستانێکی تایبەتی دا نێژران. لە سەر هیچ یەکێك لە کێلەکان ناوی هیچ کەسێك تۆمار نەکراوە چونکە تەنیا بە جل و بەرگیانەوە ناسراون.

دووەم قۆناغیش لە رێکەوتی ٢٠١٤/٣/٦ روفاتی (٩٣) نێرینەی بارزانی هێنرانەوە کوردستان لە هەمان گورستانی تایبەتدا نێژران.

## قۆناغی سێیەم:

سێیەم قۆناغی لە ناوبردنی کورد و کوردستان لە ١٩٨٨/٣/١٦ گەیشتە لوتکەو حکومەتی بەعسی عێراقی دەستی کرد بە ئەنجامدانی دڕندەترین و کاریگەرترین تاوان دژ بە خەڵکی سڤیلی شاری هەڵەبجە، بە چەکی کیمیایی بۆردوومانی خەڵکەکەی کرد و پێنج هەزار مرۆڤی کورد لە منداڵ و پیر و پەککەوتە و گەنج بە گازی کیمیاییەوە شەهیدبوون و بە هەزاران کەسیش بریندداربوون و هەندێکیشیان تا ئێستا بەم ئازارەوە دەناڵێنن. لەم بۆردومانەدا سوپای عێراق بە فەرمانی عەلی حەسەن مەجید تێکەڵەیەك لە گازی خەردەل و گازی ڤی ئێکس و گازی دەماری تابوون و سارین و چەند جۆرە گازێکی تری بەکارهێنا، دوای ئەوەی ئەم شارە وێران و خاپور کرا و ئیتر بووە هۆی لە ناوچوونی مرۆڤ و ئاژەڵ و هەموو زیندەوەرێکی سەر زەوی و ژیان لەم شارە وەستا، ئەوانەیشی بە هەرجۆرێك رزگاریان بوو یاخۆد لە کاتی بۆردوومانەکە لەوێ نەبوون دوای کەمتر لە مانگێك دووبارە دووچاری راگواستن و ئەنفال بوونەوە. پێشووتریش چەند ناوچەیەکی تری کوردستان بەر چەکی کیمیایی کەوتن وەکو دۆڵی بالیسان و شێخ وەسانان و چەند ناوچەیەکی تری کوردستان و بە هەزاران کەس بوونە قوربانی.

## قۆناغی چوارەم:

چوارەم قۆناغی لە ناوبردنی کورد لە ساڵی ١٩٨٨ دەستی پێکرد هەموو کوردستانی باشووری گرتەوە ئەمەشیان ئەنفالکردنی کورد بوو بە (٨) هەشت قۆناغ.

جگە لە زیانی ئابووری و وێرانکردنی دێهاتەکان، زیاتر لە (١٨٢) سەدو هەشتاو دوو هەزار ئافرەت و منداڵ و پیر و پەککەوتە و گەنجی کورد بوون بە قوربانی.

لە هەموو سەرچاوە و چاوپێکەوتووەکان، رزگاربووانی شاڵاوی ئەنفال وەك کاری مەیدانی جەخت لەوە کراوە کە ئەو خێزانانە لە شوێنێکی دیاریکراو کۆکراونەتەوە بە پێی نەخشەی رژێمی داروخاوی بەعس کراون بە سێ بەشەوە:

١. جیاکردنەوەی کوڕە گەنج و پیاوەکان لە (١٢-٤٥) ساڵ.

٢. کچە گەنج و ژنەکان لە (١٢-٤٥) ساڵ.

٣. منداڵ و ئافرەت و پیرەکان، ئەو منداڵانەی لە خوارووی(١٢) ساڵیدابوون، ژن و پیرەکانیش لە (٥٠-٨٠)ساڵ.

هەرچی چارەنووسی نێرینەکان بوو دەستگیرکردن و کۆمەڵکوژی بوو. چارەنوسی ئافرەت و منداڵەکانیش هەندێ جار بە تایبەتی لە شاڵاوی ئەنفالی (٣) سێدا وەك گەنجەکان بوو.(١٥)

ئەوەی بە پێویست دەزانرێت لەم توێژینەوەدا ئاماژەی بۆ بکرێت چەند خاڵێك لە دەقی راپۆرتی بڕیاردەری تایبەت بۆ کۆمیسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤ بریتین لە:(١٦)

١- ... رژێمی پێشوی عێراق دەستی کرد بە پرۆسەیەکی ترسناکی گرتنی خەڵك و راپێچکردنیان بۆ ناوەند و خوارووی عێراق، یاخود بەندیخانەکان ئینجا دەگوێزرانەوە بۆ شوێنی دیکە و قەتلوعام دەکران، ئەم پرۆسەیەش هەموو عێراقی گرتبووەوە. پلان داڕێژراو و سەرۆکی دەستەی ئەو کۆکوژییە تاوانبار(عەلی حەسەن مەجید)ناسراو بە عەلی کیمیاوی بووە.

بەڵگەنامەکان دەیسەلمێنن کە ئەم تاوانبارە زۆر بێ بەزەییانە پاکتاوی ڕەگەزی کوردیان کردووە، عەرەبی هاوردووە بۆ شوێن و گوندەکانیان، سەرجەم ئەم پرۆسەیەش بە جینۆساید لە قەڵەم دەدرێت وەك ئەویش مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت.

٢- زۆر جار کوردیان بەخییانەتکار دادەنا و سوپای عێراقی چواردەوری دەگرتن و شەقامەکانی دادەخست، ماڵ و گوند و شارەکانی لە کورد چۆڵ دەکرد، هەموو کوردەکانی دەگرت و دەری دەکردن بە ئافرەت و منداڵیشەوە، ئافرەت و منداڵەکانیش لە نێو پیاوەکاندا بلاوەیان دەکردن و پاشان دەیانگواستنەوە و دەستبەسەریان دەکردن. ئەم پرۆسەیە ڕەگەز پەرستییەش دەستبەجێ جێبەجێ دەکرا.

پیاوەکانیش کە بە لۆری دەگوازرانەوە، ڕاپێچی شوێنێك دەکران کە گۆڕی ئامادەکراوی لێ بوو دەست بەجێ ژێرخۆڵیان دەکردن و کۆکوژدەکران. زۆرجاریش لە پشتەوە تەقەیان لێدەکردن و پاشان لە گۆڕە بەکۆمەڵەکاندا لەگەڵ زەوی تەخت دەکران و پڕ دەکرانەوە...

٣- وەك دەردەکەوێت لە مەسەلەی ئافرەت و منداڵدا، لایەنی کەم بەشێکیان کۆکوژ نەکراون. بەڵام ئەوانیش ژمارەیەکی زۆر کەمن...

٤- ژمارەیەك لەو لێدوانانەی لە لایەن ئەو کەسانەی ڕزگاریان بووە بۆ بڕیاردەری تایبەت ئامادەکراوە دەربارەی ئەم مەسەلانەن:

أ. قوربانیانی منداڵ کە بە بێ دەرمان و خۆراك بەجێ دەهێڵران تا دەمردن.

ب. ئافرەتی هەرزەکار دەرفێندران، وەك کۆیلە دەفرۆشران...

ج. تۆقاندن بە شێوەیەکی سیستماتیکی پیادە دەکرا.

ء ئافرەتی سك پڕ ناچار دەکرا لە بەرچاوی پاسەوانە پیاوەکان منداڵیان ببێت.




نەخشەی ژمارە(١) قۆناغەکانی ئەنفالکردنی ناوچەکانی کوردستان لە لایەن رژێمی بەعس

باسی سێیەم:

## قۆناغەکانی جینۆسایدی بارزانیەکان

جینۆسایدی بارزانیەکان دوور لە هەموو عورف و عادات و یاسا و ئاینێکی ئاسمانیەوە ئەنجامدرا، بە بەرچاوی ژن و منـدالّ و دایـك و خوشـکەکانیانەوە. بـە شێوەیەکی زۆر فاشیانە ئافرەت و کچی گەنج و مندالّە بارزانیەکان بێ باوك و بـێ مێرد و بێ کوڕ و بێ برا کران، خێزانەکان بێ پیاو مان، ئەمەش ئازارێـك بـوو تـا ئەمڕۆش لە ویژدانی نەتەوەی کوردا ماوتەوە. لـەم توێژینەوەیەشـدا جینۆسـایدی بازرانییەکان بە سەر چوار قۆناغدا دابەشکراوە لە کات و شوێنی جیـاواز ئەمانـەی خوارەوەن:




هێلکاری ژمارە(٥) قۆناغەکانی جینۆسایدی بارزانیەکان ڕووندەکاتەوە.

- **قۆناغی یەکەم: لە بەرواری (١٩٨٣/٧/٣٠) ژمارەیەك لە کەسایەتی و هەندێك لە شێخانی بارزان کە کەسە نزیکەکانی بەرێز(مەسعود بارزانی)[١٧] بوون جینۆسایدکران، لەوانە (شێخ عوسمانی کوڕی شێخ ئەحمەد، عیماد کوڕی شێخ عوسمان، سابر کوڕی مەلا مستەفا، هەڤاڵ شێخ سادق، ئیسماعیل کوڕی شێخ عەبدولسەلامی بارزانی... هتد)**
- **قۆناغی دووەم: لە (١٩٨٣/٧/٣١) لە ئۆردووگا زۆرەملێیەکانی قوشتەپە بە ناوی (قودس و قادسیە) ژمارەیەکی زۆری بارزانیەکان لە ڕەگەزی نێر زیندەبەچاڵکراون.**

- قۆناغی سێیەم: لە (١٩٨٣/٨/١٠) نێرینەی بارزانیەکانی ئۆردووگا زۆرەملێیەکانی (دیانا و حەریر و بەحرکە و گۆرەتوو...) کۆمەڵکوژکراون.
- قۆناغی چوارەم: لە (١٩٨٣/١٠/١) ئەم جارەیان زۆرچڕتر لە جارەکانی تر ماڵ بە ماڵ زۆر بەوردی گەڕان، هەرچی نێرینەی بارزانی مابوون دەستگیرکران و پاشان کۆمەڵکوژکران.

هەندێك سەرچاوە ماوەی نێوان ساڵانی( ١٩٨٣ تاکۆ ١٩٩١ ) بە قۆناغی پێنجەمی جینۆسایدی بارزانیەکان ناودەبەن، بەڵام من لەگەڵ ئەو ڕایەدا نیم چونکە لەم ماوەیەدا ژمارەیکی یەکجار کەم لە پیاوی بارزانی مابوون و رزگاریان ببوو لە شاڵاوی جینۆسایدی بارزانیەکان ئەمانیش هەر زوو خۆیان گەیاندە ناوچە قەدەغەکراوەکانی سەر سنووری نێوان تورکیا و ئێران و دەڤەری بارزانی قەدەغەکراو، لە شاخ و ئەشکەوتەکانی ئەم دەڤەرەوە بەرەو وڵاتانی دراوسێ رۆیشتن و ئاوارەبوون، چەند حاڵەتێکی دەستگیرکردنی تاکە کەسی لەم ماوەیەدا هەبوو، بەڵام ئەمە قۆناغی جینۆسایدی بارزانیەکان نەبوو، بەڵکۆ پرۆسەی ئازاردانی کەسوکاری بەجێماوی جینۆسایدی بارزانیەکان بوو لە دوای جینۆسایدکردنی پیاوە بارزانیەکان.

باسی چوارەم

## جۆر و شێوازی ئەشکە نجەدانی بەجێماوی بارزانیە جینۆسایدکراوەکان

لێرەدا ئاماژە بە جۆر و شێوازی ئەشکەنجەدانی کەسوکاری بارزانیەکان دەکەین لە دوای جینۆسایدی پیاوەکانیان ئەمانیش بریتین لە:

### ١- ئەشکە نجەدانی ئابووری:

بەمەش رژێمی بەعسی دیکتاتۆری لە ناوچوو دەستیکرد بە بڕینی هەرچی خزمەتگوزاری هەیە لە ڕووی ئابوورییەوە، وەکو ( بڕینی ئەو بەشە

ئازوقەیەی مانگانە حوکمەتی عێراق پێشکەش بە هاوڵاتیانی عێراقی دەکرد، هەروەها ڕێگەگرتن لەو کەسانەی کە ئازوقە و شتومەك بە بارزانیەکان دەفرۆشن یاخۆد هاوکاریان دەکەن بە هەر جۆر و شێوازێك بێت، ڕێگەگرتن لەو ئافرەتە بارزانیانەی کە دەیانویست کرێکاری بکەن و بچن بۆ کارکردن و بژێوی ڕۆژانەیان دابین بکەن...

## ٢- ئەشکە نجەدانی تەندروستی:

داخستنی دەرگای نەخۆشخانەکان بە سەر بارزانیە بە جیماوەکان و قەدەغەکردنی هەموو خزمەتگوزاریە تەندروستیەکانی وەکو کوتانی منداڵان و ئافرەتان و هەموو خزمەتگوزاری تر... هەروەها ئەو ئافرەتانەی لە ساڵی یەکەمی دوای جینۆسایدکردنی پیاوەکان دووگیان بوون، بە ناچاری لە سەر دەستی چەند ئافرەتێکی شارەزا و ماماں بە بێ پێداویستی تەندروستی لەسوچی هوبەیەکی ئۆردووگا زۆرەملێیەکەدا منداڵیان دەبوو، ئەمە جگە لە برینی ئاو و دەرهێنانی بۆڕیە ئاوییەکان بۆ ئەوەی دانیشتوان بە هیچ شێوەیەك سوودی لێ نەبینن، بەمەش ناچار خەڵکەکە لە کارێزێکی دوور بە تەنەکە ئاویان دەهێنا کە ئەم ئاوەش لە ڕووی تەندروستیەوە هیچ پشکنین بۆ نەکرابوو هیچ ئامێرێکی پاڵاوتنی بۆ دانەنرا بوو.

## ٣- ئەشکە نجەدانی پەروەردەیی:

داخستنی دەرگای قوتابخانەکان بە سەر منداڵ و کەسوکاری بارزانیە جینۆسایدکراوەکان و ڕێگەکرتن لە هەموو خولێکی هۆشیاری ڕۆشنبیری و پەروەردەیی و هیتر...

## ٤- ئەشکە نجەدانی جەستەیی:

ئەشکەنجەدان پیشەی ڕۆژانە پیاوانی بەعس و پۆلیسی جینۆسایدی بوو کە بە بێ حورمەتانە هەڵیان دەکوتایە سەر ئۆردووگایەکان و بێ ڕێز و بێ حورمەتیان

بە ئافرەت و منداڵەکان دەکرد و ڕۆژانە ئەشکەنجەیان دەدان و هەروەها ئافرەتەکانیان دەبردە بنکەی ئەمن و بە بیانوی ئەوەی کەسوکاریان لە وڵاتی ئێرانن ئافرەتەکانیان لە زیندانەکانی (ئەمن)دا ئازار و ئەشکەنجەدەدا ...

## ٥- ئەشکەنجەدانی کۆمەڵایەتی:

بەمەش ئاو و کارەبا و هەموو خزمەتگوزاریەکان لە بارزانیەکان قەدەغەکران و ئۆردووگایەکان وەك زیندانێك بوو بۆ ئەم ئافرەت و منداڵانە کە بۆیان نەبوو بچنە دەرەوە لەم ئۆردووگایانە و سەردانی ئۆردووگایەکانی تر بکەن و کەل و پەل و شتوومەك بکرن و هەروەها جەژنەکانی وەکو نەورۆز و هیتریان لێ قەدەغەکرا و تەنانەت ئەگەر کەسێك لەم ئافرت و منداڵانە بمردبووایە کەس نەبوو بە هانایانەوە بچێت و بە ناچاری ئافرەتان گۆڕیان لێ دەدا و مردووەکانیان دەشووشتن و دەنیان ناشت.

لەم ماوەیەدا هەرچی شایی و گۆڤەند و خۆشی هەبوو بارزانیەکان لێ بێ بەشکران.

## ٦- ئەشکەنجەدانی بایۆلۆژی:

دوای دەستگیرکردنی پیاوە بارزانیەکان و لەناوبردنی هێزی بەرهەمێنەری مرۆیی کە پیاوەکان بوون، ئافرەتەکان بۆ ماوەیەکی زۆر لەم ئۆردووگایانەدا بەبێ پیاو مان، منداڵبوون و وەچەخستنەوە لەم ساتەوە وەستێنرا، هیچ گەنجێکی بارزانیش نەمابوو کە هاوسەرگیری بکات و منداڵیان هەبێت چونکە گەنجەکانیش هەموویان جینۆسایدکرابوون.

## ٧- ئەشکەنجەدانی دیمۆگرافی:

شێواندنی ڕەگ و ڕەچەڵەکی بارزان و ئامار و سەرژمێریەکان ئامانجێکی سەرەکی ڕژێمی بەعس بوو لە پرۆسەی جینۆسایدی بارزانیەکاندا بەمەش لە دوای جینۆسایدکردنی پیاوە بارزانیەکان بۆ ماوەیەکی زۆر هیچ منداڵێکی بارزانی لە دایك

نەبوو. بە نموونە لە ساڵی ١٩٨٤ بەدواوە( چونكە لە كاتی جینۆسایدی بارزانیەكان چەندین ئافرەت دووگیان بوون دوای چەند مانگێك منداڵیان پەیدابوو تەنانەت هەندێكیان ڕێكەوتی لە دایكبوونیان گەیشتە مانگی ٥ ساڵی ١٩٨٤) بەڵام لەم ڕێكەوتە بەدواوە تا ساڵی ١٩٩١ هیچ بارزانیەكان لە ئۆردووگاكان لە دایك نەبووە و نەك لە ئۆردووگایەكان بەڵكو لە سەرانسەر كوردستان، چونكە ئەو بارزانیانەی بەر پرۆسەی جینۆساید نەكەوتبوون ئەوانیش لە ئاوارەیی وڵاتانی دراوسێ (ئێران و توركیا) بوون، دوای ڕاپەڕین بە بەردەوامی ئاوارەكان گەڕانەوە و هەندێك لە مێر منداڵە بارزانیەكان هاوسەرگیریان كرد. بەمەش ناسنامەی هیچ بارزانیەك ساڵەكانی لە دایكبوونیان (١٩٨٥، ١٩٨٦، ١٩٨٧، ١٩٨٨، ١٩٨٩، ١٩٩٠) نیە.

## ٨- ئەشكەنجەدانی دەروونی:

مەترسی پیاوانی ڕژێمی بەعس و ئەو زوڵم و زۆرداریيەی بەرامبەر بە ئافرەت و منداڵەكان دەكرا لە ئۆردووگا زۆرەملێیەكاندا چەندین ئاسەواری دەروونی بەسەر كەسوكاری بارزانیە جینۆسایدكراوەكان بە جێهێشت، ئەمە جگە لە دەستدانی خۆشەویستانیان و ئەو ترس و دڵەڕاوكێیەی لە پیاوانی نەفس نزمی بەعس هەیانبوون، شەوانە چەندین ئافرەت لە خانویەكدا كۆدەبوونەوە و پاسەوانیان لە خۆیان دەگرت. ترس باڵی بەسەر ئەم ئۆردووگایانەدا تەنی بوو، ئۆردووگایەك هەموو شتێكی لێ قەدەغەكرابوو، بە پیاوەكانیشیانەوە، ئۆردووگاكان ببوونە مەملەكەتی ئافرەتان، ترسی ئەوەیان هەبوو چارەنوسیان هەمان چارەنوسی پیاوەكانیان بێ، ترس لە بێ دەنگی و چۆڵی ئەم ئۆردووگایانە، ترس لە شاردنەوەی مردووەكانیان ترس لە لێدانی گۆڕ بۆ ڕۆڵەكانیان ترس لە نەبوونی ئاو و خۆراك و پارە و پێداویستی ڕۆژانەیان... هتد.

ئەمانە و سەدان جۆر و شێوازی تری ئەشكەنجە بەرامبەر بە ئافرەت و منداڵە بەجێماوەكان ئەنجام دەدرا لە ئۆردووگا زۆرەملێیەكاندا لەداوی پرۆسەی جینۆسایدی بارزانیەكان.




نەخشەی ژمارە(٢) پێگەی کۆمەڵگای زۆرەملێی بەحرکە




نەخشەی ژمارە(٣) پێگەی کۆمەڵگای زۆرەملێی قوشتەپە( قودس – قادسیە)




نەخشەی ژمارە(٤) پێگەی کۆمەڵگای زۆرەملێی دیانا




نەخشەی ژمارە(٥) پێگەی کۆمەڵگای زۆرەملێی حەریر




نەخشەی ژمارە(٦) پێگەی كۆمەڵگای زۆرەملێی گۆڕەتوو




**نەخشەی ژمارە(٧) ئۆردووگای زۆرەملێی بارزانیەکان**




**نەخشەی ژمارە(٨) ئۆردووگا زۆرەملێیەکانی هەرێمی کوردستان.**

**سەرچاوە: ئەتڵەسی هەرێمی کوردستانی عێراق, عێراق و جیهان، لە ئامادەکردنی، د. هاشم یاسین حمدامین, سەردار محمد عبدالرحمن، هوشیار محمدامین خۆشناو، لە زنجیرە بڵاوکراوەکانی کۆمپانیای تی نووس، چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠٩**

# وێنە و دیکۆمێنتەکانی بەشی سێیەم

## دیکۆمێنتی ژمارە(١٣)

به ناوی خودای گەورە و میهرەبان

سەرۆکایەتی کۆمار

سکرتێر

بەرێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی

بەرێوەبەرایەتی ئاسایشی حوکمی زاتی

ژمارە ٤٣٢٨

رێکەوت ١٩٨٩/٣/٢٩ز

٢١/شەعبانی ١٤٠٩ك

بەرێز جێگری بەرێوەبەری گشتی بۆ کاروباری سیاسی رێزدار

سلاَو وێکی گەرم

لە پەیوەندیەکی تەلەفونیدا لە گەڵ بەرێز بەرێوەبەری نوسینگەی گشتی رێزدار

١-هاوپێچ لیستێك پێکهاتووە لە (٤٠٣) پیاو لە بارزانیەکان ئەوانەی دەستگیرکراون لە رێکەوتی ١٩٨٣/٨/١٠ لە لایەن بەرێوەبەرایەتی ئاسایشی پارێزگای هەولێر و بە هاوکاری لیوای زێرەڤانی کۆمار و هەڵسان بە ناردنیان بۆ بەرێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی ئەوکات، ئەوان دانیشتوی کۆمەڵگای حەریرن، پێکهاتبوون لە نەوەی ئەمانە: بارزانی، شێروانی، مزوری، بۆ زانین عەشیرەتی بارزانی پێکهاتووە لەم نەوانە: بارزانی، شێروانی، خورشیدی، دۆلەمەری و ئەو مزوریانەی دانیشتووی بلێ و بارزان.

٢.هاوپێچ وێنەیەك لە نوسراوتان ٥٩٥٤٧ لە ١٩٨٧/٨/٣ لە گەڵ بڕیاری بەرێز سەرۆکی پێشەوا (خوابیپارێزێ) تایبەت بە هەڵسوکەوت لە گەڵ خێزانە بارزانییەکان.

٣.لیستێکه به ناوی ژمارەیەك له پێکهاتەی خراپکاران و ئەوانەی پەیوەندیان له گەڵ خراپکاران هەیه له دانیشتووانی کۆمەڵگای حەریر، سەپاندنی مافی گەل به پێی ڕەزامەندی پێشەوای نوسینگەی باکوور ژمارەیان(٨)کەسن.

٤.له گەڵ لیستێك به ناوی ئەو دوو خێزانانەی که دەستیان به سەردا‌گیراوە له دانیشتووانی کۆمەڵگای حەریر، پێکهاتوون له چوار کەس (سێ ئافرەت و منداڵێك) چونکه له ماڵی خراپکاران بوون ئەوانەی کاری تێکدەرانه دەکەن. تا ئێستا دەست بەسەرن له بەرێوەبەرایەتی ئاسایشی هەولێر.

٥.له گەڵ نوسراوێك له سەر بارودۆخی ئەمنی له ناحیەی حەریر.

تکایه بۆ پێداچونەوە.. له گەڵ ڕێزدا

واژووی

عەمیدی ئاسایش

ج. ب. گ. بۆ ناوچەی حوکمی زاتی

١٩٨٩/٣/٢٩

هاوپێچ/

١- لیستەکان.

٢- ڕاپۆرتەکانی ئاسایش.

٣- وێنەیەکی نوسراوەکە.

## دەقی دیکۆمێنتی ژمارە(١٣) وەك خوی

بسم الله الرحمن الرحيم

رئاسة الجمهورية
السكرتير
مديرية الأمن العامة
مديرية أمن الحكم الذاتي
العدد ٣٤٢٨
التاريخ ٢٩/ ٣/ ١٩٨٩ م
٢١ شعبان ١٤٠٩ هـ

السيد م.ع.ع.ع. للشؤون السياسية المحترم

تحية طيبة:

بناءً على المكالمة الهاتفية مع السيد مدير مكتب السيد العام المحترم..

١- نرفق طياً قائمة تضم (٤٠٣) رجل من البارزانيين الذين تم القبض عليهم بتاريخ ١٠/ ٨/ ١٩٨٣ من قبل مديرية أمن محافظة أربيل وبمعاونة لواء الحرس الجمهوري وتم إرسالهم الى مديرية الأمن العامة في حينه وهم من سكنة مجمع حرير، ويتكونون من الافخاذ التالية:
البارزانيين، الشيروانيين، المزوريين، علماً أن عشيرة البارزانيين مكونة من الافخاذ التالية:
البارزانيين، الشيروانيين، الخورشيديين، دولمري المزوريين من سكنة بله وبرزان.

٢- نرفق طياً صورة كتابكم ٥٩٥٤٧ في ٣/ ٨/ ١٩٨٧ الذي يتضمن أمر السيد الرئيس القائد (حفظه الله) بخصوص التعامل مع العوائل البارزانية.

" شمع لطفاً "

بسم الله الرحمن الرحيم

رئاسة الجمهورية
السكرتير
مديرية الأمن العامة
مديرية

- ٢ -

العدد /
التاريخ / / ١٩٨

٣- طيا قائمة بأسماء عدد من العناصر التخريبية والتي لها علاقة بالمخربين من سكنة حرير، والمنظمة بحقهم قضايا تحقيقية أصولية ونفذ بحقهم قرار الصلب حسب موافقات قيادة مكتب تنظيم الشمال وعددهم (٨) أشخاص.

٤- طيا قائمة بأسماء عائلتين محجوزتين من سكنة حرير، مكونة من أربعة أشخاص (ثلاث نساء وطفل) كونهم من ذوي المخربين الذين قاموا بتنفيذ عمليات تخريبية بعد الانهيار. ولازالوا محجوزين في مديرية أمن أربيل.

٥- طيا تقرير عن الواقع الأمني لناحية حرير.

راجين التفضل بالاطلاع.. مع التقدير

عميد الدين
٣٠٢ ع. لمنطقة الحكم الذاتي
١٩٨٩/٣/٢٩

المرفقات
١- قوائم
٢- تقرير أمني
٣- صورة كتاب

## دیکۆمێنتی ژمارە(١٤)وەك خوی

رئاسة الجمهورية
السكرتير
مديرية الأمن العامة
العدد ٨٤
التاريخ ٢٩/ ٢/ ١٩٨٩
٢٢/شعبان/١٤٠٩هـ

السيد سكرتير السيد الرئيس القائد المحترم

تحية وتقدير

بناء على طلب سيادتكم .. فيما يلي المعلومات المتوفره لدينا حول ناحية حرير بمحافظة أربيل ..

١. في تموز ١٩٨٢ وخلال هجوم العدو الايراني الصهيوني على قاطع حاج عمران وثبوت مشاركة زمرة سليلي الخيانه المعروفه بغالبية عناصرها من البارزانيين ، صدر إيعاز من السيد مدير الأمن العام الأسبق " الدكتور فاضل البراك " الى مديرية أمن منطقة الحكم الذاتي بتشكيل قوه كبيره من منتسبي مقر ومديريات أمن منطقة الحكم الذاتي واحيطت مهمتها بالسريه التامه لتكون جاهزة في فجر اليوم التالي ، حيث باشرت بتاريخ ١/ ٨/ ١٩٨٢ مع قوة عسكريه من الحرس الجمهوري بتطويق مجمعات " القدس ، القادسيه ، قوشتبه " المخصصه لسكن العوائل البارزانيه ، وبوشر بالقبض على جميع البارزانيين من الذكور عدا من يقل عمره عن (١٥) سنه ، واقلتهم سيارات كبيره كانت مهيأه من قبلنا بصحبة القوه العسكريه .

رئاسة الجمهورية
السكرتير
مديرية الامن العامة
العدد
التاريخ / / ١٩٨

كما تم وبنفس الأسلوب القبض على البارزانيين في مجمع « حرير » ضمن قاطع شقلاوه و البالغ عددهم « ٤٠٢ » وهم من أفخاذ « البارزانيه ، الشيروانيه ، المزوريه » وهم من عشيرة البارزانيين . وكذلك في مجمعات « ديانا » ضمن قاطع راوندوز و « ميركه سور » محافظة أربيل أيضاً .

٢. من ناحية اخرى ، تم وبأيعاز من السيد مدير الامن العام الأسبق ، تشكيل قوه من منتسبي مقر مديرية الأمن العامه ومديرية أمن بغداد تولت إستلام المقبوض عليهم في المجمعات أعلاه وامثالهم المحجوزين في سجن أبي غريب ، حيث بلغ مجموع الذين إستلمتهم هذه القوه « ٥٠٠ » تم نقلهم الى منطقة بصيه بمحافظة المثنى ، وشكل فريق عمل قام بتنفيذ حكم الشعب بحق المذكورين .

٣. ثم صدر توجيه من السيد مدير الامن العام الأسبق بتنظيم قضايا لذوي المعدومين منهم ، وفعلاً تم تنظيم « ١٦ » قضيه لـ « ٦٦٧ » منهم واحيلت القضايا الى رئاسة محكمة الثوره وأصدرت بحقهم حكم الشعب بالاعدام ولم تسلم شهادات وفاة لذويهم .

بسم الله الرحمن الرحيم

رئاسة الجمهورية
السكرتير
مديرية الأمن العامة

العدد
التاريخ ١٩٨

« ٢ »

تم إستلام المبالغ التي كانت بحوزة المذكورين والبالغه « ١٩٤,٦٤٨,٤٤٠ » مائه وأربعة وتسعون ألف وستمائه وثمانية وأربعون دينارًا وأربعمائه وأربعون فلسًا، واودعت لدى حسابات هذه المديريه.

ونظرًا لإستمرار تأكيد المجرم مسعود البارزاني على هذا الموضوع فقد أوعزت رئاسة الجمهوريه - السكرتير بكتابها المرقم ٢٢٦٥١/ك في ٢٤/٨/١٩٨٧ بتوجيه المسؤولين والأجهزه الأمنيه المعنيه بالقضيه الكرديه الذين من المحتمل الإتصال بهم من خلال طرف ثالث بأن يكون الرد محدد وموحد بأن « لا أحد يعرف عنهم شيئ سوى قيادة الدوله وان المسأله الأساسيه أكبر من تصفية هذه العوائل »، وان يعتمد هذا الجواب في الرد على أي إستفسار منهم قد يحصل عن مصير هذه العوائل.

تم مؤخرًا القاء القبض على ثمانيه أشخاص لهم علاقه بالحزبين من سكنة حرير ونظمت بحقهم قضايا إصوليه ونفذ بحقهم حكم الشعب حسب موافقات قيادة مكتب تنظيم الشمال.

بسم الله الرحمن الرحيم

رئاسة الجمهورية
السكرتير
مديرية الأمن العامة

العدد
التاريخ / / ١٩٨

" ٤ "

كما تم حجز عائلتين مكونه من أربعة أشخاص " ثلاثة نساء وطفل " كونهم من ذوي المخربين الذين قاموا بتنفيذ عمليات تخريبية في الفتره الأخيره ، ولا زالوا رهن الحجز.

فيما يخص الوضع الأمني لناحية حرير في الوقت الحاضر..

تعتبر حرير من المناطق القريبة من مقرات زمر التخريب لوجود طرق تمتد الى حوض باليسان شرق حرير ، وطريق بأتجاه بارزان الذي يسير بمحاذاة جبل حرير وحتى نهر الزاب الأعلى ، وتتكون حرير من حوالي " ٨٠٠ " دار تقطنها عشائر من السورجية والخيلانية والمزوريـه وعدد من العشيره البارزانية .

في عام ١٩٧٥ تم إنشاء " مجمع حرير " وذلك بعد انهيار الجيب العميل ، وتم إسكان البارزانيين فيه والذين تمت إعادتهم من المنطقة الجنوبية الى حرير ، واضيفت اليهم مجاميع من بعض القرى الحدودية المزاله واصبح المجمع يضم عشائر من البارزانية والشيروانية الذين هم فخذ من البارزانيين ، والمزوريين وبالك وهركي ، ويبلغ عدد نفوس المجمع " ٧٠٥٠ " نسمه أما المجمع الثاني فهو مجمع " باسرمه " الذي أنشيء على مقربة من ناحية حرير بمسافة ٤ كم في نيسان ١٩٨٧ بناء على قرار من مكتب تنظيم الشمال بعد ازالة القرى المحذوره من المنطقة .

رئاسة الجمهورية
السكرتير
مديرية الأمن العامة
العدد
التاريخ / / ١٩٨

" ٥ "

وقد تم إسكان عوائل الشبك المرحلين من محافظة نينوى في هذا المجمع، واضيف له مجاميع من بعض قرى المنطقة المزالة والعشائر التي تسكن هذا المجمع هي من السورجيه والهركيه وبالك إضافة الى الشبك، ويبلغ عدد نفوس المجمع "٧٤٠٠" نسمه.

لقد كانت حرير قبل عمليات الأنفال الأخيره من القصبات الواهنه وكان المخربون يترددون اليها على الرغم من تواجد أعداد كبيره من مسلحي أفواج الدفاع الوطني في الناحيه وضواحيها، وبعد عمليات الأنفال الخالده هرب المخربون تاركين مقراتهم واماكن تواجدهم الا انه على الرغم من ذلك فقد كانت هنالك مجاميع صغيره من زمرة عميلي الخيانه والشيوعيين يترددون الى المنطقة وقد وقعت بعض الحوادث منها إغتيال أحد مراتب الشرطه الذين قدموا مع عوائل الشبك كحماية لهم، وكذلك إختطاف عضو منظمة حرير الرفيق باقي سليم عيسى واطلاق سراحه فيما بعد.

وبشكل عام يعتبر الوضع الامني جيد في المنطقه لاسيما إذا ماتمت السيطره على المنافذ المهمه المؤديه الى حرير لقطع دابر التسلل،

بسم الله الرحمن الرحيم

رئاسة الجمهورية
السكرتير
مديرية الأمن العامة
العدد
التاريخ / / ١٩٨

" ٦ "

وتعتبر العشيره البارزانيه من العشائر غير الموالية للحزب والثوره والوطن عبر عشرات السنين، حيث أنها وقفت ولاتزال ضد وحدة الوطن وكانت بحق «سليلي الخيانه» وهي لاتزال تعتبر نفسها العشيره الاكثر شرعيه في تمثيل الشعب الكردي، ويملأ نفوسهم الحقد والكراهيه..

الان الوضع الأمني الحالي في المنطقه جيد جداً..

راجين التفضل بالأطلاع.. مع التقدير.

مدير الأمن العام
٢٩/ ٢/ ١٩٨٩
٢٢/ شعبان/ ١٤٠٩

## دیكۆمێنتی ژماره(١٥)وەك خوی

بسم الله الرحمن الرحيم

« مذكرة »

التاريخ / / ١٩

معاون سيدي مدير الامن العام المحترم

تحية طيبة

م/ البارزانيين

وردنا من أوقات أخرى طلبات من المراجع العليا وخصوصاً من ديوان الرئاسة بطلب الموقف عن بيان مصير أزواجهم وأولادهم بالوضع «البارزانيين» الذين نالوا جزاءهم ووصلوا الى الجحيم لخيانتهم تربة الوطن.

لقد وردنا الطلب المرفق طياً من ديوان الرئاسة ولم يذكر الطلب أنهم من البارزانيين، أوضحنا للرئاسة أن مواليد من البارزانيين وقد تم تنفيذ حكم الاعدام بحقهم لخيانتهم الوطن عام ١٩٨٢ بموجب كتابنا ١٢٦٥٤ في ٤/٢/١٩٩٠ وقد أعلمنا ديوان الرئاسة بموجب كتابها ٢٢٩ في ١٢/أيلول/١٩٩٠ المرفق طياً أنه يجب تبليغ ذوي الموما اليهم بأنهم فقدوا أثناء الحرب مع العدو الإيراني

يرجى التفضل بالاطلاع مع التقدير

مدير الشعبة الثالثة
١٥/٧/٩٩٠




**ئۆردووگای زۆرەملێ قودس قوشتەپە**



**ژیانی بێکاری لە ئۆردووگا زۆرەملێیەکاندا**

- ١ -

انناواثقون من ايمان الجماهير الفلاحية بالثورة واهدافها واستعدادها للبذل والعطاء والتطور .

الرئيس القائد
صدام حسين

— — — — — — — — —

ئێمە دڵنیاین بە بڕواو ئیمانی جەماوەرانی جوتیاری بە شۆڕشو ئامانجەکانیو ئامادە بونیان بو خوبەخت کردنو بەخشینو پەرەسەندن .

سەرۆکی فەرماندە
صدام حسین

- ٢ -

## من تراث الحزب

ان مشكلة الارض والفلاحين يجب ان تواجه بمنطق اشتراكي علمي ، وهذا يقتضي بدوره احداث ثورة زراعية تفتح الطريق باتجاه التطور الاقتصادي السريع في كافة انشطة الانتاج ...

— — — — — — — — —

گیرو گرفتی زەویو جوتیاران پێویستە لە روانگەو تیگە یشتنێکی زانستیانەوە سەیر بکرێت ئەوەش پێویستی بە بەرپاکردنی شۆڕشێکی کشتوکاڵی یە کە ڕێگا بکاتەوە بەرەو پەرە پێدانی ئابوریکی زوو بەزووی لە هەموو چالاکیەکانی بەرهەم هێنان دا ..

لە کەلەپوری
پارتی بەعسی عەرەبی سۆشیالست

- ٣ -

## قانون الجمعيات الفلاحية التعاونية رقم ٤٣ وتعديله

اصدر مجلس قيادة الثورة قانون الجمعيات الفلاحية التعاونية رقم ٤٣ والتعديل الذي اعقبه لتوحيد الحركة الفلاحية التعاونية في القطر وضمان تطورها لتحقيق التحولات الثورية الناشئة في الكيان الاقتصادي والاجتماعي للريف والجماهير الفلاحية .

وقد تحددت نشاطات الجمعية الفلاحية التعاونية بالعمل من اجل حماية الثورة ونشر وتعميق الوعي القومي والاشتراكي بين الفلاحين وتثقيفهم باتجاه تنفيذ قوانين الدولة وتنفيذ برامج الثورة ومن اجل خلق علاقات انتاج اشتراكية تعمل على تفجير القدرات والطاقات للجماهير الفلاحية وصبها في اطار بناء المجتمع الجديد

- ٤ -

## یاسای کۆمەڵانی جوتیاری هەرەوەزی ژمارە ٤٣ و راهێنراوەکانی

ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ، یاسای کۆمەڵانی جوتیاری هەرەوەزی ژمارە ٤٣ ی . دەرهێنا هەروەهاش راهێنراوەکانی لە پێناوی یەك کردنی بزوتنەوەی جوتیاری هەرەوەزی لە هەرێمداو دڵنیایی پەرەسەندنی بۆ جێبەجێ کردنی گۆڕانکاریکی شۆڕشگێڕی کونجاو لەگەڵ قەواری ئابوری و کۆمەڵایەتی ی لادێو جەماوەرانی جوتیاری ، وە سنوری چالاکیەکانی کۆمەڵانی جوتیاری هەرەوەزیش دانرا ، لە بۆ کارکردن لە پێناوی پارێزی کردنی شۆڕشو قوڵ کردنی بیری نەتەوەیی و سۆشیالستی لە بێوان جوتیاراندا و رۆشنبیر کردنیان بەرەو راپەراندنی یاساکانی میریو راپەراندنی بەرنامەکانی شۆڕش ، لە پێناوی خوڵقاندنی پەیوەندایەتیکی سۆشیالستی لە بەرهەم هێنان دا بۆ تەقاندنەوەی تواناو هێزەکانی جەماوەرانی جوتیاری و رشتنەوەی بەچوارچێوەی بنیات نانی کۆمەڵێکی نوێ .



-٥-

الاسم الثلاثي
الجنسية
محل وتاريخ الولادة ١٩٥٩
رقم دفتر الخدمة العسكرية
هوية الاحوال المدنية
التحصيل الدراسي
الحالة الزوجية
اسم الجمعية/المزرعة الجماعية/موقعة فيها
تاريخ الانتماء للجمعية
رقم الهوية ــ تاريخ الاصدار

السكرتير — مدير عام الهيئة العامة للزراعة والاصلاح الزراعي — رئيس الاتحاد

-٦-

الاسهم المدفوعة وتواريخها

| التسلسل | السنة | السهم | المبلغ المدفوع | الملاحظات |
| --- | --- | --- | --- | --- |
| ١ | ٩٨٢ | ٥ | ١٥ | |
| ٢ | | | | |
| ٣ | | | | |
| ٤ | | | | |
| ٥ | | | | |
| ٦ | | | | |
| ٧ | | | | |
| ٨ | | | | |
| ٩ | | | | |
| ١٠ | | | | |
| ١١ | | | | |
| ١٢ | | | | |



-٧-

الاشتراكات

السنة الاولى
امين الصندوق

السنة الثانية
امين الصندوق

السنة الثالثة
امين الصندوق

-٨-

التجديد الاول

السكرتير — الرئيس

- ٩ -

## التجديد الثاني

السكرتير — الرئيس

- ١٠ -

## التجديد الثالث

السكرتير — الرئيس

- ١١ -

### قانون الاصلاح الزراعي رقم ١١٧ لسنة ١٩٧٠

في ٢١ آيار ١٩٧٠ تم تشريع قانون الاصلاح الزراعي الجذري رقم ١١٧ لسنة ١٩٧٠ كبديل ثوري للقانون رقم ٣٠ لسنة ١٩٥٨ الذي احتوى سلبيات كثيرة، وقد تم بموجب القانون رقم ١١٧ تحديد الملكية الزراعية على اساس طبيعة الارض، موقعها، طريقة الري، نوع الزراعة خصوبتها، كما اقر القانون مبدأ التوزيع الجماعي للارض الزراعية. كما واكد مبدأ تكوين المزارع الجماعية والجمعيات الفلاحية التعاونية، ونظم العلاقة الزراعية بين الفلاحين والغى البدل النقدي عن الاراضي المستولى عليها من الاقطاع ..

- ١٢ -

### یاسای چاك کردنی کشتوکاڵی ژمارە ١١٧ ـی ـ ساڵی ١٩٧٠

لە «٢١»ی ئایاری ١٩٧٠ یاسای چاك کردنی کشتوکاڵی ژمارە ١١٧ ـی ـ ساڵی ١٩٧٠ ـ دهێنرا، کە بالێ یکی شۆڕشگێڕییە/ بە یاسای ژمارە ٣٠ ی ـ ساڵی ١٩٥٨، کە زۆر سلبیاتی تێدا بووە،، بە پێی ی یاسای ژمارە ١١٧ سنوری موڵکداری کشتوکاڵی دانرا، لە سەر بناغەی سروشتی زەوی ..جێگەو شوێن.. چونێتی ئاودێری ی..جۆری کشتوکاڵی.. شیاوی ی هەروەها لە یا ساکەدا بڕیاری دابەش کردنێکی گە لەکێڵی ی داوە لە زەوی کشتوکاڵی.. هەروە هاس دوپاتی بیرو باوەڕی پێکهێنانی کێڵگە کانی گە لە کێڵی و کۆمەڵانی جوتیاری هەروە زێتی وپێ رەوی پەیوەندێتی کشتوکاڵی لە نێوان جوتیاراندا هەروەهاش هەڵوەشاندنی دانی پارەی نەقدی لە باتی ئەو زەویانە کە دەستی بەسەرا گیراوە و لە زەوی یەکانی دەرەبەگەکان ..

-١٣-

قانون تنظيم الملكية الزراعية في منطقة الحكم الذاتي

اصدر مجلس قيادة الثورة في ٢٥ اذار القانون رقم ٩٠ لسنة ١٩٧٥ الخاص بتنظيم الملكية الزراعية في منطقة الحكم الذاتي .. فكان عطاءً جديداً من عطاءات الثورة ومكسباً مهماً لجماهير الفلاحين باعتباره ثورة زراعية تستهدف احداث التغييرات الجذرية في الملكية الزراعية والانتاج الزراعي ومجمل العلاقات الاجتماعية السائدة . حيث اعتمد القانون مبدأ التوزيع الجماعي واكد على تأسيس المزارع والجمعيات الفلاحية والتعاونية .. ودفع عجلة التنمية الاقتصادية الى امام .

-١٤-

یاسای ڕێکخستنی موڵکداری کشتوکاڵی لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی

لە ٢٥ ی ئاداری ١٩٧٥ ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش، یاسای ژمارە ٩٠ ی ساڵی ١٩٧٥ ی دەرهێنا تایبەت بە ڕێکخستنی موڵکداری کشتوکاڵی لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی ئەوەش کە بەخششێکی نوێ بو لە بەخشینەکانی شۆڕش و دەستکەوتێکی گرنگ بۆ جەماوەرانی جوتیاری کە شۆڕشێکی کشتوکاڵییە، مەبەستی گۆڕینێکی یەکسەرییە لە موڵکداری کشتوکاڵی و بەرهەم هێنانی کشتوکاڵی و هەموو پەیوەندییە تیێکی کۆمەڵایەتی کە لە پێشا بووە .. کە تێدا یاساکە بیرو باوەڕی دابەش کردنی کۆمەڵی دانا وە. هەروەهاش دووپات کردی بە سەر دامەزراندنی کێڵگەکانی گە لەکێڵی و کۆمەڵانی جوتیاری هەرەوەزی و پاڵ پێوەنانی ڕەوڕەوەی نەشونمای ئابوری بۆ پێشەوە.

-١٥-

مقتطفات من قانون الجمعيات الفلاحية التعاونية رقم ٤٣ لسنة ١٩٧٧

● يتمتع حامل هذه الهوية بكامل الحقوق المنصوص عليها في قانون الجمعيات الفلاحية التعاونية والانظمة الصادرة بموجبه.

● الهيئة العامة هي اعلى سلطة في الجمعية الفلاحية التعاونية .

-١٦-

چەند برلە قانونی کۆمەڵانی هاوکاری جوتیاران ژمارە ٤٣ ساڵی ١٩٧٧

● هەڵگری ئەم ناسنامەیە هەموو مافێکی هەیە لە جۆری قانونی کۆمەڵانی هاوکاری جوتیاران و ڕێکخراوی لێ دەرچوو

● کۆمیتی بەڕیوەبەری گشتی بەرزترین بەڕێوەبەرە لە کۆمەڵی هاوکاری جوتیاران




**ناسنامەی کرێکارێکی جینۆسایدکراو گوزارشتە لە بێ تاوانیەکەی**



**ئۆردووگا زۆرەملێیەکان نەیانتوانی پەیوەندی و یەکرێزی بارزانییەکان کز بکەن**



ڕاگواستن نەیتوانی کەلتووری ڕەسەنی بارزانییەکان لە ناو بەرێت.



وشکی ئۆردووگای قودسی قوشتەپە جەنگێکی دەروونی بوو، لە سەر ژیانیان.

# سەرچاوە و پەراوێزەكانی بەشی سێیەم

١. ئەسرین زرار قادر، لە سالیادی جینۆسایدی ئەنفالدا...، هەفتەنامەی گولان، ژمارە ٣٧٨، هەولێر ٢٠٠٢، ل٧.

٢. ڕێبوار سوەیلی، نەتەوە و حەكایەت، لەبلاوكراوەكانی سپیرێز، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چاپی یەكەم، دهۆك٢٠٠٢، ل٤٤٠.

٣. د.مونزر ئەلفەزی، عەدالەتی كێشەی كورد...(بەشی سێیەم)، هەفتەنامەی گولان ژمارە(٥٧٣)، هەولێر ٢٠٠٦، ل٨.

٤. نەورەس رەشید، ئەنفال، پێشێلكردنی مافی مرۆڤ، بەهای سروشت نرخی یاسایە، هاواری ئەنفال، ژمارە(١)سالی یەكەم پایزی ٢٠٠٢، ل٦٢.

٥. یوسف دزەیی، ئەنفال كارەسات ئەنجام و ڕەهەندەكانی، دەزگای چاپ و بلاوكردنەوە موكریانی، چاپی یەكەم، هەولێر ٢٠٠١، ل٢٩.

٦. ئەسرین زرار قادر، هـ.س.پ، ل٧.

٧. مەریوان وریا قانع، دەسەلات و جیاوازی، چاپی دووەم، بە رەزامەندی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم لە سەر ئەركی كتێبخانەی (بەستە)چاپكراوەتەوە، سلێمانی ٢٠٠١، ل١٦٦.

٨. نەورەس رەشید، هـ.س.پ، ل٦٢.

٩. دكتۆر جاسم توفیق خۆشناو، مەسەلەی كوردو یاسای نێودەولەتان، لە بلاوكراوەكانی سەنتەری لێكۆلینەوەی ستراتیجی كوردستان، سلێمانی ٢٠٠٢, ل٢٣.

١٠. جاسم توفیق خوشناو، دەخالەتی مروڤانە لە كوردستان، بلاوكراوەكانی دەزگای ئاراس، چاپی یەكەم، هەولێر ٢٠٠٤، ل٨٢.

١١. یوسف دزەیی و محەمەد شوانی، ئامانجەكانی پرۆسەی ئەنفال و قركردنی سامانی مرۆیی كورد، توێژینەوەیەكە لە گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژمارە(٢٤) هەولێر, هاوینی ٢٠٠٢، ل.٣٣٠

١٢. د.مونزر ئەلفەزل، هـ.س.پ، هەمان لاپەڕە.

١٣. هەژار عەزیز سورمێ، كورد و جینۆسایدو ئیبادەكردن - هەلوێستی یاسای نێودەولەتی، چاپی دووەم، دەزگای توێژینەوە و بلاوكردنەوەی موكریانی، هەولێر، ٢٠٠٦، ل.١٠٥

١٤. د.شوكریە رەسول، هەلوەشاندنەوەی خێزانی كورد لە نێوان دەسەلاتی بەعس و مافی مروڤدا، هاواری ئەنفال ژمارە(١) هەولێر ٢٠٠٢، ل.٣١

١٥. هـ.س.پ، ل.٣٩

١٦. دەقی ڕاپورتی بڕیاردەری تایبەت بۆ كۆمسیونی بالای مافەكانی مروڤ، وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە فەرهاد محەمەد، گۆڤاری هاواری ئەنفال ژمارە(٢)، هەولێر ٢٠٠٤، ل٨٨.

١٧- مەسعود بارزانی سەرۆكی ئێستای (باشووری كوردستان) هەرێمی كوردستانی عێراقی فیدرال.

## بەشی چوارەم

# گۆڕە بەکۆمەڵەکان و دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق

### باسی یەکەم

گۆڕە بەکۆمەڵەکانی بارزانیەکان

### باسی دووەم

قۆناغەکانی هێنانەوەی روفاتی بارزانیە جینۆسایدکراوەکان

### باسی سێیەم

جینۆسایدی بارزانیەکان لە دادگای باڵای تاوانەکانی عێراقدا

باسی یەکەم:

## گۆڕە بەکۆمەڵەکانی بارزانیەکان

تا روخانی ڕژێمی بەعس لە (٢٠٠٣/٤/٩) کەسوکاری بارزانیە شوێن بزرکراوەکان چاوەڕێی ئەوەبوون ڕۆژێك لە ڕۆژان کەسوکارە بێ سەروشوێن کراوەکانیان لە دەرگا بدەن و بگەڕێنەوە و پێیان شادبنەوە، بەڵام مەخابن پاش ڕوخانی ڕژێمی بەعس، سەدان گۆڕی بە کۆمەڵ لە شوێنە جیاجیاکانی عێراق دۆزرانەوە. بەردەوام لێرە و لەوێ باس باسی گۆڕی بە کۆمەڵە، دەڵێن لە بن فلان پەیکەردا و لە بن فلانە کۆشکدا، لە فلان شوێن، گۆڕێکی بە کۆمەڵ هەیە، لە هەر شوێنێك کە بە هزر و خەیاڵی مرۆڤدا نەچێت. لە باشووری پان و بەریندا لە جێگای پارك و قوتابخانە و خواردنگە و شوێنە خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان، لە جێگای هەر جوانییەك گۆڕێکی بەکۆمەڵی لێیە.[١]

گۆڕە بەکۆمەڵەکان دوا هیوا و چاوەڕوانیەکی دوور و درێژی کەسوکاری بارزانیە جینۆسایدکراوەکان بوون، لە گۆڕە بەکۆمەڵەکاندا جل و بەرگی کوردی و کڵاو و جامانەی سور پشتوێن و پێڵاو و کاتژمێری...هتد منداڵ و گەنج و پیر و پەککەوتەی بارزانیەکان دۆزراونەتەوە.

بارزانیەکان چۆن لە ماڵەوە ڕفێندرابوون، هەر بەو جل و بەرگانەشەوە ژێرخاك نرابوون، تەسبیح و جامانەی سور هەمووی دەناسرانەوە، لە ژێر تۆز و لمی بیاباندا ئەو جل و بەرگانە وەك شایەدێك بۆ ئەو تاوانە دژ بە مرۆڤایەتییە مابوونەوە.

لە کۆتایی تەمموز و سەرەتای ئابی ١٩٨٣ لە ناوچە جیاجیاکانی بیابانی (بۆسەیە) بارزانیەکان کۆمەڵکوژکراون، ئەم بیابانە بیابانێکی زۆر گەورەیە، ڕووبەرەکەی (٢٤٥٣٢)کم² نزیکەی (٥,٧)ی ڕووبەری عێراقە و ڕووبەری پارێزگای سەماوە نزیکەی (٥١٧٤٠)کم²یە، سێگۆشەی سنووری نێوان (عێراق _کوێت و عێراق_سعودییە) پێکدەهێنێت، لە ناسریە دەست پێدەکات تا دەگاتە سنووری سعودییە، گۆڕەبەکۆمەڵەکانیش لەم بیابانە لە شوێنێك شاردراونەتەوە کە پێی دەڵێن(بەسوە)

لە ناوچەیەکی تریش کە ئەویش (هەرياريیە)لە قولایی بیابانیشدا سێ ناوچەی تریش هەن بارزانیەکان لەوێش کۆمەڵکوژکراون.[٢]

لە گوندی(عادن)ی سەر بە(بوسەیە) لە بیابانی(بادیە) بە دووری (٤٤٠)کم لە سەماوە وێستگەی دووەمی گۆڕی بەکۆمەڵی بارزانیەکانە.[٣]

د. محەمەد ئیحسان سەبارەت بە چۆنیەتی دەرهێنانی لاشەکان لە گۆڕەبەکۆمەڵەکاندا دەڵێت: (ئێمە جاری پێنجەم لە ٢٨-٩-٢٠٠٥ چووین، دوای خێمەدانان و دابینکردنی پێداویستییەکان لە ٢٩-٩-٢٠٠٥ دەستمان بەدەرهێنانی لاشەکان کرد... لە یەکەم ڕۆژدا توانیمان لاشەی (١٤٨) کەس بە شێوەیەکی زانستی دەربێنین، چونکە دەرهێنانی لاشەیەك بە کارێکی زانستی زۆر ئاڵۆزە، تۆ قاچ دەبینی پێویستە بە دەست و بە فلچە لە دوای قاچەکە هەموو ئێسکەکانی تر دەربێنی، تاکو هیچ بەڵگەیەك لە ناو نەچێت، چونکە ناتوانی قاچێك بێنی، سەری یەکێکی دیکەی بۆ بێنی، لە ڕووی یاساییەوە ئەوە قبوڵ ناکرێ، هەر لاشەیەکیش کە دەرمان دەهێنا، فایلێکی پزیشکیمان بۆ دروست کردووە، هۆی کوشتن و چۆنیەتی کوشتن و تەمەنی و وێنەیەکی دیجیتاڵ لە جێگای کوشتنی و لە کاتی دەرهێنانی و چ شتێکیش لەگەڵ بووە، ئەوانە هەمووی تێدا نوسراون، چونکە ئەگەر وانەبێ لە لێکۆڵینەوەیەکی نێودەوڵەتیدا ناتوانین بەکاریبێنین.

بارزانیەکان بە گوللەی میسری کوژراون... بە عەرەبی لە سەر گوللەکان نوسراوە و لە ساڵی ١٩٨٢ لە میسر دروستکراون گوللەش هەبووە لە ساڵی ١٩٨٣ دروست کراوە.

پاش گرتنی بارزانیەکان لە نێو ماڵ و خێزانیان بردنیان بۆ بیابانی بوسەیە(بصیە)تەنیا (٢٦) ڕۆژ ژیاون، خێراترین کوشتن لە عێراقدا هی بارزانیەکان بووە، دڕەنگترین کردەوەی کوشتنیش کێشەی بارزانیەکان بووە لەلای سەدام حوسێن... بارزانیەکان لە گۆڕیشدا جێی مەترسی بەعسیەکان بوونە ئەوەش بە شێوازی کوشتنیانەوە دەردەکەوێ. ئەو شوێنەی بارزانیەکانیان لێ شاردۆتەوە هیچ ئاسەواری ڕوون و ئاشکرای نییە، ناوچەکە خۆی کلسی بیابانی و ڕەملییە. لە دوای کوشتنیان ئاویان بە تانکەر لێ ڕشاندووە تاکو یەکسان بێ لە گەڵ زەویدا.

رائید(عاسی ابراهیم) لە ئاسایشی گشتی، سەرپەرشتی کوشتنی بارزانیەکانی کردووە، سەدام پلەی بەرزدەکاتەوە و دەیکاتە (عەمید)دەست بە خوێندنی دکتۆرا دەکات لە بواری یاسا، دواتر لە کۆلیژی پۆلیس دەبێتە مامۆستا و تا هەفتەیەك پێش ڕوخانی ڕژیمی بەعس وانەی گوتووتەوە. بەڕێوەبەری ئاسایشی ئەوکاتی موسەننا ناوی (خلف الحديثي)بووە، لە کاتی ڕاپەرینی بەهاری ١٩٩١ بەڕێوەبەری ئاسایشی سلێمانی بووە و ئەو کات لەلایەن خەڵکی ڕاپەریوە کوژراوە. ناوبراو سەرپەرشتیاری سەرەکی بووە لە کوشتنی بارزانیەکان، زۆربەیان بە "سینگل شەت"کوژراون، گوللەیەك لە پانکەسەر(پشتەوەی سەر) کاتی سەیری لاشە دەکەی لەناو گۆڕ، دەزانی ئەوانە زۆر بە ئاسوودەیی کوشتوویانن ... بە پرۆسیسێکی ڕێکخراوە کوژراون. سیاسەتێکیان هەبووە لەو بارەوە کە ئینکارێکی تەواو لەو مەسەلەیە بکەن، وەك لە بەڵگەنامەیەکدا دیارە خودی سەدام حوسێن خۆی ڕێنمایی دەداتە دەزگا ئاسایشیەکان پێیان دەڵێت: ئەگەر یەکێك لە چارەنوسی ئەو بارزانییانە بپرسێ، من پێتان دەڵێم بڵێن: ((بێجگە لە سەرۆکایەتی دەوڵەت کەس هیچ لەو بارەیەوە نازانێ)).

دوای کوشتنی بارزانیەکان پاش چەند مانگێك داوا لە (محكمة الثورة) دەکەن کە قەزییەیان بۆ دروست بکەن دوای کوشتنیان، لێرەدا بەدیار دەکەوێت هەتا لە گۆڕیشدا لە بارزانیەکان ترساون، داوا لە (عواد بندر) دەکەن ئەوکات سەرۆکی دادگای شۆڕش بوو، ئەویش بە نوسراوێك وەڵام دەداتەوە و دەڵێ توانیمان تەنیا (١٦) قەزیە بۆ (٦٦٧) کەس دروست بکەین، لە سەر بنەمای ئەو (١٦) قەزیە حوکمی لە سێدارەدان بۆ (٦٦٧) کەسی مردوو دراوە...

ڤرکردنی بارزانیەکان زیاتر لە سەر(فازل بەراك) سکرتێری سەدام حوسێن ساخ دەبێتەوە، دواتر بووەتە سەرۆکی دیوان، هەروەها خودی سەدام حوسێن خۆی.

لە کاتی ژێر خاككردنی بارزانیەکان کێشەی شۆفلیان هەبووە چۆن شۆفل ببەنە بیابان، پەیوەندی بە شارەوانی سەماوە دەکەن پێیان دەڵێن شۆفلێك لە ناسرییە

بێنن، شۆفەڵێك لەوێ دێنن، شۆفێرەکە گەنجێکە، کاردەکات تەحەمولی نامێنێ و شێت دەبێ دەست بە گریان دەکا و کارناکات، شۆفێرەکەش دەکوژن.

خاوەن شۆفەڵێکی تر دێنن لە نوگرە سەلمان، کە ٢٠٠ کم لە شوێنەکەوە دوورە. شۆفێرەکە کاریان بۆ دەکات، بەڵام عەدالەتی خوا وا لەم شۆفێرە دەکات کە شێت ببێ، چەند ساڵێك بەر لە ئێستا مردووە. خێزانی شۆفێری دووەم دەڵێت: (( پاش تەواوبوونی کارەکەی گەڕاوەتەوە نەیتوانی لە سەر شۆفەڵ کاربکات، دووچاری یەك دوو رووداوی ئۆتۆمبێل دەبێت، لە دوایدا دەبێتە شێتێکی تەواو))، ژنەکەی دەڵێت:((هیچ کاتێك ئەو دیمەنانەی لە خەیاڵ دەرنەچووە، هەردەی گوت چۆن وام کرد... چۆن وام کرد؟!...))(٤)

سەدامی دکتاتۆر بەو تاوانەی دەیان ساڵ بوو میللەتێکی بەو ئازارە هێشتەوە، ئامادە نەبوو تەرمی پیرۆزیان بۆ کوڕ و کچ و خێزان و دایکەکانیان بگەڕێنێتەوە، ئەمە جگە لە ئازاری بردنی نێرینەکان و هێشتنەوەی کچ و ئافرەت و دایك و خوشك بە بێ پیاو، ئەوە تاوانێك بوو سەدام و حزبی بەعس بۆ مرۆڤایەتیان سەلماند کە ئەوان و رژێم و ئایدیۆلۆژیا شۆفێنزمەکەی ئەوان زەرەیەك کەرامەتی ئەخلاقی و مرۆیی و ئاینییان لەلا نەمابوو.

لە نێو گۆڕە بە کۆمەڵەکاندا چەند ناسنامەیەك وەك بەڵگە بۆ ئەو تاوانە رەشە مابوون، یەکێك لە ناسنامەکان هی جینۆسایدکراو(ئەسعەد عەلی جان عەلی)یە خەڵکی گوندی بازێ سەر بە دەڤەری بارزان، لە نێو گۆڕێکی بە کۆمەڵدا دۆزراوەتەوە، لە دایك بووی ساڵی(١٩٤٥)ە و لە ساڵی ١٩٨٣ لەگەڵ هەشت هەزار نێرینەی بارزانی کۆمەڵکوژکراوە، خێزانەکەی بەناوی (بەسنا مستەفا الیاس)(٥)تەمەن(٥٩) ساڵ دەبێژێت: ((بەر لە بانگی بەیانی سوپا و لەشکر دەوری ئۆردووگاکەمانی گرتبوو، ئەو بەیانییە وەك بەیانییەکانی تر نەبوو دەنگی ئۆتۆمبێل و دەنگی تانکی و لەشکر زۆر دەهات... سەربازەکان بێ حورمەتانە بە ناو ماڵەکان کەوتن، بەر لەوەی بگەنە ماڵی ئێمە گوتم (ئەسعەد)خۆت بشارەوە، بەڵام (ئەسعەد) گوتی: نەخێر نامگرن، بۆ دەمگرن، خزمەتی سەربازیم تەواوکردووە،

هیچ تاوانێكم نەكردووە، سەرپێچی یاسام نەكردووە، نامگرن. لە ناكاو سەربازەكان بە ناو ماڵمان كەوتن(ئەسعەد)یان گرت و برد، هەندێك پارەم دایە (ئەسعەد) بەڵام وەری نەگرت، گوتی پارەم پێیە، ئەو پارەیە با لە لات بێت بۆ منداڵەكان خەرجی بكە، لە ناو منداڵەكاندا (ئەسعەد)یان بردو هاوار و گریان و نزا و پاڕانەوەی ئێمە و منداڵەكان بێ سوود بوو، هەموو كەسوكارمان گیران ئێمەش بە ڕەزیلی و بێ كەسی لەو ئۆردووگایانە ماینەوە، هەرچاوەڕێ بووین بگەڕێنەوە، ئەمڕۆ نا سبەی هەر پێیان شاد دەبینەوە. بەڵام ئەفسوس ئێسكەكانیان بۆ هێنایانەوە، ناسنامەكەی هاوسەرم(ئەسعەد)یان بۆ هێنامەوە...))

باسی دووەم

## قۆناغەکانی هێنانەوەی روفاتی بارزانیە جینۆسایدکراوەکان

تا ئێستا تەنیا دوو گۆڕی بەکۆمەڵی بارزانیەکان دۆزراونەتەوە و ژمارەیان (٥٩٦) روفاتە لە کۆی هەشت هەزار نێرینەی بارزانی، بەو واتایەی تا ئێستا کۆتایی ساڵی (٢٠١٥) روفاتی (٧٤٠٤) پیاو و منداڵ و میرمنداڵی بارزانی لە بیابانەکانی باشووری عێراق ماون و نەدۆزراونەتەوە.

قۆناغی یەکەم:

لە ٢٠٠٥/١٠/١٧ لە مەراسیمێکی شایستەدا روفاتی (٥٠٣) نێرینەی بارزانی هێنرانەوە کوردستان و لە ڕۆژی دواتر واتا (٢٠٠٥/١٠/١٨) لە گۆڕستانێکی تایبەتدا لە بارزان نێژران.

قۆناغی دووەم:

لە (٢٠١٤/٣/٦) روفاتی (٩٣) نێرینەی بارزانی هێنراونە بارزان لە هەمان گۆڕستان نێژران.

ئەوەی شایەنی باسە لە هەردوو قۆناغەکەدا ئەرکی سەرپەرشتیکردنی هێنانەوەیان و ناشتنیان لە بارزان بەمن ڕاسپێردرابوو، ئێستاش سەرپەرشتی ئەم گۆڕستانە و جل و بەرگ و کەلو پەلی بارزانیە جینۆسایدکراوەکان و کاروباری کەسوکارەکانیان دەکەم، لە شێوازی جل و بەرگەکانیاندا دیارە ئەمانە زۆر ئەشکەنجەدراون و زۆرینەیان دەست و چاویان بە جامانە و پشتێنەکانیان لە پشتەوە گرێدراون و دواتر گوللە باران کراون، شوێن هەیە تەنیا مەترێك بە دوو مەتر دەبێت کەللە سەری زیاتر لە (١٢) مرۆڤی بارزانی تێدا دۆزراوەتەوە، لەنێو جل و بەرگ و کەلوپەلەکانیان حەب و دەرمان و کەل و پەلی کرێکاری تێدایە، ئەمانەش کەسانی نەخۆش و کرێکار بوونە لە ڕێگای کارکردن و لە سەر کارگەکان دەستگیرکراون، هەندێکیشیان تەنیا جل و بەرگی ژێرەوەیان لە بەردایە بێگومان ئەمانەش زۆر بێ حورمەتانە لەنێو ماڵ و منداڵیان و لە سەر جێگای خەوتن دەستگیرکراون بەهەمان جل و بەرگەوە زیندەبەچاڵکراون.

باسی سێیەم

## جینۆسایدی بارزانیەکان لە دادگای باڵای تاوانەکانی عێراقدا

بە فەرمانی ژمارە(٤٨) لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕی ئیتلافی یەکگرتوو -پۆلبریمەر- یاسای ژمارە (١) ساڵی ٢٠٠٣ (دادگای تاوانی تایبەتمەند بە تاوانەکانی دژ بەمرۆڤایەتی) دامەزرا، بەڵام لە ساڵی ٢٠٠٥ بە یاسای ژمارە (١٠) پەرلەمانی عێراق ناوی دادگای گۆڕی بۆ (دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق – محكمة الجنائية العراقية العليا).

دوای ئەوەی سکاڵای شکایەتکاران پێشکەش بە نووسینگەی هەولێری دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق کرا و چەند پارێزەرێکی دەسنیشانکرد، وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان کە ئەوکات (چنار سعد عبدالله )وەزیری بوو، بڕیار درا بە درووستکردنی لیژنەیەکی تایبەت بە کەیسی بارزانیەکان لەم بەڕێزانە پیکهاتبوو:

١- فارس طاهر محو – سەرۆکی لیژنە

٢- ڕێبوار رمضان عبدالله –ئەندام- ( نووسەری کتێب)

٣- حازم محمد - ئەندام

٤- سلیمان رعد - ئەندام

٥- سالار خالد - ئەندام

ئەرکی ئەم لیژنەیە بریتی بوو لە:

١- کۆکردنەوەی زانیاری لە سەر کەیسی جینۆسایدی بارزانیەکان.

٢- دۆزینەوە و دەستنیشانکردنی ناو و ناونیشانی سکاڵاکار و گوهێدەر و شاهید...

٣- هێنان و بردنی شاهید و سکاڵاکاران لە هەولێرەوە بۆ بەغدا و ئامادەکردنیان و شوێنی حەوانەوە و بردنیان بۆ هۆڵی دادگا و چاودێریکردنیان.

٤- ئاگادارکردنەوەی شایەد و سکاڵاکاران لە کات و ساتی دانیشتنی دادگا.

٥- شرۆڤەکردن و ڕونکردنەوەی هەلومەرجی دادگا و زانیاری پێویست لە سەر دادگا و گرنکی سکاڵاکار لەم حاڵەتەدا...

پاریزەری سەرەکی لەم کەیسە بریتی بوون لە:

١- محمد سالح ئامیدی

٢- ئەیاد ئیسماعیل کاکەیی

٤- هەدار زبیر بارزانی

یەکەم دانیشتن لە ڕێکەوتی ٢٠٠٩/٣/٢ لە بەغدا لە دادگای باڵای تاوانەکانی عیراق بە سەرۆکایەتی دادوەر ( ڕەئوف ڕەشید) دەستیپێکرد و دانیشتنی (٤٠) کە دوا دانیشتن بوو لە ڕێکەوتی ٢٠١١/٥/٣ ئەنجامدرا بە سەرۆکایەتی داوەر (ئاسۆ محمد سوفی) بە ئامادەبوونی ئەندامانی دادگا، بڕیاری کۆتایی کەیسی بیسەروشوێنکردنی بارزانیەکان بە جینۆساید و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی ناسێندرا و بڕیاری لە سەر درا و هەر تاوانبارێکیش بڕیاری سزادانیان بۆ دەرچوو بەجۆدا و هەر یەکەیان بە پێی تاوانەکانیان بەم شێوەیەی خوارەوە:

- علی حسن مجید - سێدارەدان لە سەر کەیسی کیمیابارانی هەڵەبجە.

- تارق عزیز عیسی - مانەوەی لە زینداندا تا هەتایە (ئەبەدی)

- سەعدون شاکر محمود -( سێدارەدان)

- سفیان ماهر حسن - مانەوەی لە زینداندا تا هەتایە (ئەبەدی)

- وتبان ئیبراهیم حسن ( ئازاد کرا)

- حامد یوسف حمادی ( زیندانی کردن بۆ ماوەی ١٠ ساڵ)

- حکمت مزبان ئیبراهیم - مانەوە لە زینداندا تا هەتایە (ئەبەدی).

ئەوەی شایانی باسە"سەدام حوسین مەجید، سەرۆك کۆماری عێراق (١٩٧٩ تا ٢٠٠٣)، دوای دەستگیرکردنی لە (٢٠٠٣/١٢/١٣) یەکەم دەرکەوتن و ئامادەبوونی لە بەردەم دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق لە ڕێکەوتی (٢٠٠٦/٧/١) کاتژمێر(٢:٣٠)خولەکی دوای نیوەرو بوو بەکاتی بەغدا. لە ڕێکەوتی(٢٠٠٦/١١/١٥) سزای لە سێدارەدانی بۆ دەرچوو لە سەر (دۆسیەی دوجێل) لە بەرەبەیانی (٢٠٠٦/١٢/٣٠) لە سێدارەدارا، لە دانیشتنی (٣٤)ی تایبەت بە (دۆسیەی ئەنفال) لە ڕێکەوتی (٢٠٠٧/١/٨) بڕیاردار بە ڕاگرتنی سزاکانی چونکە ناوبراو لە سێدارەدرابوو".




**نەخشـەی ژمـارە(٩) قۆناغـەکانی ڕاگواسـتنی بارزانیـەکان بـۆ باشـووری عێـراق و قۆناغەکانی جینۆسـایدکردنی بارزانیـەکان لـە ئۆردووگا زۆرەملێیەکانـدا و شـوێنی هەردوو گۆڕی بەکۆمەڵی بارزانیەکان لە بیابانەکانی باشووری عێراق.**

# وێنە و دیکۆمێنتەکانی بەشی چوارەم




ناسنامەی جینۆسایدکراو (ئەسعەد عەلی جان عەلی) پاش ٢٢ لەنێو گۆڕی بەکۆمەڵدا بۆ سەلماندنی ئەم تاوانە چەپەلە خوی زیندوو ڕاگرت.



جینۆسایدکراو (ئەسعەد عەلی جان عەلی)


١ – محل وتاريخ ولادة حامل الشهادة
٢ – الجنسية السابقة
٣ – الديانة
٤ – العلامات الفارقة
٥ – اسم الأب الكامل
٦ – محل
٧ – اسم
٨ – محل
٩ – تبعة
١٠ – تبعة الام الاصلية وجنسيتها الحالية
الملاحظات ( تكتب بالحبر الاحمر )
توقيع حامل الشهادة

**ڕەگەزنامەی عێراقی جینۆسایدکراو (ئەسعەد عەلی جان عەلی) کە خێزانەکەی وەك وەفایەك تاکو ئێستا پاراستوویەتی.**



**کاتژمێر و تەسبیحەکان توانیان خۆ ڕاگر بن بەرامبەر بە بارۆقی بیابان.**



ناسنامەکانیش وەك وەفاداریەك بۆ خاوەنەکانیان ئەمرۆ دەپەیڤن



روحەکان بوون بە فریشتە و کلاو و دوخینی دروستکراوی دەستی دایکان بوون بە یادگاری بۆ نەوەکانی داهاتوو.




**ئەلقەکانیش گەر زمانیان هەبووایە پڕ تراژیدیاترین داستانی خۆشەویستیان تۆماردەکرد**



**تا دوا سات پارێزگاریم لە خاوەنەکەم کرد**



دوای چەندین ساڵ ململانێ لە گەل خاکی بیابان، ئێوەش وەکو خاوەنەکانتان تامەزرۆی گەڕانەوەبوون



ئێوە بەبێ خاوەنیش نموونەی میللەتیکی زولم لێکراون



**سەدام و دارودەستەکەی، نوگرە سەلمان و بیابانەکەی، عەلی حەسەن و کیمیاوییەکەی، نەیانتوانی لە ناوت بەرن، چونکە تۆ سومبۆلی ئاشتی و یەکسانی و دادپەروەری.**



**خاك و خۆلی بیابانەکانیش نەیانتوانی لە ناوت بەرن.**



**ئامادەکردنی گۆڕ بۆ بارزانیە جینۆسایدکراوەکان/ بارزان**



**مەراسیمی هێنانەوی روفاتی بارزانییە جینۆسایدکراوەکان لە فرۆکەخانەی نێودەولەتی هەولێر**




مەراسیمی هێنانەوی روفاتی بارزانییە کۆمەڵکوژکراوەکان لە بارزان.




مەراسیمی هێنانەوی روفاتی بارزانییە جینۆسایدکراوەکان لە بارزان




**ناشتنی روفاتی بارزانیە جینۆسایدکراوەکان لە بارزان**




**پاش چەندین ساڵ چاوەروانی ئەمرۆ لە سەر تابوتی باوکی بە ئازادی دەگرییێت**




**به ڕاگواستن و ئاوەربوون و جینۆسایدکردن، بارزان و بارزانیەکان لە ناو ناچن و نەمرن**



**سەدەیەکە ڕەشپۆشی ناسنامەتانە**



ئیتر نزای دایکان، لە سەر گۆڕەکانتانە





گۆڕستانی بارزانییە جینۆسایدکراوەکان/ بارزان



من خاکێکی سەربلندم چونکە بێتاوانترین مرۆڤ لە باوەش دەگرم



من خاکێکی سەربلندم چونکە بێتاوانترین مرۆڤ لە باوەش دەگرم



گڵکۆی بارزانیە جینۆسایدکراوەکان

# چەند دیمەنێك لە گۆڕبەکۆمەڵەکانەوە



































**نووسەر لەگەڵ کەل و پەل و جل و بەرگی جینۆسایدکراوان ئەوانەی لە گۆڕەبەکۆمەڵەکان دەرهێنراون**



















دەستگیرکردنی دیکتاتۆری سەدەی بیستەم سەدام حوسین





دادگایکردنی تاوانبار سەدام، بەڵام ئەو سەدان هەزار کەسی بە بێ دادگا زیندەبەچاڵکردن



سەدامی تاوانبار لە قەفەسی دادگادا

# سەرچاوە و پەراوێزەکانی بەشی چوارەم

١.  ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی، بیابان و چیا، پەرجان، ژمارە(٣) تشرینی یەکەمی ٢٠٠٥، ل٢.
٢. عەدالەت عومەر، لە (٢٢)وەمین ساڵیادی ئەنفالی بارزانیەکاندا بیابانی(بوسەیە)دوزەخی کەم ژیان و کەل ژیان، هەفتەنامەی گوڵان، ژمارە(٥٤٧)هەولێر ٢٠٠٥، ل٣٨.
٣. ئەو گۆڕە بەکۆمەڵانەی دوای ڕوخانی ڕژێمی بەعس دۆزراونەتەوە، هەفتەنامەی گوڵان، ژمارە(٥٣٢)، هەولێر ٢٠٠٥، ل١٣.
٤. د.محەمەد ئیحسان، دیداری تایبەت لە گەڵ د.محەمەد ئیحسان سەبارەت بە گۆڕە بەکۆمەڵەکانی بارزانیە جینۆسایدکراوەکان، هەفتەنامەی (میدیا) ژمارە(٢١٤) هەولێر ٢٠٠٥، ل٨ (بەشێوەیەکی پچرپچر سودم لەم دیدارە بینیوە).
٥. چاوپێکەوتن لە گەڵ (بەسنا مستەفا ئەلیاس) گوندی بازێ ٢٠٠٧

## بەشی پێنجەم

# جینۆسایدی بارزانیەکان و جینۆسایدی ئێزیدیەکان

### باسی یەکەم:

لە نێوان جینۆسایدی بارزانیەکان و جینۆسایدی ئێزیدیەکان دا

### باسی دووەم:

تراژیدیایەك لە جینۆسایدی بارزانیەکان

### باسی سێیەم:

تراژیدیایەك لە جینۆسایدی ئێزیدیەکان

## باسی یەکەم

## له نێوان جینۆسایدی بارزانیەكان و جینۆسایدی ئێزیدیەكان دا

بە هۆی ئەوەی تا نووسینی ئەم بابەتە جینۆساید لە كوردستان هەر بەردەوامە و ئەمڕۆ لە سەدەی بیست و یەكەمیشدا بە سەدان هەزار لە كوردانی ئێزیدی دووچاری جینۆساید بوونەتەوە، هەرچەند توێژینەوەكەمان باسی پرۆسەی جینۆسایدی بارزانیەكان و كوردستان لە سەردەمی حكومەتی بەعسی عێراقی دەكات و ئەمڕۆ ئەم حكومەتە دیكتاتۆریە لە ناوچوویە، بەڵام ڕێكخراوی تیرۆرستی داعش هەمان بیرۆكە و هەمان عەقڵیەتیان بەرامبەر بە كورد و گەلان و نەتەوە و مەزهەبە جیاوازەكانی كوردستان هەیە، بۆیە بە گرنگمان زانی لە بەشێكدا باس لە جینۆسایدی كوردانی ئێزیدی بكەین و بەراوردێك لە نێوان جینۆسایدی ئێزیدیەكان و جینۆسایدی بارزانیەكان ئەنجام بدەین.

### له نێوان جینۆسایدی بارزانیەكان و جینۆسایدی ئێزیدیەكان دا

| جینۆسایدی بارزانیەكان | جینۆسایدی ئێزیدیەكان |
| --- | --- |
| پرۆسەیەكی سیستماكی بەرنامە بۆ دارێژراو بوو، لە ١٩٧٥ بە دواوە دەست كرا بە ڕاگواستنی بارزانیەكان بۆ بیابانەكانی باشووری عێراق و ئۆردووگا زۆرەملێیەكانی دەوروبەری هەولێر و دواتر لە كۆتایی تەمموز و سەرەتای ئابدا دەست كرا بە جینۆسایدی بارزانیەكان. | پرۆسەیەكی لە ناكاو بوو، لە سەرەتای مانگی ئابی ٢٠١٤ بە شێوەیەكی زۆر خێرا جینۆسایدی كوردە ئێزیدیەكان دەستی پێكرد. |

| | |
|---|---|
| بکەری تاوانەکە دەوڵەتی عێراق و حزبی بەعس و خۆدی سەدام حوسێن و دار و دەستەکەی بوون | بکەری تاوانەکە دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) و ئەبو بەکر بەغدادی و گرووپە توندڕەوەکانی بوون |
| دەوڵەتێکی دیکتاتۆری بوو | خەلافەتێکی تیرۆرستی یە |
| مەبەست لێی لە ناو بردن و سڕینەوەی ڕەچەڵەکی بارزانیەکان بوو. | مەبەست لێی لە ناوبردن و سڕینەوەی ئاین و بیر و باوەڕی ئێزیدیەکان بوو. |
| پیاو و ئافرەت و منداڵەکان لێک جودا کران و دواتر پیاوەکان دەستگیرکران و بەرەو شوێنێکی نادیار ڕفێندران. | پیاو و ئافرەتەکان لێك جودا کران، بەڵام هەموویان دەستگیرکران و بەرەو شوێنێکی نادیار ڕفێندران. |
| پیاوە بارزانیەکان لە گۆڕی بە کۆمەڵدا لە بیابانەکانی باشووری عێراق گوللە باران و زیندە بەچاڵکران. دوور لە زێدی ڕەسەنی خۆیان، هەشت هەزار نێرینەی بارزانی بوون. | بە هەمان شێوە پیاوەکان لە گۆڕی بە کۆمەڵدا گوللە بارانکران، لە هەمان شوێنی ڕەسەنی خۆیان، بە پێی ئامارە نارەسمیەکان ژمارەیان نزیکەی ٥ پێنج هەزار کەسە. |
| ئافرەت و منداڵە بە جێماوەکان لە ژێر کۆنتڕۆڵی توندی سەربازیدا بوون لە ئۆردووگا زۆرەملێیەکاندا و ئاو و کارەبا و ئازووقە و دەرگای قوتابخانە و نەخۆشخانەکان لە سەریان داخران. | هەزاران ئافرەت و منداڵ و پیاو لە چیای شنگال بۆ ماوەیەك گیریان خوارد، بە بێ ئاو و نان و خۆراك. |
| ئەگەر منداڵێك یاخۆد کەسێك بمردایە کەس نەبوو گۆڕ لێ بدات و بیان نێژێت و بە مەراسیمی ماتەمینی هەڵبستێت. | ئەگەر لە چیای شنگال کەسێك یاخۆد منداڵێك بمردایە، هێز و توانای گۆڕ لێدان و ناشتن و ئامێری پێویستیان نەبوو. |
| سەدان دایکی بارزانی لە ئۆردووگا زۆرەملێیەکان بە بێ هیچ پێداویستیەك | سەدان دایکی ئێزیدی لە چیای شنگال و کەمپەکان بە بێ هیچ پێداویستیەك |

| | |
|---|---|
| منداڵیان بووە. | منداڵیان بووە. |
| ئافرەت قوربانی زۆری دا سەرەڕای لە دەستدانی خۆشەویستانیان هاوسەر و باوك و برا و کەسوکاریان، ئەرکی بەخێوکردن و پەروەردەکردنی منداڵەکان کەوتە ئەستۆیان. | ئافرەت قوربانی سەرەکی بوون لەم پرۆسەیەدا، سەدان ئافرەت ڕفێندران و کڕین و فرۆشتنیان پێ کراوە، سەدانی تریش دەستدرێژی سێکسیان کراوەتە سەر. |
| بە پێی سەرژمێرییەکان زیاتر لە ٤٥٠ منداڵ و ئافرەت لە ئەنجامی ڕاگواستنی زۆرەملێی بارزانییەکان لە باشووری عێراق بە هۆی خراپی کەش و هەواو و ئاو و خۆراك لە بیابانەکانی باشووری عێراق گیانیان لە دەستدا. | زیاتر لە سەدان ئافرەت و منداڵ لە ئەنجامی ئاوارە بوونیان بۆ چیای شنگال بە هۆی گەرمی کەش و هەوا و نەبوونی خواردن و خۆراك گیانیان لە دەستداوە. |
| بووە هۆی تێکدانی شیرازەی خێزان. | بووە هۆی تێکدان و شێواندنی شیرازەی خێزان و پەرتەوازە بوونیان. |
| یەکێك لە ئامانجەکانی ڕژێمی بەعس لە هێشتنەوەی ئافرەت و منداڵەکان ترس و تۆقین و مردنێکی لە سەر خۆ بوو. | بڵاوکردنەوەی ترس و تۆقاندن یەکێك لە ئامانجە سەرەکیەکانی گرووپی تیرۆرستی داعشە. |
| جینۆسایدی بارزانیەکان بە شاراوەیی و زۆر بە نهێنی ئەنجام درا و جیهان لە ئاستیدا بێ دەنگ بوو. | جینۆسایدی ئێزیدیەکان زۆر بە ئاشکرا و بە بەرچاوی هەموو جیهان ئەنجام درا و هەرە زۆری وڵاتان هاتنە دەنگ. |
| لە دەستدانی سەروەت و سامان و ڕەز و باغ و بێستان و مەڕ و ماڵات و هەرچی هەیان بوو لە ئەنجامی ڕاگواستنی زۆرەملێ. | لە دەستدانی ڕەز و باغ و بێستان و مەڕ و ماڵات و هەرچی هەیان بوو، لە ئەنجامی کۆچڕەوییدا. |
| مینرێژکردنی تەواوی دەڤەری بارزان لە | تەقاندنەوەی خانوو شوێنە پیرۆزەکانی |

| | |
|---|---|
| لایەن حکومەتی عێراقەوە و تەقاندنەوەی سەرچاوە ئاوییەکان و وێران کردن و سوتاندن و خاپور کردنی گوند و خانوو و پردی ئەم دەڤەرە. | ئێزیدیەکان و مینرێژ کردنی ئەو ناوچانەی چەکدارانی داعش بە جێیدێڵن و تەقاندنەوەی پردەکان. |

باسی دووەم

# تراژیدیایەك لە جینۆسایدی بارزانیەكان

## ئافرەتێكی ڕاگوێزراو و كەسوكار جینۆسایدكراوی بارزانی

(خانزاد تەتو مستەفا) ئافرەتێكی بارزانیە و دەڵێت:"ساڵی ١٩٧٥ بوو، ئێمە لە گوندەكانمان بووین ژیانێكی سادە و ساكارمان بە سەر دەبرد، من ئەو كات شووم نەكردبوو كچێكی تازە پێگەیشتوو بووم، ژیانی گوندم زۆر پێ خۆش بوو، باوكم و براكانم و باپیرەم هەموویان لە لامان بوون، بەڵام ڕۆژێ لە ڕۆژان حكوومەتی عێراق بە سەربازێكی زۆر و خۆ ئامادەكردنێكی باشەوە دەوری گوندەكەمانی گرت، نەیانهێشت كەس لە گوند بچێتە دەرەوە، پاشان چەند زیلێكی سەربازییان هێنا و ئێمەیان سواری زیلەكان كرد و ئێمەیان برد بۆ هەولێر لە ڕێگا برسیمان بوو، تینوومان بوو، ئێمەیان لە هەولێر لە سەربازگەیەك دانا، ڕۆژی دواتر ئێمەیان برد نەمان زانی بۆ كوێمان دەبەن".

### ئەو بیابانە تەواو پێچەوانەی سروشتی گوندەكەمان بوو

"زیاتر لە شەو و ڕۆژێك بە ڕێگاوە بووین، زۆر دەترساین بمان خەنە نێو ڕووبارێك یاخۆد زیندەبەچاڵمان بكەن، ئێمەیان بردە بیابانێك هەندێك حەسیلە و دار پێكەوە نرابوون لە شێوەی خێمە، ئەو بیابانە ئاوێكی پێدا دەهات زۆر پیس بوو لاشەی سەگی تۆپیو و پشیلە و شتی لەو جۆرانەی پێدا دەهات، ئەو بیابانە تەواو پێچەوانەی سروشتی گوندەكەمان بوو، ناوچەكە سەر بە پارێزگای دیوانیەی باشووری عێراق بوو، هەمووی عەرەب بوون و هیچ لە زمان و شێوەزار و هەڵسوكەوتی خەڵكەكە نەدەگەیشتین، تۆز و لمی بیابانەكان ڕۆژانە ئازاری دەداین و بە هۆی پیسی ئاوەكە و خراپی كەش و هەواوە چەندین كەسمان لێ مردن بە

تایبەت منداڵ و ئافرەت ڕۆژ هەبوو لەم ئۆردووگایە زۆرەملێیە زیاتر لە ١٠ بارزانی گیانیان لە دەست دەدا".

## چوار فرۆکە کۆمەڵگای قودسیان بۆردوومان کرد

بەردەوام دەبێت و دەڵێت:"ساڵی ١٩٨٠ بوو، چەند مانگێك بوو ئێمەیان لە بیابانەکانی باشووری عێراق هێنابووە دەوروبەری هەولێر لە قوشتەپە جێنیشین کرابووین، لە کۆمەڵگای قودس هەندێك لە خانووەکان تەواو کرا بوون و هەندێك لە ژێر دروستکردندا بوون، ئەوانەی خانووەکانیان تەواو نەکرابوون، هێشتا لە بن خێمەدا بوون. پاش نیوەڕۆ بوو چوار فرۆکە کۆمەڵگای قودسیان بۆردوومان کرد نزیکەی (١٧) کەس لە پیر و منداڵ و ئافرەت شەهید بوون و نزیکەی (٥٠) کەسیش بریندار بوون، برایەکم بە ناوی (ڕەمەزان تەتو مستەفا) شەهید بوو، خەڵکی دەوروبەری قوشتەپە و بەحرکە بەهانامان هاتن بۆ شاردنەوەی شەهیدەکانمان و هیچ جێگا نەبوو لاشەی شەهیدەکانمان بشۆین لە سەر بیری ئاوی کۆمەڵگای قودس تەرمی شەهیدەکانمان شوشت... حکوومەتی عێراق دەیگوت فرۆکەی ئێرانە بەڵام ئێمە باوەڕمان نەدەکرد، ئێستاش نازانین فرۆکەی عێراق یان ئێران بوون...".

## کەم ئەقڵ و کەم ئەندام و کوێر و کەرولاڵیش دەستگیر کران

(خانزاد تەتو مستەفا) بەردەوام دەبێت و دەبێژێ:" پیاوەکانمان کرێکار بوون دەچوونە کاری ڕۆژانە، لە سەر شەقامەکان رادەوەستان هەندێك ڕۆژ کاریان دەستدەکەوت و هەندێك ڕۆژیش هیچ کاریان بۆ نەدەرەخسا دەگەڕانەوە ماڵەوە. شەوێك پاش کاتژمێر سێ دەوری ئۆردووگا بە تانکی و فرۆکە و سەرباز گیرابوو گەر هەڵە نەبم پاسەوانی کۆماری و هێزی ئاسایش بوون. کاتێك دونیا ڕوناکی کرد بە ناو ئۆردووگا کەوتن، ئەوانەی دەچونە سەر ئیش لە سەر شەقام و لە ڕێگا دەستگیر کران، هەر هەندێك بە جۆرێك دەستگیرکران تەنیا ڕەگەزی نێر، پیر و گەنج و منداڵ و کەم ئەقڵ و کەم ئەندام و نەخۆش و کوێر و کەرولاڵ گشتیان دەستگیرکران

بە زۆر برانە سەر شەقامی گشتی ئێمەی ئافرەتیش ڕامان دەکرد بە دوایاندا، بەلاّم سەربازەکان بە قونداغە تفەنگ لە ئێمەیان دەدا و تەقەیان لە ئێمە دەکرد چەند ئافرەتێك بریندار بوون من بە چاوی خۆم بینیم شێتێك ناوی (حسێنیە دین) بوو، پێیەکانی کەلەپچە کرابوو بە سێ سەرباز دەیان هاوێشتە نێو پیکابێك پاشان بردیانە سەر شەقامی گشتی لەوێ لە یەکێك لە پاسەکان سوارکرا.
هاوسەر و باوکم و باپیرەم و خەزور و شووبراکانم و مامم و خالّ و کەسوکارم هەر هەموویان دەستگیر کران و ١٥٠ کەس لە گوندەکەمان گوندی بازێ جینۆساید کراون".

## کاتژمێری دەستیان شکاند

"خەزوریشم کاتێك دەستگیر کرا ئاورێکی لە ئێمە داوە و خەریك بوو ئامۆژگارییەکمان بکات یاخۆد شتێکمان پێ بلّێ، بەلاّم سەربازە دڕندەکان لە بەرچاوی ئێمە دایانە بەر قونداغە تفەنگ و خوێن لە لوتی هات و کاتژمێری دەستیان شکاند و لە بەر دەرگا کاتژمێرەکەی لە دەست کەوتە خوارەوە ئێستاش لە لام ماوە ئەو کاتژمێرە شکاوە. بەم شێوە دڕندانەیە نەیاندەهێشت لە پیاوەکان نزیك ببینەوە ئێمە لە دوایاندا دەچووین ئاو و پارەمان بۆ دەبردن، بەلاّم سەربازەکان ئاوەکانیان ڕژاند و پارەکانیان بۆ خۆیان برد. لە سەر شەقامە گشتییەکە هەموو پیاو و میرمندالّەکان بە زۆری لە پاسەکان سوارکران و پەردەی پاسەکانیان داخست...".

## ئاو و کارەباشیان لە ئێمە بڕی

"پاش ئەوەی گشت پیاوە بارزانیەکان گیران ئێمە بێکەس و هەژار ماین، کاری ئێمە ببووە گریان، نەدەوێراین لە مالّەوە بخەوین، چەند مالّێك لە یەك خانوودا کۆدەبووینەوە تا بەیانی.

دەرگای قوتابخانە و نەخۆشخانەکانیان داخست و ئاو و کارەبایان لە ئێمە بڕی، ئاو نەبوو خۆمانی پێ بشۆین، کانیە کارێزێکی دوور هەبوو نزیکەی کاتژمێرێك دووربوو لە ئۆردووگایەکەمان، بە پێیان دەچوین ئاومان دەهێنا، بەڵام سەربازەکان دەهاتنە سەر ڕێگا و تەنەکەی ئاویان لە سەر شانمان دەڕێشت و تەنەکەکانیان دەقوپاندەوە، هەندێك جار لە دوورەوە تەقەیان دەکرد و گوللەیان بەسەر سەردا دەهاوێشتین بۆ چاوترساندن و تۆقاندنی ئێمە".

## هەر کەسێك شتومەك بە بارزانیەکان بفرۆشێت هەمان چارەنووسیان دەبێت

"بەمەش نەوەستان دواتر گوندەکانی دەوروبەری ئۆردووگایەکەمان ئاگادار کران کە هەر گوندێ یاخۆد هەر کەسێ ئاو و ئازۆقە و شتومەك و هەر شتێکی تر بفرۆشێت و بداتە ئێمە چارەنوسی ئەوانیش وەکو بارزانیەکان دەبێت، کەس نەدەوێرا شتومەکمان پێ بفرۆشێ مەگەر زۆر بە نهێنی.

ئەم ژیانە کۆلەمەرگییە بەردەوام بوو، ئێمەش پەرتەوازە بووین و هەرچی پارە و پولمان بوو خەرجمان کرد و دواتر دەستمان کرد بە فرۆشتنی کەلوپەلی ناو ماڵ، من ئەو کات دووگیان بووم و سکەکەم شەش مانگی بوو، دوای سێ مانگ کوڕەکەم لە دایکبوو، بەڵام چ لە دایکبوونێك بێ باوك بێ ماڵ و حاڵ بێ هەموو شتێك!!".

## کوڕەکەم لە پاش باوکی لە دایك بووە

"کوڕەکەم باوکی خۆی نەبینیوە لە پاش باوکی لە دایك بووە، باوکیشی بەحەسرەتی دیتنی منداڵەکەیەوە ڕۆیشت و ئیتر نەگەڕایەوە، خۆزگە تەنیا باوکی ئەوەندە زیندوو دەبوو کە گریانی یەکەم چرکەساتی منداڵەکەی بدیتایە.

من بەم حاڵە شڕەوە ئەبوایە بە نهێنی بچم کار بکەم بۆ ئەوەی منداڵەکانم بەخێوبکەم چونکە کچەکەشم تەمەنی یەك ساڵان بوو ئەم کوڕەشم لە دایك بوو ئیتر دوو منداڵی ساوا ئەرکی بەخێوکردنیان لە ئەستۆی مندا بوو هەم باوك و هەم دایك بووم".

## ئەترساین لە پیاوانی بەعسی عێراقی

"ئەم منداڵانەم راسپاردەی جیرانەکان دەکرد و ئەچوومە کار، کاری بیناسازی و کارکردن لە کارگەکان و کارکردن لە باخچە و شینایییەکان، دڵم لای منداڵەکان بوو، هەست و بیرم لە لای چارەنوسی هاوسەرەکەم و دەستەکانیشم لە نێو کاری چیمەنتۆ بوو. شەوانە چەندماڵێك لە خانویەکدا ئەنوستین و بە بەردەوامی ئێمەی ئافرەتان پاسەوانیمان لە خۆمان دەکرد، ئەترساین لە پیاوانی بەعسی عێراقی".

## کەس نەبوو گۆڕ لێبدات

"ئێمە تەنیا ئافرەت و منداڵ لەم ئۆردووگایە بە جێمابووین، کاتێك منداڵێك یان ئافرەتێك دەمرد کەس نەبوو گۆڕ لێبدات و مردووەکان بشوات و بیان نێژێت، ناچار ئێمەی ئافرەت بەم هەموو ئەرك و مەراسیمانە هەڵدەستاین.

دواتر بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیان بە نهێنی رووما‌ن کردە ناو شاری هەولێر لە گەڕەکێکی ئەم شارە لە گەڵ چەند ماڵێکی تری بارزانی خانویەکمان بە کرێ گرت، دەچووینە کارگە و کارمان دەکرد".

## بۆ باوکی من تەنیا ئەم وێنە ڕەش و سپییەیە؟

"ڕۆژێك کوڕە بچوکەکەم کە لە بەر دەرگا منداڵەکانی تری بینیبوو ئەیان وت باوکە و دەست لە ناو دەست، کورەکەم هاتەوە وتی دایکە ئەی کوا باوکم؟ بۆ من باوکم نیە؟ بو منداڵی هاوسێمان باوکیان هەیە!! بۆ باوکی من تەنیا ئەم وێنە ڕەش و سپییەیە؟ منیش خۆم پێڕاندەگیرا و بە گریانەوە دەموت کوڕەکەم تۆش وەك ئەمانە باوکت هەبوو، بەڵام بردیان و تا ئێستاش نەگەڕایەوە، کورەکەم چاوەڕێ بوو ڕۆژانە دەگریا دەیگوت دایکە ئەی کەی باوکم ئەگەڕێتەوە، بۆ نایاتە ماڵەوە!!!...".

## دایکی شەو

"لە کارکردن بەردەوام بووین وای لێهات بە نۆرە ئەچوینە سەرکار و هەر ڕۆژە کەسێك لە ئافرەتەکان چاودێری منداڵەکانی دەکرد، منداڵەکانمان ئەیان وت دایکی شەو دایکی ڕۆژ، بە ئێمەیان دەگوت دایکی شەو، چونکە تەنیا بە شەو ئێمەیان دەبینی بەو ئافرەتانەی ڕۆژانە چاودێریان دەکرد ئەیان وت دایکی ڕۆژ. ئێمە جەژن و گەشتوگوزار و نەورۆزمان هەر گریان بوو هیچیتر نا".

## ئەمجارەش بۆ کوێمان دەبەن

"حکومەتی بەعسی عێراقی و پیاوانی ئاسایش بەمەش نەوەستان بۆیە بەرەبەیانێکی زوو چەند ئۆتۆمبێلێکی سەربازی هاتن هەر چوار لای ئەو خانوویەی ئێمەی تێدا بووین گیرا و شەقامەکانیش داخران و بە ناو خانووەکانمان کەوتن و ئێمەیان خستە نێو ئۆتۆمبێلەکان و نەمانزانی ئەمجارەشیان بۆ کوێمان دەبەن، تەنانەت ڕێگەیان نەدا دراوسێیە هەولێریەکانمان نزیکمان ببنەوە ئێمەیان برد، لە شوێنێکی نزیك موسڵ کە دەشت و دەر بوو ئێمەیان لەوێ فرێدا و سەربازەکان پاسەوانیان لە ئێمە دەکرد. هەموو ئافرەت و منداڵ بووین ئەوانەی گەڕەکەکانی هەولێر هەموویان هێنرانە ئەم شوێنە، دواتر بینیمان پاسەوانەکانیش کەمتەرخەمن و ئەرۆیشتن و ئەهاتنەوە، بۆیە بە نهێنی لەم شوێنە ڕامان کرد، بەڵام هیچ ماڵ و حاڵ و شوێنمان نەبوو، نەمان دەزانی بەرەو کوێ بڕۆین، دواتر بڕیارماندا بە ناچاری بگەڕێینەوە ئۆردووگای قودس لە قوشتەپە، کە چووینە ئەم ئۆردووگایە چۆڵ بوو کەسی لێ نەمابوو، نەمانزانی ئەم خەڵکە بۆ کوێ براون و چارەنوسیان لە کوێیە و چیان بە سەر هاتووە، دوای چەند ڕۆژێك بینیمان ناوە ناوە هەندێك لە خەڵکەکە گەڕانەوە ئۆردووگاکە، دواتر کە لێمان پرسین، ئەوانیش وەك ئێمە دەستگیر کرابوون و لە چەند پاس و ئۆتۆمبێلی زیلی سەربازی کرابوون و بەرەو ناوچە سنووریەکانی نێوان تورکیا و ئێران بردرابوون و لەوێ لە گێڵگەیەکی بەمین ڕێژکراوی سەر سنووری تورکیا لە دەڤەری بارزان لە ناوچەی شێروان مەزن،

لە نزیك گوندی چامە ئەم ئافرەت و منداڵانەش فرێدرابوون و پێیان راگەیەندرابوو كە بەرەو ئێران یان توركیا بڕۆن و كەسوكارتان پێشمەرگەن و ئێوەش شوێنتان لێرە نەماوە، ئەگەر بگەڕێنەوەش دەكوژرێن...".

## هەموویان بێ ناو و بێ ناونیشانن

"بەردەوام ئێمە لە چاوەڕوانیدا بووین كە ڕۆژێ لە ڕۆژان خۆشەویستانمان بگەڕێنەوە، بەڵام بە داخەوە پاش ئازادكردنی عێراق و لە ناوچونی حكومەتی بەعسی عێراق و سەدام حوسێن و دارودەستەكەی، لە ساڵی ٢٠٠٥ بە دواوە هەندێك لە ڕۆفاتی ئازیزانمان لە گۆڕەبەكۆمەڵەكانی بیابانەكانی باشووری عێراق هێنرانەوە، نازانم كامیان هاوسەرمە و كامیان باوكم و كامیان خەزورمە، بەڵام هەر هەموویان كەسوكارمن لە گۆڕستانێكی تایبەت لە بارزان نێژراونەتەوە، بە بەردەوامی سەردانی گۆڕەكانیان دەكەین و نازانین گوڵ بۆ كام گۆڕ ببەین هەموویان بێ ناو و بێ ناونیشانن و كێڵەكانیان سپین، جل و بەرگ و كەلوپەلەكانیان لەوێ نمایشكراون دوا ئومێد و یادگاری خۆشەویستانمانن".

## بە جامانەی سەریان چاوی هەندێكیان بەستراوە

"لە جل و بەرگیانەوە دیارە بە چ شێوازێكی دڕندانە و بە كۆمەڵ كوژراون و زیندەبەچاڵ كراون، بە جامانەی سەریان چاوی هەندێكیان بەستراوە و بە پشتێنەكانیان دەستیان لە پشتەوە گرێدراوە و دواتر گوڵلە بارانكراون، خوا ئەزانێ چەندیان زیندوو بوونە لە نێو گۆڕەكاندا، بە چ جۆر و شێواز و ئەشكەنجەیەك گیانیان لە دەستداوە...".

باسی سێیەم

# تراژیدیایەك لە جینۆسایدی ئێزیدیەکان

## چیرۆکەکانی شنگال تاوانی جەنگ و دژ بە مرۆڤایەتی دەردەخات

قڕکردنی کوردی شنگال بە (ئێزیدی و موسڵمان و شەبەك و کریستیان)ەوە جینۆسایدێکی دیکەی خەڵکی سڤیلی کوردستان بوو، کە نەك هەر کەرامەتی کوردستان، بەڵکو هەموو جیهانی بریندار کرد. ئەو تاوانە دژ بە مرۆڤایەتییانەی چەکدارانی تەکفیری و تیرۆریستی دەوڵەتی ئیسلامی ناسراو بە داعش، دەریخست بە هیچ شێوەیەك چاویان بە ئارامی ئەم هەرێمە و پێکەوە ژیانی ئایین و ئایینزا و نەتەوەکانی کوردستاندا هەڵنایەت. بۆیە بەو پەڕی وەحشیگەرییەوە هەوڵی پاکتاوکردنێکی دیکەی کوردستانیان دا و جگە لە ڕەشەکوژی و ئاسمیلەکردن و کۆمەڵکوژی و ڕفاندنی کچان و فرۆشتنیان، سەدان هەزار هاووڵاتی کوردستانیان لە شنگال ئاوارە کرد، کە ژمارەیەکی زۆریان لە پارێزگای دهۆك داڵدە دراون.

لە ناو قوتابخانەیەکی شاری دهۆك زیاتر لە ٤٠ خێزانی ئاوارەی کوردی ئێزیدی نیشتەجێ کراون. هەرکام لەو خێزانانە چیرۆکی ژیانیان تراژیدیایەکی دڵتەزێنە و لە نێویاندا چەندین منداڵی بێ باوك کراو دەبینرێن، کە تا هەنوکەش ڕۆژانە مرواری فرمێسك بە سەر گۆنای ئاڵیاندا گلۆر دەبێتەوە.

### باوکمیان لە ئۆتۆمبێلەکە دەرهێنا و کوشتیان

دوعا کچێکی تەمەن نۆ ساڵە و باسی ئەوە دەکات کە لە بەردەم خۆی و دوو خوشك و دوو برایدا چەکدارانی داعش باوك و دوو مامیان کوشتووە. ئەو منداڵە چاوگەشە کە خەم و پەژارە هەموو ڕوخساری داپۆشیبوو، بە ناو هەنیسکی گریاندا گوتی:"باوکمیان لە ئۆتۆمبێلەکە دەرهێنا و کوشتیان، کاتێك هەردوو مامەکەم

دابەزین، تا فریای باوکم بکەون، ئەوانیشیان دایە بەر گوللە و هەموو گیانیان خوێناوی بوو، هەڕەشەیان لە براکانیشم کرد و پێیان وتن: ئەگەر لێرە نەڕۆن، ئێوەش دەکوژین".

دوعا کە دەستی دوو خوشکەکەی گرتبوو، بە گریان و شیوەنێکی دایکانەوە گوتی:" زۆر بیری باوکمان دەکەین، خوشکەکانم بە بەردەوامی دەگرێن، هەر داوای باوکم دەکەن، ئاخر ئەو نەبێت، ئەی کێ خواردنمان بۆ دەهێنێت؟".

وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە قورسەی (دوعا) زۆر دژوار بوو. ناچار لەگەڵ هەنبانەی خەمەکانیدا بە جێمان هێشت.

لە درێژەی سەردانەکەماندا چەند ئاوارەیەکی دیکەی دەڤەری شنگالمان بەسەرکردەوە کە لەو باڵەخانانەی ناو شاری دهۆك نیشتەجێ ببوون. بیناکان تەنیا هەیکەلەکەی تەواو ببوو، بە هیچ شێوەیەك بۆ نیشتەجێ بوون گونجاو نەبوون، ئەوان بەوەش رازی بوون، بەڵام هاتنی وەرزی پایز و زستان، مەترسی زۆری بۆ دروست کردبوون.

## داعشەکان بە دۆشکە و بە بێ بەزەییانە تەقەیان دەکرد

وەعد خەلەف، وەك خۆی باسی کرد خەڵکی گوندی (تەلبەنات)ـە. ئەو بە نیگەرانییەکی زۆرەوە گوتی:"هێرشی داعش و جاشە عەرەبەکانی گوندەکانی دەوروبەرمان بە شێوەیەك وا درندانە بوو کە لە مێژوودا وێنەی نەبووە، ئێمە لە خەودا بووین، لە دەنگی بۆردومانی هاوەن و تۆپ بە خەبەر هاتین، داعشەکان بە دۆشکە و بە بێ بەزەییانە تەقەیان لە گوندەکەمان کرد، هەموو خەڵك بە منداڵ و ئافرەت و گەنج و بەساڵاچوو ترسابوون و هەڵدەهاتن، ژمارەیەکی زۆریش لە ئافرەت و منداڵ و پیاوی بەساڵاچوومان لێ بزر بوو، هەندێك دەڵێن: ئەوان دەست داعش کەوتوون و گوللەباران کراون".

هەر سەبارەت بە بێ سەروشوێنکردنی کوردەکانی شنگال، خەلەف فەرید گوتی:"خزم و کەسوکارم لە ناو ئەو کەسانەدان کە لێمان دابڕاون و ژمارەیەکیان

سۆراخیان هەیە، بەڵام ژمارەیەکی تریان لە لایەن داعشەوە بێ سەروشوێنکراون و باس لە کوشتنیان دەکرێت".

## خانووەکانیان سوتاندووە

ئەو کوردە شنگالییە باس لە سووتان و بە تاڵانبردنی ماڵەکانیان دەکات و دەڵێت:"عەرەبەکانی نزیك گوندەکانمان هەڵساون بە تاڵانبردنی کەلوپەلی زۆر لە ماڵەکانمان و تەنانەت زۆر لە خانووەکانیان سوتاندووە، تاوەکو جارێکی تر کورد نەچێتەوە ئەو شوێنانە، لەمەشدا زۆر لە هۆزە عەرەبەکان دەستیان هەبووە".

## بێ باوك لە ژیانێکی سەختی ئاوارەییدان

عەباس عیدۆ هاووڵاتییەکی دیکەی ئاوارەیە و ئەویش بەم جۆرە باسی لە بێ سەروشوێنکردنی براکەی کرد و گوتی:"براکەم باوکی چوار کوڕ و سێ کچە لە لایەن داعشەوە براوە و بێ سەروشوێنە و چارەنووسی نازانین، منداڵەکانی لە بارێکی دەروونی زۆر خراپدان و بە بێ باوك لە ژیانێکی سەختی ئاوارەییدان".

## لە سەر چیای شنگال بە بێ نان و ئاو بووین

کاریگەرییەکانی ڕۆژانی نەهامەتی و نەهات و مەینەتەکانی سەر چیای شنگال، بە ئاسانی لە زەینی کوردی شنگال ناسڕێتەوە. ئەوان بیرەوەرییەکی زۆر تاڵیان لەو ڕۆژانە هەیە. ئەوەتا ئەلیاس باپیر کە لاوێکی ئێزیدیە دەڵێت:"بە درێژایی شەش ڕۆژ لە سەر چیای شنگال خەڵکی بە بێ نان و ئاو و لە ژێر پلەیەکی گەرمای بەرز لەگەڵ مەرگ ڕووبەڕوو دەبوونەوە، ژمارەیەك لە منداڵ و ئافرەت و بەساڵاچوو مردن، کۆمەك و یارمەتیەکانیش بەشی ئەو ژمارە زۆرەی ئاوارەکانی نەدەکرد، ئێمە بە گەنمی کوڵاو (دانوولە) منداڵەکانمان لە مردن ڕزگار کرد".

## چارەنووسی دایك و باوكم نازانم

ئەلیاس رەشۆ یەکێکە لەو هەزاران ئاوارەیە و ئەویش بە نیگەرانییەکی زۆرەوە بەسەرهاتی خۆی دەگێڕێتەوە و دەڵێت:"دایك و باوكم لە چیای شنگال بە جێماون و چارەنووسیان نازانم، من زیاتر لە عەرەبە سوننەکان دەترسم کە بوونە داعش و ئازاریان بە ئێمە گەیاند، ئەوان پێشتریش لە ئەنفالی کورد بەشداربوون و شارەزاییان لە قڕ کردنی کورددا هەیە".

## دیسان عەرەبەکان دەستیان بە خوێنی ئێمە سوور بوو

حەمۆ خەلیل خەڵکی گوندی سیبا شێخ خدرە، ئەویش خۆی و خانەوادەکەی قوربانی تاوانەکانی داعشن، بەڵام وەك خۆی باسی کرد، زیاتر لە چەکدارانی داعش، رقی لە عەرەبەکانی ناوچەکەیان هەڵگرتووە، بۆیە دەڵێت:"دیسان عەرەبە خۆفرۆشەکان دەستیان بە خوێنی گەنج و منداڵ و ئافرەت و بەساڵاچووی ئێمە سوور بووە، بە درێژایی ئەو ڕێگەیەی لێی هەڵهاتین، دەیان لاشەی خەڵکی خۆمان دەبینی، خەڵکی بە لێشاو ڕایان دەکرد و زۆربەیان دەگریان، ئەمڕۆ باری تەندروستی و شوێنی نیشتەجێبوونمان ئارامی نەکردووین، ونبوونی ئازیزانیشمان خەمێکی زۆر گەورەیە، ئەوەتا باوکم تەمەنی ١٠٠ ساڵە تا ئێستا هەواڵی نازانم، من وامدەزانی لە گەڵ براکانم هەڵهاتووە، کەچی لەوێ ماوەتەوە".

## کچە پێنج ساڵانەکەم بە گوللە هاوەن کوژرا

یەکێك لە گرفتەکانی خێزانە شنگالییەکان بوونی منداڵێکی زۆری پەککەوتووی خاوەن پێداویستی تایبەتە، دەخیل خدر کە باوکی منداڵێکی ئیفلیجە و لە ناو بەرد و داری باڵەخانەیەکدا نیشتەجێیە، بە چاوی پڕ لە فرمێسکەوە گوتی:"لە بۆردومانەکەی شنگالدا، غالیەی کچە خنجیلانەکەم کە تەنیا پێنج ساڵ تەمەنی بوو، بە هۆی هاوەنەکانی داعشەوە لە حەوشەی ماڵەکەم کوژرا، تەنیا کچە کەمئەندامەکەم بە هاوکاری هێزی پێشمەرگە دەرباز کرا، ئێستاش ژیان لەم شوێنە

سەختە بۆ منداڵێکی پەککەوتە، هیچ ڕێکخراو و لایەنێکیش بە هانای کچە نەخۆشەکەم نەچووە".

## بیری باوکم دەکەم

هەر لەو ئاوارانە خێزانێکمان دواند کە باوکیان پێشمەرگەیە و لە گەڵ (قاسم شەشۆ) لە چیا ماوەتەوە، کوڕێکی تەمەن ١٢ ساڵی ئەو پێشمەرگەیە پێی وتین:"زیاتر لە مانگێکە باوکم نەبینیوە و چووەتەوە چیا، زۆر بیری دەکەم، دایکم دەڵێت: باوکتان پارێزگاری لە کوردستان دەکات، بۆیە داوا لە خوا دەکەم ئەویش و هەموو پێشمەرگەکان بپارێزێت".



سەروکی هەرێمی کوردستان "مسعود بارزانی" لە مەراسیمی ناشتنی بارزانیە جینۆسایدکراوەکان



ناشتنی بارزانیە جینۆسایدکراوەکان قۆناغی دووەم ٢٠١٤



**باوکە!! خوزگە هەمیشە منداڵ دەبوم و هەرگیز لە ڕامانی جینۆسایدی ئێوە نەدەگەیشتم**



**باوکان لە نێو ماڵ و منداڵەکانیان دەستگیرکران و ئیتر نەگەڕانەوە**



ڕوخسارە ماندبووەکان، بارزانیە کرێکار و جینۆسایدکراوەکان



ئۆردووگایەکی تایبەت بە بارزانیەکان لە بیابانەکانی باشووری عێراق



کرێکارە جینۆسایدکراوەکان



باوکان بەر لە جینۆسایدکردنیان

## دەقی دیکۆمێنتی ژمارە(١٦)وەك خۆی

اخبار المعلومات الاولى

العدد / ١٥ / ١٩٨٣ محافظة بغداد

تاريخ وساعة الاخبار / ١ / ٨ / ١٩٨٣ مديرية أمن محافظة بغداد

| تاريخ وساعة الاخبار | محل الحادث | وصف الجريمة والاموال المسروقة | اسم ومحل سكن المشتكي / المدعي او المخبر |
| --- | --- | --- | --- |
| ١ / ٨ / ١٩٨٣ | بغداد / اربيل<br>جاج عمران | جريمة موصوفة وفق المواد ١٥٩ / ١٦٢ / ١٧٥ ق ع | الحق العام |

افادة مخبر او المدعي والاجراءات المتخذة من قبل الامن :-

ورد لنا معلومات مفادها بأن المتهم حسن محمد شيرو أخذ يجمع اتباعه من المؤيدين للمجرم الهارب مسعود البرزاني مسؤول ما يسمى بالحزب الديمقراطي الكردستاني العميل وتهيئتهم لمساعدة العدو الايراني وفعلاً تم ذلك واتصل بالاشخاص المدرجة اسمائهم ادناه واخذ يجمعون المعلومات العسكرية المهمة وتسليمها الى العدو الايراني كما انهم ارشدوا احد ضباط العدو الايراني قبل الهجوم على حاج عمران حيث قام الضابط المذكور بجرد المنطقة وتعيين المناطق التي توجد فيها حراسات وربايا خفيفة ورصد الوحدات العسكرية المتواجدة هناك كذلك تامر بعمليات تخريبية من شأنها مساعدة العدو الايراني للدخول الى الاراضي العراقية لذى عرض القضية على السيد قاضي تحقيق الامن قرر قطع اخبار المعلومات وتوقيف المتهمين بحقهم وفق المواد ( ١٥٩ و ١٦٢ و ١٧٥ ) من ق ع واصدار امر بالقبض بحق الهاربين رقم غيابيه مستقلة بحقهم لحين القبض عليهم ولا زالت التحقيقات مستمرة .. مع التقدير .

موقع / نقيب الامن
ضابط تحقيق أمن بغداد

يتبع لطفاً

## دەقی دیکۆمێنتی ژمارە(١٧)وەك خوی

بسم الله الرحمن الرحيم
الجمهوريه العراقيه
وزارة الداخليه
مديرية الامن العامه

النصر لقادسية
صدام

سري

العدد/ ٤٥/ت/ ٢ ٥ ٩ ١٥
التاريخ / ٢٩ / ١ / ١٩٨٤

الى / مديرية ٦٤
م / طلب معلومات

كتابكم / ق٣/ ٧٢٦٠ في ١٩٨٠/٢/١٤
يرجى تزويدنا بالهويه الكامله واللقب وما مسجل لديكم من معلومات ضد
المدعو زهير علي زهير ...

واعلامنا بالسرعه الممكنه رجاء ....

م/ مدير ٤٥

٨٠ ٢٢ م ٨٠

صورة طبق الأصل

# دەقی دیکۆمێنتی ژمارە(١٨)وەك خوی

اخبار المعلومات الاولي

العدد / ١٩٨٣/٤/
تاريخ وساعة الاخبار

المحافظة / بغداد
مديرية امن محافظة بغداد ش ٣١

| تاريخ وساعة الحادثة | محل الحادثة | وصف الجريمة والاموال المسروقة | اسم ومحل سكن المخبر |
|---|---|---|---|
| ١٩٨٣ | بغداد / اربيل | جريمة موصوفة وفق المواد ١٥٩/١٦٢/١٧٥ ق ع | الحق العام |

افاد المخبر او المدعي والاجراءات المتخذة من قبل الامن :

ورد لدا معلومات مفادها بان المتهم محمد امين صالح ناصر اخذ يجمع اتباعه من الموعدين للمجرم الهارب مسعود البرزاني واخوه ادريس وذلك لتهيأتهم لمساعدة العدو الايراني وفعلا تم ذلك واتصل بالاشخاص المدرجه اسمائهم ادناه واخذوا يجمعون التبرعات وذهبوا الى المنطقة الشماليه وارشدوا اعداء ضباط العدو الايراني وذلك قبل الهجوم الاخير على عمران حيث قام الضابط المذكور بجرد المنطقة وتبين المناطق التي لا توجد فيها حراسات والربايا الضعيفة ورصد الوحدات العسكرية المتواجده هناك وكذلك قاموا بعمليات تخريبيه من شأنها تساعد العدو الايراني لدخول الاراضي العراقيه .. ولا زالت التحقيقات مستمرة ... مع التقدير .

موقع/رائد الامن
ضابط ش ٣١

الاسماء

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١. | احمد حسين محمد | ٢. | جادر حسن عبد الله |
| ٣. | ظاهر محمد ابراهيم | ٤. | محمد نوري ظاهر |
| ٥. | ديوالي محمد غزالي | ٦. | زبير نعمه غزالي |
| ٧. | فاخر نور الدين محمد صديق | ٨. | عمر غزالي حسين محمد |
| ٩. | بايزيد عثمان محمد | ١٠ | محي الدين محمد امين |
| ١١ | اسعد حسن محمد | ١٢ | علي فرطاس مصطفى |
| ١٣ | عمر طاهر عبد الرحمن | ١٤ | حسن علي ياسين |
| ١٥ | محمد ميرخان سعيد | ١٦ | محمد محي شريف |
| ١٧ | خدر خالد رعيسى | ١٨ | نظمي خال ملا عزيز |
| ١٩ | عادل يونس مصطفى | ٢٠ | عادل حسين ملا |
| ٢١ | عزيز عبد الرحمن محمد | ٢٢ | رمضان محمد يحيى |
| ٢٣ | عبد الله احمد محمود | ٢٤ | شفيق سعيد محمد طاهر |
| ٢٥ | عمر شيخو نوري | ٢٦ | علي محمد احمد |
| ٢٧ | طاهر محمد حسين | ٢٨ | خليل محمود عثمان |
| ٢٩ | دسكو طاهر طه | ٣٠ | عبد العزيز ياسين غزالي |
| ٣١ | محمد امين صالح ناصر | ٣٢ | صالح اسماعيل مشختي |

( يتبع لطفاً )

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٣ | حسين محمد حسن | ٣٤ | محمد عمر حمد |
| ٣٥ | عبد الرحمن مصطفى مصطفى | ٣٦ | محمود عثمان تبسي |
| ٣٧ | خزيران عزيز عمر | ٣٨ | شفيق صبري رمضان |
| ٣٩ | عبد الرحمن محمود غفوري | ٤٠ | احمد محمود غفوري |
| ٤١ | اسماعيل حسن صالح | ٥٢ | سليمان احمد سليمان |
| ٤٣ | عزيز درويش محمد امين | ٤٤ | اسعد عمر محمود |
| ٤٥ | ميرخان محمود امين | ٤٦ | قاسم عمر غزالي حسين |
| ٤٧ | عيسى عجبي عيسى | ٤٨ | زبير اسماعيل مصطفى |
| ٤٩ | نعمه غزالي حسين | ٥٠ | عارف حسن بارشين |

نسخه منه الى /

رئاسة الجمهورية ـ السكرتير
رئاسة ديوان رئاسة الجمهورية ـ دائرة ،، شؤون قانون السلامه الوطنية
وزارة الداخلية ـ المكتب الخاص
رئاسة محكمة الثورة
السيد مدير الامن العام
حاكمية تحقيق الامن

راجين التفضل بالاطلاع مع التقدير

مديرية ٣٢
مديرية ٤٥
مديرية امن بغداد ١١

للتفضل بالاطلاع والتأشير رجاء

## دەقی دیکۆمێنتی ژمارە(١٩)وەك خوی

بسم الله الرحمن الرحيم

الجمهورية العراقية
وزارة الداخلية
مديرية الامن العامة
مديرية امن منطقة الحكم الذاتي
ـ ق ٠ س ـ

العدد ١٢٧٧٧
التاريخ / / ٩٨٦/٧/٢٧

الى / مديرية الامن العامه ـ ٤٥ ش٠م
م / بيـــــان راى

كتابكم المرقم ١٧٨٨٥٧ في ٦/ ٧/ ٩٨٦
المذكور بدعي فرحان شيخو محمد البارزاني تولد ٩٥٦ يمكن اربيل مجمع القدس من القوميه الكرديه ـ مهنته عامل اهلي ـ والدته مريم حسن عبد الله عام ٩٨٢ التحق مع زمرة الحزب الديمقراطي الكردستاني العميل ولم يعد لحد الان ـ نرتاى اصدار امر القبض بحقه ـ مع التقدير ....

مدير الامن
م/ م ٠ ع لمنطقة الحكم الذاتي

ز ن / ...

## دەقی دیکۆمێنتی ژمارە(٢٠)وەك خوی

برقية سرية

وقت الانشاء ويومه

١٦/١١/٨٦

من / امنعــــام

الى / قائمة التبليغات ( أ) عدا ( ب و ج )

المنشئ / ٤٥ ش٠ م / ٥٥٧٨٨٤ ظهر إلقاء القبض بحق المدعو ( فرحان شيخو محمـــــد البرزاني ) حال دخوله القطر أوتواجده فيه تولد ١٩٥٦ ـ مهنته عامل اهلي يسكن اربيل مجمع القدس من القوميـــــة الكردية والدته تدعى مريم حسن عبد الله (٠) لاتخاذ مايلزم

عقيد الأمن
م / مدير الامن العام

نسخة منه الى :ـ

مديرية أمن منطقة الحكم الذاتي /كتابكم /١٢٧٧٧ في ١٩٨٦/٨/٢٧ للعلم مع التقدير

ف١ / لابرا قيها رجـــــاء٠٠

قسم التحويل مع القيد لاجراء اللازم ٠

## دەقی دیکۆمێنتی ژمارە(٢١)وەك خوی

رئاسة محكمة الثـــــورة

( بغداد )

عدد الدعوى :-١٧٢٢/ج/١٩٨٣

التاريـــخ :- ١٩٨٣/١٢/٤

قرارالحكـــــم

تشكلت محكمة الثورة بتاريخ ١٩٨٣/١٢/٤ برئاسة السيد عواد حمد البندر وعضوية العقيد الحقوقي داود سلمان شهاب والمقدم الحقوقي طارق هادي عكر واصدرت باسم الشـــعب القرارالاتي :-

الحكم على كل من سلمان ابراهيم قلي وعثمان احمد مام رش وسليمان عبد الله ابراهــيم والياس عريف محمد البارزاني وقادر رمضان احمد وصبري عيسى احمد وفرهاد عبد اللـــه جيجو البارزاني وعبد الرزاق محي الدين حمد امين وقلي ولي محمد البارزاني وجيجـــو بابكر سعيد بن وكيسي زبير حاجي ومجيد صالح زيدا وحسن بابير حمد وعزت عثــمان درويش ودرويش عزت عثمان درويش البارزاني وصبري ابراهيم يونس البارزاني وعلي احمـــد مصطفى وبابكر سعيد بن ياسين البارزاني وسليمان ملا درويش البارزاني وعثمان ســـليمان عبد الله البارزاني وصبري بكر سليمان البارزاني وحسن سعدي اومر البارزاني وعبـــد عثمان رش اغا وبابير حسن بابير البارزاني وبكر محمود عيسى البارزاني وسليمان ذيـــاب سليمان البارزاني ومحمد قلي سعيد البارزاني وكاويس عزت عثمان درويش ومحمد ملاك لا و وسعيد عبد الله عريف البارزاني واسماعيل محمد شاكر البارزاني واحمد طاهر عزو البارزانـــي وعلي ابراهيم محمد البارزاني وصبري حسن محمد وعلي حسن عبد الله البارزاني وازور بشير محمد وطه صالح طه ومحمد ابو بكر علي وشوجه محمد حسين ويونس الله سعيد وحسين كريــم ملكو وعثمان قلي عبد الله البارزاني وصابر عبد الله ملا يوسف البارزاني ومحمد امين ابراهــيم فرطاس ويونس عبد الله رحمن وكريم حمد و احمد البارزاني وجميع احمد جميم البارزانـــي وعيتو مصطفى ملا وعبد الله اسعد فرحن بالاعدام شنقا حتى الموت وفق المـــــواد ٥٩ او٢٢ او٦٦ او١٧٥ /٢ من ق ع ومصادرة اموالهم المنقولة وغير المنقولة .
٤٩ و٥٠ و٥٣

قرار اصدر باتفاق الاراء وافهم علنا في ١٩٨٣/١٢/٤

| | | |
|---|---|---|
| المقدم الحقوقي<br>طارق هادي عكر<br>عضو | العقيد الحقوقي<br>داود سلمان شهاب<br>عضو | عواد حمد البندر<br>رئيس محكمة الثـــورة |

عشرة نسخ فقط

# دەقی دیکۆمێنتی ژمارە(٢٢)وەك خوی

رئاسة محكمة الثـــــــورة

( بغداد )

عدد الدعوى :- ١٧٧٣/ج/١٩٨٣

التاريـــخ :- ٤/١٢/١٩٨٣ قرارالادانـــــة

تشكلت محكمة الثورة بتاريخ ٤/١٢/١٩٨٣ برئاسة السيد عواد حمد البندر وعضوية العقيد الحقوقي داود سلمان شهاب والمقدم الحقوقي طارق هادي شكر واصدرت باسم الشعـــــب القرارالاتي :-

احال السيد رئيس الجمهورية بموجب امرالاحالة المـرقم ٢٣/١٠٦١ في ١٩/١٠/٨٣ القضية المرقمة ٦١/٨٣ امن بغداد ش٣ الخاصة بالمتهم سليمان ابراهيم فقي وجماعتـــه لاجراء محاكمتهم وفق احكام المواد ١٥٩ و ١٦٢ و ٢/١٧٥ من ق ع

ولدى اجراء المرافعة والاستماع الى مطالعة المدعي العام النقيب الحقوقي هاشم طه حمد الذي طلب محاكمتهم وفق مواد الاحالة

استمعت المحكمة الى افادة المتهمين

وبالتدقيق والمداولة تبين مايلي :- بتاريخ ١٨/٩/١٩٨٢ قبض على المتهمين كل من سليمان ابراهيم فقي وشوان احمد مام رش وسليمان عبد الله ابراهيم والياس عريف محمد البارزانـــي وقادر رمضان احمد وصبري عيسى احمد وفرهاد عبد الله جمجو البارزاني وعبد الرزاق محي الدين محمد امين وفقي ولي محمد البارزاني وجمجو بابكر سيرو بن وبكسي زبير حاجـــي ومحمد صالح زورا وحسين بابير حمد و وعزت خان درويش ودرويش عزت خان درويش البارزاني وصبري ابراهيم يونس البارزاني وعلي احمد مصطفى وبابكر سيرو بن البارزاني وســـليمان ملا درويش البارزاني ورمضان سليمان عبد الله البارزاني وصبري بكر سليمان البارزانـــي وحسن سعدي آوبر البارزاني ومحمد شيوان رش اغا وبابير حسن بابير البارزاني وبكـــر محمد عيسى البارزاني وسليمان ذياب سليمان البارزاني وحمد فقي سعيد البارزانـــي وكاويس عزت خان درويش ومحمد ملا لك لا و وسعيد عبد الله عريف البارزاني واسماعيل محمــد شاكر البارزاني واحمد طاهر عزو البارزاني وعلي ابراهيم محمد البارزاني وصبري حسن ـ محمد وعلي حسن عبد الله البارزاني وازور بشير محمد وطه صالح طه ومحمد ابو بكرطـــي وخوجه محمد حسين وقيس الله سعيد وحسن كريم ملكو وعثمان فق عبد الله البارزانـــي وصابر عبد الله ملا يوسف البارزاني ومحمد امين ابراهيم قرطاس ويونس عبد الله رحمـــن وكريم حمد و احمد البارزاني وجمج احمـــد جمج البارزاني ومعتو مصطفى ملا وعبد اللـــه احمد فرعس لانتمائهم الى زمرة التخريب ( جماعة المجرمين مسعود وادريس البارزانـــي )

عشرة نسخ فقط — يتبع ص٢ لطفا — الرئيس

تابع للقرار المرقم :- ١٧٧٢/ج/ ١٩٨٣ -٢-

---

بتزويد المخربين بالمعلومات عن الوضع داخل القطر وخاصة القضايا العسكرية والاقتصادية والمنشآة الحيوية وتجنيد انفسهم خدمة لجهات اجنبية اوعزت لهم بالتنسيق مع العدو الفارسي العنصري بالرغم من علمهم بعدم شرعية ذلك.

ومن سير التحقيق القضائي والمحاكمة الجارية اعترفوا جميعا بالتهمة المسندة اليهم وبان المتهم شوان مام رش بانه اخذ يجمع اتباعه من الموالين للمجرم ادريس البارزاني وذلك لتهيأتهم لمساعدة العدو الايراني وفعلا تم ذلك واتصل بالمتهمين اعلاه واخذوا يجمعون التبرعات وذهبوا الى المنطقة الشمالية وارشدوا احد ضباط العدو الايراني قبل الهجوم الاخير على حاج عمران حيث قام الضابط المذكور باستطلاع المنطقة وتعيين المناطق التي لا يوجد فيها حراسات والربايا الضعيفة ورصد الوحدات العسكرية المتواجدة هناك كما اعترفوا بقيامهم بعمليات تخريبية من شأنها مساعدة العدو الايراني للدخول في الاراضي العراقية مثل ضرب الربايا العسكرية واعاقة تقدم القطعات العسكرية لصد الهجوم الايراني اضافة الى اعمال تخريبية اخرى متنكرين لتربة الوطن ولعطاء الثورة لجماهير شعبنا الكردي من خلال الحكم الذاتي والازدهار الذي عم المنطقة الكردية في شمال الوطن الحبيب في جميع مناحي الحياة خدمة للاجنبي الذي اوعز لهم لغرض التملص من السلطة الثورية في العراق عليه ما تقدم تأيد للمحكمة بان المتهمين اعلاه قد ارتكبوا فعلا ينطبق واحكام المواد ٥٩ و ٦١ و ٦٢ و ١٧٥ / ٢ من ق ع تقرر ادانتهم بموجبها وتحديد عقوبتهم بمقتضاها

قرار اصدر باتفاق الاراء وافهم علنا في ٤/ ١٢/ ١٩٨٣

| | | |
|---|---|---|
| المقدم الحقوقي | العقيد الحقوقي | فؤاد حمد المندر |
| طارق هادي شكر | داود سلمان شهاب | رئيس محكمة الثورة |
| عضو | عضو | |

عشرة نسخ فقط

## دەقی دیکۆمێنتی ژمارە(٢٣)وەك خوی

بسم الله الرحمن الرحيم

رقم الواردة :

٩٨٢/٤/١٧٧٦

الجمهورية العراقية
ديوان رئاسة الجمهورية
دائرة شؤون قانون السلامة الوطنية

الرقم ٢٣/١٥٦٤
التاريخ ١٩٨٣/١٠/١٩

ســـــري
رئاسة محكمة الثـــــــورة
/ قرار احالـــــة /

بالنظر لتوفر اسباب الاحالة في القضية التحقيقية المرقمة ١٤ /١٩٨٣ ( امن بغداد /ش ٣) الخاصة بالمتهمين المدرجة اسماؤهم ادناه واستنادا الى ( اولا ) من قرار مجلس قيادة الثورة رقم ٥٦٥ في ١٩٧٩/٤/٣٠ والفقرة الثالثة من المادة الثامنة من قانون معاقبة المتآمرين على سلامة الوطن ومفسدى نظام الحكم رقم ٧ لسنة ١٩٥٨ المعدل •

قررنا احالة المتهمين المذكورين على محكمتكم لاجراء محاكمتهم عن التهم المسندة اليهم وفق المواد ١٥٩ و١٦٢ و١٧٥ /٢ ق•ع•

مطيه القضية المحالة لاتخاذ مايلزم واعلامنا •

صدام حسين
رئيس الجمهورية

اسماء المتهمين

١) خيرالله عادل محمد
٢) فقو كريم ظاهر البارزاني
٣) صبرى فقي ياسين البارزاني
٤) ابراهيم كلحو رشيد البارزاني
٥) غريب محمد حسن البارزاني
٦) عمر محمد احمد البارزاني
٧) علي عبدالله بسي
٨) محمد عزيز محمد البارزاني
٩) مير عمر صوفي سليمان
١٠) خال ملا عزيز درويش البارزاني
١١) بابكر مصطفى محمد
١٢) نوري محمد علي شماشه
١٣) صبرى صارم محمود البارزاني
١٤) علي طه عزيز البارزاني
١٥) خوشوى سليم عيسى
١٦) امرالله عبدالله قسيم
١٧) شعدين رشيد شعدين
١٨) سليم اسماعيل سليم
١٩) نبي ميرو نبي البارزاني
٢٠) فقو محمد ابراهيم
٢١) حبيب صوفي درويش البارزاني
٢٢) فائق عمر عثمان
٢٣) هادى لا وفقي ابراهيم البارزاني
٢٤) حيدر اسماعيل صالح
٢٥) عبدالله شعيت ريسي
٢٦) زيدين طه عزيز

/ يتبع /

بسم الله الرحمن الرحيم

ختم الواردة

الجمهورية العراقية
ديوان رئاسة الجمهورية
دائرة شؤون قانون السلامة الوطنية

الرقم ..............................
التاريخ ..............................

٢٧) ابراهيم حسن بوبكـــــر
٢٨) هاشم عبد الله شـــــــعيت
٢٩) طلعت ناصر خورشــــيد
٣٠) خليل احمد يونس البارزانــــي
٣١) يحيى يحيى صالح البارزاني
٣٢) عبد الله فارس عبد اللـــــــه
٣٣) احمد حسين عـــــــــمر
٣٤) بابكر صوفي درويش البارزانــــي
٣٥) سعيد وسمان شرف البارزانــــي
٣٦) فارس حسين يوســــــــــف
٣٧) فرهاد يحيى يحيى البارزانــــي
٣٨) احمد ملا عمر سليمان البارزانــــي
٣٩) حمد صوفي درويش البارزانــــي
٤٠) سفرى عبد الله اســـــــــعد
٤١) ملاك لا ريـــــــــــــاج
٤٢) حسن مــــــلا لار البارزانــــي
٤٣) عمير قـــــــــــادر رباج
٤٤) سليم عمـــــــــــر قـــــادر
٤٥) عيسى ملا لار البارزانـــــــي
٤٦) مام حجي بيرو سيف الدين البارزاني
٤٧) فقي عرب حسن البارزانـــــــي
٤٨) حسين صالح حسين البارزانــــي
٤٩) اومر عرب حسن البارزانـــــــي
٥٠) ملا عمر سليمان حمـــــــــر

**المرفقات**

**النسخة الاولى من القضية.**

١- يعين يوم / / ٨٢ موعداً للمحاكمة
٢- ينتدب المحامي

الرئيس

## دەقی دیکۆمێنتی ژمارە(٢٤)وەك خوی

رئاسة محكمة الثـــــورة
( بغداد )
عدد الدعوى :- ١٧٧٦/ج/١٩٨٣
التاريـــخ :- ٢١/١١/١٩٨٣ قرارالحكـــــم

تشكلت محكمة الثورة بتاريخ ٢١/١١/١٩٨٣ برئاسة السيد عواد حمد البندر وعضويـــة العقيد الحقوقي داود سلمان شهاب والمقدم الحقوقي طارق هادى شكر واصدرت باســـم الشعب القرارالاتي :-

الحكم على كل من خيرالله عادل محمد وفقو كريم طاهر البارزاني وصبرى فقي ياســـين البارزاني وابـــراهيم كلحو رشيد البارزاني وغريب محمد حسن البارزاني وعمر محمد احمـــد البارزاني وملا عبد الله نبي ومحمد عزيز محمد البارزاني ومير عمر صوفي سليمان وخـــال ملا عزيز درويش البارزاني وبابكر مصطفى محمد ونورى محمد علي شماشه وصبرى صـــارم محمود البارزاني وعلي طه عزيز البارزاني وخوشوى سليم عيسى وأمرالله عبد الله قســـم وشمد بن رشيد شمد بن وسليم اسماعيل سليم ونبي ميرو نبي البارزاني وفقوا محمد ابراهيم وحبيب صوفي درويش البارزاني وفائق عمر عثمان وهادى لاو فقي ابراهيم البارزانـــي وحيدر اسماعيل صالح وعبد الله شميت وبيسي وزيد بن طه عزيز وابراهيم حسن بوبكـــر وهاشم عبد الله شميت وطلعت ناصر خورشيد وخليل احمد يونس البارزاني ويحي يحـــي صالح البارزاني وعبد الله فارس عبد الله واحمد حسين عمر وبابكر صوفي درويش البارزانـــي وسعيد وسمان شرف البارزاني وفارس حسين يوسف وفرهاد يحي يحي البارزانـــي واحمد ملا عمر سليمان البارزاني وحمد صوفي درويش البارزاني وسفرى عبد الله اســـعد وملاك لاو باج وحسن ملا لاو البارزاني وهميرقادر باج وسليم هميير قادر وعيسى ملا لاو البارزاني ومام حجي بيروا سيف الدين البارزاني وفقي عرب حسن البارزاني وحســـين صالح حسين البارزاني وأومر عرب حسن البارزاني وملا عمر سليمان حسو بالاعـــدام شنقا حتى الموت وفق المواد ١٥٩ و١٦٢ و٢/١٧٥ من ق ع ومصادرة اموالهـــم
٤٩و٥٠و٥٣
المنقولة وغيرالمنقولة .

قرار اصدر باتفاق الاراء وافهم علنا في ٢١/١١/١٩٨٣

| | | |
|---|---|---|
| المقدم الحقوقي | العقيد الحقوقي | عواد حمد البندر |
| طارق هادى شكر | داود سلمان شهاب | رئيس محكمة الثـــورة |
| عضو | عضو | |

عشرة نسخ فقط

## دەقی دیکۆمێنتی ژمارە (٢٥) وەك خوی

رئاسة محكمة الثــــــــورة
( بغداد )
عدد الدعوى :- ١٧٧٦/ج/١٩٨٣
التاريـــخ :- ٢١/١١/١٩٨٣          قرارالادانـــــة

تشكلت محكمة الثورة بتاريخ ٢١/١١/١٩٨٣ برئاسة السيد عواد حمد البندر وعضويــــة العقيد الحقوقي داود سلمان شهاب والمقدم الحقوقي طارق هادي شكر واصدرت باســـم الشعب القرار الاتي :-

احال السيد رئيس الجمهورية بموجب امر الاحالة المرقم ٢٣/١٥٦٤ في ١٩/١٠/١٩٨٣ القضية المرقمة ١٤/٨٣ من بغداد ش ١ / ٣ الخاصة بالمتهم خيرالله عادل محمد وجماعتــه لاجراء محاكمتهم وفق احكام المادة ١٥٩ و ١٦٢ او ١٧٥/٢ ق ع

ولدى اجراء المرافعة والاستماع الى مطالعة المدعي العام النقيب الحقوقي هاشم طه محمد الذي طلب محاكمتهم وفق مادة الاحالة

استمعت المحكمة الى افادات المتهمين

وبالتدقيق والادلة تبين مايلي :- بتاريخ ١٢/٨/١٩٨٣ تم القبض على المتهمين كل من خيرالله عادل محمد وفقو كريم طاهر البارزاني وصبري فقي ياسين البارزاني وابراهيم كلحو رشـــيد البارزاني وغريب محمد حسن البارزاني وعمر محمد احمد البارزاني وعلي عبد الله نبي ومحمـــد عزيز محمد البارزاني وعمر عمر صوفي سليمان وخالد ملا عزيز درويش البارزاني وبابكر مصطفى محمد ونوري محمد علي عمامه وصبري صارم محمود البارزاني وعلي طه عزيز البارزاني وشوشوي ســلوم عيسى وامرالله عبد الله قسيم وشهاب رشيد شهاب وسليم اسماعيل سليم ونبي عمرو نبي البارزاني وفقو محمد ابراهيم وحبيب صوفي درويش البارزاني وفائق عمر عثمان وهادي لاوفقي ابراهـــيم البارزاني وعيسى وحيدر اسماعيل صالح وعبد الله عصمت وعيسى ووهبي طه عزيز وابراهـــيم حسن بوبكر وهاشم عبد الله عصمت وطلعت ناصر خورشيد وخليل احمد يونس البارزانـــي ويحيى يحيى صالح البارزاني وعبد الله فارس عبد الله واحمد حسين عمر وبابكر صوفي درويـــش البارزاني وسعيد وسنان عارف البارزاني وفارس حسين يوسف وفرهاد يحيى يحيى البارزانـــي واحمد ملا عمر سليمان البارزاني واحمد صوفي درويش البارزاني وسفري عبد الله اسعد وصلاح لاوباج وحسن ملا لاو البارزاني وعمر قادر باج ووليم عمر قادر وعيسى ملا لاو البارزانـــي ومام حجي عمرو سيف الدين البارزاني وفقي عرب حسن البارزاني وحسين صالح حســـين البارزاني وأومر عرب حسن البارزاني وملا عمر سليمان حسو لانتمائهم الى زمرة التخريـــب

- يتبع ص٢ لطفا -

مقرة نسخ فقط          الرئيس

تابع للقرار المرقم :- ١٧٧٦/ج/١٩٨٣ -٢-

في شمال الوطن جماعة المجرمين ( ادريس ومسعود البارزاني ) وقيامهم بتزويد المخربين بالمعلومات العسكرية والاقتصادية والمنشآت الحيوية في الداخل وتجنيد انفسهم خدمة لجهات اجنبية اوعزت لهم بالتنسيق مع العدو الفارسي بالرغم من علمهم بمحذورية ذلك . ومن سير التحقيق القضائي والمحاكمة الجارية اعترفوا جميعا بالتهمة المسندة اليهم وبالاعمال التخريبية والاجرامية والتجسسية التي قاموا بها وبين المتهم خيرالله عادل بانه بلغ بجمع اتباعه من المؤيدين للمجرمين الهاربين ( مسعود وادريس البارزاني ) وجمع التبرعات منهم وتهيئتهم لمساعدة العدو الايراني المعتدي في هجومه على المناطق الشمالية وبصورة خاصة في منطقة حاج عمران وارشادهم احد الضباط الايرانيين المرسل من خميني الدجال اليهم على المناطق الحيوية واماكن تواجد القطعات العسكرية في المنطقة المذكورة وتبليغهم بالالتحاق مع المخربين اثناء الهجوم وخلال كان دورهم مشاغلة القطعات العسكرية العراقية اثناء تحركها لصد الهجوم الايراني على منطقة حاج عمران ومراقبة تحرك الوحدات العسكرية ومشاغلة الربايا العسكرية باطلاقهم النار على القوافل والربايا العسكرية كي يتمكن العدو من الوصول للاهداف منها زرع الالغام وحرق السيارات العسكرية وضرب الربايا متنكرين لتربة الوطن ومتناسين لعطاء الثورة لجماهير شعبنا الكردي من خلال الحكم الذاتي والازدهار الذي عم المنطقة في جميع مناحي الحياة ونذرين انفسهم خدمة للاجنبي وتنفيذا لرغباته وتعليماته من النيل من السلطة الثورية في العراق . من كل ماتقدم تأيد للمحكمة بان المتهمين اعلاه قد ارتكبوا فعلا ينطبق واحكام المواد ١٥٩ و١٦٢ و٢/١٧٥ من ق ع تقرر ادانتهم بموجبها وتحديد عقوبتهم بمقتضاها .

٤٩و٥٠و٥٣

قرار اصدر باتفاق الاراء وافهم علنا في ٢١/ ١١/ ١٩٨٣

| | | |
|---|---|---|
| المقدم الحقوقي<br>طارق هادي عكر<br>عضو | العقيد الحقوقي<br>داود سلمان شهاب<br>عضو | عواد حمد البندر<br>رئيس محكمة الثورة |

عشرة نسخ فقط

**تێبینی: بۆ ئەم بەشە سودم لە یەکێك لە کتێبە دەستنووسەکانم وەرگرتووە کە ئامادەی چاپە بەناوی ((بەراوردێك لە نێوان جینۆسایدی دێرسیم و فەیلیەکان و بارزانیەکان و ئەنفال و هەڵەبجە لە گەڵ جینۆسایدی کوردانی ئێزیدی)).**

# تەوەرەی دووەم

# لایەنی پراكتیكی

## بەشی شەشەم

## ستراتیژیەتی توێژینەوەی مەیدانی

**باسی یەكەم:**

پرسی توێژینەوە

**باسی دووەم:**

گرینگی توێژینەوە

**باسی سێیەم:**

ئامانجی توێژینەوە

**باسی چوارەم:**

گرێمانەكانی توێژینەوە

**باسی پێنجەم:**

میتۆدی توێژینەوە

**باسی شەشەم:**

نموونەی هەڵبژێردراو

**باسی حەوتەم:**

كۆمەڵگای توێژینەوە

**باسی هەشتەم:**

سنووری توێژینەوە

**باسی نۆیەم:**

ئاستەنگەكانی توێژینەوە

**باسی دەیەم:**

كەرەستەكانی كۆكردنەوەی زانیاری

باسی یەکەم:

## پرسی توێژینەوە

هەموو توێژینەوەیەکی زانستی و کۆمەڵایەتی بەرلەوەی توێژینەوەی لە سەر ئەنجام بدرێت گرفتێکە لەلای توێژەر گەڵاڵە بووە، ئەم گرفتە وادەکات کە توێژەر هانبدات بۆ ئەوەی توێژینەوەی لەسەر بکات.

پرسی ئەم توێژینەوەیەش لەو ئاکامە کۆمەڵایەتی و دەروونی و دیمۆگرافی و ئابوورییە جیاجیانەدا کورت دەبێتەوە کە لە ئەنجامی جینۆسایدکردنی نێرینەی بارزانیەکان سەریان هەڵداوە.

باسی دووەم:

## گرینگی توێژینەوە

گرینگی ئەم توێژینەوەیە لەم خاڵانە دا کورت دەبێتەوە:

١. هەنگاوێکە بۆ تێگەیشتن لە چۆنیەتی بارودۆخی کەسوکاری بارزانیە جینۆسایدکراوەکان و کاریگەرییەکان لەسەر ڕەوتی ژیانیان.

٢.تیشك دەخاتە سەر لایەنی دیمۆگرافی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و دەروونی، دەرخستنی هەڵوێست و هەستی بەجێماوەکان کە بەهۆیەوە لە کۆمەڵێك لایەنی شاراوە دەگەین کە ئەم تاوانە تاچەند ڕەنگی داوەتەوە لە سەر کەسێتی و ستراکتەری خێزان لە ئەنجامی قڕکردنی نێرینەکان.

٣.یەکەم جارە بە شێوەیەکی ئەکادیمی توێژینەوە لە سەر کۆمەڵکوژی بارزانیەکان و ڕەوشی بەجێماوەکانیان دەکرێت و لە سەر بنەمای زانستی ڕەوشی دیمۆگرافی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و دەروونی بەجێماوەکان شیدەکرێتەوە و دەخرێتە بەر باس و توێژینەوە.

٤.دوای ٨ هەشت ساڵ هەمان نموونەی توێژینەوە وەرگیران و دووبارە ڕاپرسیەکەیان لەگەڵ ئەنجامدراوەتەوە کە ئەمەش بێگومان گرینگی و تایبەتی خۆی هەیە.

باسی سێیەم:

## ئاما نجی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە ئامانجی سەرەکی دەستنیشانکردنی ڕەوشی دیمۆگرافی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و دەروونی بەجێماوی بارزانیە جینۆسایدکراوەکانە، خستنە رووی ئەو گیروگرفتانەی کە بەجێماوەکان بە دەستیەوە دەناڵێنن. پێشکەشکردنی چەند پێشنیار و ڕاسپاردە بۆ چارەسەرکردن و کەمکردنەوەی کاریگەرییە خراپەکان لە سەر کەسوکاریان، بە پشت بەستن بە بنچینەی زانستی. هەروەها بەراوردکردنیان دوای هەشت ساڵ و کارکردن لە سەر داتا بەدەستهاتووەکان لە ماوەی نێوان قۆناغەکانی ئەنجامدانی ڕاپرسیەکە.

بۆ ئەوەی لایەنە پەیوەندیدارەکان بجوڵێنن تا هەوڵی تەواو بدەن بۆ چاکترکردن و بایەخدان بە ڕەوشی ژیانی کەسوکاری بارزانییە جینۆسایدکراوەکان دانان و دارشتنی بەرنامە و پلان بۆ چارەسەرکردنی کێشە و گیروگرفتەکانیان.

باسی چوارەم:

## گریمانەکانی توێژینەوە

یەکێك لە هەنگاوە گرنگەکانی توێژینەوەی زانستی، کۆمەڵێك پرسیارە کە مێشکی توێژەری داگیرکردووە، توێژەر بە شێوەیەکی گریمانە دەیانخاتە ڕوو، ڕێگەیەکە بۆ تێگەیشتن لە دیاردەکان و ڕاڤەکردنیان. دارشتنی گریمانەش لە توێژینەوەکاندا بایەخی گرینگی هەیە، گریمانەکانی ئەم توێژینەوەیەش لەم چەند خاڵانەی خوارەوە کۆ دەکرێتەوە:

١. بووە هۆی خراپی باری دارایی و ئابووری و کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر ڕەوشی ژیانی کەسوکاری بارزانیە جینۆسایدکراوەکان.

٢. پاش کۆمەڵکوژی بارزانیەکان بەها کۆمەڵایەتیەکان، ترادسیون، ڕەفتار و هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی و کۆلتوور گۆڕانیان بەسەردا هاتووە.

٣. ئەم تاوانە بووە هۆی بلاوبوونەوەی نەخوێندەواری.

٤. ڤرکردنی نێرینەی بارزانیەکان بووە هۆی پەرتەوازەبوون و تێکدانی شیرازە و ستراکتەری خێزان.

٥. بێوەژنە بارزانیەکان شوناکەنەوە لەبەر مەسائیلی عەشایەری و سۆز و وەفا و بەخێوکرنی منداڵەکانیان.

٦. ڤرکرنی نێرینەی بارزانیەکان کاریگەری خراپی لە رووی دەروونیەوە کردووەتە سەر ئەندامانی بەجێماو.

٧. تێکدان و شێواندنی دیمۆگرافی.

٨. تاوانە یەك لە دوا یەکەکانی رژێمی بەعس دەرهەق بە بارزانیەکان هەستی نەتەوایەتی بارزانیەکانی بەهێزتر کردووە.

٩- مەبەستێکی تری رژێم سوکایەتیکردن بوو بە رەوشت و کەرامەت و ئاین و بیروباوەڕی ئافرەت و منداڵە بارزانیەکان لە ئۆردووگا زۆرەملێیەکاندا.

باسی پێنجەم:

## میتۆدی توێژینەوە

ئاشکرایە لە توێژینەوە مەیدانیەکاندا لە سەر توێژەر پێویستە ئەو میتۆدە (Method) زانستیانە بەکاربهێنێت کە دەکرێ لە میانەوە ئەو ئامانجانە بپێکێ کە باسەکە بۆی دەچێت، هەر توێژینەوەیەك دەشێ زیاتر لە رێبازێکی توێژینەوەی تێیدا بخرێتە کار، ئاوێتەکرنی رێبازەکان، بەکارهێنانی زیاتر لە یەك رێباز لە توێژینەوەدا ئەویش بۆ کاملترکردن و بەسەر داشکانە. رێبازەکانی توێژینەوە تایبەتمەندی خۆیان هەیە، لەو رووەوە ئاساییە لەیەك توێژینەوەدا چەندین رێباز بەکاربهێنرێت.(١)

پرۆژەی لە ناوبردنی بارزانیەکانیش دیاردەیەکی ئاڵۆزە، بۆ لێکدانەوە و راڤەکردن و تێگەیشتنی پێویستیمان بە زیاد لە میتۆدێکی شیکردنەوە هەیە.

ئەم توێژینەوەیەش پشتی بە کۆمەڵێك میتۆد بەستووە:

## ١- میتۆدی مێژوویی (Historical method):

لەم میتۆدە ئەو هۆکارە مێژووییانە خراونەتە روو کە کاریگەریان هەبووە لەسەر بەجێماوی کۆمەڵکوژکراوەکان و گەشەکردنیان لە واقعی کۆمەڵایەتی و پەیوەست بوونیان بە ئاسەوارەکانی کۆمەڵکوژی بە ڕابردوویەکەیەوە. ڕەوشی دیمۆگرافی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و دەروونی بە جێماوی بارزانیە کۆمەڵکوژکراوەکان پێویست بەوە دەکات بگەڕێنەوە دواوە و تیشك بخەینە سەر ماوە و کاتی تاوانەکە.

## ٢- میتۆدی بەراوردکاری (Comparative method):

بریتیە لەو رێبازەی کە توێژەر لە رێگایەوە دەتوانێت سیمای گشتی دیاردەیەکی بۆ دەربکەوێت جا چ لە ڕابردوو، یاخود لە کاتی ئێستا یان لە داهاتودا بێت ئەمەش لە رێگەی دیاریکردنی خاڵە جیاواز و لێکچووەکانی نێوان دوو دیاردە، یاخود دوو کۆمەڵ، زانینی پلەی پێشکەوتن و یان دواکەوتنیان.[٢]

هەنگاوە زانستیەکانی ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیەش وا دەخوازێت ڕەوتی مێژوویی پرۆژەی لە ناوبردنی بارزانییەکان بخرێتە روو، لێکدانەوە و هەڵسەنگاندن بۆ هۆکارو ئەنجامەکانی و بەراوردکردنی نێوان قۆناغی پێش جینۆساید و دوای جینۆساید لە چوارچێوەی ماوەی بابەتی توێژینەوەکە ئەنجام بدرێت، ئەمە جگە لەوەی کە دوای هەشت ساڵ واتە لە ساڵی (٢٠٠٧ تا ٢٠١٥) هەمان ڕاپرسی لەگەڵ هەمان نموونەی توێژینەوە ئەنجامدراوە و بەراوردی داتا بەدەستهاتووەکان کراوە.

## ٣- میتۆدی ئاماری (Statistical method):

توێژەرە کۆمەڵایەتییەکان لە رێگای بەکارهێنانی ئەم رێبازە، هەڵدەستن بە گۆڕینی ئەنجامی دیراسەکانیان بۆ ژمارەی رێکخراو لە ناو خشتەکاندا، یاخود زۆر لە ئەنجامەکان بە شێوەی وێنە بەیانیەکان دەردەبڕن. بە شێوەیەکی دی ئەم رێبازە بریتیە لە گۆڕینی دیاردەکان لە چۆنی بۆ بڕی کە لە شێوەی هێما و ژمارەی دانراو دیاری دەکرێن. لە رێبازی ئاماریدا توێژەر هەوڵدەدات کەرەستە ئامارییەکان وەکو

(وێنەو بەیانات و خشتە و هاوکێشە بیرکارییەکان) بۆ دیاری کردنی بەهاو دیاردەو پەیوەندیە دیاریکراوەکان بەکاربهێنێت، هەروەها هەڵدەستێت بە ڕوونکردنەوە و شیکردنەوەیان، بە جۆرێك یارمەتی تاقیکردنەوەی گریمانەکانی توێژینەوەکە بدات.[٣]

باسی شەشەم:

## نموونەی هەڵبژێردراو

هەڵبژاردنی نموونە بە قۆناغێکی گرنگی پرۆسەی ئەنجامدانی توێژینەوە دادەنرێت و خستنەڕوو و وەسفکردنی تایبەتمەندیەکانی نموونە بە یەکێك لە شتە زۆر پێویستەکان لە قەڵەم دەدرێت بە تایبەتی لە توێژینەوە مەیدانیەکاندا. کە دەرئەنجامی سەرکەوتن و هەرەسهێنانی توێژینەوەکەی لەسەر بەندە. نموونەی توێژینەوەش بە ڕێژەی گوزارشت لە کۆی کۆمەڵە دەکات کە توێژەر دەیەوێ لێیان بکۆڵێتەوە.

نموونە -عەینە- (Sample) وا پێناسە دەکرێ کە بەشێکە لەو کۆمەڵگایەی بە گوێرەی ڕێگا و پرەنسیپی زانستی دیاری دەکرێت و بە شێوەیەکی ڕاست و دروست نوێنەرایەتی سەرجەم کۆمەڵگای توێژینەوە دەکات[٤] نموونە واتە هەڵبژاردنی ڕێژەیەکی دیاریکراو لە شتێك یان دەرهێنانی ڕێژەیەکی دیاریکراوە لە تاکەکانی کۆمەڵگای لێکۆڵراو واتە نموونەیەك هەڵبژێری (ئەگەر کەمیش بێت) وێنەی سەرجەم کۆمەڵەکە تێدا دەربکەوێ، دیراسەکردنی گشت یەکەکانی کۆمەڵ پێویستی بە توانا و ماوەیەکی زۆر هەیە، بۆیە توێژەران ناچارن بەشێك لە کۆمەڵ وەرگرن.

لەم توێژینەوەیەدا نموونەی (تۆپەڵە بەفری سەراولێژ) هەولبژێردراوە لە نێوان جۆرەکانی نموونە بۆ توێژینەوەی کۆمەڵگای باسەکە. نموونەی تۆپەڵە بەفری سەراولێژ یەکێکە لە جۆرەکانی نموونەی مەبەستدار، کە ئەم جۆرە وەك ئەوە وایە کە تۆپەڵە بەفرێك لە سەرەوە بۆ خوارەوە سەراولێژ دەکرێت و لە ئەنجامی ئەوەدا

بەرەبەرە گەورە دەبێت. ئەم جۆرە نموونەیە بۆ یەکەم جار لە ساڵی ۱۹۷۱ لە لایەن زانای ئەمریکی (تینهوتن) بەکارهێنراوە.

توێژەر سەرەتا لە تاکە کەسێکەوە دەست پێدەکات کە پەیوەندی بە بابەتەکەوە هەیە و زانیاریەکانی لێوەردەگرێت، ئەمە وەك خاڵی دەسپێك یا تۆپەڵە بەفرە بچوکەکە سەیردەکرێت، دواتر پرسیار لەو کەسە دەکرێت کە کێی تر پەیوەندی بە هەمان بابەتەوە هەیە، بەم شێوەیە بەردەوام دەبێت تا دەگاتە رادەی پێویست.

توێژەری ئەم توێژینەوەیەش بە هەمان شێوە لە کەسێکەوە دەستی پێکردووە، بە پێی پرسیارکردن گەڕاوە بە دوایاندا و کەسانی تری دەستکەوتووە، تا بووە بە (۱۲۵) سەدو بیست و پێنج کەس وەك نموونە بۆ پرسیارنامەکە، لە هەمان کاتیشدا کەسان هەبوونە زانیاری زۆر و تێرو تەسەلیان لەلابووە توێژەر چاوپێکەوتنی لەگەڵ کردوون نزیکەی (۵۰) چاوپێکەوتن دەبێت، کە زۆربەیان چاوپێکەوتنی تێرو تەسەلن. لە قۆناغی دووەمدا واتا لە توێژینەوەی دووەمدا دوای هەشت ساڵ هەمان نموونەمان وەرگرتوون کە پێشووتر دەستنیشانکراون.

وەرگرتنی نموونەکە لە جۆری نموونەی قەبارە بچوکە (عینة صغیرة الحجم) کە پێکهاتووە لە (۱۲۵) یەکە (مبحوث).

باسی حەوتەم:

## کۆمەڵگای توێژینەوە

کۆمەڵگا یاخود (کۆمەڵگای ئاماری) بریتیە لە هەموو ئەو یەکانەی لە نێو دیاردەی بابەتەکەن کە توێژینەوەی لەسەر دەکرێ. جا ئەگەر بێتو ئەو کۆمەڵگایە پێکهاتبێت لە (کێش، تاکەکان، شمەك، چینراوەکان لە ناوچەیەکی دیاریکراو یان کۆمەڵێك ئاژەڵ[(٥)] ...هتد).

کۆمەڵگای توێژینەوەکەمان (ڕەوشی دیمۆگرافی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و دەروونی بەجێماوەکانی بارزانیە کۆمەڵکوژکراوەکان) لە خۆدەگرێت.

لە بەر ئەوەی شوێنبزرکردنی بارزانیەکانیش تەنیا یەك قۆناغ نەبوو لە ماوە و شوێنی جیاواز ئەنجامدرا. بۆیە هەموو ئەو شوێنانەی بەجێماوی بارزانیە جینۆسایدکراوەکان لێ نیشتەجێن بە پێی توانا وەرمانگرتوون.

باسی هەشتەم:

## سنووری توێژینەوە

زۆربەی کۆمەڵناسان و باسکاران و توێژەران لە سەر ئەوە کۆکن کە پێویستە سنووری توێژینەوە دیاری بکرێت. دیاریکردنی سنوورەکانی ئەم توێژینەوەیەش سێ سنوور لەخۆ دەگرێت:

أ. سنووری مرۆیی: ئەو خەڵکانە دەگرێتەوە کە کەسوکاری بارزانیە جینۆسایدکراوەکانن، ئەو خێزانانەی کە کەسێك یان زیاتریان لێ جینۆسایدکراوە. هەروەها ئەو کەسانەی وەك نموونە (عینە) وەرگیراون مەرج بوو تەمەنیان لە (٣٦) ساڵ کەمتر نەبێت. چونکە زیاتر لە ( ٢٤) ساڵ بە سەر ئەم تاوانە تێپەڕیبوو نەدەکرا تەمەنی بچوکتر وەرگرم. بەڵام لە قۆناغی دووەمدا ئەم کۆمەڵە تەمەنە گۆڕدراوە و تەمەنی بچووکترین نموونەی توێژینەوە گەیشتوتە (٤٤) ساڵ.

ب. سنووری شوێنی: سنووری شوێنی ئەم توێژینەوەیە هەموو ئەو شوێنانە لە خۆدەگرێت کە بەجێماوی بارزانیە کۆمەڵکوژکراوەکان تێدا نیشتەجێن لە سەرانسەری هەرێمی کوردستانی عێراق.

ج. سنووری کاتی: ئەو ماوەیە دەگرێتەوەی کە توێژینەوەی تێدا ئەنجامدراوە. توێژینەوەی یەکەم: لایەنی تیۆری لە ٢٠٠٦/١١/١٧ دەستپێکردووە ٢٠٠٩/٧/١٩ کۆتایی هاتووە، بەڵام لایەنی مەیدانی لە ٢٠٠٧/١/٨ دەستپێکردووە لە ٢٠٠٧/٥/٥ کۆتایی هاتووە.

توێژینەوەی دووەم: لایەنی تیۆری لە ٢٠١٥/١/٣ دەستپێکردووە ٢٠١٥/١٢/١٥ کۆتایی هاتووە، هەرچی لایەنی مەیدانیە لە ٢٠١٥/٤/٢١ دەستپێکردووە لە ٢٠١٥/٩/٢ کۆتایی هاتووە.

باسی نۆیەم:

## ئاستەنگەکانی توێژینەوە

گومانی تێدا نییە کە توێژەر لە کاتی ئەنجامدانی توێژینەوە دووچاری کۆمەڵێك گیروگرفت بووە، کە ئەمانەی خوارەوەن:

١. ئاستەنگی زانستی؛ ئەویش کەمی سەرچاوەی ئەکادیمی لە بارەی جینۆسایدی بارزانیەکان و ڕەوشی بەجێماوەکانیان.

٢. نەخوێندەواری نموونەی توێژینەوە، کەمی ئاستی خوێندنی بەجێماوەکان گرفتێکی سەرەکی توێژینەوەکە بوو.

٣. بێ ئاگایی و شارەزانەبونیان لە توێژینەوە زانستییەکان، چونکە ئەوان پێیان وابوو بەرژەوەندییەك لە پشت ئەنجامدانی ئەم ڕاپرسییە هەیە، بۆیە هەندێ جار ناچار پرسیارێکمان بە چەند شێوەیەك دەکرد بۆ ئەوەی زانیاری تەواو بەدەست بهێنین.

٤. دووری شوێنەکان لە یەکتر و نەبوونی هۆی گواستنەوە و دەرماڵەی تایبەت بە خەرجیەکانی کاری مەیدانی.

٥. لە کاتی ئەنجامدانی ڕاپرسی دووەم لە سەر هەمان نموونەی توێژینەوە، پێنج کەس لە نموونەی توێژینەوە گیانیان لە دەستدا بوو، بۆ بەدیلی ئەمەش ناچار گەورەترین ئەندامی خێزانی هەمان نموونەی توێژینەوەمان وەرگرت، جگە لەمە هەندێك لە یەکەکانی نموونەی توێژینەوە ئامادەنەبوون یاخۆد لە سەردان و سەرفەر بوون بۆیە ناچار چەند جارێك سەردانم کردوون و تاکو توانیمە توێژینەوەکەی لە گەڵ ئەنجام بدەمەوە.

باسی دەیەم:

## کەرەستەکانی کۆکردنەوەی زانیاری

توێژەر پەنای بردووەتە بەر ئەو کەرەستانەی کە لە توێژینەوە مەیدانیەکاندا بەکاردێن، پشتی بە زێتر لە کەرەستەیەکی کۆکردنەوەی زانیاری بەستووە بۆ ئەوەی دواجار ڕێژەیەکی زۆری داتاو زانیاری لەلا گەلاڵە ببێت.

توێژەر لەلایەنی پراکتیکی پشتی بەم کەرەستانە بەستووە:

## ١.چاوپێکەوتن (Interview)

یەکێك لە شێوازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری چاوپێکەوتنە. ماکۆگی و ماکۆبی (Maccogy ).(Macoby) پێناسەی چاوپێکەتن بەو جۆرە دەکەن کە: کار لە یەککردنێکی سەر زارییە، لە نێوان دوو تاکدا لە هەڵوێستێکی ڕووبەڕوودا بەرپا دەبێت، کاتێك لانی کەم هەوڵدەدات هەندێ زانیاری دەربرێت و لای بەرامبەرەکەی بورۆژێنێت کە پەیوەندیان بە شارەزایی بیرو ڕاو بۆچونەکانەوە هەیە.[٦]

توێژەر سوودی لە چاوپێکەوتن وەرگرتووە لە ڕێگەی دانیشتن و گفتوگۆکردنی ڕووبەڕوو لە گەڵ تاکەکان بۆ کۆکردنەوەی زانیاری، چاوپێکەوتن لە گەڵ کەسوکاری بارزانیە کۆمەڵکوژکراوەکان کە بە هۆیەوە توێژەر زانیاری پتری بە دەست هێناوە، هەندێك لە چاوپێکەتنەکان چاوپێکەوتنی چڕ و تێرو تەسەلن (Interview Focused) هەندێکیش چاوپێکەوتنی ئازادن.

لەرێی چاوپێکەوتنەوە زیاتر ئەو زانیاریانە بەدەست دەکەون کە لە ڕێگەی چاودێریکردنەوە بە ئاسانی و باشی ناتوانرێت بەدەست بهێنرێت. بۆ نموونە زانینەکان، بیرو باوەڕەکان، حەزو ئارەزووەکان، دۆخ و تایبەتمەندیەکانی تاکەکان، گرووپەکان کۆمەڵگا سنووردارەکان.[٧]

## ٢.چاودێریکردن(Observation)

چاودێریکردن بە شێوەیەکی روون و دیار، شێوەیەکی سەرەکی کۆکرنەوەی زانیارییە لە بارەی جیهانی دەوروبەر چاودێریکەر دەتوانێت چاودێری بارودۆخی نموونەکە بکات و لە گرفت و ڕەفتار و هەڵسوکەوت و پەیوەنییەکانیان ئاگادار بێت.

توێژەر یەکێکە لە بەجێماوی جینۆسایدی بارزانیەکان تەمەنی کەمتر لە ساڵێك بووە کە باوکی لە گەڵ (٨) هەشت هەزار پیاوی بارزانی زیندەبەچاڵکراوە، لەو کاتەوە تا ئێستا لە نێو کەسوکاری جینۆسایدکراوەکان و ئۆردووگا زۆرەملێیەکان دەژیت و ئاگاداری ئەو گۆڕانانەیە کە بەسەر داب و نەریت و هەڵسوکەوت و شێوازی ژیانیان هاتووە، جگە لەمەش کاروباری ڕۆژانەی هەر لە گەڵ کەسوکاری جینۆسایدکراوەکانە، بۆیە دەشێ بە چاودێریکەرێك لە قەڵەم بدرێت.

### ٣. پرسیارنامە (فۆرمی ڕا پرسی) (questionnaire)

فۆرمی ڕاپرسی بریتیە لەو بەڵگەنامەیەی کە بەهۆی ئەمەوە زانیاری و شارەزایی لە بارەی دیاردەی بابەتی توێژینەوەکە کۆدەکرێتەوە.

کۆمەڵێ پرسیاری گشتی و تایبەتی لە خۆ دەگرێت کە کۆمەڵی یەکەم دەربارەی ڕەواڵەت و باری ژیانی تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکەیەوە. لە پرسیارنامەدا پێویستە ئامانجی توێژینەوە یاخود ئەو گریمانانەی کە مەبەستمانن بە تەواوی روون و ئاشکرابن و تا بکرێت لە فراوانی بابەتەکە کەم بکرێتەوە و بابەتەکە سنووردار بێت.[٨]

پرسیارنامەی ئەم توێژینەوەیەش لە (٢٧) پرسیار پێکهاتووە. (٨) پرسیار گشتین و(١٩) پرسیار تایبەتن بە بابەتی توێژینەوە لە پرسیارنامەکەدا پرسیارەکان بە هەردوو شێوە (کراوە) و (داخراو) خراونەتە روو.

پرسیارەکان بەسەر چوار بواری سەرەکیدا دابەشکراون بەم شێوەیە:

أ. بواری دیمۆگرافی: وەکو پرسیارکردن دەربارەی تەمەن، ڕەگەز، لە دایکبوون، تەمەن و ژمارەی جینۆسایدکراوەکان و بەجێماوەکانیان... هتد.

ب. بواری ئابووری: لەم بوارەدا پرسیارەکان دەربارەی پیشەی ئەندامەکانی خێزان، پیشەی جینۆسایدکراوەکان پێش جینۆسایدکردنیان، باری ئابووری لە هەر دوو قۆناغی پێش جینۆساید و دوای جینۆساید... هتد.

ج. بواری کۆمەڵایەتی: لەم بوارەدا پرسیارەکان دەربارەی باری کۆمەڵایەتی ئەندامانی نموونەی توێژینەوە، باری کۆمەڵایەتی جینۆسایدکراوەکان، پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی بەجێماوی جینۆسایدکراوەکان، داب و نەریتی کۆمەڵایەتی... هتد.

ء بواری دەروونی: پرسیارەکان دەربارەی حاڵەت و نەخۆشییە دەرونییەکانی بەجێماوەکان و... هتد.

دوای ئەوەی فۆرمێکی سەرەتایمان ئامادەکرد و پێشانی ژمارەیەك شارەزا و مامۆستایانی زانکۆمان دا، ئەوانیش تێبینی خۆیان لە سەر نووسی و پرسیارەکانمان دارشتەوە بە شێوەیەکی پۆخت ئینجا (١٥) فۆرممان وەك تاقیکرنەوەیەکی سەرەتایی (Pre Test) بەسەر نموونەیەك لە کۆمەڵگای (هردان)دا دابەشکرا، دواتر فۆرمەکانمان بە شێوەیەکی پۆختر دارشتەوە و پاشان ئەو فۆرمە بەسەر(١٢٥) یەکە (عینە) دابەشکران کە کەسوکاری بارزانیە جینۆسایدکراوەکان بوون.

لە قۆناغ و راپرسی و توێژینەوەی دووەمیشدا واتا ساڵی (٢٠١٥) هەمان فۆرم کۆپیکران و بەسەر هەمان نموونە دابەشکراونەتەوە.

دانەیەك لەم پرسیارنامەیە لە دواوەی ئەم توێژینەوە هاوپێچکراوە.

٤. هەندێ کەرەستەی تریش بۆ کۆکردنەوەی زانیاری بەکارهاتوون وەك:

- تۆمارکردنی دەنگ.
- وێنەی فۆتۆگرافی.
- بەڵگەنامەی تایبەت بە جینۆسایدکردنی بارزانیەکان.

## ٥.کەرەستەی ئاماری:

لەم توێژینەوەدا جگە لە بەکارهێنانی خشتە بۆ خستنەرووی زانیارییەکان، نەخشە و بەیانات و هێڵکاریش بەکارهاتوون بۆ شیکرنەوە و راڤەکردنی زانیاریەکان وەك؛ شریتی بەیاناتی ئاسایی (تاکی)؛ شریتی بەیاناتی ستوونی تێکەڵاو؛ هێڵکاری بە رێبازی هیستوگرام...هتد.

لە بواری مەیدانیدا چەند ئامراز و کەرەستەیەکی ئاماریش بە پێویست زانراوە:

١. بەکارهێنانی ڕێژەی سەدی (٪) ئەو بەهایەیە کە قەبارەی ڕێژەی بۆ کۆمەڵە بەهایەك لە میانەی دابەشکردنی بەها (بەش) کە لە سەر کۆی بەها (گشت) و لە یەکدانی ئەنجامی دابەشەکە لە قەبارەی نەگۆڕ (١٠٠) دیاردەکات.

$$\text{ڕێژەی سەدی (٪)} = \frac{\text{بەش}}{\text{گشت}} \times ١٠٠$$

٢. بەکارهێنانی ناوەندی ژمێریاری بۆ دیاریکردنی نێوەندی تەمەن.

$$\text{ن.ژ} = \frac{\text{کگ (ن.ت} \times \text{د )}}{\text{کگ د}}$$

ن.ژ ؛ ناوەندی ژمێریاری

کگ ؛ کۆی گشتی

ن.ت ؛ ناوەندی تەمەن (کۆمەڵی تەمەن)

د ؛ دووبارەبوو

# سەرچاوە و پەراوێزەکانی بەشی شەشەم

١. موسلح ئیروانی، ئیسلام و ناسیۆنالیزم لە کوردستان، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر ٢٠٠٣، ل٨٣.

٢. چنار سەعد عەبدوللا، کاریگەری باری سیاسی لە سەرگەشەکرنی هۆشیاری نەتەوەی کورد دوای ڕاپەرینی ١٩٩١، چاپی یەکەم، بەرێوەبەرایەتی چاپخانەی رۆشنبیری، هەولێر, ٢٠٠٥ ، ل١٩٩.

٣. ه.س.پ. هەمان لاپەڕە.

٤. د. محمد ازهر سعید السماك، د.قبیس سعید الفهادی، صفاء یونس الصفاوی، أصول البحث العلمیی، الطبعة الاول، طبع علی نفقة جامعة صلاح الدین، ١٩٨٦، ص٦١.

٥.نفس المصدر، ص٦٠.

٦. و؛ جەلال خلف ژاڵەیی، لێژنەی پسپۆڕی، دەرونزانی کۆمەڵایەتی، چاپی یەکەم، چاپخانەی گەنج، سلێمانی ٢٠٠٤، ل٧١.

٧. پەروین سازگارا، ئاوردانەوەیەك لە کۆمەڵناسی، و؛ جەواد مستەفا ستۆپەیی، لە بڵاوکراوەکانی زنجیرەی هزرو کۆمەڵ، هەولێر، ٢٠٠٣، ل٧٥.

٨. ه.س.پ. ل٦٧.

## بەشی حەوتەم

# خستنەروو و شیکردنەوەی زانیارییەکانی توێژینەوەی مەیدانی

## باسی یەکەم:

خەسلەتە گشتییەکانی نموونەی توێژینەوە

## باسی دووەم:

خستنەروو وشیکردنەوەی زانیارییە تایبەتییەکانی توێژینەوە

## باسی یەکەم: خەسلەتە گشتییەکانی نموونەی توێژینەوە

- پێکهاتەی تەمەن:

خشتەی ژمارە -٣-

تەمەنی نموونەی توێژینەوە

| پێکهاتەی تەمەن | ساڵی ٢٠٠٧<br>ژمارە ٪ | ساڵی ٢٠١٥<br>ژمارە ٪ |
|---|---|---|
| ٣٥-٤٤ | ٧<br>٥,٦٠ ٪ | - |
| ٤٥-٥٤ | ٣٨<br>٣٠,٤٠ ٪ | ٩<br>٧,٢٠ ٪ |
| ٥٥-٦٤ | ٢٧<br>٢١,٦٠ ٪ | ٣٩<br>٣١,٢٠ ٪ |
| ٦٥-٧٤ | ١٥<br>١٢ ٪ | ٢٧<br>٢١,٦٠ ٪ |
| ٧٥-٨٤ | ١٨<br>١٤,٤٠ ٪ | ١٥<br>١٢ ٪ |
| ٨٥-٩٤ | ١٦<br>١٢,٨٠ ٪ | ١٨<br>١٤,٤٠ ٪ |
| ٩٥-١٠٤ | ٤<br>٣,٢٠ ٪ | ١٦<br>١٢,٨٠ |
| ١٠٥-١١٤ | - | ١<br>٠,٨٠ ٪ |
| کۆی گشتی | ١٢٥<br>١٠٠ ٪ | ١٢٥<br>١٠٠ ٪ |

خشتەی ژمارە -٣- تایبەتە بە تەمەنی نموونەی توێژینەوە بۆمان دەردەکەوێت کە بۆ ساڵی (٢٠٠٧) تەمەنی نموونەی توێژینەوە لە نێوان (٣٥ تا ١٠٤) ساڵی دایە. نموونەی توێژینەوە لە (٧) حەوت کۆمەڵەی تەمەن پێکهاتووە، لە توێژینەوەی یەکەمدا بەرزترین ڕێژەی تەمەن دەکاتە ڕێژەی (٣٠,٤٠ ٪) تەمەنیان دەکەوێتە نێوان (٤٥-٥٤) ساڵی، بەڵام لە توێژینەوەی دووەمدا بەرزترین ڕێژەی تەمەن دەکاتە ڕێژەی (٣١,٢٠٪) و تەمەنیان دەکەوێتە نێوان (٥٥-٦٤) ساڵی، بۆ ڕاپرسی یەکەم ساڵی (٢٠٠٧) بەم شێوەیە یەك لە دوای یەکە ڕێژەی (٢١,٦٠ ٪) تەمەنیان دەکەوێتە نێوان (٥٥-٦٤) ساڵی، ڕێژەی (١٤,٤٠ ٪) تەمەنیان دەکەوێتە نێوان (٧٥-٨٤) ساڵی، ڕێژەی (١٢,٨٠ ٪) تەمەنیان دەکەوێتە نێوان (٨٥-٩٤) ساڵی، ڕێژەی (١٢ ٪) تەمەنیان دەکەوێتە نێوان (٦٥-٧٤) ساڵی، ڕێژەی (٥,٦٠ ٪) تەمەنیان دەکەوێتە نێوان (٣٥-٤٤) ساڵی، نزمترین ڕێژەی تەمەن بە ڕێژەی (٣,٢٠ ٪) تەمەنیان دەکەوێتە نێوان (٩٥-١٠٤) ساڵی، بۆ توێژینەوەی دووەم نزمترین ڕێژەی تەمەن دەکەوێتە نێوان (١٠٥-١١٤) ساڵی بە ڕێژەی ( ٠,٨٠٪). بۆ ساڵی (٢٠١٥) تەمەنی نموونەی توێژینەوە لە نێوان (٤٥ بۆ ١١٤) ساڵییە.

- پێکهاتەی ڕەگەز:

خشتەی ژمارە -٤ -

ڕەگەزی نموونەی توێژینەوە

| ڕەگەز | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| نێر | ١٧ | ٪ ١٣,٦٠ |
| مێ | ١٠٨ | ٪٨٦,٤٠ |
| کۆی گشتی | ١٢٥ | ٪ ١٠٠ |

خشتەی ژمارە ٤- تایبەتە بە ڕەگەزی نموونەی توێژینەوەکە دەردەکەوێت کەوا لە کۆی (١٢٥) کەس (١٧) کەس بە ڕێژەی (١٣,٦٠ ٪) لە ڕەگەزی نێرن و (١٠٨) کەسیش بە ڕێژەی (٨٦,٤٠ ٪) لە ڕەگەزی مێن. بۆ توێژینەوەی دووەمیش مەبەست بەراوردکاریەکە، ئەو (٥) یەکەی نموونە کە کۆچی دواییان کردووە، هەر لە خێزانەکەیان گەورەترین کەسمان وەرگرتووە بەڵام لە هەمان ڕەگەز، بۆیە ڕەگەزی نموونەی توێژینەوەمان هیچ گۆڕانکاری بە سەردا نەهاتووە.

هەروەك دیارە جیاوازییەکی بەرچاو لە نێوان ڕێژەی هەردوو ڕەگەزەکەدا هەیە، ئەمەش لە بەر ئەوەی لە شاڵاوی جینۆسایدی بارزانیەکاندا هەرچی نێرینەی سەرووی (٧) حەوت ساڵی بوون زیندەبەچاڵکران و ئافرەت ومنداڵەکانیش لە ئۆردووگا زۆرەملێیەکان لەژێر کۆنترۆڵی توندی سەربازیدابوون، بۆیە ڕێژەیەکی زۆر کەم لە ڕەگەزی نێر نموونەی توێژینەوەکەمان پێکدەهێنن، ئەو ڕێژە دەگمەنەی ڕەگەزی نێریش کە لەم شاڵاوە ڕزگاریان بوو زۆربەیان لە نێو خێزانەکەیان نەمابوون، هەندێکیان لە دەڤەری بارزان خۆیان حەشاردا و هەندێکیشیان گەیشتنە هێزی پێشمەرگە و بەشێکیشیان ئاوارەی وڵاتانی دراوسێ بوون، بۆیە زۆر دەگمەن کەسی ڕەگەزی نێر هەبوو لە نزیکەوە ئاگاداری ڕەوشی ژیانی منداڵ و ئافرەتە بەجێماوەکان بن. مەبەستی سەرەکیش لەم توێژینەوەدا ڕەوشی ژیانی بەجێماوەکانە لە هەموو ڕوویەکەوە، نەدەکراش ئەو نێرینانەی لەو شاڵاوە ڕزگاربوونە دواتر لە نێو خێزانەکانیان نەماون وەربگرین، چونکە ئەمانە لە نزیکەوە ئاگاداری ڕەوشی ژیانی ئافرەت و منداڵە بەجێماوەکان نەبوون.




هێلکاری ژمارە (٦) ڕەگەزی نموونەی توێژینەوە ڕووندەکاتەوە

- شوێنی لەدایکبوون:

خشتەی ژمارە -٥-

شوێنی لە دایکبوونی نموونەی توێژینەوە

| شوێنی لە دایکبوون | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| لادێ و ناحیە و قەزا | ١٢٠ | ٪ ٩٦ |
| شار | ٢ | ٪ ١,٦٠ |
| وڵاتانی دراوسێ | ٢ | ٪ ١,٦٠ |
| لە ڕێگای ئاوارەبوون | ١ | ٪ ٠,٨٠ |
| کۆی گشتی | ١٢٥ | ٪١٠٠ |

شوێنی لە دایکبوون بە یەکێك لە خەسلەتە دیمۆگرافییە گرنگەکان دەژمێردرێت لە زانینی پاشخانی کۆمەڵایەتی و کولتووری تاکەکان و بارودۆخەکان لە ڕووی ژینگەی لادێیی و شارییەوە. زانیارییەکان لە خشتەی ژمارە -٥- دا شوێنی لە دایکبوونی نموونەی توێژینەوەکەیان پێکهێناوە. لەم خشتەیەدا بۆمان دەردەکەوێت کەوا ڕێژەی (٩٦ ٪) لە لادێ و ناحیە و قەزایەکان لە دایکبوونە، ڕێژەی (١,٦٠ ٪) لە شار لە دایکبوونە، ڕێژەی (١,٦٠ ٪) لە وڵاتانی دراوسێ لە دایکبوونە، ڕێژەی (٠,٨٠ ٪) لە ڕێگەی ئاوارەبوون لە دایکبوونە. بەو ڕێژە بەرزەی لە لادێدا لە دایکبوونە بۆمان دەردەکەوێت بارزانییەکان خەڵکی لادێ نشین و پابەند بوونە بە ترادیسیۆن و کولتوور و شێوازی ژیانی لادێ نشینی خۆیان، سەرەرای ئەو هەموو بۆردومانکردن و گوند سوتاندن و ڕاگواستن و... هتد کە لەلایەن حکومەتە یەك لە دوایەکەکانی

عێراق لە سەدەی بیستەمدا بەرامبەر بە بارزانیەکان و دەڤەری بارزان کراوە بۆ لە ناوبردن و سڕینەوەی بارزان و بارزانیەکان، ئەمە جگە لە پشت گوێخستنی ئەم دەڤەرە لە هەموو بوارێکی تەندروستی و پەروەردەیی و ئابووری. هەر لە توێژینەوەکەدا بۆمان دەردەکەوێت بارزانیەکان زۆرجار ئاوارە و دەربەدەر بوونە بەڵام هەر گەڕاونەتەوە شوێنی ڕەسەنی خۆیان، وەك لە ئەنجامی چاوپێکەوتنەکاندا دەردەکەوت لە ماوەی سەدەیەکدا زیاتر لە (١٦) جار دەڤەری بارزان وێرانکراوە و خەڵکەکە ئاوارەی ئەشکەوت و چیاکان و وڵاتانی دراوسێ بوونە و گەڕاونەتەوە دێیەکانی خۆیان. هەر لە خشتەکەدا دەردەکەوێت کەوا کەسانێك هەبوونە لە ڕێگای ئاوارەبوون و وڵاتانی دراوسێ لە دایك بوونە. ئافرەتێکی نموونەی توێژینەوە دەڵێت: (دایکم دەیگێراوە کە من لە ڕێگای ئاوارەبوون بۆ وڵاتی تورکیا لە ساڵی ١٩٣٢ لە دایکبوومە).(١)

پیاوێکی بارزانی تەمەن (١٠٧) ساڵ دەبێژێت: ((لە تەمەنی مندا ئەوەندەی بە بیرم دێت (١٦) شانزدە جار گوندەکەمان سوتێنراوە و دووبارە ئاوەدانمان کردووەتەوە، جار هەبووە ساڵی دووجار گوندەکەمان بۆردوومان دەکرا و دەسوتێنرا و ئاوارە دەبووین و دووبارە دەگەڕاینەوە و گوندەکەمان ئاوەدان دەکردەوە...))(٢)

ئەو کەمە ڕێژەیەی کە لە شاریش لە دایکبوونە بەشێکیان ئەو ئافرەتانەن کە خەڵکی (یەکێتی سۆڤیەت)ی پێشوون، لە سەفەرە ئەفسانەیی و چارەنووس سازەکەی بارزانی نەمر و هەڤاڵەکانی بۆ (یەکێتی سۆڤیەت)ی پێشوو شوویان بە بارزانیەکان کردووە و خێزانیان پێکهێناوە و لە گەڵ بارزانیەکان هاتوونەتە کوردستان و کەسوکاریان جینۆسایدکراون. لە بەراوردکاریەکەشمان واتە توێژینەوەی دووەمی ساڵی (٢٠١٥) گۆڕانکاری بەسەر شوێنی لە دایکبوون نەهاتووە.

• شوێنی نیشتەجێبوونی نموونەی توێژینەوە:

خشتەی ژمارە -٦-

شوێنی نیشتەجێبوونی نموونەی توێژینەوە

| شوێنی نیشتەجێبوون | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| ناوەندی شار | ٨ | ٪ ٦,٤٠ |
| قەزا | ١٨ | ٪ ١٤,٤٠ |
| ناحیە | ٣٠ | ٪ ٢٤ |
| گوند | ٦٩ | ٪ ٥٥,٢٠ |
| کۆی گشتی | ١٢٥ | ٪ ١٠٠ |

خشتەی ژمارە -٦- شوێنی نیشتەجێبوونی نموونەی توێژینەوە دەست نیشاندەکات، زۆرترین ڕێژەی توێژینەوە دەگاتە (٥٥,٢٠٪) لە گوندەکان نیشتەجێن، ڕێژەی (٢٤ ٪) نیشتەجێی ناحیەکانن، ڕێژەی (١٤,٤٠ ٪) نیشتەجێی قەزاکانن، کەمترین ڕێژەی نموونەی توێژینەوە لە شارەکان نیشتەجێن کە ڕێژەیان (٦,٤٠ ٪) یە. بۆ ئەمەشیان گۆڕانکاری لە داتاکان نەهاتووە، هەروەك خۆیەتی لە توێژینەوەی دووەمدا.

- ئاستی خوێندن:

خشتەی ژمارە - ٧ -

ئاستی خوێندنی نموونەی توێژینەوە

| ئاستی خوێندن | ساڵی ٢٠٠٧ ژمارە ٪ | ساڵی ٢٠١٥ ژمارە ٪ |
| --- | --- | --- |
| نەخوێندەوار | ٩٤<br>٪ ٧٥,٢٠ | ٩٢<br>٧٣,٦٠ |
| خوێندن و نووسین | ١٢<br>٪ ٩,٦٠ | ١٤<br>١١,٢٠ |
| سەرەتایی | ٥<br>٪ ٤ | ٥<br>٪ ٤ |
| ناوەندی | ١١<br>٪ ٨,٨٠ | ١١<br>٪ ٨,٨٠ |
| ئامادەیی | ٣<br>٪ ٢,٤٠ | ٣<br>٪ ٢,٤٠ |
| سەروتر | - | - |
| کۆی گشتی | ١٢٥<br>٪ ١٠٠ | ١٢٥<br>٪ ١٠٠ |

مەبەست لە ئاستی خوێندن دابەشکردنی نموونەی توێژینەوەیە بە پێی قۆناغەکانی خوێندن. لە داتاکانی ناو خشتەی ژمارە -٧- دا کە تایبەتن بە ئاستی خوێندنی نموونەی توێژینەوە تا ساڵی (٢٠٠٧) دەردەکەوێت کەوا نەخوێندەوارەکان زۆرترین ڕێژەی نموونەکە پێکدێنن کە دەکاتە (٧٥,٢٠ ٪)، ڕێژەی (٩,٦٠ ٪) خوێندنەوە و نوسین دەزانن، ڕێژەی (٤ ٪) قۆناغی سەرەتایین مەبەست لە قۆناغی سەرەتایی لەم

توێژینەوەدا هەموو ئەوانە دەگرێتەوە کە چەند ساڵێك لە قۆناغی سەرەتایی خوێندوویانە یاخۆد بروانامەی سەرەتاییان وەرگرتووە، ڕێژەی (٨,٨٠ ٪) قۆناغی ناوەندی و ڕێژەی (٢,٤٠ ٪) قۆناغی ئامادەیین کە دوا پلەی ئاستی خوێندنی نموونەی توێژینەوەکەیە. لە توێژینەوەی دووەمیشدا ساڵی (٢٠١٥) داتاکان گۆڕانکاری ئەوتویان بەسەردا نەهاتووە و تەنیا بە ڕێژەی (١,٦٠ ٪) نەخوێندەواری کەمی کردووە ئەمەش بۆ ماوەی هەشت ساڵ ڕێژەیەکی زۆر کەمە.

وەك لە خشتەکەدا دیارە نەخوێندەواران بەرزترین ڕێژەی نموونەکە پێکدێنن ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێك وەك کەمی قوتابخانە و هۆیەکانی خوێندن لە دێهاتەکانی کوردستان، حکومەت کەمتر بایەخی بەم بوارە دەدا هەمیشە خەریکی سیاسەتی هەژارکردنی ڕۆشنبیری و باری تاریکی نەخۆێندەواری بوویە بەسەر کورددا بۆ ئەوەی کورد لە خوێندن و زانین بێبەش بن کوردستان وەکو کۆمەڵگایەکی داخراو و دواکەوتویی بمێنێتەوە، هەروەها جیاوازی لە نێوان شار و لادێ، ئەمە جگە لە بۆردوومان کردنی بەردەوام و سوتاندنی گوندەکانی دەڤەری بارزان و ئاوارەبوونی بەردەوامی بارزانیەکان.

- **باری ئابووری:**

**خشتەی ژمارە -٨-**

**باری ئابووری نموونەی توێژینەوە**

| باری ئابووری | ساڵی ٢٠٠٧ ژمارە ٪ | ساڵی ٢٠١٥ ژمارە ٪ |
|---|---|---|
| زۆر باش | - | - |
| باش | ١٩<br>٪ ١٥,٢٠ | ٣٠<br>٪ ٢٤ |
| ناوەند | ٢٩<br>٪٢٣,٢٠ | ٤٦<br>٪ ٣٦,٨٠ |
| خراپ | ٧٧<br>٪ ٦١,٦٠ | ٤٩<br>٣٩,٢٠ |
| كۆی گشتی | ١٢٥<br>٪ ١٠٠ | ١٢٥<br>٪ ١٠٠ |

**ئێمە پێوەرێكی چەندایەتیمان وەرنەگرتووە بۆ پێوانەكردنی ئاستی ئابووری نموونەی توێژینەوە لە رووی زانستیەوە، چونكە ئەمە پەیوەندی بە خودی كەسەكەوە هەیە. لە كوردستانیشدا تاكو ئێستا نەتوانراوە هێڵێك بۆ هەژاری دیاری بكرێت. نموونەی توێژینەوەكەمان تا ساڵی (٢٠٠٧) بەم شێوەیە خۆیان لە قەڵەم داوە رێژەی (٦١,٦٠ ٪) ئاستی ئابوورییان خراپە كە زۆرترین رێژەی نموونەكە پێكدێنن، رێژەی (٢٣,٢٠ ٪) پێیان وایە باری ئابووریان مام ناوەندییە، كەمترین رێژەش باری ئابوریان بە باش لە قەڵەم داوە كە دەكاتە رێژەی (١٥,٢٠ ٪) ی نموونە توێژینەوەكە، هیچ تاكێكی نموونەی توێژینەوەكە باری ئابووریان زۆر باش نییە.**

لە توێژینەوەی دووەمدا ئەم داتایانە گۆڕانکاریان بەسەردا هاتووە بەم شێوەیەی خوارەوە، ڕێژەی (٣٩,٢٠) ئاستی ئابوورییان خراپە کە زۆرترین ڕێژەی نموونەکە پێکدێنن، بەڵام ئەوەی جێگای باسە لە ماوەی هەشت ساڵدا باری ئابووری کەسوکاری جینۆسایدکراوەکان بەرەو باشی چووە بە ڕێژەی (٢٢.٤ ٪).

ڕێژەی دواتریش (٣٦,٨٠ ٪) باری ئابووریان لە ئاستێکی مام ناوەندیدایە، بە بەراورد لە گەڵ توێژینەوەی یەکەمدا ڕێژەی (١٣,٦ ٪) باری ئابوورییان لە خراپەوە بەرەو مام ناوەندی چووە، نزمترین ڕێژەش باری ئابووریان بە باش لە قەڵەم داوە کە ڕێژەی (٢٤ ٪)، گەرچی لە توێژینەوەی یەکەمدا ڕێژەی (١٥,٢٠ ٪) باری ئابووریان باش بووە، بەمەش بەراوردکاری نێوان ئەم دوو توێژینەوەیە (٨, ٨ ٪)باری ئابوورییان لە خراپ و مام ناوەندییەوە بەرەو باشی چووە.

هەرچەند تا ئێستاش باری ئابووری بەجێماوی جینۆسایدی بارزانیەکان لە ئاستێکی خراپدایە، بەڵام لە ماوەی هەشت ساڵدا باری ئابوورییان زۆر باشتر بووە لە چاو ساڵانی بەر لە (٢٠٠٧) ئەگەر ئەم داتایانە بەردەوامبن لە ماوەی هەشت ساڵی تردا باری ئابووری بارزانیە جینۆسایدکراوەکان باشتر دەبێت و لە قەیرانی خراپی باری ئابوورییەوە دەربازیان دەبێت بە مەرجێك گۆڕانکاریەکان لە رووی ئابوورییەوە هەر بەم شێوەیە بەرەو پێشەوە بچن و بەردەوام بن. هەر چەند لەم ساڵەدا واتا ساڵی (٢٠١٥) کوردستان لە قەیرانی ئابووریدایە، بەڵام لە ساڵی ٢٠٠٧ بەدواوە تا ساڵی ٢٠١٣ بە گشتی ئاستی بژێوی هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان بە بەردەوامی بەرەو باشی دەچوو، بۆیە ئەم قەیرانە تا ئێستا کاریگەری ئەوتووی نەکردۆتە سەر کەسوکاری بارزانیە جینۆسایدکراوەکان، بەڵام ئەگەر تا چەند ساڵێکی تر ئەم قەیرانە بەردەوام بێت بە دڵنیایەوە کاریگەری تەواوی لە سەریان دەبێت و دووبارە ئەم داتایانە بەرەو داکشان دەچنەوە و ئاستی ئابووریان خراپتر دەبێتەوە.

- باری کۆمەڵایەتی:

خشتەی ژمارە -٩-

باری کۆمەڵایەتی نموونەی توێژینەوە

| باری کۆمەڵایەتی | ساڵی ٢٠٠٧<br>ژمارە ٪ | ساڵی ٢٠١٥<br>ژمارە ٪ |
|---|---|---|
| سەڵت | ١<br>٠,٨٠ ٪ | - |
| خێزاندار | ١٦<br>١٢,٨٠ ٪ | ٢٢<br>١٧,٦٠ ٪ |
| تاك مردوو | ٥<br>٤ ٪ | ٥<br>٤ ٪ |
| تاك جینۆسایدکراو | ١٠٣<br>٨٢,٤٠ ٪ | ٩٨<br>٧٨,٤٠ ٪ |
| تەڵاقدراو | - | - |
| کۆی گشتی | ١٢٥<br>١٠٠ ٪ | ١٢٥<br>١٠٠ ٪ |

خشتەی ژمارە -٩- باری کۆمەڵایەتی نموونەی توێژینەوەکەمان بۆ دەخاتە روو، بەرزترین ڕێژە کە دەکاتە (٨٢,٤٠ ٪) تاك جینۆسایدکراون، واتە مێردیان جینۆسایدکراوە، ڕێژەی (١٢,٨٠ ٪) خێزاندارن ئەمانە باوك یان برا یان کوڕیان جینۆسایدکراوە، ڕێژەی (٤ ٪) تاك مردوون، ڕێژەی (٠,٨٠ ٪) سەڵتن، ئەمانەش ئەوانەن کە باوك یان برایان جینۆسایدکراوە، هیچ حالەتێکی تەڵاقدراویش لە نموونەی توێژینەوەکەدا نییە.

سەبارەت بە دووبارە ئەنجامدانەوەی توێژینەوە لە ساڵی (٢٠١٥)دا گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ روویان نەداوە، تەنیا حالەتێکی سەڵت هەبوو ئەویش بووە بە خێزاندار و

هەروەها ئەو (٥) کەسەی کۆچی دواییان کردووە هەر پێنجیان خێزانی جینۆسایدکراوەکان بوون، بۆیە ئەم ڕێژەیەش گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە و ئەوانەی کە لە شوێن ئەم (٥) کەسەش وەرگیراون هەر هەموویان خێزاندراربوون.

- جۆری پیشەی نموونەی توێژینەوە:

خشتەی ژمارە -١٠-

جۆری پیشەی نموونەی توێژینەوە

| جۆری پیشە | ساڵی ٢٠٠٧<br>ژمارە ٪ | ساڵی ٢٠١٥<br>ژمارە ٪ |
|---|---|---|
| بێکار | ٦٥<br>٪٥٢ | ٨٤<br>٪ ٦٧,٢٠ |
| کابان و کاری ماڵەوە | ٣٤<br>٪٢٧,٢٠ | ٢١<br>٪ ١٦,٨٠ |
| ئاژەڵدار | ٦<br>٪٤,٨٠ | ٣<br>٪ ٢,٤٠ |
| جوتیار | ٥<br>٪٤ | ٢<br>٪ ١,٦٠ |
| کرێکار و کاری ئازاد | ٤<br>٪٣,٢٠ | ٤<br>٪٣,٢٠ |
| فەرمانبەر | ٦<br>٪٤,٨٠ | ٦<br>٪٤,٨٠ |
| پ.م | ٥<br>٪٤ | ٥<br>٪٤ |
| کۆی گشتی | ١٢٥<br>٪١٠٠ | ١٢٥<br>٪١٠٠ |

خشتەی ژمارە -١٠- تایبەتە بە پیشەی نموونەی توێژینەوە، ڕێژەی (٥٢٪) خۆیان بە بێکار لە قەڵەم داوە، لە توێژینەوەی دووەمیشدا بێکارەکان بەرزترین ڕێژە بە ڕێژەی (٦٧,٢٠ ٪) نموونەی توێژینەوە پێکدێنن، ئەمەش ڕێژەیەکی بەرزە و دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە نموونەی توێژینەوەکە زیاتر بە تەمەنەکان لە خۆ دەگرێت و زۆربەی هەرە زۆریش ئافرەتن هەروەك لە خشتەی ژمارە (٣) و ژمارە (٤) ئاماژەمان پێکردووە. هۆکارێکی تریش ئەوەیە ئەم ئافرەتانە بە هۆی ناهاوسەنگی باری دەروونی و ئەو تراژیدیایەی لە ژیانی خۆیاندا بینیویانە هەر لە تەمەنێکی زوو پیر و پەککەوتە بوونە و توانای کارکردنیان نەماوە، هۆکارێکی تر ئەوەیە کە زۆربەی نموونەی توێژینەوەکە نیشتەجێی دەڤەری بارزانن لەم دەڤەرەش دەرفەتی کارکردن کەمە. ڕێژەی (٢٧,٢٠٪) نموونەکە بە کابان و کاری ماڵەوە خەریکن لە وڵاتی ئێمەدا ئەمانەش هەر بە بێکار دەناسرێن. ڕێژەی (٤,٨٠٪) نموونەی توێژینەوەکە خەریکی ئاژەڵدارین. ڕێژەی (٤ ٪) پیشەیان جوتیارییە, ئەم دوو ڕێژەیەش ڕێژەیەکی زۆر کەمە بۆ ئەم دەڤەرە چونکە لادێنشینن و شوێنی لەوەڕاندنی ئاژەڵ و مەڕ و ماڵات بەرفراوانە لەم دەڤەرە، لە توێژینەوەی دووەمیشدا واتا ساڵی (٢٠١٥) ئەم دوو ڕێژەییە کەمترشی کردووە ڕێژەی (٢,٤٠ ٪) ئاژەڵدارن و ڕێژەی (١,٦٠٪)، بە چاودێریکردن و تێبینکردنمان لە ژیانی لادێنشین لەگەڵ ژیانی شارنشین لە کوردستاندا بۆ ئەمڕۆ جیاوازییەکی ئەوتۆیان لە نێواندا نیە و گوندەکانیش وەك شارەکان پشت بە بەرهەمی هاوردە دەبەستن و و بەرووبوومی خۆماڵی بەرهەمناهێنن و لە ڕووی شارستانیشەوە وەك شارەکان هەموو جۆرە ئامێر و تەکنولۆجیای سەردەمیانە و هێڵەکانی ئەنتەرنێت و هێڵەکانی پەیوەندیان بۆ دابینکراوە، وەکو شارەکانیش ئامێر و ئامرازی هاتووچۆی سەردەمیانەیان هەیە.

ڕێژەی (٤,٨٠ ٪) فەرمانبەری میرین لە هەردوو توێژینەوەکانماندا هەمان ڕێژەیە، ئەمەش ڕێژەیەکی زۆر کەمە، یەکێك لە هۆکارەکانی کەمی ئاستی خوێندەوارییە لە نێو بەجێماوی جینۆسایدکراوەکان وەك لە خشتەی ژمارە -٧- دا خراوەتە ڕوو,

ڕێژەی (٤ ٪) پیشەیان پێشمەرگایەتیە، ڕێژەی (٣,٢٠ ٪) کرێکاری و کاری ئازاد دەکەن (وەك بارهەڵگری و دوکانداری وکارکردن....).

- مووچەی مانگانە:

خشتەی ژمارە - ١١ -

مووچەی مانگانەی خێزانەکانی نموونەی توێژینەوە

| مووچەی مانگانە | ساڵی ٢٠٠٧<br>ژمارە ٪ | ساڵی ٢٠١٥<br>ژمارە ٪ |
|---|---|---|
| باشە و بەشمان دەکات | ١٣<br>٪ ١٠,٤٠ | ١٢<br>٪ ٩,٦٠ |
| ناوەندە | ٤٢<br>٪ ٣٣,٦٠ | ٤٤<br>٪ ٣٥,٢٠ |
| کەمە و بەشمان ناکات | ٧٠<br>٪ ٥٦ | ٦٩<br>٪ ٥٥,٢٠ |
| کۆی گشتی | ١٢٥<br>٪ ١٠٠ | ١٢٥<br>٪ ١٠٠ |

خشتەی ژمارە -١١- تایبەتە بەو مووچەیەی کە بەجێماوی جینۆسایدکراوەکان وەریدەگرن. لە توێژینەوەی یەکەمدا ڕێژەی (٥٦ ٪) نموونەی توێژینەوەکە پێیان وایە ئەو برە موچەیە کەمە و بەشیان ناکات، ڕێژەی (٣٣,٦٠ ٪) بە ناوەندیان لە قەڵەم داوە. ڕێژەی (١٠,٤٠ ٪) پێیان وایە باشە و بەشیان دەکات. بۆ توێژینەوەی دووەمیش ژمارە و داتاکان گۆڕانکاری ئەوتۆیان بەسەردا نەهاتووە، بۆیە بە گشتی ئەو مووچەی مانگانە دەدرێتە کەسوکاری جینۆسایدکراوەکان لە گەڵ بەرزی شتوومەك لە بازار و زۆری پێداویستیەکان ناگونجێ و بەشی بژێوی ژیانیان ناکات.

باسی دووەم:

# خستنەروو و شیكردنەوەی زانیارییە تایبەتییەكانی توێژینەوە

## خشتەی ژمارە -١٢-

## ژمارەی جینۆسایدکراوانی نموونەی توێژینەوە بە پێی تەمەن

| تەمەن | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| ٧-١١ | ٦ | ٪١,٧٥ |
| ١٢-١٦ | ٣٣ | ٪٩,٦٤ |
| ١٧-٢١ | ٣٣ | ٪٩,٦٤ |
| ٢٢-٢٦ | ٥٢ | ٪١٥,٢٠ |
| ٢٧-٣١ | ٥٥ | ٪١٦,٠٨ |
| ٣٢-٣٦ | ٣١ | ٪٩,٠٦ |
| ٣٧-٤١ | ٣١ | ٪٩,٠٦ |
| ٤٢-٤٦ | ٢١ | ٪٦,١٤ |
| ٤٧-٥١ | ١٣ | ٪٣,٨٠ |
| ٥٢-٥٦ | ١٦ | ٪٤,٦٧ |
| ٥٧-٦١ | ٢٢ | ٪٦,٤٣ |
| ٦٢-٦٦ | ١٣ | ٪٣,٨٠ |
| ٦٧-٧١ | ٧ | ٪٢,٠٤ |
| ٧٢-٧٦ | ٤ | ٪١,١٦ |
| ٧٧-٨١ | ٢ | ٪٠,٥٨ |
| ٨٢-٨٦ | ١ | ٪٠,٢٩ |
| ٨٧-٩١ | - | - |
| ٩٢-٩٦ | ٢ | ٪٠,٥٨ |
| کۆی گشتی | ٣٤٢ | ١٠٠ ٪★ |

★ ئەم ڕێژەیە نزیك کراوەتەوە لە (٪) بۆ ڕێژەکانی تریش بەهەمان شێوە. هەروەها سەبارەت بە بەراوردکارییەکە بۆ هەردوو ماوەی نێوان ساڵانی (٢٠٠٧ تا ٢٠١٥) هەر وەك خۆیەتی چونکە ئەم داتایانە پەیوەندیان بە جینۆسایدکراوانەوە هەیە، بۆ خشتەکانی تریش بە هەمان شێوە.

خشتەی ژمارە (١٢) تایبەتە بە ژمارەی جینۆسایدکراوانی نموونەی توێژینەوە بە پێی تەمەن. دەردەکەوێت کە تەمەنی جینۆسایدکراوانی نموونەی توێژینەوە لە نێوان (٨) ساڵ تا (٩٦)ساڵی دایە. نموونەی توێژینەوە لە (١٨) کۆمەڵی تەمەن پێکهاتووە، کۆی ژمارەی جینۆسایدکراوانی نموونەی توێژینەوە (٣٤٢) کەسە.

بچوکترین نموونەی تەمەن دەکەوێتە نێوان (٧-١١) ساڵی ڕێژەی (١,٧٥ ٪) نموونەی توێژینەوە پێکدێنن، وەك دیارە ئەمانە لە تەمەنێکی زۆر بچوکدان لە زۆر سەرچاوەدا وا دەست نیشانکراوە کە بارزانیەکان لە تەمەنی (١٢) ساڵی بە سەرەوە زیندەبەچاڵکراون، بەڵام ناتوانین بڵێین ئەمەیان ڕاستە چونکە لە کاتی شاڵاوی جینۆسایدی بارزانیەکان تەمەن لەبەر چاو نەگیراوە بەڵکو بە شێوەیەکی هەڕەمەکی ڕاپێچی ئۆتومبێلەکان کراون، لەوانەیە هەبووبێت بە تەمەن بچوك بێت بەڵام بە قەد و باڵا درێژبووە جینۆسایدکراوە. بۆیە لە دوای گەڕانێکی ورد لە نێو خێزانە بەجێماوەکان بۆمان دەرکەوت زۆرن ئەوانەی کە تەمەنیان لە حەفت ساڵی بە سەرەوەیە. ڕێژەی (٠,٥٨ ٪) نموونەی توێژینەوە تەمەنیان دەکەوێتە (٩٢-٦٩) ساڵ ئەمانەش گەورەترین کۆمەڵی تەمەنی نموونەی توێژینەوە پێکدێنن کەسانی بە ساڵاچوو و پیر و پەککەوتەن. ڕێژەی (٩,٦٤ ٪) تەمەنیان دەکەوێتە نێوان (١٢-١٦) ساڵی هەمان ڕێژە تەمەنیان دەکەوێتە نێوان (١٧-٢١) ساڵی. ڕێژەی (١٥,٢٠ ٪) تەمەنیان دەکەوێتە نێوان (٢٢-٢٦) ساڵی ڕێژەی (١٦,٠٨ ٪) تەمەنیان دەکەوێتە نێوان (٢٧-٣١) ساڵی ئەمەش بەرزترین ڕێژەی نموونەی توێژینەوە پێکدێنێت، ڕێژەی (٩,٠٦ ٪) تەمەنیان دەکەوێتە نێوان (٣٢-٣٦) ساڵی، ڕێژەی (٦,١٤ ٪) تەمەنیان دەکەوێتە نێوان (٤٢-٤٦) ساڵی، ڕێژەی (٣,٨٠ ٪) تەمەنیان دەکەوێتە نێوان (٤٧-٥١) ساڵی. ڕێژەی(٤,٦٧ ٪) تەمەنیان دەکەوێتە نێوان (٥٢-٥٦) ساڵی، ڕێژەی ( ٦,٤٣٪) تەمەنیان دەکەوێتە نێوان (٥٧-٦١) ساڵی. ڕێژەی تەمەنی جینۆسایدکراوان لە تەمەنی(٦٢) ساڵی بۆ سەرەوە بەرەو کەمی دەچێت. لێرەدا ئەگەر سەرنج بدەین توێژی ئەو تەمەنانەی گرنگن و پشتیان پێی دەبەسترێ بۆ بەرهەمهێنان کە تەمەنیان لە نێوان (١٧-٦١) ساڵیدایە ڕێژەی زیاتر لە (٨٠ ٪) کۆمەڵکوژکراوەکانی نموونەی توێژینەوە

پێکدێنن ئـەم توێـژە زۆرەش لـە تەمـەنی بەرهـەمهێنانی مرۆیـی و گەشـەکردنی ئابووریدان. هەروەها لە نموونەی توێژینەوەکـەمان دوو (کـەم ئـەقل) شـێت و سـێ کوێر و شەش کەم ئەندامیان لە گەڵ جینۆسایدکراوە.

لە ماوی نێوان ساڵانی (٢٠٠٧ تـا ٢٠١٥) بـە هـەمان شـێوەیە و گۆڕانکاری بـە سـەردا نـەهاتووە لـە توێژینـەوە بەراوردکارییەکەمانـدا، ئەمانـە لـە سـاڵی (١٩٨٣) جینۆسایدکراوان و هەمان ئەو کەسانەن چونکە ئێمە هەمان نموونەی توێژینەوە و کەسوکاری قوربانیانمان وەرگرتووە کە لـە ساڵی ( ٢٠٠٧) وەك نموونـەی توێژینـەوە وەرمان گرتبوون.




هێلکاری ژمارە (٧) ژمارەی جینۆسایدکراوانی نموونەی توێژینەوە بە پێی تەمەن ڕووندەکاتەوە.

## خشتەی ژمارە (١٣)

### جۆری ئەندامانی خێزان ئەوانەی جینۆسایدکراون بە پێی باری کۆمەڵایەتی

| باری کۆمەڵایەتی / جۆری ئەندامی خێزان | سەلت | | خێزاندار | | کۆی گشتی | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | ٪ | ژمارە | ٪ | ژمارە | ٪ |
| باوك | - | - | ٣٣ | ٪ ٩,٦٤ | ٣٣ | ٪ ٩,٦٤ |
| هاوسەر | - | - | ١١٥ | ٪٣٣,٦٢ | ١١٥ | ٪٣٣,٦٢ |
| کور | ٤٣ | ٪ ١٢,٥٧ | ٤١ | ٪١١,٩٨ | ٨٤ | ٪٢٤,٥٦ |
| برا | ٢٠ | ٪ ٥,٨٤ | ٩٠ | ٪٢٦,٥٧ | ١١٠ | ٪٣٢,١٦ |
| کۆی گشتی | ٦٣ | ٪ ١٨,٤٢ | ٢٧٩ | ٪٨١,٥٧ | ٣٤٢ | ٪ ١٠٠ |

لە خشتەی ژمارە(١٣) تایبەتە بە جۆری ئەندامانی خێزان ئەوانەی جینۆسایدکراون بە پێی باری کۆمەڵایەتی. بۆمان دەردەکەوێت لە کۆی (٣٤٢) جینۆسایدکراوانی نموونەی توێژینەوە، ڕێژەی (٨١,٥٧ ٪)ی جینۆسایدکراوان خێزاندارن و ڕێژەی (٪١٨,٤٢) جینۆسایدکراوان سەڵتن. بەرزترین ڕێژەش لە جۆری ئەندامانی جینۆسایدکراوانی نموونەی توێژینەوە "هاوسەر"ن کە ڕێژەی (٣٣,٦٢ ٪) پێکدێنن، ڕێژەی (٣٢,١٦ ٪) "برا"لە نموونەی توێژینەوە جینۆسایدکراوان (واتە نموونەی توێژینەوە برایان جینۆسایدکراوە) ڕێژەی (٥,٨٤ ٪) سەڵتن و ڕێژەی (٢٦,٣١ ٪) خێزاندارن. هەروەها ڕێژەی (٢٤,٥٦ ٪) "کوڕ" جینۆسایدکراوان لە نموونەی توێژینەوەکە، ڕێژەی (١٢,٥٧ ٪) سەڵتن و ڕێژەی (١١,٩٨ ٪) خێزاندارن. نزمترین ڕێژەش لە جۆری ئەندامانی جینۆسایدکراوی نموونەی توێژینەوە (باوك)ن ڕێژەی (٩,٦٤ ٪) پێکدێنن. ئەگەر سەرەنج بدەین دەبینین (هاوسەر) لە نموونەی

توێژینەوەکە زیاترین ڕێژەیان بەرکەوتووە، بێگومان ئەمەش کاریگەری زۆری هەیە لە هەموو بوارەکانی ژیاندا بە تایبەتی لە لایەنی ئابووری و ستراکتەری خێزان. ئافرەتێك بێ هاوسەر منداڵەکانی گەورە بکات ڕۆڵی ئافرەت لە هەمان کاتدا پیاویش ببینی ماوە و کاتی دەوێ، لە ئەنجامی پرسیارێك لە یەکەکانی نموونەی توێژینەوە ئایا ئەم ئافرەتانە تا چەند توانیویانە جێگای هاوسەرەکانیان بگرنەوە؟
بەڵێ ئەم ئافرەتانە هەر زوو هەستانە سەرپێ و رۆڵی مەردایەتیان گێڕا و دەستیان کرد بە کارکردن و تەنانەت کاری زۆر قورسی پیاوان بۆ دابینکردنی بژێوی ژیانیان و بەخێوکردنی منداڵەکانیان. ئەمە بەرسقی زۆرێك لە ئافرەتانی بەجێماوی جینۆسایدکراوی بارزانیەکان بوو.

### خشتەی ژمارە (١٤)

### جۆری ئەندامانی خێزان ئەوانەی جینۆسایدکراوان بە پێی ئاستی خوێندن

| جۆری ئەندام / ئاستی خوێندن | باوك | هاوسەر | کور | برا | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|
| نەخوێندەوار | ٢٥<br>٧,٣٠٪ | ٦٠<br>١٧,٥٤٪ | ٢٥<br>٧,٣٠٪ | ٥٠<br>١٤,٦١٪ | ١٦٠<br>٤٦,٧٨٪ |
| خوێندن و نوسین | ٣<br>٠,٨٧٪ | ١٦<br>٤,٦٧٪ | ٥<br>١,٤٦٪ | ١٦<br>٤,٦٧٪ | ٤٠<br>١١,٦٩٪ |
| سەرەتایی | ٤<br>١,١٦٪ | ٢٥<br>٧,٣٠٪ | ٣٣<br>٩,٦٤٪ | ٣٨<br>١١,١١٪ | ١٠٠<br>٢٩,٢٣٪ |
| ناوەندی | ١<br>٠,٢٩٪ | ٩<br>٢,٦٣٪ | ١٦<br>٤,٦٧٪ | ٦<br>١,٥٧٪ | ٣٢<br>٩,٣٥ |
| ئامادەیی | -<br>- | ٤<br>١,١٦٪ | ٤<br>١,١٦٪ | -<br>- | ٨<br>٢,٣٢٪ |
| سەروتر | -<br>- | ١<br>٠,٢٩٪ | ١<br>٠,٢٩٪ | -<br>- | ٢<br>٠,٥٨٪ |
| کۆی گشتی | ٣٣<br>٩,٦٤٪ | ١١٥<br>٣٣,٦٢٪ | ٨٤<br>٢٤,٥٢٪ | ١١٠<br>٣٢,١٦٪ | ٣٤٢<br>١٠٠٪ |

خشتەی ژمارە (١٤) تایبەتە بە ئاستی خوێندنی جینۆسایدکراوانی نموونەی توێژینەوە. بەرزترین ڕێژە نەخوێندەوارن کە ڕێژەی (٤٦,٧٨ ٪) نموونەی توێژینەوە پێکدێنن. ڕێژەی (١١,٦٩ ٪) خوێندن و نوسین دەزانن. ڕێژەی (٢٩,٢٣٪) قۆناغی سەرەتاییان خوێندووە. ڕێژەی (٩,٣٥ ٪) قۆناغی ناوەندی و ڕێژەی (٢,٣٢ ٪) قۆناغی

ئامادەیی و ڕێژەی (٠,٥٨ ٪) قۆناغەکانی سەروتریان تەواو کردووە ئەمەش نزمترین ڕێژە لەخۆ دەگرێت.

لە(باوك)ە جینۆسایدکراوەکان بەرزترین ڕێژە نەخوێندەوارن بە ڕێژە (٧,٣٠ ٪) نزمترین ڕێژەش بە ڕێژەی (٠,٢٩ ٪) قۆناغی ناوەندییان خوێندووە کە دوا پلەی خوێندنیانە.

لە (هاوسەر)ە جینۆسایدکراوەکان بەرزترین ڕێژە (١٧,٥٤ ٪) نەخوێندەوارەکانن، نزمترین ڕێژەش (٠,٢٩٪) ئەوانەن کە لە زانکۆ و پەیمانگاکان خوێندوویانە.

لە (کوڕە) جینۆسایدکراوەکان بەرزترین ڕێژە (٩,٦٤ ٪) ئەوانەن کە قۆناغی سەرەتاییان خوێندووە. نزمترین ڕێژەش (٠,٢٩ ٪) ئەوانەن کە بڕوانامەی شەشەمی ئامادەیی یان لە قۆناغەکانی سەروتر خوێندوویانە.

لە (برا) جینۆسایدکراوەکان بەرزترین ڕێژە نەخوێندەوارن بە ڕێژەی (١٤,٦١٪) و نزمترین ڕێژەش ئەوانەن کە لە قۆناغی ناوەندی دابوون و دوا پلەی خوێندنیان بوو ڕێژەی (١,٧٥٪) نموونەی توێژینەوە پێکدێنن.

وەك دیارە نەخوێندەوارەکان بەرزترین ڕێژە پێکدێنن ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بارودۆخە سەختەی ژیانیان و ئاوارەبوون و دەربەدەر بوون و ڕاگواستنی بەردەوامی بارزانیەکان بە درێژای مێژووی سەدەی ڕابردوو، ئەمە جگە لە پشگوێخستنی ناوچە بارزان لە بواری پەروەردە و فێرکردن لە لایەن حکومەتە یەك لە دوایەکەکانی عێراق.




هێلکاری ژمارە (٨) جۆری ئەندامانی خێزان ئەوانەی جینۆسایدکراوان بە پێی ئاستی خوێندن
رووندەکاتەوە.

## خشتەی ژمارە (١٥)

### جۆری ئەندامانی خێزان ئەوانەی جینۆسایدكراوان بە پێی جۆری پیشەیان

| جۆری ئەندام / جۆری پیشە | باوك | هاوسەر | كور | برا | كۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|
| بێكار | ١١<br>٪ ٣,٢٢ | ٢٤<br>٪٧,٠١ | ٨<br>٪٢,٣٤ | ١٠<br>٪٢,٩٣ | ٥٣<br>٪١٥,٤٩ |
| كرێكار | ١٨<br>٪ ٥,٢٧ | ٧٠<br>٪٢٠,٤٧ | ٥٥<br>٪١٦,٠٩ | ٩٠<br>٪٢٦,٣١ | ٢٣٣<br>٪٦٨,١٥ |
| قوتابی | -<br>- | ٥<br>٪ ١,٤٦ | ١٣<br>٪٣,٨١ | ٨<br>٪٢,٣٤ | ٢٦<br>٪٧,٦٠ |
| خانەنیشین | ٣<br>٪ ٠,٨٨ | ٤<br>٪ ١,١٧ | -<br>- | -<br>- | ٧<br>٪٢,٠٥ |
| كارمەند | ١<br>٪ ٠,٣٠ | ٨<br>٪ ٢,٣٤ | ٨<br>٪ ٢,٣٤ | ١<br>٪ ٠,٣٠ | ١٨<br>٪٥,٢٨ |
| دوكاندار | -<br>- | ٣<br>٪ ٠,٨٨ | -<br>- | ١<br>٪ ٠,٣٠ | ٤<br>٪١,١٧ |
| پزیشك | -<br>- | ١<br>٪ ٠,٣٠ | -<br>- | -<br>- | ١<br>٪٠,٣٠ |
| كۆی گشتی | ٣٣<br>٪ ٩,٦٥ | ١١٥<br>٪٣٣,٦٢ | ٨٤<br>٪٢٤,٥٨ | ١١٠<br>٪٣٢,١٦ | ٣٤٢<br>٪١٠٠ |

خشتەی ژمارە (١٥) تایبەتە بە جۆری پیشەی جینۆسایدكراوەكانی نموونەی توێژینەوە دەردەكەوێت كەوا كرێكارەكان زۆرترین ڕێژەی نموونەی توێژینەوەكە پێكدینن دەكاتە (٦٨,١٥ ٪) یەكێك لە هۆكارە سەرەكیەكانی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی كە

هەر لە زووەوە لە ساڵی (١٩٧٥) بە دواوە بارزانیەکان لە شوێنی ڕەسەنی خۆیان ڕاگوێزران بۆ ئۆردووگا زۆرەملێیەکان و زۆرترین خاکی کوردستان لە مرۆڤ چۆڵکرا. خەڵکەکە سامان و مەڕ و ماڵاتی خۆیان بەجێهێشت هەرچەند لە ئۆردووگایەکاندا دەرفەتی کارکرن بە ئەستەم بەدەست دەکەوت و جگە لە کرێکاری ڕۆژانە هیچ کارێکیتر نەبوو، بەڵام بە هەرجۆرێك بێت هەوڵیان داوە کرێکاری بکەن بۆ دابین کردنی بژێوی ژیانیان. دووەم ڕێژەش بێکاربوون کە دەکاتە (١٥,٤٩ ٪), ڕێژەی دواتر دەکاتە (٧,٦٠ ٪) قوتابی بوون. ڕێژەی (٥,٢٨ ٪) کارمەند بوون لە دامودەزگا حکومیەکان. ڕێژەی(٢,٠٥ ٪) خانەنشین کرابوون. ڕێژەی (١,١٧ ٪) دووکانداربوون. تەنیا یەك لە جینۆسایدکراوانی نموونەی توێژینەوە پزیشك بوون کە دەکاتە ڕێژەی (٠,٣٠ ٪) کەمترین ڕێژەش پێکدێنن.




هێڵکاری ژمارە (٩) جۆری ئەندامانی خێزان ئەوانەی جینۆسایدکراوان بە پێی جۆری پیشەیان ڕووندەکاتەوە.

### خشتەی ژمارە- ١٦-

### قەبارەی ئەندامانی خێزان ئەوانەی جینۆسایدکراوان ڕووندەکاتەوە

| قەبارەی ئەندامانی خێزان | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| ١-٣ | ٩١ | ٪ ٧٢,٨٠ |
| ٤-٦ | ٢٨ | ٪ ٢٢,٤٠ |
| ٧-٩ | ٦ | ٪ ٤,٨٠ |
| کۆی گشتی | ١٢٥ | ٪ ١٠٠ |

خشتەی ژمارە (١٦) تایبەتە بە قەبارەی ئەندامانی خێزان ئەوانەی جینۆسایدکراون دەردەکەوێ ڕێژەی (٧٢,٨٠ ٪) خێزانی نموونەی توێژینەوەکەمان (١-٣) کەسیانیان لێ کۆمەڵکوژکراوە. ڕێژەی (٢٢,٤٠ ٪) خێزان (٤-٦) کەسیان لێ کۆمەڵکوژکراوە. ڕێژەی (٤,٨٠ ٪) خێزان (٧-٩) کەسیان لێ کۆمەڵکوژکراوە.




هێڵکاری ژمارە (١٠) قەبارەی ئەندامانی خێزان ئەوانەی جینۆسایدکراوان ڕووندەکاتەوە.

**خشتەی ژمارە (١٧)**

**ئەندامانی خێزانی نموونەی توێژینەوە بە پێی ڕەگەز**

| ڕەگەز | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| نێر | ١٢٩ | ٪ ٣٤,٥٠ |
| مێ | ٢٤٥ | ٪ ٦٥,٥٠ |
| کۆی گشتی | ٣٧٤ | ٪ ١٠٠ |

خشتەی ژمارە (١٧) تایبەتە بە ئەندامانی خێزانی بەجێماوی جینۆساید بە پێی ڕەگەز، دەردەکەوێت لە کۆی (٣٧٤) کەس، (١٢٩) کەس بە ڕێژەی (٣٤,٥٠ ٪) نێرن، (٢٤٥) کەس بە ڕێژەی (٦٥,٥٠ ٪) مێن. ڕێژەی مێینە لە نێو بەجێماوی بارزانیە جینۆسایدکراوەکان ڕێژەیەکی زۆرە بێگومان ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ لە ناوبردنی ڕەگەزی نێر لە پرۆسەی قڕکردنی هەشت هەزار لە نێرینەی بارزانی.

لەم خشتەیەشدا گۆڕانکاریمان لە ئەندامانی خێزانەکاندا نەکردووە هەرچەند چەند کەسێك لە ئەندامانی خێزان لە نێوان ساڵانی (٢٠٠٧ بۆ ٢٠١٥) لە ژیاندا نەماون، بەڵام ئەوەی زیاتر مەبەستمانە لە کاتی پرۆسەی جینۆسایدکرنی پیاوە بارزانیەکان ئەمانەیان لە پاش بەجێمابوو، ئەو ئەندامانەی نموونەی توێژینەوەمان کە گیانیان لە دەستداوە لە دوای توێژینەوی یەکەممان، بە لایەنی کەم زیاتر لە ٢٤ ساڵ دووچاری کۆمەڵێك کێشە و گیروگرفت و دەردەسەری بوونە و ئازار و مەینەتی و نەدارییان چەشتووە. ئەوانەی لە ماوەی ئەم هەشت ساڵە گیانیان لە دەستداوە بە پێی داتا بە دەستهاتووەکانی هەمان ئەندامانی خێزانی نموونەی توێژینەوە ژمارەیان ( ١٢ ) کەسە و (٥) کەسیان لە هەمان کاتدا نموونەی توێژینەوە بوون واتا (٣) کەسیان ئەندامانی خێزانی نموونەی توێژینەوەن لە ڕەگەزی مێیەن و (٤) کەسیان بە هەمان شێوە ئەندامانی خێزانی نموونەی توێژینەوەن لە ڕەگەزی نێرینەن.




هێلکاری ژماره (١١) ئەندامانی خێزانی نموونەی توێژینەوە بە پێی ڕەگەز ڕووندەکاتەوە.

## خشتەی ژمارە(١٨)

## قەبارەی ئەندامانی خێزانی بەجیٚماوی جینۆسایدی نموونەی توێژینەوە

| قەبارەی ئەندامانی خێزان | ساڵی ٢٠٠٧ ژمارە ٪ | ساڵی ٢٠١٥ ژمارە ٪ |
|---|---|---|
| ١ (هەرخۆی تەنیا) | ٣٦<br>٪٢٨,٨٠ | ٥٠<br>٪ ٤٠ |
| ٢-٤ | ٦٤<br>٪٥١,٢٠ | ٥٦<br>٤٤,٨٠ |
| ٥-٧ | ٢٠<br>٪١٦ | ١٤<br>١١,٢٠ |
| ٨-١٠ | ٤<br>٪٣,٢٠ | ٤<br>٪٣,٢٠ |
| ١١-١٣ | ١<br>٪٠,٨٠ | ١<br>٪٠,٨٠ |
| کۆی گشتی | ١٢٥<br>٪١٠٠ | ١٢٥<br>٪١٠٠ |

لە داتاکانی ناو خشتەی ژمارە (١٨) کە تایبەتە بە قەبارەی ئەندامانی خێزانی بەجیٚماوی جینۆسایدکراوانی نموونەی توێژینەوە، لە توێژینەوەی یەکەمی ساڵی (٢٠٠٧) دەردەکەوێت کە ڕێژەی (٢٨,٨٠ ٪) هەرخۆیان بە تەنیا ماونەتەوە واتە یەك کەس لە ماڵێکی تەنیا بێ باوك بێ هاوسەر و بێ کوڕ و بێ برا تەنانەت بێ کچیش، ئەمەش یەکێکە لە ئاسەوارەکانی پرۆژەی جینۆسایدی بارزانیەکان و کاریگەری لە سەر بۆنیادی خێزان و لێك هەڵوەشاندنەوەی. لە توێژینەوەی بەراوردکاری ساڵی (٢٠١٥) دەردەکەوێت کە ئەم ڕێژەیە زۆر زیادی کردووە تەنیا لە ماوەی هەشت ساڵدا

(١١,٢٠ ٪) زیادی کردووە، ڕێژەی ئەوانەی بەتەنیا لە خانویەکدا ژیان بەسەر دەبەن لە ساڵی (٢٠١٥) ڕێژەی ( ٤٠ ٪) نموونەی توێژینەوەکەمان پێکدێنن.

بەرزترین ڕێژەش لە ئەندامانی خێزانی بەجێماوی جینۆساید تا ساڵی (٢٠٠٧) لە نێوان (٢-٤) کەسدان بە ڕێژەی (٥١,٢٠٪)، لە توێژینەوەی دووەمیشدا تا ساڵی (٢٠١٥) ئەو قەبارەیەی خێزان بەرزترین نموونەی توێژینەوەکەمان پێکدێنن بە ڕێژەی (٤٤,٨٠). تا ساڵی (٢٠٠٧) و توێژینەوەی یەکەم ڕێژەی (١٦٪) و توێژینەوەی دووەمی ساڵی (٢٠١٥) ڕێژەی (١١,٢٠) قەبارەی خێزانیان لە نێوان (٥-٧) کەسدان، لە هەردوو توێژینەوەکاندا ڕێژەی (٣,٢٠ ٪) لە نێوان (٨-١٠) کەسدان، نزمترین ڕێژەش لە نێوان (١١-١٣) کەسدان بەڕێژەی (٠,٨٠٪).

## خشتەی ژمارە (١٩)

## دابەشبوونی بەجێماوەی جینۆسایدکراوەکان بە پێی تەمەن و ڕەگەز

| ڕەگەز / تەمەن | نێر ٢٠٠٧ ژمارە ٪ | نێر ٢٠١٥ ژمارە ٪ | مێ ٢٠٠٧ ژمارە ٪ | مێ ٢٠١٥ ژمارە ٪ | کۆی گشتی ٢٠٠٧ ژمارە ٪ | کۆی گشتی ٢٠١٥ ژمارە ٪ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| کەمتر لە سالێک-٤ | ٤<br>٪٣,٥٧ | - | ١<br>٪٠,٧٣ | - | ٥<br>٪٢ | - |
| ٥-٩ | ٩<br>٪٨,٠٣ | - | ٤<br>٪٢,٩١ | - | ١٣<br>٪٥,٢٢ | - |
| ١٠-١٤ | ٩<br>٪٨,٠٣ | ٤<br>٪ ٣,٧٠ | ١٠<br>٪٧,٢٩ | ١<br>٪ ٠,٤٢ | ١٩<br>٪٧,٦٣ | ٥<br>٪ ٢,٠٦ |
| ١٥-١٩ | ٦<br>٪٥,٣٥ | ٩<br>٪ ٨,٣٣ | ٤<br>٪٢,٩١ | ٤<br>٪ ٢,٩٨ | ١٠<br>٪٤,٠١ | ١٣<br>٪ ٥,٣٧ |
| ٢٠-٢٤ | ٤٥<br>٪٤٠,١٧ | ٩<br>٪ ٨,٣٣ | ٣٢<br>٪٢٣,٣٥ | ١٠<br>٪ ٧,٤٦ | ٧٧<br>٪٣٠,٩٢ | ١٩<br>٪ ٧,٨٥ |
| ٢٥-٢٩ | ٢٣<br>٪٢٠,٥٣ | ٥<br>٪ ٤,٦٢ | ٣٣<br>٪٢٤,٠٨ | ٤<br>٪ ٢,٩٨ | ٥٦<br>٪٢٢,٤٨ | ٩<br>٪ ٣,٧١ |
| ٣٠-٣٤ | ٨<br>٪٧,١٤ | ٤٣<br>٪ ٣٩,٨١ | ١٧<br>٪١٢,٤٠ | ٣٢<br>٪ ٢٣,٨٨ | ٢٥<br>٪١٠,٠٤ | ٧٥<br>٪ ٣٠,٩٩ |
| ٣٥-٣٩ | ٥<br>٪٤,٤٦ | ٢٢<br>٪ ٢٠,٣٧ | ٢١<br>٪١٥,٣٢ | ٣٣<br>٪ ٢٤,٦٢ | ٢٦<br>٪١٠,٤٤ | ٥٥<br>٪ ٢٢,٧٢ |
| ٤٠-٤٤ | ٢<br>٪١,٧٨ | ٨<br>٧,٤٠ | ٣<br>٪٢,١٨ | ١٧<br>٪ ١٢,٦٨ | ٥<br>٪٢ | ٢٥<br>٪ ١٠,٣٣ |
| ٤٥-٤٩ | - | ٥ | ٥ | ٢٠ | ٥ | ٢٥ |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | ٤,٦٢ ٪ | ٣,٦٤٪ | ١٤,٩٢ ٪ | ٢٪ | ١٠,٣٣ ٪ |
| ٥٠-٥٤ | - | ٢<br>١,٨٥ ٪ | ٢<br>١,٤٥٪ | ٣<br>٢,٢٣ ٪ | ٢<br>٠,٨٠٪ | ٥<br>٢,٠٦ ٪ |
| ٥٥-٥٩ | - | - | ٢<br>١,٤٥٪ | ٣<br>٢,٢٣ ٪ | ٢<br>٠,٨٠٪ | ٣<br>١,٢٣ ٪ |
| ٦٠-٦٤ | ١<br>٠,٨٩ | - | ٢<br>١,٤٥٪ | ٢<br>١,٤٩ ٪ | ٣<br>١,٢٠٪ | ٢<br>٠,٨٢ ٪ |
| ٦٥-٦٩ | - | - | - | ٢<br>١,٤٩ ٪ | - | ٢<br>٠,٨٢ ٪ |
| ٧٠-٧٤ | - | - | ١<br>٠,٧٣٪ | ٢<br>١,٤٩ ٪ | ١<br>٠,٤٠٪ | ٢<br>٠,٨٢ ٪ |
| ٧٥-٧٩ | - | ١<br>٠,٩٢ ٪ | - | - | - | ١<br>٠,٤١ ٪ |
| ٨٠-٨٤ | - | - | - | ١<br>٠,٧٤ ٪ | - | ١<br>٠,٤١ ٪ |
| **کۆی گشتی** | ١١٢<br>٤٤,٩٧٪ | ١٠٨<br>٤٤,٦٢ ٪ | ١٣٧<br>٥٥,٠٢ ٪ | ١٣٤<br>٥٥,٣٧ ٪ | ٢٤٩<br>١٠٠ ٪ | ٢٤٢<br>١٠٠ ٪ |

پێکهاتـەکانی تەمـەن و ڕەگـەز دوو پێـوەری گـرنگن کـە توێـژەران لـە زانسـتە مرۆڤایەتیەکانـدا بـە تایبـەتی لـە زانسـتی دیمـۆگرافی بـەکاری دێـنن و بایـەخی پێدەدەن. لە زانیارییەکانی خشتەی ژمارە (١٩) کە تایبەتە بە پێکهاتـەی تەمـەن و ڕەگەزی بەجێماوی جینۆسایدکراوان لە هەردوو توێژینەوەکاندا (٢٠٠٧) و (٢٠١٥). لە توێژینـەوەی یەکـەمی سـاڵی (٢٠٠٧) دەردەکـەوێ کـە ڕێـژەی (٤٤,٩٧٪)ی نموونەکە ڕەگەزی نێـرن لـە بەرامبەریشـیدا ڕێـژەی (٥٥,٠٢ ٪) نموونەکە ڕەگـەزی مـێن. لـە

توێژینەوەی دووەمی ساڵی (٢٠١٥)دا ڕێژەیەكی زۆر نزیك لە ڕێژەی توێژینەوەی پێشووتر دەردەكەوێت ڕێژەی (٤٤,٦٢ ٪) لە ڕەگەزی نێرن و ڕێژەی (٥٥,٣٧ ٪) نموونە ڕەگەزی مێن.

ئەگەر بە وردی سەرەنجی پێكهاتەی تەمەنی كۆمەڵی بەجێماوی جینۆسایدكراوان بدەین دەبینین تەنیا ڕێژەی (٧,٢٢ ٪)ی نموونەكە، تەمەنیان لە نێوان(٠-١٠) ساڵیدایە كەمی ئەم ڕێژەیەش دەگەڕێتەوە بۆ بوونی ڕێژەیەكی زۆری بێوەژنی مێینە كە لە باری زاوزێدا نین، ئەم كەمە ڕێژەیەی هەیەش هی ئەوانەن كە ڕەگەزی نێری نموونەی تۆێژینەكەمان پێكدێنن لە توێژینەوەی ساڵی (٢٠٠٧)دان.

ئەوانەی تەمەنیان لە نێوان (١٠-١٤) ساڵیدایە تەنیا ڕێژەی (٧,٦٣٪) نموونەی توێژینەوە پێكدێنن ئەمە بۆ ساڵی (٢٠٠٧) بەڵام لە توێژینەوەی دووەمدا تەنیا ڕێژەی (٢,٠٦ ٪) نموونەكە پێكدێنن. ئەوانەی تەمەنیان لە نێوان (١٥-١٩) ساڵیە لە توێژینەوەی یەكەمدا ڕێژەی (٤,٠١٪) و لە توێژینەوەی دووەمدا ڕێژەی (٥,٣٧ ٪) پێكدێنن.

بۆ گرووپی تەمەنی (٢٠-٢٤) ساڵی لە توێژینەوەی یەكەمدا ئەم گرووپە بەرزترین توێژی نموونەی توێژینەوەكەمان پێكدێنن دەكاتە (٣٠,٩٢٪) زۆربەیان ئەوانەن كە لە دوای بێسەرو شوێنكردنی باوكیان لە دایكبوونە و باوكی خۆیان نەبینیوە. بەڵام بو توێژینەوەی دووەم ئەم كۆمەڵەی تەمەنە تەنیا ڕێژەی (٧,٨٥ ٪) توێژینەوە پێكدێنن.

ئەوانەی تەمەنیان دەكەوێتە نێوان (٢٥-٢٩) ساڵ ئەوانەش ڕێژەیەكی بەرز پێكدێنن بە ڕێژەی (٢٢,٤٨ ٪)، لە توێژینەوەی یەكەمدا، لە توێژینەوەی دووەمیشدا ڕێژەی (٣,٧١ ٪) پێكدێنن.

بەڵام سەبارەت بە كۆمەڵەكانی دیكەی تەمەن لە ساڵی (٢٠٠٧) لە توێژینەوەی یەكەمدا، دەبینین بە بەرزبوونەوەی تەمەن ڕێژەكە دادەبەزێ یەك لە دوای یەك، نزمترین ڕێژەش بە ڕێژەی (٠,٤٠ ٪) ئەوانەن كە تەمەنیان دەكەوێتە نێوان (٧٠-٧٤)

ساڵ دوا پلەی کۆمەڵی تەمەنی بەجێماوی جینۆسایدکراوانی نموونەی توێژینەوەکەیە.

هەر لە هەمان خشتەدا بۆمان دەردەکەوێت بەرزترین ڕێژەی توێژی تەمەنی ڕەگەزی نێری بەجێماوی جینۆسایدکراوان ڕێژەی(٤٠,١٧ ٪) تەمەنیان لە نێوان (٢٠-٢٤) ساڵیدان, نزمترین توێژیش تەمەنیان لە نێوان (٦٠-٦٤) ساڵیدایە ڕێژەی (٠,٨٩ ٪)ی توێژینەوە پێکدێنن. لە هەمانکاتدا بەرزترین ڕێژەی توێژی تەمەنی ڕەگەزی مێ ڕێژەی (٢٤,٠٨ ٪)یە کە تەمەنیان لە نێوان(٢٥-٢٩)ساڵیدایە و نزمترین ڕێژەش تەمەنیان لە نێوان (٧٠-٧٤) ساڵیدایە ڕێژەی (٠,٧٢ ٪) ی ڕەگەزی مێی توێژینەوە پێکدێنن. هەروەها بەجێماوی جینۆسایدکراوان لە ئەندامانی نموونەی توێژینەوە بۆ هەردوو ڕەگەز (٢٤٩) کەسن ئەمە جگە لەو (١٢٥) کەسەی بۆ نموونەی توێژینەوە وەك یەکە (عینە) وەرمانگرتوون، بەم پێیە کۆی گشتی بەجێماوی جینۆسایدکراوان بە نموونەی توێژینەوەشەوە (٣٧٤) کەسن. ئەمانە بۆ توێژینەوەی یەکەم کە لە ساڵی (٢٠٠٧) ئەنجامدراوە.

سەبارەت بە داتا بەدەستهاتووەکان لە توێژینەوەی دووەمدا کە لە ساڵی (٢٠١٥) ئەنجامدراوە،دەردەکەوێت بەرزترین گرووپی تەمەن لە نێوان (٣٠-٣٤) ساڵیدایە و ڕێژەی (٣٠,٩٩ ٪) توێژینەوە پێکدێنن، و ڕێژەی دواتریش تەمەنیان لە نێوان (٣٥-٣٩) ساڵیدایە و ڕێژەی (٢٢,٧٢ ٪) توێژینەوە پێکدێنن، هەرچی ئەوانەن تەمەنیان لە نێوان (٤٠-٤٤) ڕێژەی (١٠,٣٣ ٪) پێکدێنن، ئەوانە تەمەنیان لە نێوان (٤٥-٤٩) ساڵییە هەمان ڕێژەی پێشووتر پێکدێنن و بەم شێوەیە دەبینین بە بەرزبوونەوەی تەمەن ڕێژەکە دادەبەزێ یەك لە دوای یەك و نزمترین ڕێژەی تەمەن لە توێژینەوەی دووەمدا ڕێژەی (٠,٤١ ٪) پێکدێنن و تەمەنیان لە نێوان (٨٠-٨٤) ساڵیدایە.

سەبارەت بە بەرزترین ڕێژەی توێژی تەمەنی ڕەگەزی نێری بەجێماوی جینۆسایدکراوان لە توێژینەوەی دووەمدا، ڕێژەی(٣٩,٨١ ٪) تەمەنیان لە نێوان(٣٠-٣٤) ساڵیدان، نزمترین توێژیش تەمەنیان لە نێوان (٧٥-٧٩) ساڵیدایە ڕێژەی (٠,٩٢٪)ی نموونەی توێژینەوە پێکدێنن. هەر لە توێژینەوەی ساڵی (٢٠١٥)دا بەرزترین ڕێژەی

توێژی تەمەنی ڕەگەزی مێ ڕێژەی (٢٤,٦٢ ٪)یە و تەمەنیان لە نێوان(٣٥-٣٩) ساڵیدایە و نزمترین ڕێژەش تەمەنیان لە نێوان (٨٠-٨٤) ساڵیدایە ڕێژەی (٠,٧٤ ٪)ی ڕەگەزی مێی توێژینەوە پێكدێنن. بەجێماوی جینۆسایدكراوان لە ئەندامانی نموونەی توێژینەوە بۆ هەردوو ڕەگەز (٢٤٢) كەسن ئەمە جگە لەو (١٢٥) كەسەی بۆ نموونەی توێژینەوە وەك یەكە (عینە) وەرمانگرتوون، بەم پێیە كۆی گشتی بەجێماوی جینۆسایدكراوان بە نموونەی توێژینەوەشەوە (٣٦٧) كەسن لە توێژینەوەی دووەمی ساڵی (٢٠١٥)دا.

### خشتەی ژمارە (٢٠)

### دابەشبوونی بەجێماوی جینۆسایدكراوان بە پێی ڕەگەز و باری كۆمەلایەتی

| ڕەگەز | نێر ٢٠٠٧ | نێر ٢٠١٥ | مێ ٢٠٠٧ | مێ ٢٠١٥ | كۆی گشتی ٢٠٠٧ | كۆی گشتی ٢٠١٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| باری كۆمەلایەتی | ژمارە ٪ | ژمارە ٪ | ژمارە ٪ | ژمارە ٪ | ژمارە ٪ | ژمارە ٪ |
| سەڵت | ١٠٠<br>٪٨٩,٢٩ | ٢٨<br>٪ ٢٥,٩٢ | ١٢١<br>٪٨٨,٣٢ | ٣٠<br>٪ ٢٢,٣٨ | ٢٢١<br>٪٨٨,٧٥ | ٥٨<br>٪ ٢٣,٩٦ |
| خێزاندر | ١٢<br>٪١٠,٧٢ | ٨٠<br>٧٤,٠٨ | ١٦<br>٪١١,٦٧ | ١٠٤<br>٪ ٧٧,٦٢ | ٢٨<br>٪١١,٢٤ | ١٨٤<br>٪ ٧٦,٠٤ |
| كۆی گشتی | ١١٢<br>٪٤٤,٩٧ | ١٠٨<br>٪ ٤٤,٦٢ | ١٣٧<br>٪٥٥,٠٢ | ١٣٤<br>٥٥,٣٨ | ٢٤٩<br>٪ ١٠٠ | ٢٤٢<br>٪ ١٠٠ |

خشتەی ژمارە (٢٠) دا تایبەتە بە باری كۆمەلایەتی- خێزانداری- بەجێماوی جینۆسایدكراوان بە پێی ڕەگەز بۆمان دەردەكەوێت لە كۆی (٢٤٩) كەس (جگە لەو ١٢٥ كەسە بۆ یەكەی توێژینەوە وەرگیراون). بۆ ساڵی (٢٠٠٧) دەردەكەوێت ڕێژەی (١١,٢٤ ٪) خێزاندارن لە هەردوو ڕەگەز، ڕێژەی (٨٨,٧٥ ٪) لە هەردوو ڕەگەز سەڵتن.

ڕەگەزی نێر بە ڕێژەی (١٠,٧١ ٪) خێزانداربوون و ڕێژەی (٨٩,٢٨ ٪) سەڵت بوون، هەرچی ڕەگەزی مێن ڕێژەی (١١,٦٧ ٪) خێزانداربوون و ڕێژەی(٨٨,٣٢ ٪) سەڵت بوون. لەم خشتەیەدا بۆمان دەردەکەوێت ژمارەیەکی زۆر لە بەجێماوی جینۆسایدکراوان سەڵتن ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێك وەك خراپی بارودۆخی ژیان و کەمی دەرامەت و نەبوونی جێگا و شوێنی حەوانەوە و... هتد. هەروەها ئەو ناهاوسەنگییە دەروونییەی لە لایەن زۆربەی گەنجانی بەجێماو درووست بووە.

بەڵام دوای هەشت ساڵ و دووبارە ئەنجامدانەوەی توێژینەوە لە سەر هەمان کەسەکان و هەمان خانەوادەی یەکەکانی نموونەی توێژینەوە، بە ڕێژەیەکی بەرچاو ئەم ژمارە و داتایانە گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە ئەمجارەیان تەنیا ڕێژەی (٢٣,٩٦٪) سەڵتن و ئەوانی تر واتە ڕێژەی (٧٦,٠٤ ٪)خێزاندارن،

بەراوردکاری نێوانیان (٦٤,٧٩ ٪) ئەم داتایە بە دەستهاتووە ئەوەمان بۆ دەخاتە روو:

١- لە ماوەی ژیانی کەسوکاری بارزانیە جینۆسایدکراوەکاندا زۆرترین پرۆسەی هاوسەرگیری لە ماوەی نێوان ساڵانی (٢٠٠٧ تا ٢٠١٥) ئەنجامدراوە، کە سەردەمانێك بۆ ماوەی چەندین ساڵ بارزانیەکان لەم پرۆسەیە بێ بەش بوون بە هۆی نەمانی پیاو لە نێوان بەجێماوی بارزانیە جینۆسایدکراوەکان.

٢- باشبوونی باری ئابووری کەسوکاری بارزانیە جینۆسایدکراوەکان لە ماوەی نێوان ساڵانی (٢٠٠٧ تا ٢٠١٥).

٣- بەرزبوونەوەی تەمەنی کەسوکاری بارزانیە جینۆسایدکراوەکان چونکە بچوکترینیان تەمەنیان (٢٤) ساڵ بووە و گەورەترینیان تەمەنیان (٣٢) ساڵانە، بە پێی هەموو پێوەرەکانی زانستەکانی کۆمەڵناسی و زانستە مرۆڤایەتیەکانی تر ئەم ئاستی تەمەنە گونجاوترین ئاستە بۆ پرۆسەی هاوسەرگیری، ئەگەرچی لە دیدگای کۆمەڵناسێکەوە بۆ کۆمەڵناسێکی تر ڕای جیاوازن هەن بەڵام بە بڕوای من باشترین ئاست بۆ ئەنجامدانی هاوسەرگیری بۆ ڕەگەزی نێر لە تەمەنی (٢٥) ساڵی بەرەو سەرە و بۆ ڕەگەزی مێ لە تەمەنی (٢٢) ساڵی بەرەو سەرەوە باشترین کاتە بۆ هاوسەرگیری و پێکهێنانی خێزان.

لە داتاکانی ساڵی (٢٠١٥)دەرکەوتووە، بۆ ڕەگەزی نێر ڕێژەی (٧٤,٠٨) خێزانـدارن و ڕێـژەی (٢٥,٩٢ ٪) سـەڵتن، هەرچـی ڕەگـەزی مـێن ڕێـژەی (٧٧,٦٢ ٪) خێزانـدارن و ڕێژەی(٢٢,٣٨ ٪) سەڵتن.

خشتەی ژمارە (٢١)

ئاستی خوێندنی ئەندامانی خێزانی بەجێماوی جینۆسایدکراوان بۆ ڕەگەزی نێر

| ئاستی خوێندن بۆ ڕەگەزی نێر | ٢٠٠٧ ژمارە | ٢٠٠٧ ٪ | ٢٠١٥ ژمارە | ٢٠١٥ ٪ |
|---|---|---|---|---|
| نەخوێندەوار | ١٤ | ١٢,٩٧ ٪ | ١٢ | ١١,١٢ ٪ |
| خوێندن و نوسین | ٤ | ٣,٧١ ٪ | ٤ | ٣,٧١ ٪ |
| سەرەتایی | ٣٢ | ٢٩,٦٣ ٪ | ٣٠ | ٢٧,٧٧ ٪ |
| ناوەندیی | ٢٥ | ٢٣,١٥ ٪ | ١٩ | ١٧,٥٩ ٪ |
| ئامادەیی | ١٢ | ١١,١٢ ٪ | ١٤ | ١٢,٩٧ ٪ |
| سەروتر | ٢١ | ١٩,٤٥ ٪ | ٢٩ | ٢٦,٨٥ ٪ |
| کۆی گشتی | ١٠٨ | ١٠٠ ٪ | ١٠٨ | ١٠٠ ٪ |

سـەبارەت بـە ئاسـتی خوێنـدنی بـەجێماوی جینۆسـایدکراوان بـۆ ڕەگـەزی نێـر زانیارییەکانی خشتەی ژمارە (٢١) ڕووندەکەنەوە، بۆ ساڵی (٢٠٠٧) بەرزترین ڕێژە بە ڕێـژەی (٢٩,٦٣ ٪) قۆنـاغی سـەرەتاییان خوێنـدووە. بـۆ سـاڵی (٢٠١٥) هـەمان قۆنـاغ بەرزترین ڕێژە بە ڕێژەی (٢٧,٧٧ ٪)، ئەم ڕێژە بەرزەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە پاش ڤرکردنی نێرینە بارزانیەکان لە ساڵی (١٩٨٣) و هێشتنەوەی ئافرەت و منداڵ لە ئۆردووگا زۆرەملێیەکانـدا، حکومـەتی بـەعس دەسـتیکرد بـە داخسـتنی دەرگـای قوتابخانەکان لە سـەر منداڵە بارزانیـەکان ئـیتر مافیـان پێنـەدرا بخوێنن بۆیـە بـە

ناچاری وازیان لە خوێندن هێناوە ئەمە هۆکارێکی سەرەکی بوو کە نەیانتوانی درێژە بەخوێندنیان بدەن.

ڕێژەی (٢٣,١٥ ٪) قۆناغی ناوەندیان خوێندووە ئەمە بۆ ساڵی (٢٠٠٧) بەڵام بۆ ساڵی (٢٠١٥ ) قۆناغەکانی سەروی ئامادەیی واتا زانکۆ و پەیمانگاکان لە ڕیزبەندی دووەمدا بە ڕێژەی (٢٦,٨٥ ٪). بۆ ساڵی (٢٠٠٧) ڕیزبەندی سێیەم، ڕێژەی (١٩,٤٥ ٪) لە قۆناغەکانی سەرووتر (زانکۆ و پەیمانگاکان) دەخوێنن. بۆ ساڵی (٢٠١٥) بە ڕێژەی (١٧,٥٩ ٪) لە قۆناغی ناوەندیدان. بۆ ریزبەندی چوارەم لە ساڵی (٢٠٠٧) ڕێژەی (١٢,٩٧ ٪) نەخوێندەوارن بۆ ساڵی (٢٠١٥) ڕێژەی (١٢,٩٦ ٪) لە قۆناغی ئامادەیدان.

بۆ ساڵی (٢٠٠٧) ڕێژەی (١١,١٢ ٪) لە ئاستی قۆناغی ئامادەیدان و لە ریزبەندی پێنجەمدان، بۆ ساڵی ( ٢٠١٥) ڕێژەی (١١,١٢ ٪) نەخوێندەوارن و ریزبەندی پێنجەم بەکار دەهێنن. نزمترین ڕێژەی نموونەی توێژینەوەکە لە هەردوو توێژینەوەکەدا، ئەوانەن کە تەنیا خوێندن و نوسین دەزانن دەکاتە ڕێژەی (٣,٧١ ٪). (٤) چوار کەس لە ڕەگەزی بەجیماوی جینۆسایدکراوان (منداڵن) نەگەیشتونەتە تەمەنی خوێندن، لێرەدا پرسیارێك لە چوارچێوەی گوماندا لای خوێنەر دروست دەبێت!! ئایا بۆچی لە ساڵی (٢٠٠٧)دا (٤) کەس منداڵبوون و تەمەنیان نەگەیشتبووە قۆناغەکانی خوێندن؟! و (٨) ساڵ بە سەر توێژینەوەی دووەمدا تێپەریووە واتا ئەگەر ئەوکات تەمەنیان کەمتر لە یەك ساڵی بووبێت ئێستا تەمەنیان بەلایەنی کەم (٨) ساڵانە و ئەبوایە لە قۆناغەکانی خوێندن بوونایە، چونکە بە پێی خشتەی ژمارە(١٩) ڕەگەزی نێری بەجێماوەکانی نموونەی توێژینەوە (١١٢) کەسن؟!

بۆ وەڵامدانەوە و پشت ڕاستکردنەوەی ئەم پرسیارە گوماناوییە داتاکانی ناو خشتەی ژمارە (١٧) وەڵامێکی پشت ڕاستکەرەوە دەداتەوە، چونکە تا ساڵی (٢٠١٥) چوار کەس لە ڕەگەزی نێر لە بەجێماوەکانی نموونەی توێژینەوە گیانیان لە دەستداوە و لە ژیاندا نەماون، بۆیە ئەوان ئەژمارنەکراون و کۆی گشتی نموونەی توێژینەوەکەمان بەهەمان شێوە (١٠٨) کەسن.

## خشتەی ژمارە (٢٢)

### ئاستی خوێندنی ئەندامانی خێزانی بەجێماوی جینۆسایدکراوان بۆ ڕەگەزی مێینە

| ئاستی خوێندن بۆ ڕەگەزی مێ | ٢٠٠٧ | | ٢٠١٥ | |
|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | ٪ | ژمارە | ٪ |
| نەخوێندەوار | ٥٥ | ٪ ٤١,٣٦ | ٤٨ | ٪ ٣٥,٨٢ |
| خوێندن و نوسین | ١٣ | ٪ ٩,٧٨ | ١٤ | ٪ ١٠,٤٤ |
| سەرەتایی | ٤٤ | ٪ ٣٣,٠٩ | ٤٢ | ٪ ٣١,٣٤ |
| ناوەندیی | ٩ | ٪ ٦,٧٧ | ٧ | ٪ ٥,٢٢ |
| ئامادەیی | ٦ | ٪ ٤,٥٢ | ١٠ | ٪ ٧,٤٦ |
| سەروتر | ٦ | ٪ ٤,٥٢ | ١٣ | ٪ ٩,٧٠ |
| کۆی گشتی | ١٣٣ | ٪ ١٠٠ | ١٣٤ | ٪ ١٠٠ |

خشتەی ژمارە (٢٢) تایبەتە بە ئاستی خوێندنی ڕەگەزی مێینەی بەجێماوی کۆمەڵکوژکراوەکان دەردەکەوێت کە بەرزترین ڕێژە نەخوێندەوارن.

وەك لە چاوپێکەوتنەکاندا بۆمان روون بووەوە کە زۆربەی هەرە زۆری کچەکان بە هۆی راپەراندنی کاروباری ماڵەوە نەیانتوانیوە بخوێنن، چونکە دایکەکانیان کاری دەرەوەیان دەکرد و بە ئەرکی پیاو هەڵدەستان، هەندێك لە کچەکانیش لە گەڵ دایکیان دەچوونە کرێکاری و کارکردنی ڕۆژانە ئەمە لە هەردوو توێژینەوەکاندا، بۆ ساڵی (٢٠٠٧) ڕێژەی(٤١,٣٦ ٪) نموونەی توێژینەوەکەمان پێکدێنن و بۆ ساڵی (٢٠١٥) ڕێژەی (٣٥,٨٢ ٪) هەرچەند لە ماوەی هەشت ساڵدا گۆڕانکاری لە ئاستی خوێندنی ڕەگەزی مێ بەجێماوی بارزانیە جینۆسایدکراوەکان کراوە، کە ڕێژەی (٥,٥٤ ٪) یە بەڵام تا ئێستا ئاستی نەخوێندەواری لە نێو ڕەگەزی مێینەی بارزانیە جینۆسایدکراوەکان لە ئاستێکی بەرزدایە.

دووەم ڕێژە بە ڕێژەی (٣٣,٠٩ ٪) بۆ ساڵی (٢٠٠٧) و ڕێژەی (٣١,٣٤ ٪) بۆ ساڵی (٢٠١٥)، ئەوانەن كە تەنیا قۆناغی سەرەتاییان خوێندووە، بەشێك لە مانە بەهۆی نەبوونی پێداویستیەكانی خوێندن و داخستنی دەرگاكانی قوتابخانە لە سەریان نەیان توانیووە درێژە بە خوێندنیان بدەن.

ڕێژەی (٩,٧٨ ٪) بۆ ساڵی (٢٠٠٧) و ڕێژەی (١٠,٤٤ ٪) بۆ ساڵی (٢٠١٥) تەنیا خوێندن و نوسین دەزانن، ئەگەر سەیری ئەم سێ داتا بە دستهاتوانە بكەین لە هەردوو توێژینەوەكاندا زیاتر لە (٧٥ ٪)ی بەجێماوەكان هیچ بروانامەیەكیان بە دەست نەهێناوە و ئاستی خوێندەواریان لەوپەڕی خراپیدایە.

ڕێژەی (٦,٧٧ ٪) قۆناغی ناوەندییان خوێندووە تا ساڵی (٢٠٠٧) بۆ ساڵی (٢٠١٥) ڕێژەی (٥,٢٢ ٪) پێكدێنن، هەرچی ئەوانەن لە قۆناغی ئامادەین ڕێژەی (٤,٥٢ ٪) پێكدێنن و هەمان ڕێژەش لە قۆناغەكانی سەروتر دەخوێنن ئەمانە بۆ ساڵی (٢٠٠٧) و بۆ ساڵی (٢٠١٥) ڕێژەی (٧,٤٦ ٪) لە قۆناغەكانی ئامادەییدان و ڕێژەی (٩,٧٠ ٪) لە زانكۆ و پەیمانگاكان دەخوێنن.

### خشتەی ژمارە(٢٣)

### پیشەی ئەندامانی خێزانی بەجێماوی جینۆسایدکراوان بۆ ڕەگەزی نێر

| پیشەی ئەندامانی خێزان بۆ ڕەگەزی نێر | ٢٠٠٧ | | ٢٠١٥ | |
|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | ٪ | ژمارە | ٪ |
| بێکار | ٤ | ٪ ٣,٥٨ | ٢ | ٪ ١,٨٥ |
| کرێکار | ١٠ | ٪ ٨,٩٣ | ٥ | ٪ ٤,٦٢ |
| پ.م | ٢٠ | ٪ ١٧,٨٦ | ٣٨ | ٪ ٣٥,١٨ |
| قوتابی | ٤٧ | ٪ ٤١,٩٧ | ٣٠ | ٪ ٢٧,٧٧ |
| فەرمانبەر | ٢٠ | ٪ ١٧,٨٧ | ٢٢ | ٪ ٢٠,٣٠ |
| ئەندازیار | ١ | ٪ ٠,٩٠ | ١ | ٪ ٠,٩٢ |
| پۆلیس | ٣ | ٪ ٢,٦٨ | ٣ | ٪ ٢,٧٧ |
| شوان | ٢ | ٪ ١,٧٩ | - | - |
| ئەفسەر | ٢ | ٪ ١,٧٩ | ٢ | ٪ ١,٨٥ |
| مامۆستا | ٣ | ٪ ٢,٦٨ | ٥ | ٪ ٤,٦٢ |
| کۆی گشتی | ١١٢ | ٪١٠٠ | ١٠٨ | ٪١٠٠ |

خشتەی ژمارە(٢٣) تایبەتە بە جۆری پیشەی ڕەگەزی نێری بەجێماوی جینۆسایدکراوان دەردەکەوێ کە بەرزترین ڕێژە قوتابین بە ڕێژەی(٤١,٩٧ ٪) و نزمترین ڕێژەش پیشەیان ئەندازیارییە بە ڕێژەی(٠,٩٠ ٪)، ئەمە تا ساڵی (٢٠٠٧)، بەڵام بۆ ساڵی (٢٠١٥) بەرزترین ڕێژە بە ڕێژەی (٣٥,١٨ ٪) ئێستا پێشمەرگەن. کە هەشت ساڵ پێش تەنیا ڕێژەی (١٧,٨٦ ٪) پێشمەرگە بوون، لە ماوەی هەشت ساڵدا ڕێژەی (١٧,٣٢) زیادی کردووە واتا دوو ئەوەندە زیادی کردووە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە هەمیشە بارزان و بارزانیەکان لە سەنگەرەکانی خەبات و بەرگریدا بوونە و کاری سەرەکیان پێشمەرگایەتی بووە، زۆربەی کەسوکاری جینۆسایدکراوان

لە ڕەگەزی نێر دوای ئەوەی هەستیان بە بەرپرسیارێتی خاك و نیشتیمان کردووە، پێشمەرگایەتیان بە گەورەترین کار زانیووە بۆ ئەوەی ڕۆڵەکانیان پێ بپارێزن.
ئەم داتایانە تەواو پێچەوانەی بیرۆکەی حکومەتی بەعسی عێراق بوو، کە مەبەستێکی سەرەکی حکومەتی بەعسی عێراق و سەدام حوسێن و پۆلیسەکانی جینۆسایدی ئەوە بوو لە جینۆسایدی بارزانیەکان کە پیاوەکان جینۆساید و زیندەبەچاڵبکرێن و منداڵەکانیان ببنە ئامێرێك بە دەستیانەوە و چۆنیان بوێ وا پەروەردەی بکەن، بەڵام ئەم مەبەستەیان سەری نەگرت و بەڵکو پێچەوانەش دەرچوو.
هەروەها ڕێژەی (٣,٥٨ ٪) نێرینەی بەجێماوی جینۆسایدکراوان بێکارن و ڕێژەی(٨,٩٣ ٪)پیشەیان کرێکارییە. لە ڕاستیدا ئەو پیشە کرێکارییەی کە لە توێژینەوەکەدا هاتووە زۆربەیان ئەو کەسانەن کە بە شێوەی پچڕ پچڕ لە چەند ڕۆژێکی کەم لە مانگێکدا کاردەکەن و ڕۆژانی دیکە بێکارن، هەندێکیان کاری شۆفێری دەکەن وەك لە چاوپێکەوتنەکاندا دیاربوو هەندێك ڕۆژ کاریان هەیە و هەندێك ڕۆژیش کاریان نیە، هەندێکیش ئەوانەن کە وەرزێك لەوەرزەکانی ساڵ کاردەکەن، زۆربەیان جاری وا هەیە بە مانگێك کارناکەن بۆیە ئەگەرچی بە کرێکار ناوزەند دەکرێت بەڵام لە بنچینەدا لە حالەتی بێکاری دەمامکداردا (بطلة مقنعة) دەژین. ئەمەیان تا ساڵی (٢٠٠٧) بوو، بەڵام دوای هەشت ساڵ ئەم پیشە کەمی کردووە و تەنیا ڕێژەی (١,٨٥ ٪) کرێکارن.
داتا بەدەستهاتووەکان بۆ ساڵی (٢٠٠٧) بەم شێوەیەیە، فەرمانبەران ڕێژەی(١٧,٨٧ ٪) پێکدێنن، ڕێژەی(٢,٦٨ ٪) پیشەیان مامۆستایەتییە و هەمان ڕێژەش پیشەیان پۆلیسییە. ڕێژەی(١,٧٩ ٪) پیشەیان ئەفسەرییە و هەمان ڕێژەش پیشەیان شوانییە، بۆ ساڵی (٢٠١٥) لەم پیشانەدا گۆڕانکاریەکی ئەوتۆ ڕوویان نەداوە.

## خشتەی ژمارە(٢٤)

### پیشەی ئەندامانی خێزانی بەجیماوی جینۆسایدکراوان بۆ ڕەگەزی مێ

| پیشـــەی ئەنـــدامانی خێزان بۆ ڕەگەزی مێ | ٢٠٠٧ ژمارە | ٢٠٠٧ ٪ | ٢٠١٥ ژمارە | ٢٠١٥ ٪ |
|---|---|---|---|---|
| کابان و کاری ماڵەوە | ٥٠ | ٪ ٣٦,٥٠ | ٤٢ | ٪ ٣١,٣٤ |
| فەرمانبەر | ١٢ | ٪ ٨,٧٦ | ١٨ | ٪ ١٣,٤٣ |
| مامۆستا | ٢ | ٪ ١,٤٦ | ٤ | ٪ ٢,٩٨ |
| قوتابی | ٢١ | ٪ ١٥,٣٣ | ٢٥ | ٪ ١٨,٦٥ |
| بێکار و کچی ماڵەوەوە | ٤٥ | ٪ ٣٢,٨٤ | ٤١ | ٪ ٣٠,٥٩ |
| کارکردن | ٧ | ٪ ٥,١٠ | ٤ | ٪ ٢,٩٨ |
| کۆی گشتی | ١٣٧ | ٪١٠٠ | ١٣٤ | ٪ ١٠٠ |

خشـــتەی ژمـــارە (٢٤) تایبەتـــە بـــە پیشـــەی مێینـــەی ئەنـــدامانی بـــەجیماوی جینۆسـایدکراوان دەردەکـەوێ ڕێـژەی (٣٦,٥٠ ٪)ی مێینـە پیشـەیان کابـان و کـاری ماڵەوەیە بەرزترین ڕێژەی نموونەکە پێکدێنن، دووەم ڕێژەش بە ڕیژەی (٣٢,٨٤ ٪) بێکار و کچی ماڵەوەن، ئەمانـە تـا ساڵی (٢٠٠٧) بـۆ سـاڵی (٢٠١٥) بـە هـەمان شـێوە بەرزترین ڕێژە کابانن و بە کاروباری ماڵەوە سەرقاڵن ڕێـژەی (٣١,٣٤ ٪) نموونـەی توێژینەوەکەمان پێکدێنن و دووەم ڕێژەش بە هەمان شێوەی توێژینەوەی پێشوومان بێکارن بە ڕێژەی (٣٠,٥٩ ٪).

دواتر ڕێژەی (١٥,٣٣ ٪) قوتابین بۆ ساڵی (٢٠٠٧) بە هەمان شێوە قوتابییەکان سێیەم ڕێژە پێکدێنن بۆ ساڵی (٢٠١٥) بە ڕێژەی (١٨,٦٥ ٪).

بۆ ساڵی (٢٠٠٧) ڕێژەکان یەك بە دوای یەك بەم شێوەیەن، ڕێژەی (٨,٧٦ ٪) پیشەیان فەرمانبەرییە لە دام ودەزگاکانی میری, ڕێژەی (٥,١٠ ٪) کاردەکەن وەکو کارکردن لە

کارگەکان و دوورمانی و ...هتد. نزمترین ڕێژەش بە ڕێژەی (١,٤٦ ٪) پیشەیان مامۆستایەتییە.

بۆ ساڵی (٢٠١٥) ڕێژەکان بەم شێوەیەن فەرمانبەرەکان ڕێژەی (١٣,٤٣ ٪) پێکدێنن و ڕێژەی دواتریش بە ڕێژەی (٢,٩٨ ٪) خەریکی کارکردنن و هەمان ڕێژەش پیشەیان مامۆستایەتیە.

**خشتەی ژمارە (٢٥)**

**باری ئابووری پێش جینۆساید و پاش جینۆساید تا ساڵی (١٩٩١)**

| شالاوەکان / باری ئابووری | پێش جینۆساید | | پاش جینۆساید | |
|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | ٪ | ژمارە | ٪ |
| باش | ٤٧ | ٪٣٧,٦٠ | - | - |
| ناوەند | ٤١ | ٪٣٢,٨٠ | ٣ | ٪٢,٤٠ |
| خراپ | ٣٧ | ٪٢٩,٦ | ١٢٢ | ٪٩٧,٦٠ |
| کۆی گشتی | ١٢٥ | ٪ ١٠٠ | ١٢٥ | ٪ ١٠٠ |

خشتەی ژمارە (٢٥) تایبەتە بە باری ئابووری لە هەردوو قۆناغی پێش جینۆساید پاش جینۆساید مەبەست لە پاش جینۆساید لە ساڵی (١٩٨٣ تا ساڵی ١٩٩١). دەردەکەوێت پێش جینۆساید بەرزترین ڕێژە دەگاتە (٣٧,٦ ٪) باری ئابوورییان باش بوو, بەڵام لە پاش جینۆساید (سفر ٪) باری ئابوورییان باش بوو واتا لە نموونەی توێژینەوەکەمان پاش جینۆساید هیچ خێزانێك باری ئابوورییان باش نەبوو. ڕێژەی (٣٢,٨ ٪) نموونەی توێژینەوە پێش جینۆساید لە باری ئابووری مام ناوەندیدا بوون.

بەلاّم پاش جینۆساید ڕێـژەی (٢,٤٠ ٪) لـە بـاری ئـابووری ناوەنـدیـدابوون. هەرچـی ئەوانەی باری ئابوورییان خراپ بوو لـە پـێش جینۆسـاید ڕێـژەیان (٢٩,٦ ٪) بـەلاّم پاش جینۆساید ئەم ڕێژەیە زۆر بەرز دەبێتەوە دەگاتە (٩٧,٦ ٪) كە لە باری ئابووری خراپ دا بوون. بەرزترین ڕێژە لە پێش جینۆساید باری ئابوورییان باش بوو كەچی لە پاش جینۆساید بەرزترین ڕێژە باری ئابوورییان خراپ بوو ئەمەش كاریگەرییە نیگەتیڤـەكانی پـرۆژەی لـە نـاوبردن لـە سـەر خێزانـە بـە جێماوەكان لـە هـەموو ڕوویەكەوە دەردەخات.

بـۆ توێژینــەوە بەراوردكاریەكـەمان دەسـتكاری ئـەم داتايانـەمان نـەكردووە و ئـەم پرسیارە لە یەكەكانی نموونەی توێژینـەوە نەكراوەتـەوە، چونكە لـە توێژینـەوەی پێشـوومان‌دا واتــە توێژینــەوەی ســاڵی(٢٠٠٧)، داتــا و ژمارەمــان لــەم بارەیــەوە دەستكەوتووە.




هێڵکاری ژمارە (١٢) باری ئابووری پێش جینۆساید و پاش جینۆساید تا ساڵی (١٩٩١) ڕووندەکاتەوە.

خشتەی ژمارە (٢٦)

سەرپەرشتیاری خێزان پێش جینۆساید و پاش جینۆساید.

| سەرپەرشتیاری خێزان پێش جینۆساید | ژمارە | ٪ | سەرپەرشتیاری خێزان پاش جینۆساید | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|---|---|---|
| باوك | ٣٣ | ٪٢٦,٤٠ | باوك | ١٢ | ٪٩,٦٠ |
| مێرد | ٨٠ | ٪ ٦٤ | ژن | ٨٠ | ٪ ٦٤ |
| دایك | ٢ | ٪ ١,٦٠ | دایك | ٢٤ | ٪١٩,٢ |
| كوڕ | ٧ | ٪ ٥,٦٠ | كوڕ | ٤ | ٪ ٣,٢٠ |
| خوشك و برا | ٣ | ٪ ٢,٤٠ | خوشك وبرا | ٥ | ٪ ٤ |
| كۆی گشتی | ١٢٥ | ٪ ١٠٠ | كۆی گشتی | ١٢٥ | ٪ ١٠٠ |

زانیارییەكانی ناو خشتەی ژمارە (٢٦) ڕووندەكاتەوە كە پێش جینۆساید بەرزترین ڕێـژەی نموونـەی توێژینـەوە بـە ڕێـژەی (٦٤٪) سەرپەرشـتیاری خێـزان لـە ژێـر دەسەڵاتی (مێرد)دا بووە واتە لە ژێر دەسەڵاتی مێردی نموونەی توێژینـەوە بـووە. بەڵام پاش جینۆساید ئەم ڕێژەیە گۆڕاوە بـە هـەمان ڕێـژە (٦٤ ٪) كەوتووتـە ژێـر دەسەڵاتی (ژنەكانیان). ڕێژەی (٢٦,٤٠ ٪) لـە پـێش جینۆسـاید لـە ژێـر كۆنتڕۆڵی ( باوك) بوو. بەڵام پاش جینۆسـاید بـە ڕێـژەی (١٩,٢٠ ٪) كەوتووتـە ژێـر دەسـەڵاتی (دایك ). ئەگەر ئێمە بە دیدگایەكی كۆمەڵناسانە لەم خشـتەیە بـڕوانین، دەبیـنین سەرپەرشتیاری خێزان لە ڕەگەزی نێرەوە گۆڕاوە بۆ ڕەگەزی مـێ.

بـە شـێوەیەكی گشـتی كـۆنتڕۆڵی كۆمەڵایـەتی لـە باوكـەوە گـۆڕاوە بـۆ دایـك یـان ئەندامێكی تری خێزان، بێگومان ئەمەش كاریگەری دەبێت لە سەر پەروەردەكردنی منداڵ و پرۆسەی بە كۆمەڵایەتی بوون و دەبێتە هۆی پەرتەوازەبوون و شێواندنی شیرازەی خێـزان و توانـەوەی دەروون و كەسایەتی بـەجێماوی كۆمـەڵكوژكراوەكان. سەبارەت بە توێژینەوەی دووەممان بۆ ئەم خشتەیەش گۆڕانكاری ئەوتۆ ڕووینەداوە

**بۆیە هەمان خشتەمان بەکار هێنا تەنیا (٥) ئافرەتی نموونەی توێژینەوە لە ژیاندا نەماون ئەوەی مەبەستیشمانە بەدەستمان گەیشت، کە گۆڕینی سیستەمی خێزانە لە پیاوەوە بۆ ئافرەت.**




هێلکاری ژمارە (١٣) سەرپەرشتیاری خێزان پێش جینۆساید و پاش جینۆساید رووندەکاتەوە.

## خشتەی ژمارە (٢٧)

## پەیڕەوکردنی داب و نەریتی کۆمەڵایەتی بەجێماوی جینۆسایدکراوان

| وەڵامەکان | ٢٠٠٧ ژمارە ٪ | ٢٠١٥ ژمارە ٪ |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٤٠ ٪ ٣٢ | ٤٨ ٪ ٣٨,٤٠ |
| نەخێر | ٨٥ ٪ ٦٨ | ٧٧ ٪ ٦١,٦٠ |
| کۆی گشتی | ١٢٥ ٪ ١٠٠ | ١٢٥ ٪ ١٠٠ |

داتاکانی ناو خشتەی ژمارە (٢٧) ڕای نموونەکە پێشان دەدەن سەبارەت بەوەی ئایا ئێستا وەکو جاران پەیڕەوی داب و نەریتی عەشیرەتەکەت دەکەیت؟

نزمترین ڕێژە بە ڕێژەی (٣٢ ٪) بە (بەڵێ) وەڵامیان داوەتەوە و پێیان وایە لە ئەنجامی شاڵاوی جینۆساید داب ونەریتەکان نەگۆڕاون، لە بەرامبەر ئەمەشدا بەرزترین ڕێژە بە (نەخێر) وەڵامیان داوەتەوە پێیان وایە پاش شاڵاوی جینۆسایدی پیاوە بارزانیەکان داب ونەریتەکانیان گۆڕاون کە ڕێژەی (٦٨٪) پێکدێنن. دوای (٨) هەشت ساڵ هەمان پرسیار ئاراستەی هەمان نموونەی توێژینەوە کرایەوە بەڵام داتاکان و ڕای کەسەکان گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، لە ساڵی (٢٠١٥) بە هەمان شێوەی پێشوو نزمترین ڕێژە بە ڕێژەی (٣٨,٤٠ ٪) پێیان وایە داب و نەریتەکان نەگۆڕاون و وەك خۆیان ماونەتەوە، بەرزترین ڕێژەش بە ڕێژەی (٦١,٦٠ ٪) پێیان وایە داب و نەریتەکان گۆڕاون. بەم شێوەیە ڕێژەی (٦,٤٠٪) لە ماوەی هەشت ساڵدا ڕای خۆیان گۆڕیوە ئەمانیش پێیان وایە داب و نەریتەکان نەگۆڕاون، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هەستە نیشتمانپەروەرییەی ئێستا لە لایەن هەر تاکێکی کوردەوە هەیە بە پۆشینی جل و بەرگی کوردی و شانازیکردن بە داب و نەریت و کەلەپور و کلتوری خۆیانەوە، گەڕانەوە بۆ داب و نەریتی پێشووتریان.

**خشتەی ژمارە(٢٨)**

**گۆڕینی داب و نەریت و هۆکارەکانی**

| هۆکارەکان | ساڵی ٢٠٠٧<br>ژمارە ٪ | ساڵی ٢٠١٥<br>ژمارە ٪ |
|---|---|---|
| ڕاگەیاندن بە هەموو جۆرەکانیەوە | ١٢<br>٪ ١٤,١٢ | ٢٤<br>٪ ٣١,١٦ |
| تێکەڵاوبوون | ٢٤<br>٪ ٢٨,٢٤ | ٢٢<br>٪ ٢٨,٥٧ |
| پێشکەوتن | ١٤<br>٪ ١٦,٤٧ | ١٠<br>٪ ١٢,٩٨ |
| بێ کەسی | ٨<br>٪ ٩,٤١ | ٥<br>٪ ٦,٤٩ |
| بەرژەوەندی تایبەت | ٦<br>٪ ٧,٠٥ | ٤<br>٪ ٥,١٩ |
| مودێل | ٣<br>٪ ٣,٥٣ | ١<br>٪ ١,٢٩ |
| ڕۆشنبیری | ٣<br>٪ ٣,٥٣ | ١<br>٪ ١,٢٩ |
| گۆڕینی ژینگە | ٥<br>٪ ٥,٨٩ | ٣<br>٪ ٣,٨٩ |
| پەرتەوازەبوون | ٤<br>٪ ٤,٧٠ | ٢<br>٪ ٢,٥٩ |
| نازانم | ٦<br>٪ ٧,٠٥ | ٥<br>٪ ٦,٤٩ |

| | | |
|---|---|---|
| کۆی گشتی | ٨٥<br>٪ ١٠٠ | ٧٧<br>٪ ١٠٠ |

خشتەی ژمارە (٢٨) تایبەتە بە هۆکارەکانی گۆڕینی داب و نەریت لە توێژینەوەی یەکەم لە کۆی (٨٥) یەکەی نموونە دەردەکەوێت بەرزترین ڕێژە بە ڕێژەی (٢٨,٢٤ ٪) پێیان وایە بە هۆی تێکەڵاوبوونیان لە گەڵ خەڵکی تر داب و نەریتەکان گۆڕاون. بەڵام لە توێژینەوەی دووەمدا ئەم رایە گۆڕاوە و لە کۆی (٧٧) یەکەی نموونە بۆ ساڵی (٢٠١٥) بەرزترین ڕێژە بە ڕێژەی (٣١,١٦ ٪) پێیان وایە هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ڕاگەیاندن بە هەموو جۆرەکانی کەناڵەکانی راگەیاندن ( بینرا و بیسترا و خوێندراو) تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان و هیتر...لە توێژینەوەی یەکەمیشدا ڕێژەی (١٤,١٢٪) پێیان وایە ڕاگەیاندن بە هەموو جۆرەکانیەوە بووەتە هۆی گۆڕینی تراديسيۆن. بۆ توێژینەوەی یەکەم ڕێژەی (١٦,٤٧ ٪)و لە توێژینەوەی دووەمدا ڕێژەی (١٢,٩٨ ٪) پێیان وایە ئەو پێشکەوتنەی ئەمڕۆ کۆمەڵگای کوردی بە تایبەتی جیهان بە گشتی بە خۆیەوە دەبینێ بووەتە هۆی گۆڕینی داب و نەریت. لە توێژینەوەی یەکەمدا ڕێژەی (٩,٤١ ٪) و لە توێژینەوەی دووەمدا ڕێژەی (٦,٤٩ ٪) پێیان وایە بە هۆی بێ کەسی و تەنیایی داب و نەریتیان گۆڕاوە. لە توێژینەوەی یەکەمدا ڕێژەی (٧,٠٥٪)و لە توێژینەوەی دووەمیشدا ڕێژەی(٥,١٩ ٪)ی نموونەی توێژینەوە پێیان وایە بە هۆی بەرژەوەندی تایبەت داب ونەریتیان گۆڕاوە. لە توێژینەوەی یەکەمدا ڕێژەی (٥,٨٩ ٪) و لە توێژینەوەی دووەمیشدا ڕێژەی (٣,٨٩٪) گۆڕینی داب و نەریت دەگەڕێنەوە بۆ گۆڕینی بارودۆخ. ڕێژەی (٤,٧٠ ٪) لە توێژینەوەی یەکەمدا و ڕێژەی (٢,٥٩ ٪) لە توێژینەوەی دووەمدا پێیان وایە بە هۆی پەرتەوازەبونیان داب و نەریتەکانیان گۆڕاون. ڕێژەی (٣,٥٣ ٪)لە توێژینەوەی یەکەمدا و لە توێژینەوەی دووەمیشدا ڕێژەی(١,٢٩ ٪) وای بۆ دەچن کە بە هۆی مۆدێلی سەردەمەوە داب و نەریتیان گۆڕاوە. لە توێژینەوەی یەکەمدا ڕێژەی (٣,٥٣٪) و لە توێژینەوەی دووەمیشدا ڕێژەی(١,٢٩ ٪) وای بۆ دەچن بە هۆی هوشیاری و ڕۆشنبیری خەڵك داب و نەریتەکانیان گۆڕانیان بەسەردا هاتووە. ڕێژەی (٧,٠٥ ٪) و ڕێژەی (٦,٤٩ ٪) لە توێژینەوەکاندا نازانن بۆچی داب و نەریتەکانیان گۆڕاوە.

## خشتەی ژمارە (٢٩)

## پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی بەجێماوی جینۆسایدکراوان ڕووندەکاتەوە

| پەیوەندی کۆمەڵایەتی | ساڵی ٢٠٠٧<br>ژمارە ٪ | ساڵی ٢٠١٥<br>ژمارە ٪ |
|---|---|---|
| باشە | ٩٩<br>٪ ٧٩,٢٠ | ٧٥<br>٪ ٦٠ |
| خراپە | ٣٦<br>٪ ٢٠,٨٠ | ٥٠<br>٤٠ |
| کۆی گشتی | ١٢٥<br>٪ ١٠٠ | ١٢٥<br>٪ ١٠٠ |

خشتەی ژمارە(٢٩)پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان(خزمایەتی) بەجێماوەکان ڕووندەکاتەوە، دەردەکەوێت ڕێژەی(٧٩,٢٠٪)ی نموونەکە پەیوەندییان لە گەڵ خزم و کەسیان باشە، ئەمەش ڕێژەیەکی بەرزە کە پێیان وایە پرۆژەی لە ناوبردن کاریگەریەکی ئەوتۆی نەبووە لە سەر پەیوەندی خزمایەتی و کەسوکاری جینۆسایدکراوان هەر بەردەوامن لە سەر پەیوەندیەکانیان ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە بە هێزەی کە لە نێو کوردا هەیە لە دێر زەمانەوە. بەرامبەر بەمەش ڕێژەی (٢٠,٨٠٪) بە هۆی پرۆژەی لە ناوبردنی بارزانییەکان پەیوەندییان خراپ بووە لە گەڵ کەسوکاریان. بەڵام بە بەراوردکاریمان لە نێوان ساڵانی (٢٠٠٧ تا ٢٠١٥) کە هەمان پرسیار ئاراستەی هەمان نموونە، ئەم ژمارانە گۆڕانکاریان بەسەرداهاتووە و بە ڕێژەی (١٩,٢٠٪)کەمی کردووە و بە واتەی ڕۆژ بەڕۆژ پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان بەرەو خراپی دەچن و ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و خزمایەتیە بەهێزەی (٨) ساڵ پێش ئێستا هەیان بووە ئێستا بەم شێوازە نەماوە، بێگومان ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پێشکەوتنە خێرایەی لە بواری تەکنولۆجیا ڕوویانداوە بە تایبەت مۆبایل و ئینتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانی تری ئەلیکترۆنی. بەڵام لە هەمانکاتدا ئا ئێستا ڕێژەی (٦٠ ٪) پێیان وایە پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانیان باشن.

## خشتەی ژمارە-٣٠-

## نەخۆشییە دەروونییەکانی نموونەی توێژینەوە

| نەخۆشیە دەروونییەکان | ساڵی (٢٠٠٧)<br>ژمارە ٪ | ساڵی (٢٠١٥)<br>ژمارە ٪ |
|---|---|---|
| دڵ تەنگی | ٦٥<br>٢٢,٤١ ٪ | ٧٢<br>٢٣,٢٢ ٪ |
| دڵەڕاوکێ | ٥٥<br>١٨,٩٦ ٪ | ٥٩<br>١٩,٠٣ ٪ |
| ترس | ٥٠<br>١٧,٢٤ ٪ | ٥٦<br>١٨,٠٦ ٪ |
| لە بیرکردن | ٤٠<br>١٣,٧٩ ٪ | ٣٨<br>١٢,٢٥ ٪ |
| لە هۆش چوون | ٢٥<br>٨,٦٢ ٪ | ٢٣<br>٧,٤١ ٪ |
| خەم وخەفەتی زۆر | ١٩<br>٦,٥٥ ٪ | ٢٢<br>٧,٠٩ ٪ |
| هیستریا | ١٦<br>٥,٥١ ٪ | ١٥<br>٤,٨٣ ٪ |
| بێ بەزەیی | ٨<br>٢,٧٥ ٪ | ١٤<br>٤,٥١ ٪ |
| چاوەڕوانی | ٧<br>٢,٤١ ٪ | ٥<br>١,٦١ ٪ |
| بێ ئومێدی | ٥<br>١,٧٢ ٪ | ٦<br>١,٩٣ ٪ |
| کۆی گشتی | ٢٩٠<br>١٠٠ ٪ | ٣١٠<br>١٠٠ ٪ |

هەندێك لە زانایان تەنیا ئەو پەشێویانە بە نەخۆشی دەروونی دادەنێن کە لە بارەی سۆزی مرۆڤەوە روودەدەن، بەڵام هەندێکی تر نەخۆشی دەروونی بە فراوانتر دادەنێن، بەجۆرێك کە هەموو گۆڕان و شێوانێکی مرۆڤ دەگرێتەوە وەکو پەشێوی سۆزی، پەشێوی ژیری، پەشێوی لەشی، پەشێوی رەوشت.[٣] بە شێوەیەکی گشتی ئەم خاسیەت و نیشانانەی خوارەوە بەمەرجی تووش بوونی یەکێك لە نەخۆشییە دەروونی یان ژیریەکان دادەنرێت، کە بریتین لە[٤]:

١. تێکچوونی ئاشنایەتی و پەیوەندی نێوان نەخۆش و خۆدی خۆی و توانست و ئامانجەکانی لە ژیاندا.

٢. کۆنترۆڵ نەکردن و دەرچوونی هەڵسوکەوت و چالاکییەکان لە ژێر رکێف و دەسەڵاتی تاك.

٣. هەست نەکردنی بەردەوام بە دڵنیایی و ئارامی، گومان کردن لە خۆد و بڕوا نەبوون بە خۆ.

٤. هەرەس هێنانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان و سەر نەکەوتن لە بەستنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و بێزار بوون لە کەسانی چوار دەور.

٥. کەم بوونەوە، یان نەمانی توانای بەرهەمهێنان و داهێنان.

٦. هەڵسوکەوتی نا ئاسایی و دژ بەمەنتیق و ژیری و داب و نەریتی کۆمەڵایەتی.

٧. بەردەوام بوون و دووبارەبونەوەی گرژی، ترس، دڵتەنگی، خەمۆکی، ڕەشبینی، خەولێزڕان... هتد.

ئەگەر سەرنجێکی ورد بدەینە ڕووخساری کەسوکاری جینۆسایدکراوەکان و لە بارودۆخی تەندروستی و دەروونی و کۆمەڵایەتیان بکۆڵینەوە ئەوا بە ئاشکرا ئاسەواری زۆرێك لە نەخۆشی و حاڵەتە دەروونییەکان بە دیاردەکەون بە شێوەیەك کە ڕەنگە لە گەڵ نەخۆشییە لەشییەکان یەکسان بن یاخۆد زیاتربن. لە داتاکانی ناو خشتەی ژمارە (٣٠) کە تایبەتە بەحاڵەت و نەخۆشییە دەروونییەکان، ئەو کەسانەی کە دووچاری نەخۆشی دەروونی بوونە یاخۆد لە ناخەوە گۆڕاون دەرکەوتووە لە کۆی (١٢٥) یەکەی نموونە (٢٩٠)حاڵەت و نەخۆشی دەروونی درووست بووە، ئەمە لە کاتی

جینۆسایدکردنی کەسوکاریان لە ساڵی (١٩٨٣) تا ساڵی (٢٠٠٧)، بەڵام دوای (٨) ساڵ لە ئەنجامدانەوەی دووبارە توێژینەوە لە سەر هەمان نموونە، ئومێدەواربووین کە ئەم نەخۆشی و کێشە و گرفتە دەروونیانە کەمی کردبێت و چارەسەری پێویستیان بۆ ئەنجامداربێت، بەڵام بە داخەوە نەخۆشیە دەروونییەکان زیادی کردووە، نەتوانراوە وەك پێویست چارەسەری کەسوکاری بارزانیە جینۆسایدرکاوەکان بکرێت لە بواری دەروونیدا، سەرەرای ئەو هەموو پێشکەوتنانەی لە بواری پزیشکیدا لە سەردەمی ئەمرۆدا روودەدەن، بۆیە پێویستە لە سەر هەموومان هەرچی زووە بە جدی کاربکەین لە سەر کێشە و ئازار و نەخۆشیە دەروونیەکانی کەسوکاری قوربانیان و گرنگیەکی تەواو بە سەنتەری تایبەت بە خزمەتگوزاری و چارەسەری دەروونی بدرێت لە هەموو ئەو ناوچانەی جینۆسایدکراون و کەسوکاری قوربانیان لێ نیشتەجێن بە کردنەوەی سەنتەری کارا و پێشکەوتوو پزیشکی پسپۆڕ لەم بوارەدا.

لە کۆی (١٢٥) یەکەی نموونە (٣١٠)نەخۆشی و حاڵەتی دەروونیان هەیە.

ئەوانەی خوارەوە ئەو نەخۆشیە دەروونیانەن کە یەکەکانی نموونەی توێژینەوە دووچاری هاتوون:

## ١- دڵ تەنگی:

جۆرە هەستێکە یاخود جۆرە میزاجێکە کەم کەس هەیە دووچاری نەبوبێت پەیوەندییەکی زۆر هەیە لە نێوان دڵەڕاوکێ و دڵتەنگیدا، هەردووکیان لە زۆر دیاردە وەك یەك وان، بێجگە لەمەش چەند هۆیەك هەن کە دەبنە هۆی دڵەڕاوکێ ئەگەر بەردەوام بن و بمێننەوە دەبنە هۆی تووشبوونی دڵتەنگی.(٥) ئەو کەسانەی دووچاری نەخۆشی دڵتەنگی دەبن زۆرجار دانی پیادا نانێن بەڵکو لە ژێر پەردەی چەند نەخۆشییەکی تری دەروونی و لەشیدا دەریدەبڕن. لە خشتەی ژمارە (٣٠) نیشان دەدرێ کە رێژەی(٢٢,٤١ ٪)ی نموونەی توێژینەوە دووچاری دڵتەنگی هاتوون، ئەمەش بەرزترین رێژەی نموونەی توێژینەوە پێکدێنێت. دوای (٨) ساڵ لە

ئەنجامدانەوەی توێژینەوە دووبارە بەرزترین ڕێژە دووچاری هەمان نەخۆشی بوونە کە ڕێژەی (٢٣,٢٢ ٪) بەمەش ڕێژەی ( ٠,٨١ ٪) زیادی کردووە.

## ٢- دڵەڕاوکێ:

دڵەڕاوکێ جۆرە هەڵچونێکە وەکو ترس وایە، هەردووکیان پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە دژی کارێکی ترسناکن، بەڵام ئەوەندە هەیە شتە ترسناکەکە لە هەڵچوونی ترسدا دیار و ئاشکرایە، بەڵام لە هەڵچوونی دڵەڕاوکێدا دیار نییە و نازانرێت چیە.[٦] لە دڵەڕاوکێدا مرۆڤ بەردەوام هەست بە دڵتەنگی و پەژارە دەکات. دڵەڕاوکێ دیاردەیەکی دەروونی گشتیە و هەموو مرۆڤێك دووچاری دەبێت و هیچ تاکێك نییە ئەگەر بۆ ماوەی چەند خولەکێکیش بێت دووچاری دڵەڕاوکێ نەبێت.[٧] لە توێژینەوەی یەکەمدا دەرکەوتووە ڕێژەی (١٨,٩٦ ٪) نموونەی توێژینەوە دووچاری دڵەڕاوکێ هاتوون، لە توێژینەوەی دووەمدا ڕێژەی (١٩,٠٣ ٪) لەمەشدا ژمارەی دڵخۆشکەرن نین و تا ئێستاش کەسوکاری قوربانیان بەدەست دڵەڕاوکێوە دەناڵێنن.

## ٣- ترس-تۆقین (phobia):

ترس جۆرە حاڵەتێکی دەروونییە مرۆڤ دووچاری دەبێت، لەم حاڵەتانەدا نەخۆشەکە زیاد لە پێویست لەو شتە دەترسێت وەك ترس لە فرۆکە، لە ئۆتۆمبێلی گەورە، لە تاریکی، لە قەڵەباڵغی، لە خوێن...هتد

دەبێ ئەوەش بگوترێ کە ترس و فوبیا کەمێك لێك جیاوازن، بەڵام لەم توێژینەوەدا هەردووکیان بە یەك حاڵەت دانراون، ئەم دووخاڵانەی خوارەوە ترس لە تۆقین (فوبیا) جیادەکاتەوە:

١- ترس هەڵچوونێکی سروشتییە و لای هەموو مرۆڤێك هەیە، زۆر پێویستە بۆ مانەوە و پارێزگاری کردنی تاك لە گشت دیاردە و بونەوەرە ترسناکەکانی ژیان، بەڵام تۆقین(فوبیا) دیاردە و نەخۆشییەکی کۆمەڵایەتییە و مرۆڤ لەو ژینگەی

تیایدای دەژی دووچاری دەبێت، زیانێکی گەورە بە کەسایەتی و خودی مرۆڤ دەگەیەنێ و لە ریچکەی گەشەکردنی سروشتی خۆی لای دەبات.

٢- هۆکارەکانی دروست بوونی ترس ئاسایی و سروشتییە، مرۆڤ راستەوخۆ هەست بە هەڕەشە و مەترسیەکان دەکات و شایەنی ئەو مەترسییەیە بۆ نموونە (ئاژەڵی دڕندە، هەژاری، هەڕەشە و شەڕ و کوشتار...هتد) دەبنە هۆی درووستکردنی ترس لای زۆربەی تاکەکانی کۆمەڵ، کارێکی ئاساییە ئەگەر مرۆڤ بترسێت، بەلاّم لە حاڵەتی تۆقین(فوبیا) مرۆڤ لە شتی وا دەترسێت کە پێویست بەو هەموو ترس و هەڵاتنە ناکات، بەلای زۆربەی خەڵکانی ترەوە ئاسییە و ئەوان لێی ناترسن، بەلاّم ئەو مرۆڤانەی دووچاری تۆقین دەبن و زەندەق و زراویان دەچێت و لەو شتە ئاساییانە دەتۆقێت هۆی سەرەکی توقینەکەشیان نازانن بە پێچەوانەی ترسەوە کە مرۆڤ هەست بەسەرچاوەی ترسەکە دەکات.(٨) لە توێژینەوەی یەکەمدا ساڵی (٢٠٠٧)، دەرکەوتووە کە رێژەی (١٧,٢٤ ٪) نموونەی توێژینەوە دووچاری ترس و تۆقین هاتوون. کە بێگۆمان ئەوەش دەرئەنجامی هەموو ئەو زەبر و ستەم و تۆقاندنەیە کە رژێمی پێشوی عێراق بەرامبەر بە گەلی کورد بە گشتی و بارزانیەکان بە تایبەتی ئەنجامیداوە. لە توێژینەوەی دووەمی ساڵی (٢٠١٥)دا رێژەی (١٨,٠٦ ٪) دووچاری ترس و تۆقین بوونە، بەمەش لە جیاتی ئەوەی لە ماوەی هەشت ساڵی رابردوودا ئەم حاڵەتە دەروونیە کەمی کردبێت، بەلاّم بە داخەوە زیادی کردووە بە رێژەی (٠,٨٢٪).

## ٤- لە بیرکردن:

زۆرجار رووداوی دڵتەزێن و ناخۆش و کاریگەر دەبێتە هۆی لە بیرکردن، ئەم حاڵەتە دەروونییە کار دەکاتە سەر مێشك وەك مردن و لەدەستدانی خۆشەویستێك یان یادکردنەوەی رووداوێکی دڵتەزێن کە دەبێتە هۆی خرپەیەکی دەروونی کار دەکاتە سەر مێشك و دەبێتە هۆی لەبیرچونەوە.(٩) لە توێژینەوەی یەکەمدا رێژەی (١٣,٧٩ ٪) لە توێژینەوەی دووەمیشدا رێژەی (١٢,٢٥ ٪) یەکەکانی نموونەی توێژینەوە دووچاری

لەبیرچوونەوە هاتوون، تەنیا ڕێژەی (١,٥٤ ٪) لە ماوەی هەشت ساڵدا بەرەو کەمبوونەوە چووە ئەمەش ڕێژەیەکی یەکجار کەمە.

### ٥- لەهۆش چوون- بۆرانەوە (Absence)

نەخۆشییەکی دەمارییە بریتیە لە پەشۆکی کاتی لە فەرمانەکانی دەماغ دا کە بورانەوەی لە گەڵدایە ئەم پەشۆکییەش شیاوی دووبارە بونەوەیە.[١٠] بارێکە لە هەڵوەشانەوەی دەروونی و مرۆڤ جووڵەی خۆ ویستی نامێنێ.[١١] لە توێژینەوەی یەکەمدا ڕێژەی(٨,٦٢ ٪) و لە توێژینەوەی دووەمیشدا ڕێژەی (٧,٤١ ٪) دووچاری لە هۆش چوون بوونە، بەمەش تەنیا ڕێژەی (١.٢١ ٪) کەمی کردووە.

### ٦- خەم و خەفەتی زۆر:

خەم کاریگەری دەروونی زۆری لێدەکەوێتەوە، بە پێی زانستی سایکۆلۆژی مرۆڤی خەمبار هەمیشە ماندووە، ئەگەر کاروباری جەستەیشیان نەکردبێت، ئەو ماندوبوون و پەژارەیەش کاریگەری ڕاستەوخۆ لە خواردن دەکات، مرۆڤی خەمبار دەگات بە ئاستێك لە دڵەڕاوکێ و پەژارە، ڕیخۆڵەکانی دووچاری لاوازییەك دەکات کە ڤیتامینی خواردنەکان بە باشی نەگوێزرێتەوە بۆ لەش، ئەمەش کاریگەری دەبێت بۆ سەر کار و چالاکی مرۆڤ و هەروەها سوڕی خوێن و دابەش بوونی خواردن و ئۆکسجین بە سەر لەشدا، هەر بۆیە هەندێ ئەندامی لەش دووچاری بەدخۆراکی یان کەمی ئۆکسجین دەبێت، ئەگەر هەموو لەشیش دووچاری نەبێت ئەو کاتەش هۆرمۆناتی لەش دووچاری نارێکی و تێکچوون دەبێت، ئەو کات چالاکی جێ بەجێ کردنی کار دووچاری زیان پێگەیشتن و هەندێ جار لە ناوچوون و ون بوون دەبێت هەر ئەوەش وادەکات مرۆڤی خەمبار هەست بە خاوی و قورسی لەش دەکات و[١٢] مرۆڤی خەمبار ناتوانێت خاوەن ئیرادەیەکی بەهێز بێت. لە توێژینەوەی یەکەمدا ڕێژەی (٦,٥٥ ٪) و لە توێژینەوەی دووەمیشدا ڕێژەی (٧,٠٩ ٪) یەکەکانی

نموونـە دووچاری خـەم و خەفـەتی زۆر هـاتوون، ڕێـژەی (٠,٥٤ ٪) زیـادی کـردووە لەجیاتی ئەوەی بەرەو کەمبوونەوە بچێت.

## ٧- هیستریا:

نەخۆشـی هیسـتریا لـە ئـەنجامی بەربەرکانێیـەکی نێوان(خـەمۆکی) و چـەند ئارەزوویـەکی توخمـدا، توشـی مـرۆڤ دەبێـت ئەمـەش لـە بـەر ئەوەیـە کـە ئـەم بەربەرەکانییـە دەبێتـە هـۆی (خەفـەکردن)ی ئـەم ئارەزووانـە، لەبـەر ئـەوەی خەفەکردنەکـەش بـە شـێوەیەکی تـەواو نیـە بۆیـە ئـەو ئارەزووانـە لـە شـێوەی نەخۆشـیەکی لەشـی دا دەردەکەون.[١٣] هیسـتریا بـە کۆنترین و سەرسورهێنەرترین نەخۆشی دەروونی دادەنرێت و بە زۆری هەرزەکاران و لاوان (لـە هـەردوو تـوخمی نێر و مێ) زیاتریش توخمی( مێ) توشی دەبن[١٤] لە توێژینەوەی یەکەمـدا ڕێـژەی (٥,٥١ ٪) و لە توێژینەوەی دووەمیشدا ڕێـژەی (٤,٨٣ ٪) یەکـەی نموونـە دووچاری هێستریا هاتوون. تەنیا ڕێژەی (٠,٦٨ ٪) کەمی کردووە.

هەر لەم توێژینەوەیەدا دەر کەوتووە کە کەسو کـاری بارزانیـە جینۆسـایدکراوەکان جگە لەم حاڵەتانەی سەرەوە دووچاری نەخۆشی دەروونی و حاڵەتی تری وەك ( بێ بەزەیی، چاوەڕوانی، بێ ئۆمێدی) هاتوون کە ڕێژەیان یەك لە دوا یەك بەم شێوەیە یە (٢,٧٥٪ - ٢,٤١ ٪ - ١,٧٢ ٪) بۆ ساڵی(٢٠٠٧)، بەلاٌم بـۆ سـاڵی (٢٠١٥) بـەم شـێوەیەیە ڕێـژەی (٤,٥١ ٪) دووچـاری حاڵـەتی بەبـەزەیی بوونـە و بـە بـەراورد لـە گـەڵ توێژینـەوەی یەکەمـدا (١,٧٦ ٪) زیـادی کـردووە، ڕێـژەی (١,٩٣ ٪) دووچـاری (بـێ ئومێدی) هاتوون، و ڕێژەی (١,٦١ ٪) لە حاڵەتێکی چاوەڕوانی هەمیشەییدان.




هێڵکاری ژمارە (١٤) حاڵەت و نەخۆشییە دەروونیەکانی نموونەی توێژینەوە بۆ ساڵی (٢٠٠٧)

**خشتەی ژمارە(٣١)**

**شووکردن و شوونەکردنەوەی ئافرەتانی بەجێماوی جینۆساید**

| ئافرەتەکان | ساڵی ٢٠٠٧ ژمارە ٪ | ساڵی ٢٠١٥ ژمارە ٪ |
|---|---|---|
| شوویان کردەوە | ٤<br>٪ ٣,٢ | ٤<br>٪ ٣,٢ |
| شوویان نەکردەوە | ١١٩<br>٪٩٥,٢ | ١١٩<br>٪٩٥,٢ |
| بێ وەڵام | ٢<br>٪ ١,٦ | ٢<br>٪ ١,٦ |
| کۆی گشتی | ١٢٥<br>٪١٠٠ | ١٢٥<br>٪١٠٠ |

داتاکانی خشتەی ژمارە(٣١) کە تایبەتە بە وەڵامدانەوەی پرسیارێك: (ئایا دوای جینۆساید ئافرەتەکان شوویان کردەوە یاخۆد شوویان نەکردەوە؟) ئەنجامەکەی بەم شێوەیە دەرکەوتووە بە ڕێژەی (٣,٢ ٪)پێیان وایە ئافرەتەکان شوویان کردوەتەوە بەرامبەر بەمەش ڕێژەی (٩٥,٢ ٪)پێیان وایە ئافرەتەکان شوویان نەکردووەتەوە. ڕێژەی (١,٦ ٪) بەرامبەر بەم پرسیارە بێ وەڵام بوون، لەسەرجەم حاڵەتەکاندا کەسانی نموونەی توێژینەوە بەرامبەر بە هەر وەڵامێك بۆ ئەم پرسیارە، بێ توانایی و بێزارییان هەبوو بە گومانەوە وەڵامەکان دراونەتەوە. لە پرۆسەی بێسەر و شوێنکردنی بارزانیەکان، ئافرەتەکان وەکو توێژێکی سەرەکی کۆمەڵ، بەشێکی هەرە زۆری لەو زەرەر و زیانەی بەرکەوت. سەدان ژنی جوان و تەمەن بچوك و گەنج بە تەنیا ماون و پیاوەکانیان کۆمەڵکوژکراون ئەوا زیاتر لە٢٤ساڵە چاوەڕوانن شوویان نەکردووەتەوە، ژنی وا هەیە بوکی یەك شەو بووە، کچی مارەکراو هەن هێشتا نەگوێزراونەتەوە لە چاوەڕوانیدا زوڵفی سپی کردووە...ڕای نمونەی توێژینەوەکەمان

هەمان ڕا بووە هیچ گۆڕانکاری بە سەردا نـەهاتووە لـە توێژینـەوەی دووەمـی سـاڵی (٢٠١٥) دا.

خشتەی ژمارە (٣٢)

شوو نەکردنەوەی ئافرەتەکان و هۆکارەکانی

| هۆکارەکان | ساڵی ٢٠٠٧<br>ژمارە ٪ | ساڵی ٢٠١٥<br>ژمارە ٪ |
|---|---|---|
| داب و نەریت | ٢٨<br>٪ ٢٣,٥٢ | ٢٥<br>٪ ٢١ |
| وەفا | ٢٦<br>٪ ٢١,٨٤ | ٤٤<br>٪ ٣٦,٩٧ |
| لە بەر منداڵەکان | ٣٨<br>٪ ٣١,٩٣ | ٢٩<br>٪ ٢٤,٣٦ |
| بێ ئومێد نەبوون | ١٩<br>٪ ١٥,٩٦ | ١١<br>٪ ٩,٢٤ |
| باری دەروونی ئافرەتەکان | ٨<br>٪ ٦,٧٢ | ١٠<br>٪ ٨,٤٠ |
| کۆی گشتی | ١١٩<br>٪ ١٠٠ | ١١٩<br>٪ ١٠٠ |

خشتەی ژمارە (٣٢) تایبەتە بە هۆکارەکانی شوو نەکردنەوەی ئافرەتانی بەجێماوی جینۆساید. ڕێژەی (٣١,٩٣ ٪)ی نموونەکە ئەو ژنانەن کە خـاوەن منـداڵن و لـە بـەر منداڵەکانیان شوویان نەکردووەتەوە پێیان ئاسان نییە جارێکی تر خێزانێکـی نـوێ دروست بکەن، هەموو ژیانیان تەرخانکردووە بـۆ بـەخێوکردنی منداڵەکانیان، ئـەم ئافرەتانە جگە لە خەسلەتی دایکایەتی و لە هەمانکاتدا ڕۆڵی باوکایەتیان بینیووە کە بەرزترین ڕێژەی نموونەی توێژینەوەن بۆ ساڵی (٢٠٠٧)، بـەڵام لـە سـاڵی (٢٠١٥)

بەرزترین ڕێژە بە ڕێژەی (٣٦,٩٧ ٪) هۆکاری شوونەکردنەوەیان دەگەڕێننەوە بۆ وەفای ئەو ئافرەتانە بەرامبەر بە خۆشەویستانیان. لە توێژینەوەی یەکەمیشدا ڕێژەی (٢١,٨٤ ٪) هۆکارەکەی بە وەفا و خۆشەویستی نێوان خۆیان و مێردەکەیان دەزانن. کوردیش یەکێکە لەو نەتەوانەی کە پەیوەندی کۆمەڵایەتی لە نێوان تاکەکان بە گشتی و لە نێوان ژن و مێردا بە تایبەتی زۆر بەتینە، بە تایبەت لەنێو بارزانیەکاندا.

لە توێژینەوەی یەکەمدا ڕێژەی(٢٣,٥٢ ٪) و لە توێژینەوەی دووەمیشدا ڕێژەی (٢١ ٪) هۆکارەکەی دەگەڕێننەوە بۆ مەسایلی عەشایەری و داب و نەریتی کۆمەڵایەتی، لە توێژینەوەی یەکەمدا ڕێژەی(١٥,٩٦ ٪)ی و لە توێژینەوە دووەمیشدا ڕێژەی (٩,٢٤ ٪) نموونەکە بێ ئومێد نەبوونە و هێشتا هەر چاوەڕوانن، ئەم ڕێژەیە گۆڕانکاری بەرچاوی بەسەردا هاتووە کە ڕێژەی (٦,٧٢ ٪)یە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هێنانەوەی روفاتی ژمارەیەك لە کەسوکاریان و ئەو توندوتیژیەی ئەمڕۆ لە جیهاندا هەیە لە لایەن ڕێکخراوە تیرۆرستیەکانەوە و دوای نەمانی حکومەتی بەعسی عێراق و دۆزینەوەی سەدان گۆڕی بەکۆمەڵ بە بەردەوامی لە بیابانەکانی باشووری عێراق و چەندین هۆکاری تر.

ڕێژەی (٦,٧٢ ٪) لە توێژینەوەی یەکەمدا و ڕێژەی (٨,٤٠ ٪) لە توێژینەوەی دووەمدا، هۆکارەکەی دەگەڕێننەوە بۆ باری دەروونی ئافرەتەکان کە دووچاری حاڵەتێکی وابوونە لە هەمووشتێك تەنانەت لە شوکردنەوەش بێزار بوونە و دووچاری چەند حاڵەتێکی دەروونی جیاواز بوونە ئەمانە وایان لێ هاتووە کە ئارامی و ئاسودەیی بە شتێکی لە ناکاو دەزانن و تاوان و زوڵم و زۆرداری بە دۆخێکی ئاسایی.

## خشتەی ژمارە(٣٣)

### ڕوانینی خەڵکی کوردستان بۆ کەسوکاری جینۆسایدکراوان

| وەڵامەکان | ساڵی ٢٠٠٧<br>ژمارە ٪ | ساڵی ٢٠١٥<br>ژمارە ٪ |
|---|---|---|
| بەبەزەیی هاودەردەوە | ١٠٤<br>٪ ٨٣,٢ | ١١١<br>٪ ٨٨,٨٠ |
| بە ڕقەوە | ١٠<br>٪ ٨ | ٦<br>٪ ٤,٨٠ |
| هەستمان بە هیچ نەکردووە | ١١<br>٪ ٨,٨ | ٨<br>٪ ٦,٤٠ |
| کۆی گشتی | ١٢٥<br>٪ ١٠٠ | ١٢٥<br>٪ ١٠٠ |

خشتەی ژمارە(٣٣) ڕوانینی خەڵکی کوردستان بۆ کەسوکاری جینۆسایدکراوان پاش جینۆساید نیشان دەدات.  بەرزترین ڕێژە لە هەردوو توێژینەوەکاندا، لە توێژینەوەی یەکەم ڕێژەی(٨٣,٢ ٪) و لە توێژینەوەی دووەمیشدا ڕێژەی (٨٨,٨٠ ٪)ی یەکەکانی نموونەی توێژینەوە ڕوانینی خەڵك بۆ کەسوکاری جینۆسایدکراوان بەبەزەیی و هاودەردەوە دەنرخێنن.

لە توێژینەوەی یەکەمدا ڕێژەی(٨ ٪)ی نموونەی توێژینەوە پێیان وابوو خەڵکی کوردستان بە ڕق و لابەلایی سەیری کەسوکاری جینۆسایدکراوان دەکەن، بەڵام لە توێژینەوەی دووەمدا ڕای نموونە توێژینەوە گۆڕانکاری بەسەر هاتووە تەنیا ڕێژەی (٤,٨٠ ٪) پێیان وایە خەڵکی کوردستان بە ڕقەوە سەیریان دەکات.

لە توێژینەوەی یەکەمدا ڕێژەی(٨,٨ ٪) و لە توێژینەوەی دووەمدا ڕێژەی (٦,٤٠ ٪)ی نموونەکە هەستیان بە هیچ نەکردووە. بەم ڕێژە بەرزەی کە بە بەزەیی و هاودەردەوە سەیری کەسوکاری جینۆسایدکراوانیان کردووە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت

کە خەڵکی کوردستان بە گشتی و هەولێر بەتایبەتی خەمخۆر و یارمەتی دەری بەجێماوی جینۆسایدکراوان بوونە و بە تەنگ کێشە و گیروگرفتەکانیانەوە هاتوون بە پێی توانا. وەك لە چاوپێکەوتنەکانیشدا دیاربوو بەجێماوی جینۆسایدکراوان هەمیشە ئەو مەردایەتی و هەڵوێستە جوامێرانەی خەڵکی هەولێریان لە یادە.

خشتەی ژمارە(٣٤)

شوێن بزرکردنی ڕەگەزەی نێر کاریگەری خراپی کردووەتەوە سەر بۆنیادی خێزان؟

| وەڵامەکان | ساڵی ٢٠٠٧<br>ژمارە ٪ | ساڵی ٢٠١٥<br>ژمارە ٪ |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٨٤<br>٪ ٦٧,٢٠ | ٩٥<br>٪ ٧٦ |
| نەخێر | ٤١<br>٪ ٣٢,٨٠ | ٣٠<br>٪ ٢٤ |
| کۆی گشتی | ١٢٥<br>٪ ١٠٠ | ١٢٥<br>٪ ١٠٠ |

خێزان(Family) یەکەم یەکەی بایەلۆژی و سۆسیۆلۆژی وئابوورییە بۆ پاراستنی نەژادی مرۆڤە.

ئەرستۆ دەڵێت: (خێزان یەکەم کۆبۆنەوەی کۆمەڵایەتیە, ئەویش کۆبۆنەوەیەکی سروشتی و دامەزراوەیەکە لە پێناو دابینکردنی پێویستییە ڕۆژانەییەکانی، مرۆڤ وەدیهێناوە).

خێزان هەڵدەستێ بە کۆمەڵێ ئەرکی گرنگ وەك زاوزێ، بەخێوکردن، پەروەردەکردنی مندالّ، ئەرکی پاراستن و گواستنەوەی کولتورو داب و نەریتی نەتەوایەتی لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر. کەواتە خێزان بناغە و بنەرەتی

درووستبوونی هەموو نەتەوەیەکە، بە چەند هەنگاوێك تێدەپەڕێ تاکو نەتەوە درووست دەبێت.

کۆنفوشیوس دەڵێت:(باش بوونی پەیوەندیەکانی خێزان مەرجە بۆ باش بوونی کۆمەڵگا). کەواتە پتەوی و ڕێکوپێکی و تەندروستی خێزان دەبێتە هۆی پتەوەی کۆمەڵگا، بە پێچەوانەشەوە هەرکاتێك خێزان تووشی کێشە و گرفتی کۆمەڵایەتی بوو, ئەوا کاریگەری لەسەر پێکهاتەی کۆمەڵگاو ژیانی کۆمەڵایەتی دەبێت کاتێك سەرپەرشتیاری خێزان لە ناودەچێت ئەوا سیستەمی بنەرەتی دووچاری ناجێگیری و نائارامی دەبێت لە دوایشدا شوێنەواری خراپ لە دوای خۆی بەجێدێڵێت(١٥) واقیعی ژیانی خێزانی کۆمەڵی کوردیش وا بووە کە هەمیشە باوك رونتر بڵێم ڕەگەزی نێر سەرپەرشتیاری خێزانی کردووە. لەم ڕوانگەیەوە لە ئەنجامی پرسیارێك سەبارەت بە شوێن بزرکردنی ڕەگەزی نێر و کاریگەری لە ستراکتەری خێزان لە خشتەی ژمارە(٣٤)دا بە ڕێژەی(٦٧,٢٠ ٪) پێیان وایە شوێن بزرکردنی ڕەگەزی نێر کاری خراپی کردووەتە سەر بنیادی خێزان ئەمە تا ساڵی (٢٠٠٧)، بەلام تا ساڵی (٢٠١٥) ئەم ڕێژەیە زیادی کردووە و گەیشتووەتە ڕێژەی (٧٦ ٪) واتا ساڵ بە ساڵ کاریگەریەکە زیاتر بووە و لە ماوەی هەشت ساڵدا (٨,٨٠ ٪) زیادی کردووە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی تاوانی جینۆسایدکردنی پیاوە بارزانیەکان (٣٢) ساڵی بەسەردا تێپەڕیوە و خانەوادەکانیش بەرەو کەمبوونەوە دەچن و کوڕەکان ژن دەهێنن و هەندێکیان لە ماڵێکی سەربەخۆدا دەژین و کچەکانیش شوویان کردووە، بەم جۆرە خێزان یاخود دایکی جینۆسایدکراوان بە تەنیاتر دەمێننەوە و زیاتر هەست بە کاریگەرییەکانی لە دەستدانی خۆشەویستانیان دەکەن.

بەرامبەر بەمەش ڕێژەی(٣٢,٨٠ ٪) پێیان وایە شوێن بزرکردنی ڕەگەزی نێر کاری خراپی نەکردووەتە سەربنیادی خێزان ئەمە بۆ ساڵی (٢٠٠٧). بەلام لە ساڵی (٢٠١٥) ڕێژەی (٢٤ ٪) پێیان وایە لە ناوبردنی ڕەگەزی نێر کاریگەری خراپی نەکردووەتە سەر بنیادی خێزان.

**خشتەی ژمارە(٣٥)**

**شوێن بزرکردنی ڕەگەزی نێر کاریگەرییە خراپەکانی بۆ سەر بنیادی خێزان**

| کاریگەرییەکان | ساڵی ٢٠٠٧ ژمارە ٪ | ساڵی ٢٠١٥ ژمارە ٪ |
|---|---|---|
| پەروەردەکردنی منداڵ | ٢٠<br>٪ ٢٣,٨٠ | ١٥<br>٪ ١٤,٢٥ |
| پەیوندی ئەندامانی خێزان | ٢٣<br>٪ ٢٧,٣٨ | ٣٩<br>٪ ٤١,٠٥ |
| گۆڕینی داب و نەریت | ١٥<br>٪ ١٧,٨٥ | ١٤<br>٪ ١٤,٧٣ |
| باری دەروونی ئافرەتەکان | ١٩<br>٪ ٢٢,٦١ | ٢٠<br>٪ ٢١,٠٥ |
| کەمی دەرامەت وخراپی باری ئابووری | ٣<br>٪ ٣,٥٧ | ٣<br>٪ ٣,١٥ |
| دەربەدەرو ئاوارەبوون | ٢<br>٪ ٢,٣٨ | ٢<br>٢,١٠ |
| کارکردنی ئافرەت لە دەرەوە | ٢<br>٪ ٢,٣٨ | ٢<br>٢,١٠ |
| کۆی گشتی | ٨٤<br>٪ ١٠٠ | ٩٥<br>٪ ١٠٠ |

خشتەی ژمارە(٣٥) کە تایبەتە بە هۆکارەکانی شوێن بزرکردنی ڕەگەزی نێر و کاریگەرییە خراپەکانی لەسەر بنادی خێزان دەردەکەوێت لە هەردوو توێژینەوەکاندا و لە توێژینەوەی یەکەمدا ڕێژەی(٢٧,٣٨ ٪) و لە توێژینەوەی دووەمدا ڕێژەی (٤١,٠٥ ٪)ی نموونەکە پێیان وایە کاریگەری خراپی کردووەتە سەر

بنیادی خێزان لە بواری پەیوەندی ئەندامانی خێزان بەیەکەوە و تێکچوون و پەرتەوازبوونی خێزان، جیاوازیەکی زۆریش لە نێوان داتاکانی هەردوو توێژینەوەکە هەیە و ساڵ بە ساڵ ئەم ئاسەوارە زیاتر کاریگەری هەبووە، لە ماوەی هەشت ساڵدا بە ڕێژەی (١٣,٦٧ ٪) ئەم کاریگەرییە زیادی کردووە.

لە توێژینەوەی یەکەمدا ڕێژەی (٢٣,٨٠ ٪) ئاسەوارەکان لە بواری پەروەردەکردنی منداڵدا دەبینن، بەڵام لە توێژینەوەی دووەمدا ڕێژەی (١٤,٢٥ ٪) ئاسەوارەکان لەم بوارەدا دەبینن.

لە توێژینەوەی یەکەمدا ڕێژەی(٢٢,٦١ ٪) و لە توێژینەوەی دووەمیشدا ڕێژەی (٢١,٠٥ ٪) پێیان وایە کاریگەری خراپی کردووەتە سەر بونیادی خێزان لە رووی باری دەروونی ئافرەتان.

ئاسەوارەکان لەسەر گۆڕینی داب و نەریت لە توێژینەوەی یەکەمدا ڕێژەی(١٧,٨٥ ٪) و لە توێژینەوەی دووەمیشدا ڕێژەی (١٤,٧٣ ٪) پێکدێنن، ڕێژەی(٣,٥٧ ٪) لە توێژینەوەی یەکەمدا و ڕێژەی (٣,١٥ ٪) لە توێژینەوەی دووەمدا، ئاسەوارەکان دەگەڕێننەوە بۆ سەر خراپی باری ئابووری و کەمی دەرامەت، ڕێژەی(٢,٣٨ ٪)لە توێژینەوەی یەکەمدا و ڕێژەی (٢,١٠ ٪) لە توێژینەوەی دووەمدا کاریگەرییەکان دەگەڕێننەوە بۆ هۆی دەربەدەری و ئاوارەبوون، لە توێژینەوەی یەکەمدا ڕێژەی (٢,٣٨ ٪) و لە توێژینەوەی دووەمیشدا ڕێژەی (٢,١٠٪) بووەتە هۆی کارکردنی ئافرەت لە دەرەوە جگە لە کاروباری ماڵەوە.

ئەگەر بە ووردی سەرەنجی بدەین دەبینین لە توێژینەوەی یەکەمدا تەنها ڕێژەی (٥,٩٥ ٪) و لە توێژینەوی دووەمیشدا ڕێژەی (٥,٢٥ ٪) ئاسەوارەکان لە نموونەکەدا لایەنی مادی دەگرێتەوە، بەڵام لایەنی مەعنەوی و گیانی نزیکەی (٩٥ ٪) ئاسەوارەکان پێکدێنن، ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە کە ئاسەوارە ماددییەکان دەکرێ سارێژ بکرێن و کاریگەرییان لابردرێت، بەڵام ئاسەواری مەعنەوی کە مەبەست روحی و کۆمەڵایەتیە، زۆر بە ئەستەم لەسەر بەجێماوەکان لادەبردرێت.

## خشتەی ژمارە(٣٦)

## بیرکردنەوەی بەردەوامی نموونەی توێژینەوە

| وەڵامەکان | ساڵی ٢٠٠٧<br>ژمارە ٪ | ساڵی ٢٠١٥<br>ژمارە ٪ |
|---|---|---|
| تەنیایی و بێ کەسی | ٢٣<br>٪ ١٨,٤٠ | ٣٥<br>٪ ٢٨ |
| چارەنوسی جینۆسایدکراوان | ٢١<br>٪ ١٦,٨٠ | ١٢<br>٪ ٩,٦٠ |
| وێنە و یادگاری جینۆسایدکراوان | ١٧<br>٪ ١٣,٦٠ | ١٨<br>٪ ١٤,٤٠ |
| چۆنیەتی جینۆسایدکردنیان | ٢٥<br>٪ ٢٠ | ٢٨<br>٪ ٢٢,٤٠ |
| بێ ئومێدی لە ژیان | ٩<br>٪ ٧,٢٠ | ١٠<br>٪ ٨ |
| زوڵم و زۆرداری ڕابردوو | ٣<br>٪ ٢,٤٠ | ٣<br>٪ ٢,٤٠ |
| چارەنوسی منداڵەکان | ١٤<br>٪ ١١,٢٠ | ٨<br>٪ ٦,٤٠ |
| نەبوونی و نەداری | ٥<br>٪ ٤ | ٤<br>٪ ٣,٢٠ |
| پاراستنی ناموس و باوەر | ٤<br>٪ ٣,٢٠ | ٤<br>٪ ٣,٢٠ |
| هیچ | ٢<br>٪ ١,٦٠ | ١<br>٪ ٠,٨٠ |
| بێ وەڵام | ٢ | ٢ |

| | | |
|---|---|---|
| | ٪ ١,٦٠ | ٪ ١,٦٠ |
| کۆی گشتی | ١٢٥<br>٪ ١٠٠ | ١٢٥<br>٪ ١٠٠ |

زانیارییەکانی ناو خشتەی ژمارە (٣٦) کە تایبەتن بە بیرکردنەوەی بەردەوامی نموونەی توێژینەوەکە دەردەکەوێت کە ڕێژەی (٢٠ ٪) کە بەرزترین ڕێژە لە نموونەکەدا بەردەوام بیر لە چۆنیەتی لەناوبردنیان دەکەن. وەك یەکێك لە نموونەی توێژینەوەکە دیگوت: (بەردەوام چەند پرسیارێك لە خۆم دەکەمەوە، ئەرێ تۆ بڵێی چۆن کۆمەڵکوژکرابن؟ زیندەبەچاڵ! ڕەمی کردن! لە ژێر فشاری دەروونی و ئابووری؟ تۆ بڵێی چەند ساڵ لە زیندانەکاندا مابن؟ تۆ بڵێی چ جۆرە چەکێك چ ویژدانێك توانیبێتی گوللە بارانیان بکات...)[١٦] بەم شێوەیە دەبینین زۆرینەی بەجێماوی بارزانیە جینۆسایدکراوەکان لە بارێکی ناهاوسەنگی دەروونیدا دەژین و بەردەوام بیر لە چۆنیەتی لە ناوبردنی کەسوکاریان دەکەنەوە، ئەمە لە توێژینەوەی یەکەمدا و تا ساڵی (٢٠٠٧) لە توێژینەوەی دووەمیشدا ڕێژەی (٢٢,٤٠ ٪) بیر لە چۆنیەتی لە ناوبردنیان دەکەن.

بەڵام لە توێژینەوەی دووەمدا بەرزترین ڕێژە بە بەردەوامی بیر لە بێ کەسی و تەنیایی خۆیان دەکەنەوە، بە ڕێژەی (٢٨ ٪) لە توێژینەوەی یەکەمیشدا ڕێژەی(١٨,٤٠٪) بەردەوام بیر لە تەنیایی و بێ کەسی خۆیان دەکەنەوە. لە توێژینەوەی یەکەمدا بە ڕێژەی(١٦,٨٠ ٪) و لە توێژینەوەی دووەمیشدا ڕێژەی (٩,٦٠٪) بیر لە چارەنوسی جینۆسایدکراوان دەکەنەوە، ئەم بیرکردنەوەیە گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە لە ماوەی هەشت ساڵدا بە ڕێژەی (٧,٢٠ ٪) ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بێ ئومێدبوونیان لە زیندوومانەوەی جینۆسایدکراوەکانیان.

لە توێژینەوەی یەکەمدا ڕێژەی(١٣,٦٠ ٪) و لە توێژینەوەی دووەمیشدا ڕێژەی (١٤,٤٠٪) بیر لەو ساتانە دەکەنەوە کە کەسوکاریان جینۆساید نەکرابوون و وێنە و

یادگارییــەکان هەمیشــە هزریــانی داگیرکــردووە بــەردەوام لــە بــیر و خــەیاڵیان یادەوەرییەك دەژی و ئایندەیان فەرامۆش دەکات.

لە توێژینــەوەی یەکەمـدا ڕێـژەی(١١,٢٠ ٪) و لــە توێژینــەوەی دووەمیشـدا ڕێـژەی (٦,٤٠٪) بەردەوام بیر لە چارەنوسی منداڵەکان دەکەنــەوە. ئـەم گۆڕانکارییــەی لـەم بیرکردنەوەشدا رویـداوە دەگەڕێتـەوە بۆ گـەورەبوونی منداڵـەکانیان و پێکهێنـانی خێـزان، بـە پێچەوانەشـەوە ئـەمجارەیان منداڵـەکان ئـەرکی بـەخێوکردنی دایکیـان دەگرنە ئەستۆ ئیتر دایـك لـە خـەمی بـە دەسـتهێنانی بـژێوی ژیـانی منداڵەکانیـدا نابێت.

لە توێژینەوەی یەکەمدا ڕێژی(٧,٢٠ ٪ ) و لە توێژینـەوەی دووەمـدا ڕێـژەی (٨ ٪) بیرکردنەوەی بەردەوامیان بێ ئومێد بوونە لە ژیان. بە ڕێژەی(٤ ٪)لە توێژینەوەی یەکەمدا و ڕێژەی (٣,٢٠ ٪) لە توێژینەوەی دووەمدا بیر لـە نـەبوونی و نـەدارییان دەکەنەوە. ڕێژەی(٢,٤٠ ٪) لە هەردوو توێژینەوەکاندا بیر لەو زوڵم و زۆردارییەی لە رابردوودا بەسەریاندا هاتووە دەکەنەوە. ڕێژەی (٣,٢٠ ٪) لە هەردوو توێژینەوەکاندا بیر لە پاراستنی ناموس و بیروباوەڕیان دەکەنەوە.

لە توێژینەوەی یەکەمدا ڕێژەی (١,٦٠ ٪) و لە توێژینـەوەی دووەمـدا (٠,٨٠ ٪) بـە شێوەیەکی بەردەوام بیر لە هیچ ناکەنەوە. لە هەردوو توێژینەوەکاندا ڕێژەی(١,٦٠٪) بێ وەڵامن بەرامبەر بەم پرسیارە.

**خشتەی ژمارە(٣٧)**

**هەستی نەتەوایەتی پاش جینۆساید**

| هەستی نەتەوایەتی | ساڵی ٢٠٠٧<br>ژمارە ٪ | ساڵی ٢٠١٥<br>ژمارە ٪ |
|---|---|---|
| بەهێزترە | ٨٠<br>٪ ٦٤ | ٩٨<br>٪ ٧٨,٤٠ |
| وەك خۆیەتی | ٣٤<br>٪٢٧,٢٠ | ٢٠<br>٪ ١٦ |
| لاوازترە | ١١<br>٪ ٨,٨٠ | ٧<br>٪ ٥,٦٠ |
| کۆی گشتی | ١٢٥<br>٪ ١٠٠ | ١٢٥<br>٪ ١٠٠ |

داتاکانی خشتەی ژمارە (٣٧) کە تایبەتە بە هەستی نەتەوایەتی یەکەی نموونەی توێژینەوە بۆ ساڵی (٢٠٠٧)، دەردەکەوێت کە بەرزترین ڕێژە بە ڕێژەی(٦٤ ٪) هەستی نەتەوەییان پاش جینۆساید بەهێزتر بووە، ڕێژەی(٨,٨٠ ٪)ی نموونەکە هەستی نەتەوەییان لاوازتر بووە، ئەوەی دەکەوێتە نێوانیان ڕێژەی(٢٧,٢٠ ٪)یە کە هەستی نەتەوەییان وەکو خۆیەتی. بە پێی ئەو ڕێژە بەرزەی کە هەستی نەتەوایەتییان بەهێزتر بووە دەردەکەوێت کە تاوانە یەك لەدوا یەکەکانی ڕژێمی عێراق دەرهەق بە بارزانیەکان و نیشتەجێکردنی بەجێماوەکان لە ئۆردووگا زۆرەملێیەکاندا و سەپاندنی ئابلوقەی ئابووری، راگواستن و چەوساندنەوە و قڕکردن...هتد، نەك تەنیا نەیتوانی بارزانیەکان لە ناوبەرێت، بەڵکو زیاتر روحی کوردایەتیان لە دڵدا پەروەردەکرد. بەڵام ئەوەی دڵخۆشکەرترە بە پێی ژمارە و داتا بە دەستهاتووەکان ساڵ بە ساڵ هەستی نەتەوایەتی بەجێماوی بارزانیە جینۆسایدکراوەکان بەهێزتر دەبێت و تا ساڵی (٢٠١٥) بەهێزی هەستی نەتەوایەتی بەجێماوەکان گەیشتووەتە (٧٨,٤٠ ٪) واتە لە ماوەی هەشت ساڵدا (٪١٤,٤٠) هەستی

نەتەوایەتی زیاتری کردووە. لە بەرامبەر ئەمەشدا لە ساڵی (٢٠١٥)دا، ڕێژەی (٥,٦٠٪) هەستی نەتەوایەتیان لاوازتر بووە، ڕێژەی (١٦ ٪) هەستی نەتەوایەتیان وەك خۆیەتی، بە شێوەیەکی گشتی و بە تێڕوانین لە داتاکانی ناو ئەم خشتەیە، هەستی نەتەوایەتی بەجێماوی بارزانیە جینۆسایدکراوەکان لە ئاستێکی بەرزدایە.

خشتەی ژمارە(٣٨)

ئاوەدانکردنەوەی گوندەکانی نموونەی توێژینەوە

| وەڵامەکان | ساڵی ٢٠٠٧<br>ژمارە ٪ | ساڵی ٢٠١٥<br>ژمارە ٪ |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٨٥<br>٪ ٦٨ | ٩٩<br>٪ ٧٩,٢٠ |
| نەخێر | ٤٠<br>٪ ٣٢ | ٢٦<br>٪ ٢٠,٨٠ |
| کۆی گشتی | ١٢٥<br>٪ ١٠٠ | ١٢٥<br>٪ ١٠٠ |

خشتەی ژمارە(٣٨) کە تایبەتە بە ڕێژەی ئاوەدانکردنەوەی گوندەکانی نموونەی توێژینەوە لە پاش شاڵاوەکانی جینۆساید دەردەکەوێت کە ڕێژەی(٦٨ ٪) نموونەکە گوندەکانیان ئاوەدان کراوەتەوە ئەمە تا ساڵی (٢٠٠٧)، بە پشت بەستن بە داتا بە دەستهاتووەکان لە ماوەی هەشت ساڵدا ڕێژەی (١١,٢٠٪) پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان زیادی کردووە، واتا تا ساڵی (٢٠١٥) ڕێژەی (٧٩,٢٠ ٪) گوندەکانی دەڤەری بارزان ئاوەدانکراونەتەوە.

بەرامبەر بەمەش ڕێژەی(٣٢ ٪) گوندەکانیان ئاوەدان نەکراوەتەوە ئەمە بۆ ساڵی (٢٠٠٧) بەڵام بۆ ساڵی (٢٠١٥) ڕێژەی (٢٠,٨٠ ٪) گوندەکان ئاوەدان نەکراونەتەوە. وەك ئاشکرایە لە پاش ڕاپەرینەوە بەردەوام گوندەکان ئاوەدان دەکرێنەوە و

بایەخیان پێ دەدرێ. ئەم گوندانە هەرهەموویان بە هۆی سیاسەتی پرۆژەی لەناوبردنی بارزانیەکان وێران کرابوون، لە ساڵی ١٩٧٥ بەدواوە بارزانیەکان بەشێکیان وەکو تیرەی (بەرۆژی، نزاری، وڵات ژیری) ڕاگوێزرابوون بۆ باشووری عێراق، دوای سێ ساڵ واتا ساڵی (١٩٧٨) تیرەکانی تر ئەوانەی مابوون ڕاگوێزران بۆ ئۆردووگا زورەملێیەکانی(حەریر، بەحرکە، دیانا...).

دواتر لە ساڵی (١٩٨٠) ئەو بارزانیانەی کە ڕاگۆێزرابوون بۆ باشووری عێراق ئەوانیش دووبارە ڕاگوێزران بۆ ئۆردووگا زۆرەملێیەکانی(قوشتەپە). بۆیە ئاوەدانکردنەوەی ئەو گوندانە ماوە و کاتی دەوێت، بەڵام سەرەرای ئەمەش ژمارەیەکی زۆر لە گوندەکان ئاوەدان کراونەتەوە.

**خشتەی ژمارە(٣٩)**

**ئایا بە گوێرەی پێویست بایەخ بە ئازار و گیروگرفتەکانی بەجێماوی بارزانیە جینۆسایدکراوەکان دراوە؟**

| وەڵامەکان | ساڵی ٢٠٠٧<br>ژمارە ٪ | ساڵی ٢٠١٥<br>ژمارە ٪ |
|---|---|---|
| بایەخیان پێدراوە | ٦<br>٪ ٤,٨٠ | ٢٦<br>٪ ٢٠,٨٠ |
| تا رادەیەك بایەخیان پێدراوە | ٧٨<br>٪ ٦٢,٤٠ | ٧٧<br>٪ ٦١,٦٠ |
| بایەخیان پێنەدراوە | ٤١<br>٪ ٣٢,٨٠ | ٢٢<br>٪ ١٧,٦٠ |
| کۆی گشتی | ١٢٥<br>٪ ١٠٠ | ١٢٥<br>٪ ١٠٠ |

خشتەی ژمارە(٣٩) تایبەتە بە وەڵامدانەوەی پرسیاری (ئایا بە گوێرەی پێویست بایەخ بە ئازار و گیروگرفتەکانی بەجێماوی بارزانیە کۆمەڵکوژکراوەکان دراوە؟).

بە پێی ئەو وەڵامانەی لەو راپرسییەدا دەرکەوتوون، لە هەردوو توێژینەوەکەدا بەرزترین رێژە بە رێژەی(٦١,٦٠٪) بۆ (٦٢,٤٠٪)ی بەجێماوی بارزانیە جینۆسایدکراوەکان پێیان وایە تا رادەیەك بایەخ بە ئازار و گیروگرفتەکانیان دراوە. رێژەی (٣٢,٨٠٪) لە کەسوکاری بارزانیە جینۆسایدکراوەکان پێیان وایە بایەخ بە ئازار و گیروگرفتەکانیان نەدراو ئەمە تا ساڵی (٢٠٠٧) بەڵام تا ساڵی (٢٠١٥) ئەم رێژەیە کەمیکردووە بە رێژەی (١٧,٦٠ ٪) بۆ ئەمرۆ پێیان وایە بایەخیان پێنەدراوە، واتە دوای هەشت ساڵ رێژەی (١٥,٢٠٪) کەمی کردووە. تا ساڵی (٢٠٠٧) رێژەیەکی زۆرکەم بە رێژەی (٤,٨٠٪) پێیان وایە بە گوێرەی پێویست بایەخ بە کێشە و گیروگرفتەکانیان دراوە، بەڵام تا ساڵی (٢٠١٥) رای نموونەی توێژینەوە گۆڕاوە زیادی کردووە بە رێژەی (١٦ ٪) واتە تا ئێستا رێژەی (٢٠٪) پێیان وایە بایەخ بە کێشە و گیروگرفتەکانیان دراوە. داتاکان و ژمارە بەدەستهاتووەکان لە توێژینەوەی دووەمی بەراوردکاریماندا، ژمارەی دڵخۆشکەرن ئەگەر بەم شێوازە بەردەوامبێت و بایەخ بە کەسوکاری قوربانیان بدرێت.

## خشتەی ژمارە(٤٠)

## هەستی نموونەی توێژینەوە بەرامبەر هێنانەوەی ئێسکی ژمارەیەك لە کەسوکاریان

| وەڵامەکان | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| هەستمان بە خۆشی کرد | ٤٨<br>٪ ٣٨,٤٠ | ٣٧<br>٪ ٢٩,٦٠ |
| هەستمان بە ناخۆشی کرد | ٢٢<br>٪ ١٧,٦٠ | ٢١<br>٪ ١٦,٨٠ |
| ئیدی چاوەڕوان نابین | ٣٤<br>٪ ٢٧,٢٠ | ٥٠<br>٪ ٤٠ |
| ئەوانەی ماون بهێنرێنەوە | ٢١<br>٪ ١٦,٨٠ | ١٧<br>٪ ١٣,٦٠ |
| کۆی گشتی | ١٢٥<br>٪ ١٠٠ | ١٢٥<br>٪ ١٠٠ |

خشتەی ژمارە(٤٠) هەستی نموونەی توێژینەوە بەرامبەر بەهێنانەوەی ئێسکی ژمارەیەك لە کەسوکاریان بۆ کوردستان و شوێنی ڕەسەنی خۆیان ڕووندەکاتەوە. دەردەکەوێت کە بەرزترین ڕێژە تا ساڵی (٢٠٠٧) بە ڕێژەی(٣٨,٤٠ ٪) ی نموونەی توێژینەوە هەستیان بە خۆشی کردووە بە هێنانەووی ئێسکی (٥١٣) جینۆسایدکراوان لە بیابانەکانی باشووری عێراق بۆ کوردستان. ئەمانە سەرەڕای دیتنی ئێسکی کوڕ و باوك و برا و هاوسەر و کەسوکاریان هەر دڵخۆشن، چونکە ئەمانە تەنانەت لە ئێسکەکانیش بێ ئومێد ببوون، لە زووەوە ئومێدیان بە دیکتاتۆر سەدام و ڕژێمەکەی نەمابوو، دەیان زانی کەسیان ناگەڕێتەوە و هەموویان جینۆسایدکراون. چونکە ئەو تاوان و زوڵم و زۆرداریيەی ڕژێمی عێراق بەرامبەر بە میللەتەکەی دەکرد بەڵگەی ئەم ڕاستیە بوون. بەڵام دوای هەشت ساڵ دووبارە

ئەنجامدانەوی توێژینەوە لە سەر هەمان نموونەی توێژینەوە ئەم رایە گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، ئەمجارەیان بەرزترین ڕێژە بە ڕێژەی ( ٤٠ ٪ ) پێیان وایە ئیدی کۆتایی بەم چاوەڕوانیە دوور و درێژە هێنرا کە سەردەمانێك چاوەڕێ بوون جینۆسایدکراوەکان بگەڕێنەوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ڕۆژ بە ڕۆژ تاوان و درندەیی پۆلیسی جینۆسایدی حکومەتی بەعسی عێراق دەردەکەوێت و بە بەردەوامی گۆڕی بەکۆمەڵ دەدۆزرێنەوە. قۆناغی دووەمی گۆڕی بەکۆمەڵی بارزانەییەکانیش لە بەهاری ٢٠١٤ هێنرانەوە و ڕۆفاتی (٩٣) پیاوی تری بارزانی لە بارزان نێژران، هەروەها هۆکارێکی تر دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەمڕۆ ڕێکخراوی تیرۆرستی (داعش) لە عێراق و سوریا کە سوننە مەزهەبن و هەندێك لە سەرکردەکانی پێشووی حکومەتی بەعسی عێراقی لەم ڕێکخراوەدان، هەر بە ئاشکرا و بە گرتەی ڤیدیۆیی تاوانەکانی کوشتن و سەربڕین و لە ناوبردنی بەکۆمەڵ ئەنجامدەدەن و بڵاودەکەنەوە ئیدی کەسوکاری بارزانیەکانیش بێ ئومیدبوونە لە گەڕانەوەی کەسوکاریان.

لە ساڵی (٢٠٠٧) ڕێژەی (٢٧,٢٠ ٪)ی نموونەی توێژینەوە هەست بەوە دەکەن کە ئەو چاوەڕوانییەی زیاتر لە (٢٤) ساڵ هزر و خەیاڵیانی داگیرکردبوو کوتایی پێهات و ئیدی چاوەڕێی گەڕانەوەیان ناکەن. ڕێژەی (١٦,٨٠ ٪) بۆ (١٧,٦٠ ٪) نموونەی توێژینەوە هەستیان بە ناخۆشی کردووە لە هەردوو قۆناغی ڕاپرسیدا، ڕێژەی (١٣,٦٠٪) بۆ (١٦,٨٠ ٪) نموونەی توێژینەوە داواکارن ئەو ڕۆفاتانەی ماون ئەوانیش بهێنرێنەوە کوردستان.

**خشتەی ژمارە(٤١)**

**ڕای نموونەی توێژینەوە بەرامبەر لە سێدارەدانی دیکتاتۆر سەدام حوسێن و هاوکارانی؟**

| وەڵامەکان | ساڵی ٢٠٠٧ ژمارە ٪ | ساڵی ٢٠١٥ ژمارە ٪ |
|---|---|---|
| لەسەر تاوانەکانی کۆمەڵکوژی و ئەنفال و جینۆساید لەسێدارە درابووا | ٥٠ ٪ ٤٠ | ٥٢ ٪ ٤١,٦٠ |
| زۆر دڵخۆش بووین | ٢٢ ٪ ١٧,٦٠ | ٢٤ ٪ ١٩,٢٠ |
| نەدەبوو پەلە لەسێدارەدانی بکرێت | ٣٣ ٪ ٢٦,٤٠ | ٣٥ ٪ ٢٨ |
| تۆڵەمان لێکرایەوە | ٢٠ ٪ ١٦ | ١٤ ٪ ١١.٢٠ |
| کۆی گشتی | ١٢٥ ٪ ١٠٠ | ١٢٥ ٪ ١٠٠ |

داتاکانی ناو خشتەی ژمارە(٤١) ڕای نموونەی توێژینەوە بەرامبەر بە لە سێدارەدانی دیکتاتۆر سەدام حوسێن و هاوکارانی ڕوونەدەکاتەوە.

دەردەکەوێت بە ڕێژەی(٤٠ ٪) بۆ (٤١,٦٠ ٪) نموونەی توێژینەوە، لە هەردوو توێژینەوەکەدا ڕایان وایە کە دەبووایە لە سەر تاوانی کۆمەڵکوژی و ئەنفال و جینۆساید لەسێدارە درابووایە. ڕێژەی(٢٦,٤٠ ٪) بۆ ( ٢٨ ٪) نموونەی توێژینەوە پێیان وایە نەدەبوو پەلە لەسێدارەدانی دیکتاتۆر سەدام حوسێن بکرێت، مەلەفەکانی تاوانەکان یەکە بە یەکە هەر لە تاوانی دوجێل تا تاوانەکانی ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجە و کۆمەڵکوژی بارزانییەکان و ڕاگواستن و شوێن بزرکردنی کوردە فەیلیەکان... هتد خرابانە پێش و بچوکترین تاوان سزای خرابووایە سەرو بە دادگاییەکی یەکسان و دادپەروەرانە، ئینجا لە کۆتایی و تەواوکردنی گشت

مەلەفەکان سزای خرابووایە سەر. هەروەها ڕێژەی(١٧,٦٠ ٪) بۆ (١٩,٢٠ ٪) زۆر دڵ خۆشن بە لە سێدارەدانی سەدام حوسێنی دیکتاتۆر و هاوکارانی. ڕێژەی(١٦ ٪) بۆ (١١.٢٠ ٪) پێیان وایە تۆڵەیان لە سەددام حوسێن کرایەوە بەرامبەر بەو تاوانەی لە میللەتەکەی کردووە. لە هەردوو توێژینەوەکاندا جیاوازییەکی ئەوتۆ نیە و ڕای یەکەکانی نموونەی توێژینەوە گۆڕانکاریەکی وایان بەسەردا نەهاتووە.

خشتەی ژمارە (٤٢)

داواکارییەکانی نموونەی توێژینەوە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان

| داواکاریەکان | ساڵی ٢٠٠٧<br>ژمارە ٪ | ساڵی ٢٠١٥<br>ژمارە ٪ |
| --- | --- | --- |
| درووستکردنی خانوو | ٩٨<br>٪ ١٤,٧٣ | ٤٠<br>٪ ٥,٤٩ |
| دابەشکردنی زەوی | ٧٦<br>٪ ١١,٤٢ | ٣٥<br>٪ ٤,٨٠ |
| قەرەبوکردنەوەی ماددی و مەعنەوی | ٥٢<br>٪ ٧,٨١ | ١٠٥<br>٪ ١٤,٤٢ |
| موچەیەکی شایستە | ٧٣<br>٪ ١٠,٩٧ | ٧٥<br>٪ ١٠,٣٠ |
| چارەسەرکردنی نەخۆشەکان | ٣٤<br>٪ ٥,١١ | ٣٨<br>٪ ٥,٢١ |
| دامەزراندنی قوتابیانی بەجیماو لە شوێنی گونجاو | ٤٨<br>٪ ٧,٢١ | ٥١<br>٪ ٧ |
| ناردنی هەندێك قوتابی بۆ دەرەووەی وڵات | ٦٤<br>٪ ٩,٦٢ | ٧٢<br>٪ ٩,٨٩ |

| | | |
|---|---|---|
| ئەم تاوانە لە قۆناغەکانی خوێندندا بخوێندرێت | ٣٣<br>٪ ٤,٩٦ | ٣٩<br>٪ ٥,٣٥ |
| کردنەوەی دەزگا و بنکەی تایبەت | ٣٨<br>٪ ٥,٧١ | ٤١<br>٪ ٥,٦٣ |
| ئاوەدانکردنەوەی ئەو ناوچانەی بەر شاڵاو کەوتوون | ٢١<br>٪ ٣,١٥ | ١٨<br>٪ ٢,٤٧ |
| پاراستنی ئاسایش | ٣٣<br>٪ ٤,٩٦ | ٣٨<br>٪ ٥,٢١ |
| یارمەتی دانی ئەوانەی خێزان پێکدێنن | ٥٨<br>٪ ٨,٧٢ | ٤٤<br>٪ ٦,٠٤ |
| قیرتاوکردنی شەقامەکان | ١٩<br>٪ ٢,٨٥ | ٢٧<br>٪ ٣,٧٠ |
| دابینکردنی ئاو و کارەبا | ١٨<br>٪ ٢,٧٠ | ٢٦<br>٪ ٣,٥٧ |
| بە جینۆسایدناساندنی ئەم تاوانە لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی | - | ٧٩<br>٪ ١٠,٨٥ |
| کۆی گشتی | ٦٦٥<br>٪ ١٠٠ | ٧٢٨<br>٪ ١٠٠ |

خشتەی ژمارە(٤٢) کە تایبەتە بە داواکارییەکانی نموونەی توێژینەوە و بەجێماوەکان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەردەکەوێت کە لە کۆی(١٢٥) کەسی نموونەی توێژینەوە (٦٦٥) داواکاریان هەیە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و لایەن و وەزارەتی پەیوەندیدار ئەمە بۆ ساڵی (٢٠٠٧). بەڵام بۆ ساڵی (٢٠١٥) داوکاریان زیادی کردووە بووەتە (٧٢٨) داوکاری جۆراوجۆر. بۆ ساڵی (٢٠٠٧) دەردەکەوێت بەرزترین ڕێژە بە ڕێژەی(١٤,٧٣ ٪) داوای دروستکردنی خانوو دەکەن. بەڵام لە

ساڵی (٢٠١٥) تەنیا ڕێژەی (٥,٤٩ ٪) داوای دروستکردنی خانوو دەکەن، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بەردەوامی پرۆسەی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێبوون و پێشینەی خانووبەرە و دروستکردنی خانوو بۆ کەسوکاری قوربانیان. لە ماوەی هەشت ساڵدا ڕێژەی (٩,٢٤ ٪) لە کێشەی خانوو ڕزگاریان بووە و ئەم داواکارییەیان جێبەجێکراوە. بۆ ساڵی (٢٠٠٧) ڕێژەی(١١,٤٢ ٪) داوای دابەشکردنی زەوی دەکەن بەڵام بۆ ساڵی (٢٠١٥) ئەم ڕێژەیە کەمی کردووە و بووەتە ڕێژەی (٤,٨٠ ٪) بە واتای (٦,٦٢ ٪) ئەم داوکاریە کەمی کردووە لە دوای هەشت ساڵ، بە پێشت بەستن بەم دوو داتایە بە دەستهاتووە لە ساڵی (٢٠١٥) و لە توێژینەوەی دووەمدا دەردەکەوێت کە تا ڕادایەکی زۆر کەسوکار و بەجێماوانی جینۆسایدی بارزانیەکان خانوو و زەوییان بۆ دابینکراوە. ڕێژەی(١٠,٩٧ ٪) بۆ ساڵی (٢٠٠٧) و ڕێژەی (١٠,٣٠ ٪) بۆ ساڵی (٢٠١٥) داوای مووچەیەکی شایستە دەکەن کە لەگەڵ پێداویستیەکان و بازاری ئەمڕۆ بگونجێ لە هەردوو توێژینەوەکەدا ڕێژەکە نزیك یەکە و گۆڕانکاری ئەوتۆی بەسەردا نەهاتووە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە ئەو مووچەیەی مانگانە دەدرێتە کەسوکاری قوربانیان کەمە و داوای زیادکردنی دەکەن هەروەك لە چاوپێکەوتنەکاندا زۆربەی هەرە زۆری نموونەی توێژینەوە دەیات وت:(( مووچەکەمان تا سەری مانگ بەشمان ناکات)).

بۆ ساڵی (٢٠٠٧) ڕێژەی(٩,٦٢ ٪) و بۆ ساڵی (٢٠١٥) ڕێژەی (٩,٨٩ ٪) داواکارن کە هەندێك لە قوتابیانی بەجێماوی جینۆسایدکراوان زەمانەتی خوێندنیان لە دەرەوەی وڵات بۆ برەخسێنرێ. بۆ ساڵی (٢٢٠٧) بە ڕێژەی(٨,٧٢ ٪) و بۆ ساڵی (٢٠١٥) ڕێژەی (٦,٠٤ ٪) داواکارن یارمەتی کوڕ و کچانی بەجێماوی جینۆسایدکراوان بدرێ کە ژیانی هاوسەرگیری پێکدێنن ئەمەش بە یارمەتی دانی دارایی و دابینکردنی شوێنی حەوانەوە و پێداویستیەکانی تر. ئەم داوکاریەش بە ڕێژەی (٢,٦٨ ٪) کەمی کردووە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان و بە هەماهەنگی وەزارەتی دارایی بۆ هەر کوڕ و کچێکی جینۆسایدکراو ئەوانەی هاوسەرگیری پێکدێنن بڕی (٥٠٠٠٠٠٠) پێنج ملیۆن

دینار دیاری هاوسەرگیریان پێشکەش دەکەن و ئەم بڕە پارەیە لە مووچەی خانەوادەی شەهید کەم ناکرێتەوە و بەڵکو وەك پاداشتێك پێشکەش بە کوڕ و کچی جینۆسایدکراوان دەکرێت.

بۆ ساڵی (٢٠٠٧) ڕێژەی(٧,٨١ ٪) داوای قەرەبووکردنەوە دەکەن بەرامبەر بەو تاوانانەی کە بەرامبەریان ئەنجامدراوە ئەمەش لە ڕووی ماددی و مەعنەویەوە. بەڵام بۆ ساڵی (٢٠١٥) ئەم ڕێژەیە بەرزترین ڕێژەی نموونەی توێژینەوەکەمان بە ڕێژەی (١٤,٤٢ ٪) پێکدێنێت و زۆرترین داوکاری کەسوکاری قوربانیان لە ئێستادا قەربووکردنەوەیە لە ڕووی ماددی و مەعنەوی. وەك دیارە داواکاری خانوو و زەوی کەمیکردووە داواکاری قەرەبووکردنەوەی ماددی زیادیکردووە. حکومەتی ئێستای عێراق کە وارسی حکومەتی پێشووی عێراقە بە پلە یەك بەرپرسیارە بەرامبەر بە قەرەبووکردنەوەی کەسوکاری قوربانیان.

ڕێژەی(٧,٢١ ٪)لە توێژینەوەی یەکەمدا و ڕێژەی (٧ ٪) لە توێژینەوەی بەراوردکاری دووەمدا داوای دامەزراندنی قوتابیانی بەجێماوی جینۆسایدکراوان دەکەن ئەوانەی دەرچوی کۆلێژ و پەیمانگاکان لە شوێنی گونجاو.

ڕێژەی(٥,٧١ ٪) توێژینەوەی ساڵی (٢٠٠٧) و ڕێژەی (٥,٦٣ ٪) لە توێژینەوەی ساڵی (٢٠١٥) داوای کردنەوەی دەزگا و بەڕێوەبەرایەتی و بنکە و سەنتەر و ڕێکخراوی تایبەت بە کەسوکاری جینۆسایدکراوان لە هەموو بوارێکدا دەکەن لەو شوێنانەی کە بەجێماوی جینۆسایدکراوانیان لێیە. ڕێژەی(٥,١١ ٪) لە توێژینەوەی یەکەمدا و لە توێژینەوەی دووەمیشدا ڕێژەی (٥,٢١ ٪) داوای چارەسەرکردنی بەجێماوی جینۆسایدکراوان دەکەن لە لایەن حکومەتی هەرێم و وەزارەتی پەیوەندیدارەوە، ئەوانەی نەخۆشی درێژخایەن و نەخۆشی تریان هەیە و چارەسەریان لە کوردستاندا نییە، یاخود تێچونی زۆرە مەبەست لە چارەسەرکردنی نەخۆشیەکان هەردوو جۆرەکانیەتی (جەستەیی و دەروونی).

ڕێژەی(٤,٩٦ ٪) لە تویژنەوەی ساڵی (٢٠٠٧) و ڕێژەی (٥,٣٥ ٪) لە توێژینەوەی دووەمدا، داواکارن تاوانەکانی پرۆژەی لە ناوبردن و کۆمەڵکوژی و ئەنفال و

جینۆساید و کیمیاباران و ڕاگواستن و خاك سوتاندن لە قۆناغەکانی خوێندندا بخوێندرێت. هەرچەند ئێستا لە قوناغەکانی خوێندندا ئەم تاوانە لە هەندێك لە قوناغەکان دەخوێندریت بەلاّم وەك پێویست نیە، (ئەوەی شایەنی باس بێت سوود لە دوو کتێبی من وەرگیراوە بو قۆناغەکانی خوێندنی پۆلی (١٠) بنەرەتی و پەیمانگا پیشەییەکان).

ڕێژەی(٤,٩٦ ٪) و ڕێژەی (٥,٢١ ٪) لە هەردوو توێژینەوەکاندا داواکارن پاراستنی ئاسایشی ناوچەکە بپارێزرێت. ڕێژەی(٣,١٥ ٪) لە توێژینەوەی یەکەمدا و ڕێژەی (٢,٤٧ ٪) لە توێژینەوەی دووەمدا داواکارن هەموو ئەو ناوچانەی بەرشالاّوی پرۆژەی لەناوبردن کەوتوون ئاوەدان بکرێنەوە. ڕێژەی(٢,٨٥ ٪)ی نموونەی توێژینەوە لە توێژنەوەی یەکەمدا و ڕێژەی (٣,٧٠ ٪) لە توێژینەوەی دووەمدا داوای ڤیرتاوکردنی شەقامەکان دەکەن. لە هەردوو توێژینەوەکاندا ڕێژەی(٢,٧٠ ٪) و ڕێژەی (٣,٥٧ ٪) داواکارن ئاو و کارەبا بە شێوەیەکی گونجاو بۆ ناوچەکانیان دابین بکرێت.

ڕێژەی (١٠,٨٥ ٪) لە توێژینەوەی دووەمدا داوای بەجینۆساید ناساندنی ئەم تاوانانە لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی دەکەن، بەلاّم لە توێژینەوەی ساڵی (٢٠٠٧) هیچ کەسێك لە نموونەی توێژینەوە ئەم داواکارییەی نەبوو ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ:

- لە ساڵی (٢٠٠٧) کەسوکاری قوربانیان کێشە و گیروگرفتی تریان هەبوو وەك خانو زەوی و هیتر...
- تا ساڵی (٢٠٠٧) وەك ئێستا بایەخ بە جینۆساید و تاوانە دژ بەمرۆڤایەتیەکان نەدەدرا لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی و زۆربەی گەلان و وڵاتانی جیهان بێ دەنگ بون بەرامبەر بەم تاوانانە.
- لە دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق لە ساڵی (٢٠١١) ئەم کەیسی بارزانیەکان بە جینۆساید ناسێندرا.
- ئەو پەیوەندییە نێودەوڵەتییەی ئەمرۆ هەرێمی کوردستان لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی هەیەتی. هۆکارێکی گرنگە.
- ئەمانە و چەندین هۆکاری تر...

## سەرچاوە وپەراوێزەکانی بەشی حەوتەم

١. چاوپێکەوتن لەگەڵ (کیستان محمد سلێمان ) کۆمەڵگای هردان ٢٠٠٦.
٢. چاوپێکەتن لەگەڵ(حاجی شێرو حاجی) گوندی بازێ ٢٠٠٦.
٣. جەلال خەلەف ژاڵەیی، گرنگترین نەخۆشییە دەروونیەکان، چاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠٠٥، لاپەرە(٦٧).
٤. کەریم شەریف قەرەچەتانی، هەندێك نەخۆشی و گرفتی دەروونی و کۆمەڵایەتی، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، چاپی یەکەم هەولێر ١٩٩٩، لاپەڕە(١٣).
٥. جلال خەلەف ژالەیی، هـ.س.پ، لاپەرە(١١١).
٦. هـ.س.پ، لاپەڕە(٦٩).
٧. کەریم شەریف قەرەچەتانی، لاپەڕە(٣٣).
٨. هـ.س.پ، لاپەڕە(٢٩).
٩. عەدالەت عمر سالّح، ئەنفال و ئافرەتی کورد، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوی ئاراس، چاپی یەکەم هەولێر,٢٠٢، لاپەرە(١١٠).
١٠. هـ.س.پ، لاپەڕە(١٠٩).
١١. د.عبدالستار طاهر شریف، قامووسی دەروونناسی، مطبعة علاء- الوذيرية- چاپی یەکەم، بغداد ١٩٨٥، لاپەڕە(١١).
١٢. کازیوە سالّح، فیمینستناسی و جڤاکی کوردی، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠٥، لاپەڕە(١٧١).
١٣. جلال خەلەف ژالەیی، هـ.س.پ، لاپەرە(١٣٣).
١٤. کەریم شەریف قەرەچەتانی، هـ.س.پ، لاپەرە(٢٣).
١٥. ڕێبوار رەمەزان بارزانی، لەدەستدانی باوك لە پرۆسەی ئەنفالدا، دەنگی ئەنفال، ژمارە(٣٩) هەولێر ٢٠٠٥ لاپەر(٢).
١٦. چاوپێکەوتن لەگەڵ (خدیجە مستەفا ئەحمەد) بازێ ٢٠٠٦.

## بەشی هەشتەم

# ئه نجامگیری و ڕاسپارده

### باسی یەکەم:

-ئەنجامەکان

### باسی دووەم:

ڕاسپاردە و پێشنیارەکان

### سێیەم:

چەند دیکۆمێنتێکی تر

### چوارەم:

بیبلۆگرافیا

باسی یەکەم:

## ئە نجامەکان

پاش بە ئەنجام گەیاندنی توێژینەوە و شیکردنەوەی ناوەرۆك و داتا ئامارییە بەدەستهاتووەکان گەیشتینە ئەو دەرئەنجامەی خوارەوە:

١- لە کۆی (١٢٥) کەس وەك نموونەی توێژینەوە وەرگیراون، لە هەردوو توێژینەوەکاندا دەرکەوت (١٧) کەس بە ڕێژەی (١٣،٦ ٪) لە ڕەگەزی نێرن و (١٠٨) کەسیش بە ڕێژەی (٨٦،٤ ٪) لە ڕەگەزی مێینەن. هەر وەك دیارە جیاوازییەکی بەرچاو لە نێوان ڕێژەی هەردوو ڕەگەزەکەدا هەیە، ئەمەش لەبەر ئەوەی لە پرۆژەی لە ناوبردنی بارزانیەکان ڕەگەزی نێر لە نێو ماڵ و منداڵیان ڕفێندران و چارەنوسیان زیندەبەچاڵکردن بوو لە نێو گۆڕە بەکۆمەڵەکاندا، بەڵام ئافرەت و منداڵانی بەجێماو لە ئۆردووگا زۆرەملێیەکاندا، جگە لەوەی هاوسەر و باوك و کوڕ و برا... هتد، لە بەر چاویان ڕفێندران و ئەم ئۆردووگایانەیان لێ بوو بە مەملەکەتی ئافرەت و منداڵ جگە لە فشاری سەربازی و ئابلوقەی ئابووری، ئازارێکی تری ئەم ئافرەتانە ئەو بارە دەروونییە بوو کە چیتر منداڵیان نەبوو چونکە هێزی بەرهەمهێنەری مرۆیی کە ڕەگەزی نێر بوون هەر هەموویان لە نێوبران، هەروەها پرۆسەی هاوسەرگیری بۆ ماوەی چەند ساڵێك زۆر زۆر لاواز بوو لەم ئۆردووگایانەدا، ئەمە جگە لە کارکردنی بەردەوامی ئافرەتەکان لە دەرەوە بۆ بژێوی ژیان و بەخێوکردنی منداڵەکانیان، ژیان لەو ئۆردووگایانە جگە لە مردنێکی لە سەرخۆ هیچی تری لێ چاوەڕوان نەدەکرا. کەواتە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە ڕەگەزی نێر ڕاستە لە ڕووی جەستەییەوە بەیەکجاری کۆمەڵکوژکران، بەڵام بە جێماوەکانیان لە ڕووی ڕوحی و دەروونییەوە بەردەوام بەر ئەم شاڵاوە کەوتن، کە لە نێوبردنی جەستەیی لە چەند چرکەساتێك دا دەکرێت، بەڵام لە ناوبردنی ڕوحی و دەروونی چەندەها ساڵ دەخایەنێت. سەبارەت بەو کەسانەی لە ماوەی ئەم هەشت ساڵە گیانیان لە دەستداوە، واتا ماوەی نێوان ئەنجامدانی هەردوو توێژینەوەکە(٢٠٠٧ -

٢٠١٥ ) بە پێی داتا بە دەستهاتووەکانی هەمان ئەندامانی خێزانی نموونەی توێژینەوە ژمارەیان ( ١٢ ) کەسە و (٥) کەسیان لە هەمان کاتدا نموونەی توێژینەوە بوون واتا جگە لەو (٥) کەسە (٣) کەسیتریشیان ئەندامانی خێزانی نموونەی توێژینەوەن و لە ڕەگەزی مێینەن بەم پێیە (٨) کەس لە ڕەگەزی مێینەن و (٤) کەسیان بە هەمان شێوە ئەندامانی خێزانی نموونەی توێژینەوەن لە ڕەگەزی نێرینەن. بۆ توێژینەوەی دووەمیش مەبەست بەراوردکاریەکەیە، ئەو (٥) یەکەی نموونە کە کۆچی دواییان کردووە، هەر لە خێزانەکەیان گەورەترین کەسمان وەرگرتووە بەڵام لە هەمان ڕەگەز، بۆیە ڕەگەزی نموونەی توێژینەوەمان هیچ گۆڕانکاری بە سەردا نەهاتووە.

٢- سەبارەت بە ژمارەی جینۆسایدکراوانی نموونەی توێژینەوە بە پێی تەمەن دەردەکەوێت کە تەمەنی جینۆسایدکراوانی نموونەی توێژینەوە لە نێوان (٨) ساڵ تا (٩٦) ساڵ دایە. کۆی ژمارەی جینۆسایدکراوانی نموونەی توێژینەوەکە (٣٤٢) کەسە، بچوکترین کۆمەڵەی تەمەن دەکەوێتە نێوان (٧-١١) ساڵی ڕێژەی (١,٧٥) نموونەی توێژینەوەکە پێکدێنن، گەورەترین کۆمەڵەی تەمەن دەکەوێتە نێوان (٩٢-٩٦) ساڵ کە ڕێژەی (٠,٥٨ ٪) نموونەی توێژینەوە پێکدێنن.
بەرزترین ڕێژەی تەمەنیش بە ڕێژەی (١٦,٠٨ ٪) تەمەنیان دەکەوێتە نێوان (٢٧-٣١) ساڵی. نزمترین ڕێژەی تەمەنیش بە ڕێژەی (٠,٢٩ ٪) تەمەنیان دەکەوێتە نێوان (٨٢-٨٦ ) ساڵی. هەروەها توێژی ئەو تەمەنانەی گرنگن و پشتیان پێ دەبەسترێ بۆ بەرهەمهێنان تەمەنیان لە نێوان (١٧-٦١) ساڵیە زیاتر لە (٨٠٪) جینۆسایدکراوانی نموونەی توێژینەوە پێکدێنن ئەم توێژەش لە تەمەنی بەرهەمهێنانی مرۆیی و گەشەکردنی ئابووریدان.

٣. سەبارەت بە قەبارەی ئەندامانی خێزانی نموونەی توێژینەوە بۆ بەجێماوی جینۆسایدکراوان، دەردەکەوێت کە بەرزترین ڕێژەش بە ڕێژەی (٥١,٢٠ ٪) لە نێوان

(٤-٢) کەسدان، لە توێژینەوەی دووەمیشدا تا ساڵی (٢٠١٥) ئەو قەبارەیەی خێزان بەرزترین نموونەی توێژینەوەکەمان پێکدێنن بە ڕێژەی (٤٤,٨٠)، ئەمەش بە پێی پۆلێنکردنی خێزان کە زانستە مرۆڤایەتیەکان جەختی لە سەر دەکەنەوە لە خێزانێکی (ناوەکی) پێکهاتووە کە (باوك و دایك و کوڕ و کچ ) لە خۆ دەگرێت. بە هۆی تێبینیکردنی توێژەرەوە ئەم جۆرە خێزانە (ناوەکی)یە لە نێو بەجیماوی بارزانیەکاندا جیاواز بوو، چونکە لە (دایك و کوڕ و کچ) پێکهاتوون، بە هۆی پرۆژەی لە ناوبردن و جینۆسایدکردن، باوك لەم خێزانانەدا سڕاوەتەوە.

نزمترین ڕێژەش لە هەردوو توێژینەوەکاندا لە نێوان (١١-١٣) کەسدان بە ڕێژەی (٠,٨٠٪) ئەم جۆرە خێزانانەش پێیان دەوترێ خێزانی (گەورە) یان (تێکەڵاو) کە چەند خێزانێك لە یەك شوێندا کۆبونەتەوە و پەیوەندی و ئابوورییەکی هاوبەش بە یەکیان دەبەستێتەوە و کەسێك سەرپەرشتییان دەکات.

لە توێژینەوەی یەکەمی ساڵی (٢٠٠٧) دەردەکەێت کە ڕێژەی (٢٨.٨٠ ٪) یەك کەسن و هەرخۆیان بە تەنیا ماونەتەوە واتە یەك کەس لە ماڵێکی تەنیا بێ باوك بێ هاوسەر و بێ کوڕ و بێ برا تەنانەت بێ کچیش، ئەمەش یەکێکە لە ئاسەوارەکانی پرۆژەی جینۆسایدی بارزانیەکان و کاریگەری لە سەر بۆنیادی خێزان و لێك هەڵوەشاندنەوەی. لە توێژینەوەی بەراوردکاری ساڵی (٢٠١٥) دەردەکەوێت کە ئەم ڕێژەیە زۆر زیادی کردووە تەنیا لە ماوەی هەشت ساڵدا (١١,٢٠ ٪) زیادی کردووە، واتا ڕێژەی ئەوانەی بە تەنیا لە خانویەکدا ژیان بەسەر دەبەن لە ساڵی (٢٠١٥) ڕێژەی (٤٠ ٪) نموونەی توێژینەوەکەمان پێکدێنن.

٤- باری ئابووری نموونەی توێژینەوە بەو ئەنجامە گەیشت؛ لە توێژینەوەی یەکەمدا زۆرترین ڕێژە بە ڕێژەی (٦١,٦٠ ٪) باری ئابووریان خراپە. ڕێژەی (٢٣,٢٠ ٪) باری ئابوورییان لە ئاستی مامناوەندیدایە. کەمترین ڕێژەش باری ئابووریان باشە کە ڕێژەی (١٥,٢٠ ٪) نموونەی توێژینەوە پێکدێنن. هیچ تاکێکی یاخود خێزانێکی

نموونەی توێژینەوە باری ئابووریان زۆر باش نیە. کەواتە ڕێژەی (٨٤,٨٠ ٪) لە ژیانێکی کەم دەرامەتیدا دەژین.

لە توێژینەوەی دووەمدا ئەم داتایانە گۆڕانکاریان بەسەردا هاتووە بەم شێوەیەی خوارەوە، ڕێژەی (٣٩,٢٠) ئاستی ئابوورییان خراپە کە زۆرترین ڕێژەی نموونەکە پێکدێنن، بەڵام ئەوەی جێگای باسە لە ماوەی هەشت ساڵدا باری ئابووری کەسوکاری جینۆسایدکراوەکان بەرەو باشی چووە بە ڕێژەی (٢٢.٤ ٪).

ڕێژەی دواتریش (٣٦,٨٠ ٪) باری ئابووریان لە ئاستێکی مام ناوەندیدایە، بە بەراورد لە گەڵ توێژینەوەی یەکەمدا ڕێژەی (١٣,٦ ٪) باری ئابوورییان لە خراپەوە بەرەو مام ناوەندی چووە، نزمترین ڕێژەش باری ئابووریان بە باش لە قەڵەم داوە کە ڕێژەی (٢٤ ٪)، گەرچی لە توێژینەوەی یەکەمدا ڕێژەی (١٥,٢٠ ٪) باری ئابووریان باش بووە، بەمەش بەراوردکاری نێوان ئەم دوو توێژینەوەیە (٨, ٨ ٪)باری ئابوورییان لە خراپ و مامناوەندییەوە بەرەو باشی چووە.

هەرچەند تا ئێستاش باری ئابووری بەجێماوی جینۆسایدی بارزانیەکان لە ئاستێکی خراپدایە، بەڵام لە ماوەی هەشت ساڵدا باری ئابوورییان زۆر باشتر بووە لە چاو ساڵانی بەر لە (٢٠٠٧) ئەگەر ئەم داتایانە بەردەوامبن لە ماوەی هەشت ساڵی تردا باری ئابووری بارزانیە جینۆسایدکراوەکان باشتر دەبێت و لە قەیرانی خراپی باری ئابوورییەوە دەربازیان دەبێت بە مەرجێك گۆڕانکاریەکان لە رووی ئابوورییەوە هەر بەم شێوەیە بەرەو پێشەوە بچن و بەردەوام بن. هەر چەند لەم ساڵەدا واتا ساڵی (٢٠١٥) کوردستان لە قەیرانی ئابووریدایە، بەڵام لە ساڵی ٢٠٠٧ بەدواوە تا ساڵی ٢٠١٣ بە گشتی ئاستی بژێوی هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان بە بەردەوامی بەرەو باشی دەچوو، بۆیە ئەم قەیرانە تا ئێستا کاریگەری ئەوتۆی نەکردووتە سەر کەسوکاری بارزانیە جینۆسایدکراوەکان، بەڵام ئەگەر تا چەند ساڵێکی تر ئەم قەیرانە بەردەوام بێت بە دڵنیایەوە کاریگەری تەواوی لە سەریان دەبێت و دووبارە ئەم داتایانە بەرەوە داکشان دەچنەوە و ئاستی ئابووریان خراپتر دەبێتەوە.

هەر وەك چاوپێکەوتنەکان دەیسەلمێنن و تێبینیکردنی توێژەریش ئەوەی پشت ڕاستکردەوە کە ژێرخانی ئابووری بارزانیەکان لە ساڵی ١٩٧٥ بە دواوە دووچاری لە ناوچوون و دارمان بووە، چونکە بارزانیەکان لە شوێنی ڕەسەنی خۆیان ڕاگوێزران بۆ ناوچە جیاجیاکان، بەشێکیان بۆ بیابانەکانی باشووری عێراق لە ئۆردووگا بیابانییە زۆرەملێیەکاندا جێنشینکران، لە ناوچە چیانشینەکان بۆ بیابانە وشك و ڕوتەکانی خوارووی عێراق کە بە هیچ شێوەیەك بۆ کشتوکاڵکردن و لەوەڕاندنی ئاژەڵ دەستی نەدەدا، تاکی بارزانی لە کەسێکی لەش ساخ، مرۆڤێکی کوێستانی و چیایی، کەسێکی بەرهەمهێنەر گۆڕا بۆ کەسێکی نا تەندروست، مرۆڤێکی بیابانی، کەسێکی بەکاربەر.

بەشێکی تر لە بارزانیەکان لە ساڵی ١٩٧٨ بە دواوە بۆ ئۆردووگایەکانی دەوروبەری شارەکان ڕاگوێزران، لەم ئۆردووگایانە دەرفەتی کار و هیچ سەرچاوەیەکی ئابووری و کشتوکاڵیان نەبوو سەرەڕای ئەمەش لە ساڵی ١٩٨٣ گشت نێرینەکانی سەرووی تەمەنی (٧) حەوت ساڵی زۆربەی هەرە زۆریان هێزی بەرهەمهێنەر و گەشەکردنی ئابووری بوون لە ناوچوون.

ئافرەت و منداڵەکان لە ئۆردووگاکاندا دووچاری ژیانێکی سەخت بوون، ئاو و کارەبا، خزمەتگوزاری، دەرگای قوتابخانەکان، ئازوقە... هتد لێیان قەدەغەکرا و هەموو مافێکی هاوڵاتیبوونیان وەك تاکێکی عێراقی لێ سەندرایەوە. ئافرەتەکان بە نهێنی لە ئۆردووگایەکان بۆ کارکردن بە پارەیەکی کەم دەچوونە دەرەوەی ئۆردووگاکان، سەرەڕای ڕۆڵی خۆی وەك ئافرەت ڕۆڵی پیاویشی لە هەمان کاتدا دەبینی، جگە لەمانەش هەرچی شتومەك و کەل و پەلی ناوماڵیان هەبوو فرۆشتیان بۆ بژێوی ژیان لەو کاتەوە ژێرخانی ئابووریان تێکچوە و تاکو ئێستاش وەك پێویست نەیان توانیووە بناغەی ئابووریان بەهێز بکەنەوە.

ئەمەش ئەو گریمانە بەڕاست دەسەلمێنێ (**بووە هۆی خراپی باری دارایی و ئابووری و کاریگەری هەبووە لە سەر ڕەوشی ژیانی کەسوکاری بارزانیە کۆمەڵکوژکراوەکان**).

٥- سەبارەت بەو مووچەیەی کە بەجێماوی جینۆسایدکراوان مانگانە وەریدەگرن، بەرزترین ڕێژە (٥٦٪) پێیان وایە ئەو مووچەیە کەمە و بەشیان ناکات، نزمترین ڕێژەش (١٠,٤٠ ٪) پێیان وایە باشە و بەشیان دەکات، هەرچی ئەوانەن کە بە ناوەندییان لە قەڵەم داوە ڕێژەی (٣٣,٦٠) نموونەی توێژینەوەکە پێکدێنن. بۆ توێژینەوەی دووەمیش ژمارە و داتاکان گۆڕانکاری ئەوتۆیان بەسەردا نەهاتووە.

بەو پێیە دەبینین ئەو مووچەیەی خانەوادەی جینۆسایدکراوان وەریدەگرن لە گەڵ بەرزی شتومەك لە بازار و زۆری پێداویستیەکان ناگونجێ و بەشی بژێوی ژیانیان ناکات. بە تێبینیکردن و سەرنجدانی توێژەر لە بارودۆخی ماڵەکانیان و ڕایەخ و ئەو کەل و پەلانەی لە ناو ماڵەکانیاندایە و هەیانە بۆ توێژەر دەردەکەوێت کە ئەو مووچەیە تەنیا بەشی هەندێك لە پێداویستیەکانی ڕۆژانەیان دەکات، ناتوانن وەك خێزانێکی ئاسایی شتومەك و کەل و پەلی ناو ماڵ و پێداویستیەکانیان دابین بکەن بەو مووچەیە.

٦- لە ئەنجامی پرسین دەربارەی داواکاریت چییە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان؟ دەرکەوتووە لە کۆی (١٢٥) کەسی نموونەی توێژینەوە لە توێژینەوەی یەکەمدا (٦٦٥) داواکارییان هەیە کە هەندێکیان دووبارەن و هەندێکیان جیاواز، بەڵام بۆ ساڵی (٢٠١٥) داواکارییەکان زیادی کردووە بوونەتە (٧٢٨) داواکاری جۆراوجۆر.

بۆ ساڵی (٢٠٠٧) دەردەکەوێت بەرزترین ڕێژە بە ڕێژەی(١٤,٧٣ ٪) داوای درووستکردنی خانوو دەکەن. بەڵام لە ساڵی (٢٠١٥) تەنیا ڕێژەی (٥,٤٩ ٪) داوای دروستکردنی خانوو دەکەن، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بەردەوامی پرۆسەی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێبوون و پێشینەی خانووبەرە و دروستکردنی خانوو بۆ کەسوکاری قوربانیان. لە ماوەی هەشت ساڵدا ڕێژەی (٩,٢٤ ٪) لە کێشەی خانوو رزگاریان بووە و ئەم داواکارییەیان جێبەجێ کراوە. بۆ ساڵی (٢٠٠٧) ڕێژەی(١١,٤٢ ٪) داوای دابەشکردنی زەوی دەکەن بەڵام بۆ ساڵی (٢٠١٥) ئەم ڕێژەیە کەمی کردووە و بووەتە ڕێژەی (٤,٨٠ ٪) بە واتای (٦,٦٢ ٪) ئەم داواکاریەی کەمی کردووە لە دوای

هەشت ساڵ، بە پشت بەستن بەم دوو داتایە بە دەستهاتووە لە ساڵی (٢٠١٥) و لە توێژینەوەی دووەمدا دەردەکەوێت کە تا رادیەکی زۆر کەسوکار و بەجێماوانی جینۆسایدی بارزانیەکان خانوو و زەوییان بۆ دابینکراوە. بۆ ساڵی (٢٠٠٧) ڕێژەی(٧,٨١ ٪) داوای قەرەبووکردنەوە دەکەن بەرامبەر بەو تاوانانەی کە بەرامبەریان ئەنجامدراوە ئەمەش لە رووی ماددی و مەعنەویەوە. بەڵام بۆ ساڵی (٢٠١٥ ) ئەم ڕێژەیە بەرزترین ڕێژەی نموونەی توێژینەوەکەمان بە ڕێژەی (١٤,٤٢ ٪) پێکدێنێت و زۆرترین داواکاری کەسوکاری قوربانیان لە ئێستادا قەرەبووکردنەوەیە لە رووی ماددی و مەعنەوی. وەك دیارە داواکاری خانوو و زەوی کەمی کردووە داواکاری قەرەبووکردنەوەی ماددی زیادیکردووە. حکومەتی ئێستای عێراق کە وارسی حکومەتی پێشووی عێراقە بە پلە یەك بەرپرسیارە بەرامبەر بە قەرەبووکردنەوەی کەسوکاری قوربانیان.

٧- ئەنجامێکی تری توێژینەوە، هەستی نەتەوایەتی یەکەکانی نموونەی توێژینەوە دەردەخات، بۆ ساڵی (٢٠٠٧) بەرزترین ڕێژە بە ڕێژەی(٦٤ ٪) هەستی نەتەوەییان پاش جینۆساید بەهێزتر بووە، ڕێژەی(٨,٨٠ ٪)ی نموونەکە هەستی نەتەوەییان لاوازتربووە، ئەوەی دەکەوێتە نێوانیان ڕێژەی(٢٧,٢٠ ٪)یە کە هەستی نەتەوەییان وەکو خۆیەتی. بە پێی ئەو ڕێژە بەرزەی کە هەستی نەتەوایەتییان بەهێزتربووە دەردەکەوێت کە تاوانە یەك لەدوا یەکەکانی ڕژێمی عێراق دەرهەق بە بارزانیەکان و نیشتەجێکردنی بەجێماوەکان لە ئۆردووگا زۆرەملێیەکاندا و سەپاندنی ئابلوقەی ئابووری و کۆمەڵایەتی و دەروونی، راگواستن و چەوساندنەوە و قڕکردن و جینۆساید...هتد، نەك تەنیا نەیتوانی بارزانیەکان لە ناوبەرێت، بەڵکو زیاتر روحی کوردایەتیان لە دڵدا پەروەردە کرد.

بەڵام ئەوەی دڵخۆشکەرترە بە پێی ژمارە و داتا بە دستهاتووەکان ساڵ بە ساڵ هەستی نەتەوایەتی بەجێماوی بارزانیە جینۆسایدکراوەکان بەهێزتر دەبێت و تا

ساڵی (٢٠١٥) بەهێزی هەستی نەتەوایەتی بەجێماوەکان گەیشتووەتە (٧٨,٤٠ ٪) واتە لە ماوەی هەشت ساڵدا (١٤,٤٠٪) هەستی نەتەوایەتی زیاتری کردووە.

لە بەرامبەر ئەمەشدا لە ساڵی (٢٠١٥)دا، ڕێژەی (٥,٦٠ ٪) هەستی نەتەوایەتیان لاوازە، ڕێژەی (١٦ ٪) هەستی نەتەوایەتیان وەك خۆیەتی، بە شێوەیەکی گشتی و بە تێڕوانین لە داتاکان، هەستی نەتەوایەتی بەجێماوی بارزانیە جینۆسایدکراوەکان لە ئاستێکی بەرزدایە.

ئەمەش ڕاستی ئەم گریمانەیە دەسەلمێنێ ( **تاوانە یەك لەدوا یەکەکانی ڕژێمی بەعس دەرهەق بە بارزانیەکان هەستی نەتەوایەتی بارزانیەکانی بەهێزتر کردووە** ).

٨- سەبارەت بە داب و نەریتی کۆمەڵایەتی بەجێماوی بارزانیە جینۆسایدکراوەکان دەردەکەوێت بەرزترین ڕێژە (٦٨ ٪) پێیان وایە داب و نەریتەکانیان گۆڕاون. نزمترین ڕێژەش بە ڕێژەی (٣٢ ٪) پێیان وایە داب و نەرییتەکان گۆڕانیان بەسەردا نەهاتووە). دوای (٨) هەشت ساڵ هەمان پرسیار ئاراستەی هەمان نموونەی توێژینەوە کرایەوە بەڵام داتاکان و ڕای کەسەکان گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، لە ساڵی (٢٠١٥) بە هەمان شێوەی پێشوو نزمترین ڕێژە بە ڕێژەی (٣٨,٤٠ ٪) پێیان وایە داب و نەریتەکان نەگۆڕاون و وەك خۆیان ماونەتەوە، بەرزترین ڕێژەش بە ڕێژەی (٦١,٦٠ ٪) پێیان وایە داب و نەریتەکان گۆڕاون. بەم شیوەیە ڕێژەی (٦,٤٠٪) لە ماوەی هەشت ساڵدا ڕای خۆیان گۆڕیوە ئەمانیش پێیان وایە داب و نەریتەکان نەگۆڕاون، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هەستە نیشتمانپەروەرییەی ئێستا لە لایەن هەر تاکێکی کوردەوە هەیە بە پۆشینی جلوبەرگی کوردی و شانازیکردن بە داب و نەریت و کەلەپور و کلتوری خۆیانەوە، گەڕانەوە بۆ داب و نەریتی پێشووتریان.

٩- لە ئەنجامی پرسیارێکدا کە ئاراستەی تاکەکانی نموونەی توێژینەوە کراوە، ئایا شوێن بزرکرنی ڕەگەزی نێر کاری خراپی کردووەتە سەر بونیادی خێزان؟ توێژینەوە گەیشتە ئەو ئەنجامەی ڕێژەی(٦٧,٢٠ ٪) پێیان وایە شوێن بزرکردنی

ڕەگەزی نێر کاری خراپی کردووەتە سەر بنیادی خێزان ئەمە تا ساڵی (٢٠٠٧)، بەڵام تا ساڵی (٢٠١٥) ئەم ڕێژەیە زیادی کردووە و گەیشتووەتە ڕێژەی (٧٦ ٪) واتا ساڵ بە ساڵ کاریگەرییەکە زیاتر بووە و لە ماوەی هەشت ساڵدا (٨,٨٠ ٪) زیادی کردووە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی تاوانی جینۆسایدکردنی پیاوە بارزانیەکان (٣٢) ساڵی بەسەردا تێپەڕیوە و خانەوادەکانیش بەرەو کەمبوونەوە دەچن و کوڕەکان ژن دەهێنن و هەندێکیان لەماڵێکی سەربەخۆدا دەژین و کچەکانیش شوویان کردووە، بەم جۆرە خێزان یاخۆد دایکی جینۆسایدکراوان بەتەنیاتر دەمێننەوە و زیاتر هەست بە کاریگەرییەکانی لە دەستدان خۆشەویستانیان دەکەن.

بەرامبەر بەمەش ڕێژەی(٣٢,٨٠ ٪) پێیان وایە شوێن بزرکردنی ڕەگەزی نێر کاری خراپی نەکردووەتە سەر بنیادی خێزان ئەمە بۆ ساڵی (٢٠٠٧). بەڵام لە ساڵی (٢٠١٥) ڕێژەی (٢٤ ٪) پێیان وایە لە ناوبردنی ڕەگەزی نێر کاریگەری خراپی نەکردووەتە سەر بنیادی خێزان.

ئەمەش ڕاستی ئەو گریمانەمان بۆ دەردەخات ( **قڕکردنی نێرینەی بارزانیەکان بووە هۆی پەرتەوازەبوون و تێکدانی شیرازە و بونیادی خێزان** ).

١٠. سەبارەت بەشووکردن و شوونەکردنەوەی ئافرەتانی بەجێماو، ڕێژەیەکی بەرز بە ڕێژەی (٩٥,٢٠ ٪) شوویان نەکردووەتەوە، ڕێژەی (٣,٢ ٪) ئافرەتەکان شوویان کردووەتەوە. ڕای نمونەی توێژینەوەکەمان هەمان ڕا بووە هیچ گۆڕانکاری بە سەردا نەهاتووە لە توێژینەوەی دووەمی ساڵی (٢٠١٥) دا.

شونەکردنەوەی ئەو ئافرەتانەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێکی جیاواز وەکو؛ مەسائیلی عەشایری و داب و نەریتی کۆمەڵایەتی، ئەو وەفایەی ئافرەتەکان بەرامبەر بە هاوسەرەکانیان هەیان بووە، بەشێکی زۆریشیان لە بەر بەخێوکردنی منداڵەکانیان و دابینکردنی بژێوی ژیان بۆ منداڵەکان ئەوکات شوویان نەکردەوە و ئێستاش تەمەنی شووکردنەوەیان بە سەرچووە، ڕێژەیەکی تریش تەنانەت پاش

هێنانەوەی ژمارەیەك لە ئێسکی کەسوکاریان هەر بێ ئومێد نەبوونە. بەشێکیشیان بەهۆی ئەو بارە دەروونییەی بەسەریاندا هاتووە شوویان نەکردووەتەوە.

ئەمەش ئەنجامی ئەو گریمانەیە بە ڕاست دەسەلمێنێ (**بێوەژنە بارزانیەکان شووناکەنەوە لەبەر مەسائیلی عەشایری و سوز و وفاو و بەخێوکردنی منداڵەکانیان**).

١١- سەبارەت بە حالەت و نەخۆشیە دەروونیەکان لە کۆی (١٢٥) تاکی نموونەی توێژینەوە (٢٩٠) حالەت و نەخۆشی دووچاری یەکەکانی نموونەی توێژینەوە بوونە زۆرترینیان دووچاری دڵتەنگی بوونە. ئەمە لە کاتی جینۆسایدکردنی کەسوکاریان لە ساڵی (١٩٨٣) تا ساڵی (٢٠٠٧)، بەلام دوای (٨) ساڵ لە ئەنجامدانەوەی دووبارە توێژینەوە لە سەرهەمان نموونە، ئومێدەواربووین کە ئەم نەخۆشی و کێشە و گرفتە دەروونیانە کەمی کردبێت و چارەسەری پێویستیان بۆ ئەنجامدرابێت، بەلام بەداخەوە نەخۆشیە دەروونییەکان زیادی کردووە، نەتوانراوە وەك پێویست چارەسەری کەسوکاری بارزانیە جینۆسایدکراوەکان بکرێت لە بواری دەروونیدا، سەرەرای ئەو هەموو پێشکەوتنانەی لە بواری پزیشکیدا لە سەردەمی ئەمڕۆدا ڕوودەدەن، بۆیە پێویستە لە سەر هەموومان هەرچی زووە بەجدی کاربکەین لە سەر کێشە و ئازار و نەخۆشیە دەروونیەکانی کەسوکاری قوربانیان و گرنگیەکی تەواو بە سەنتەری تایبەت بە خزمەتگوزاری و چارەسەری دەروونی بدرێت لە هەموو ئەو ناوچانەی جینۆسایدکراوان و کەسوکاری قوربانیان لێ نیشتەجێن بەکردنەوەی سەنتەری کارا و پێشکەوتو و پزیشکی پسپۆڕ لەم بوارەدا. لە لە ساڵی (٢٠١٥) لە کۆی (١٢٥) یەکەی نموونە (٣١٠)نەخۆشی و حالەتی دەروونیان هەیە.

ئەمەش ئەو گریمانەیە بە ڕاست هەڵدەسەنگێنێ (**قرکردنی نێرینەی بارزانیەکان کاریگەری خراپی لە رووی دەروونییەوە کردووەتە سەر ئەندامانی خێزانی بەجێماوی جینۆسایدکراوان**).

باسی دووەم

## ڕاسپاردە و پێشنیارەکان

١. زیاتر هەوڵدان و بڵاوکردنەوەی بانگەواز و بیرخەرەوە بۆ دەزگاکانی نێودەوڵەتی و پەرلەمان و دەوڵەتانی جیهان و ڕای گشتی جیهان و بەستنی کۆنفرانسی نێودەوڵەتی، کە کردەوەی لە ناوبردن و کۆمەڵکوژی و جینۆسایدی بارزانیەکان و کیمیاباران و شاڵاوەکانی ئەنفال لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی بە جینۆساید بناسێندرێن و لە سەر ئەم بنەمایە هەڵسوکەوت ومامەڵەی لە تەکدا بکرێ.

٢. قەرەبوکردنەوەی ئەو زیانە ماددی و مەعنەویانەی ڕووبەری بەجێماوی بارزانیە جینۆسایدکراوەکان بوونە لە بواری ئابووری و کۆمەڵایەتی و دەروونی و دیمۆگرافی و پەروەردەییەوە.

٣. زیادکردنی ئەو مووچەیەی مانگانە وەریدەگرن کە لە گەڵ پێداویستیەکانی بازاری ئەمڕۆدا بگونجێ.

٤. پێویستە لایەنی پەیوەندیدار ئاورێکی جدی لە کەسوکاری جینۆسایدکراوان بدەنەوە و بەرنامە پلانی ئەنجامداریان بۆ دابنرێ و بایەخیان پێبدرێ و ڕێزیان لێبگیرێ، هەوڵبدرێ ئەو ناهاوسەنگیە دەروونی و کۆمەڵایەتیە لە ناخی تاکی بە جێماوی جینۆسایدکراوان هەیە نەهێڵرێت یاخود کەم بکرێتەوە، ئەمەش بە دانانی بنکە و کۆمەڵگای چاودێری و کۆمەڵایەتی و دەروونی لەو ناوچانەی بەجێماوی جینۆسایدکراوانی لێیە، پسپۆڕان لە بواری سایکۆلۆژی و سۆسیۆلۆژی، واتاکان و کێشەکانی پاشخانی کاریگەرییە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانی پرۆژەی لە ناوبردن و جینۆساید بە سەر کەسوکاریان ڕاڤەبکەن و چارەسەریان بۆ بدۆزنەوە.

٥. هەوڵدان و بۆ ناردنە دەرەوەی هەندێ قوتابی بە تواناو دەرچووی کۆلێژەکان لە بەجێماوی جینۆسایدکراوان، تاکو بتوانن بڕوانامەی بەرز وەربگرن و لە هەمانکاتیشدا ببنە باڵیۆز و نوێنەری کەسوکاری جینۆسایدکراوان و سەرەنج و سۆزی گەل و دەڵەتانی جیهان بۆ لای خۆیان ڕابکێشن.

٦. قەڵاچۆكردنی كێشەی بێكاری لە ناو خانەوادەی جینۆسایدكراوان.

٧. بۆ ئەوەی نەوەی كورد بە شێوەیەكی ڕاست و دروست شارەزای مێژووی نەتەوەكەی بێت، پێویسە تاوانەكانی پرۆژەی لە ناوبردن و كۆمەڵكوژی و كیمیاباران و ڕاگواستن و ئەنفال و جینۆساید بخرێنە نێو پرۆگرامەكانی خوێندن لە زۆربەی قۆناغەكاندا نەك تەنیا لە چەند قۆناغێك بە چەند بابەتێكی بچووك بەڵكو پەرتوكی تایبەت هەبێت و بە درێژایی ساڵ بخوێندرێت.

